عەلی رەزا گۆدەرزی

# ئێلی کەڵهوڕ
## لە سەردەمی مەشروتیەتدا

و: محسن بنی ویس

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٣

## ئەكاديمياى هۆشيارى و پێگەياندنى كاديران

دامەزراوەيەكى كەلتورييە بەپێى بڕيارى كۆنگرەى سێى ساڵى ٢٠١٠ ى يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەى بريتييە لە دەستەبەركردنى پێداويستييەكانى هۆشياركردنەوەى سياسى، فراوان كردنى چوارچێوەكانى رۆشنبيريى گشتى، تۆكمەكردنى بەهاكانى ديموكراسىو مافى مرۆڤ و دادى كۆمەڵايەتى لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنى مەسەلەكانى بيرى هاوچەرخو دابين كردنى كەرەستەى پێويست بۆ پێگەياندنى كاديران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

ئێلى كەڵهوڕ لە سەردەمى مەشروتيەتدا

نووسينى: عەلى رەزا گۆدەرزى

وەرگێڕانى: محسن بنى ويس

تايپ : صالح الماس

پێداچوونەوە: ئەحمەد زەردەشت

بڵاوكراوەكانى ئەكاديمياى هۆشيارىو پێگەياندنى كاديران ـ سلێمانى ـ ٢٠١٣

ژمارەى سپاردنى بەڕێوەبەرايەتى گشتى كتێبخانە گشتييەكان (١٤٠١) ساڵى ٢٠١٣

چاپى يەكەم ـ ٢٠١٣

ديزاينو بەرگ: بڕوا عوسمان

تيراژ: ( ٢٠٠٠ ) دانە

زنجيرە: (٥١٧)

www.pukhoshiari.com

info@pukhoshiari.com

سەرپەرشتيارى زنجيرەى كتێب

عوسمان حەمەرەشيد گورون

# ناوەڕۆك

پێشەکی وەرگێڕ ........................................................................ ٥
پێشەکی.................................................................................... ٨
هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان.................................................................. ١١
١- پاشماوەی نووسینەکانی نووسەرانی سەردەمی سالارودەولەی قاجاری........... ١١
٢-  یادداشت، گەشت، گۆڤـارو ڕۆژنامە................................................ ١٢
٣- بەڵگەنامە........................................................................... ١٣
٤- توێژنەوەی و لێکۆڵینەوە نوێ.................................................... ١٣

## بەشی یەکەم

١-١ رامیاری و هۆزەکانی............................................................. ١٤
١-٢ واتای ناوی کەڵهوڕ............................................................... ١٨
١-٣ ژینگەو بارودۆخی کۆمەڵایّتی هۆزی کەڵهوڕ.................................... ١٩
١-٤ کورتەی مێژووی کەڵهوڕ لە سەرەتاوە تا شۆڕشی مەشروتیەت................ ٢٠
١-٥ چون داودخانی کەڵهوڕ دەسەڵاتی وەدەستهێناوە؟................................ ٢٤
١-٦ کرماشان لە سەرەتای مەشروتیەتدا................................................ ٢٦
١-٧ ژیاننامەی سالارودەولە هەتا سەردەمی شۆڕشی مەشروتیەت.................. ٣٢
پەراوێزەکانی بەشی یەکەم.............................................................

## بەشی دووەم

یاخیبونەکەی ساڵی ١٣٢٥ك سالارودەولە.................................................. ٤٠
٢-١ جووڵانەوەی سالارودەولە پێش سەرکێشییەکەی ساڵی ١٣٢٥ك..................... ٤٠
٢-٢ سەرەتای ملهوڕی سالارودەولە....................................................... ٤٢
٢-٣ بەربەرەکانی کردنی ئەنجومەنی شورای میللی دژی سالارودەولە................. ٤٧
٢-٤ بارودۆخی کەڵهوڕ لە کاتی سەرکێشی کردنەکەی سالارودەولە.................... ٥٠
٢-٥ داودخان لە پێناوی کۆمەکی گەل بە دەنگ داواکەی دەوڵەتەوە دێ............. ٥١
٢-٦ بەگژا چوون و  هەڵهاتنی سالارودەولە............................................ ٥٦
٢-٧ دەنگدانەوەی گەڕانەوەی داودخان بۆ نێو کەڵهوڕ................................. ٥٩
پەراوێزەکانی بەشی دووەم............................................................. ٦٠

## بەشی سێیەم


چالاکیەکانی محەمد عەلی شا لەپێناوی وەرگرتنەوەی تەخت و تانج.......... ٦٣
١-٣ مەشروتیەت و محەمەد عەلی شا.......... ٦٣
٢-٣ چالاکیەکانی محەمەد عەلی شا براکانی لە پێناوی وەرگرتنەوەی تەحت و تاج.......... ٦٦
٣-٣ هاتنی محەمەد عەلی شا بۆ باکوری ئێران.......... ٦٧
٤-٣ بەرهەڵستی حکومەتی ناوەند بەرامبەر هێزە یاخیبۆکە.......... ٦٩
٥-٣ کۆتایی چالاکیەکانی محەمەد عەلی شای لە تەخت دەرکراو.......... ٧٣
٦-٣ ئەرشەدولدەولە لە پێکدادانی هێزەکانی دەوڵەت.......... ٧٦
پەراوێزی بەشی سێیەم.......... ٧٩


## بەشی چوارەم


سەرکێشیەکەی سالارودەولە ساڵی ١٣٢٩ك لە رۆژئاوای وڵات و رۆڵی هۆزی کەڵهوڕ.......... ٨١
١-٤ هاتنی سالارودەولە بۆ رۆژئاوای ئێران.......... ٨١
٢-٤ سالارودەولە لە کوردستان.......... ٨٤
٣-٤ هۆکارەکانی ئامادە بوون و پێوەندی داودخان بە سالارودەولەوە.......... ٨٨
٤-٤ هاتنی سالارودەولە بۆ کرماشان.......... ٩٤
٥-٤ جمانی سالارودەولە بەرەو تاران.......... ٩٩
٦-٤ جەنگی باغشاو هەرەسپێهێنانی لەشکری سالارودەولە.......... ١٠٥
پەراوێزەکانی بەشی چوارم.......... ١١٣


## بەشی پێنجەم


یاخیبوونەکەی ساڵی ١٣٣٠ك سالارودەولەو هەرەسپێهێنانی هۆزی کەڵهوڕ.......... ١١٨
١-٥ بارودۆخی کرماشان پاش شکستی ساوەو گەڕانەوەی سالارودەولە.......... ١١٨
٢-٥ هەنگاوەکانی دەوڵەت بەرامبەر جووڵانەوەکانی رۆژئاوای وڵات.......... ١٢٠
٣-٥ دیداری سالارودەولە لە گەڵ والی و چوونی بۆ نێو هۆزی کەڵهوڕ.......... ١٢٥
٤-٥ گەڕانەوەی سالارودەولە بۆ کرماشان.......... ١٣٠
٥-٥ موجەلە لولسوڵتان و پێکدادانی لە گەڵ هێزەکانی دەوڵەت.......... ١٣١
٦-٥ پێکدادانی هێزەکانی یەفرم خان و پێشەنگەکانی هێزەکەی سالارودەولە.......... ١٣٣
٧-٥ جەنگی سەحنەو کوشتنی داودخان.......... ١٣٧
٨-٥ سەرەنجامی کارەکەی سالارودەولە.......... ١٤٢
پەراوێزی بەشی پێنجەم.......... ١٤٥

## پێشەکی وەرگێڕ :

حەزم کرد ناوی ئەم پەرتوکە (کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان...) بێت، چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانی لە رووداوکانی بابەتی کتێبەکە سەر بە هۆزە کوردەکانی کرماشان و ئیلام و کوردستان (سنە) بوون هەر وەها شوێنی رووداوەکان ئوستانەکانی (پارێزگەکانی) کرماشان وئیلام و کوردستان (سنە)و لورستانی دەگرتەوە کە ئەم پارێزگانە زۆربەی هەرە زۆری خاکی کوردستانی رۆژەلات دەگرێتەوە. بەڵام ناچار بووم لە سەر داوای بەشی هەڵسەنگاندن ناونیشانی کتێبەکە وەکو دەقە فارسیەکەی وەرپگیروەمەوە (هۆزی کەڵهوڕ لە سەردەمی مەشروتیتدا.

جیگای داخە کە هێزێکی بەو فراوانیە، کە لە رۆژەڵاتی کوردستان لە سەر دەستی داودخان هاتە کایەوە، نەیتوانی کارێك بۆ رزگاری و سەرفەرازی گەلەکەی خۆیان نەکەن، شازادەیەکی قاجاری بە ناوی سالارودەولە کە پیاویکێ خۆپەرەست و ترسنۆك بە تەمای تەخت و تاجی ئێران توانی ئەو هەموو خەڵکە بخەڵەتینێ بەمەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی ئەوەتا ئەو هێزە بە گوێرەی سەردەمی خۆی ئەوەندەی دەسەڵات و هێزی دەوڵەتێك زیاتر بووە، کەم و کوڕی لەوەدابوو بزوتنەوەکە دەستەبژێری رووناکبیریان تێدا نەبوو کە بتوانی بەرەو بەرژەوەندی خۆیان و گەلەکەیان ئاراستەو رێنماییان بکات و بۆ خۆیان تێکۆشن نەك بۆ بێگانە.

رەنگە ئازاێتی و جەنگکردن و بەرەوپێشچوون تەنها بەمەبەستی خۆنواندن و سوارچاکی بووە. ئەگەرجی هەندێ جار هەست دەکرێ کەوا بە شێوەیەکی تەماوی لە بەرژەوەندی خۆیان کار کراوە وەکو لە قسەکانی داودخانەوە دردەکەوێ کە دەڵی (چیمان لە کەریم خانی زەند کەمترە؟

هەرە وەها دەڵێت ((دەتوانین لە رۆژاوای ئێران حکومەتێك دامەزرێنین)).

تەنانەت گەر ئەو فدراسیون و قۆشەنە گەورەیە بۆ پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆیان بووایە رەنگبوو توانای ئەوەیان هەبووایە پارێزگاریی لە سەربەخۆیی خۆیان بکەن و کاروباری دەڤەرەکانی خۆیان راپەڕێنن.

بەراستی ئەم توێژینەوەیە رووناکی دەخاتە سەر لایەنە نادیارەکانی مێژووی میللەتەکەمان لەو دەڤەرانەدا، بەتایبەتی دەڤەری کوردە شیعەکانی رۆژهەڵاتی

کوردستان، قسەو باسێکی ئەوتو لەسەر هەستی کوردایەتی ئەم توێژە نەکراوە، هەندی پسپۆرو سیاسەتمەداری گەلەکەمان وای بۆ دەچن گوایە هەستی شیعایەتی وئێرانچێتی زاڵە بە سەریانداو ئەمەش هۆکاری سەرەکیی دوور بوونیانە لە هەستی کوردستانێتی، رەنگە ئەم بۆچوونە تارادەیەکی سنووردار راست بێت، بەڵام بەو شێوەیە نیە، چونکە هەستی کوردایەتیان زۆر بەهێز بووە، ئەوەتا ئێستا لە شارەکانی ئەو هەرێمە هەست بە بزوتنەوەیەکی وێژەیی و بایەخدان بە کەلەپورو فۆلکلۆرو هونەری کوردی دەکرێت و تەنانەت شانازی پێوە دەکەن و چەندین شاعیرو نووسەرو ئەدیب لە نێوانیان هەڵکەوتووە وەکو (نیعمەت زەحمەتکێش. ئایەت محەمەدی، عەباس جەلیلیان، جەلیل ئاهنگەر، ناهید محەمەدی.... ) هەر خودی خاوەنی ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەکەی بەشێکە لەو شانازیە بە فەرهەنگ و مێژووی خۆیان، چونکە توێژەر پرۆفیسۆرە لە زانکۆی ئەسفەهان، کوردەو لە هۆزی کەڵهوڕو خەڵکی شاری گیلان غەربە جگە لە چەندین توێژینەوەی دیکەی وەکو کارەکانی ئایەت محەمدی و د. محەمد عەلی سوڵتانی، هەروەها کۆکردنەوەی کەلەپوڕو نووسینی فەرهەنگی زمانی کوردی بە شێوەزاری کوردیی کەڵهوڕی وەکو کارەکانی عەباسی جەلیلیان و چاپکردنی ژمارەیەکی زۆری دیوانە شیعر بە شێوەزاری کوردیی کەڵهوڕی وەکو دیوانەکانی ناهید محەمدی. سەرەڕای ئەوانەی دەربارەی ئەدەبی گەلەکەیان بە زمانی فارسی دەنووسن وەکو عەلی ئەشرف دەرویشیان و عەلی ئەکبەر نەقی پور و... ئەمەو جگە لە چەندین شاعیری دێرینیان وەکو سید یاقو مایەشتی و غوڵامرەزای ئەرکەوازی و... هەروەها لە بوارەکانی هونەرەجوانەکان جەندین گۆرانیبێژو مۆسیقاژن و ئاوازدانەر ناوبانگیان دەرکردووە وەکو شەهرام نازەری و یەدوڵلای رەحمانی و...

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێ کەوا زۆربەی هەرەزۆری زمانەوانە کوردەکامنان دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە کە شێوەزاری کوردی کەڵهوڕی بە (لوڕی) دا دەنێن.

کوردیی کەڵهوڕی شێوەزارێکی سەرەکییە لە شێوەکانی زمانی کوردی، باشترین بەڵگەش شەرفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیە، کە زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش دەکات (کرمانجی، گۆران، کەڵهوڕ، لوڕ) شێوەزاری کوردیی کەڵهوڕی نە لوڕیە و نە بەشێکە لە شێوەزاری لوڕی، رەنگە هەر لە بەر ئەوە بێ زمانەوانەکامنان بە لوڕی

دایدەنێـن کـە هـەردوولا شـیعە مەزهەبـن نـەك لـە بـەر هۆکارێکـی زانسـتیانە، رەنگـە ئەوەنـدە لـە شـێوەکانی دیکـەی نزیـك بێـت، بـەو رادەیـە لـە شـێوەی لـوڕی نزیـك نەبێت.

کاتـێ خـۆی، دۆسـتی کۆچکـردووم خوالێخۆشـبوو ئەحمـەد کـەلاری داوای لـێ کـردم ئـەم کتێبـە وەربگێڕمـە سـەر زمانـی کـوردی، نوسـخەیەکی فارسـی کتێبەکـەی بـۆ نـاردم، منیـش هەرچەنـدە فارسـیەکەم بـەو ڕادەیـە نەبـوو کـە بتوانـم ئـەم کارە ئەنجـام بـدەم، بـەڵام لـە بـەر خاتـری ئـەو هـاوڕێ ئازیـزە قوڵـم لـێ هەڵماڵـی و ورد وردە کارم لـێ کـرد، خۆشـبەختانە لـەو کاتـەدا مـن و بەڕێـز کاك صالـح ئاغەجـان لـە هەمـان نووسـینگە پێکـەوە کارمـان دەکـرد. چونکـە ناوبـراو ماوەیەکـی زۆر لـە ئێـران ژیابـوو، فارسـیەکەی زۆر بـاش بـوو، لـەم بابەتـەوە یارمەتییەکـی زۆری دام، هەروەهـا دۆسـت و بـرادەری خۆشەویسـتم کاك ئەحمـەد زەردەشـت ئەرکـی پێداچوونـەوەی کوردیەکـەی گرتـە ئەسـتۆ بەراسـتی ئەگـەر یارمەتـی ئـەو دوو بەڕێـزە نەبوایـە ئـەم کارە بـەم شـێوەیە نـە دەبـوو، پـڕ بـە دڵ سوپاسـیان دەکـەم. ئـەوە بـوو بەیـازی دەسـتخەتە کوردیەکـەم رەوانـەی خوالێخوشـبوو کاك ئەحمـەد کـەلاری کـرد بـەڵام بەداخـەوە مـەرگ رێـگای پـێ نـەدا بیگەێنێتـە چـاپ. چەنـد کەڕەتێـك پێوەندیـم بـە بنەماڵەکەیـەوە کـرد هیچـم دەسـت نەکـەوت. نوسـخەیەکی دەستنووسـەکەم لابـوو، بـرای بەرێـزم کاك صالـح ئەڵـماس ئەرکـی تایپکردنـەوەی گرتەئەسـتۆو خۆشـبەختانە لـە ماوەیەکـی کورتـدا ئەنجامیـدا زۆر سوپاسـی دەکـەم وەکـو کـوردە کەڵهوڕەکـە دەڵێـت (دەسـتی دەرد نـەکات).

**وەرگێڕ**

## پێشەکی

ناسـینی مێـژوی راسـتەقینەی هـەر وڵاتـێ، بەتایبەتـی وڵاتانـی فرەنەتـەوە، پێویسـتیی بـە توێژینـەوەو روونکردنـەوەی گۆشـە تاریکەکانـی ئـەو وڵاتـە هەیـە.

ئێـران وڵاتێکـی گـەورەو بەرینـەو چەنـد نەتەوەیەکـی وەکـو فـارس، کـورد، لـور، تـورك، بلـوج... هتـد تێیـدا دەژی. هـەر کام لـەو نەتەوانـە داب ونەریتـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، ئەگەرچـی لەچەنـد لایەنێکـەوە لـەو داب ونەریتانـەدا هاوبەشـن. لـە رۆژئـاوای ئێـران کـە زنجیـرە چیاکانـی زاگـرۆس روخسـارێکی شـاخاوی سـەخت بـەو دەڤـەرە دەبەخشـی، هـەر لـە دێریـن وەختـەوە کۆمەڵـە خەڵکێـك لەوێـدا دەژیـن و بەکـورد نـاسراوان و سـاڵە هـای سـاڵە ئـازا و دلێرانـە بەرگـری لـەو سـنورانە دەکـەن و هەرگیـز بەرامبـەر بـاری سـەختی ژیـان سـەریان دانەنەوانـدووە وبـە باشـترین شـێوە بەرگرییـان لـە سـنور و دەوڵـەت کـردووە.

پارێـزگای کرماشـان یەکێکـە لـە مەڵبەنـدە رەسـنەکانی گەلـی کـورد، چەنـد هۆزێکـی کـوردی تێـدا نیشـتەجێن، وەکـو (کەڵهـور، سـنجاوی، گـۆران، کاکەوەنـد، زەنگنـە... هتـد) لەنێـوان ئەمانـەدا هـۆزی کەڵهـور گەورەتریـن هـۆزی رۆژئـاوای ئێرانـە. بەپێـی بەڵگـە مێژووییـەکان ئـەم هـۆزە شـوێن وجێـگای تایبەتـی خـۆی هەیـە. هـۆزی کەڵهـور پەڕاگەنـدەی شـارەکانی (گەیـلان غـەرب، هـارون ئابـاد، قەسر شـیرین، سـەرپێڵی زەهـاو... هتـد)ن.

مێـژووی سیاسـی ئـەم هـۆزە هـەورازو نشـێوی زۆری بەخـووە بینیـوە کـە ٩٥٪ ی خەڵکەکـەی لەسـەر ئاینـزای شیعەن. لەسـەردمی قاجاریەکانـدا، کـە بـە سـەرەتای سـەردەمی تـازە دادەنـرێ، بەتایبەتـی لـە کۆتایـی تەمەنـی حوکمڕانـی ئـەم بنەماڵەیـە، مێـژووی ئـەم هـۆزە بەنـد بـووە بـە کەسـایەتی بەهێـزی سـەرۆك هـۆز داودخانـەوە کە ناسرابـوو بـە (داودی کەڵهـور، ئەمیـر ئەعـزەم، سـەهامولمەمالك، سـەردار موزەفـەر... هتـد) ئـەم سـەرۆك هـۆزە توانـی هێـزی کەڵهـور رێکبخـات، چونکـە ئـەو سـەردەمە پـڕ لـە رووداو پێکـدادان بـووە، هـەر رووداوێـك لـەو رووداوانـە بابەتێکـی تایبەتـی، یـان توێژینەوەیەکـی تایبەتـی هەڵدەگـرێ.

شۆڕشـی مەشروتیەتـی ئێـران سـەرەتای قۆناخێکـی نوێیـە لـە مێـژووی ئـەم

وڵاتـەدا، تەنانـەت لـەو سـەردەمەدا داودخـان و هۆزەکـەی ڕۆڵێکـی گرینـك و بنەڕەتیـان گێـڕاوە.

ئـەم شۆڕشـە لـە ئێرانـدا بـوو بەهـۆی ناکۆکـی و شەڕوشـۆڕ لـە نێوان لایەنگران و دوژمنانـی خـودی شۆڕشـەکە، هەنـدێ لـەو ناکۆکیانـە پێوەندیـی بـە بنەماڵـەی قاجاریەکانـەوە هەبـووە.

کەسـێکی وەك (سـالارودەوله)ی کـوڕی سـێیەمی موزەفەرەدیـن پاشـا، هـەوای تەخـت و تـاج لـە کەللـەی دابـوو، هـەر هەلێکـی دەسـت بکەوتبایـە بـۆ گەیشـتن بەمەبەسـتی خـۆی لەدەسـتی نـەدەدا، جاگـەر لایەنگیـری شۆرشـەکە بوایە یـان دژایێتی کردبایـە، ئـەم کابرایـە دەیویسـت بەهـەر شـێوەیەك بێـت بەمەبەسـتی خـۆی بـگات. لایەنگرانێکـی زۆری هەبـوو، ئەڵبەتـە لـە ڕۆژئـاوای وڵاتـدا توانـی بچێتـە نێـو ئـەو هۆزانـەو هانـی هـاوکاری کردنیـان بـکات. سـەرکوتکردنی ئاژاوەچییە مەترسـیدارەکانی سـالارودەوله لـە نەهاوەنـددا لـە لایـەن هـۆزی کەڵهـور بەسـەرکردایێتی داودخانـی، سـەهاموڵەمالیك هەسـتی دۆسـت و دوژمنانـی هەژانـد. بـەڵام لـە لایەکـی دیکـەوەو بـە پێـی چەنـد نیشـانەیەکی دیکـە کـە پاشـان قسـەی لێدەکەین، لەگـەڵ سـالارودەوله دا ڕێککـەوت و بـوون بـە هـاوڕێ ودۆسـت، لـەو سـەردەمەدا ئـەم ڕێککەوتنـە هـۆکاری نەمانـی ڕژێمـی سیاسـەتی تیرەگەری بـوو. یەکی لـە نیشـانەکانی هەڵبژاردنی ئـەم بابەتـە، پەڕاگەندەیـی و جۆراجـوری سـەرچاوەکانە، ئەڵبەتـە لەلایەکـی دیکـەوە سـوودمان لـە قسـەی بـە سـاڵاچوەکان وەرگرتـووە کـە بێگومـان زانیارییێکـی زۆریـان دەربـارەی ئـەو ڕووداوانـە لابـووە.

ئـەم پەرتووکـە بریتیـە لـە شـەش بـەش، هـەر بـە شـێکی لـە لایەنێکـی ئـەم شۆڕشــە دەدوێ :

**بەشی یەکەم :**

ئاشـناییکردنی خوێنـەران بـە هـۆزی کەڵهـور، نـاوی کەڵهـور وشـوێنی نیشـتەجێ بوونیـان. مێـژووی چونێتـی گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات لەلایـەن داودخانـەوە. هەروها بارودۆخـی کرماشـان لـە سـەرەتای مەشروتیـەت و ژیاننامـەی سـالارودەوله، ئەمـەش ڕێخۆشـکەرە بـۆ بابەتەکەمـان.

**بەشی دووەم :**

دەربـارەی سەرکێشـیکردنەکەی سـاڵی (١٣٢٥ ك) ئـەو سەرکێشـیەی تەنهـا بـە کۆمەکـی هـۆزی کەڵهـور لـە نەهاوەنـد سـەرکوتکرا.

**بەشی سێیەم :**

بـاس هـەوڵو تەقـەلای محمـد علـی شـای (لـە کار لابـراو) دەکات کۆششـی کـە لـە پێنـاوی وەرگرتنـەوەی تەخـت وتاجـی لـە دەسـت دەرچـووی هەوڵـی بـۆ دەدا، چونکـە تەقەلاکـەی پێوەندییێکـی پتـەوی بـە یاخیبووەنەکـەی سـاڵی (١٣٢٩ك)ی سـالارودەولەوە هەیـە. بـە بـێ زانیـاری لـە سـەر هـەوڵ وتەقەلاکـەی محەمـد عەلـی پاشـا زانیارییێکـی ئەوتومـان دەربـارەی ئـەم شۆرشـە بـەر بـڵاوە دەسـت ناکـەوێ.

**بەشی چوارەم :**

باسـی یاخیبوونەکـەی سـاڵی (١٣٢٩ك)ی سـالارودەولە دەکا، کـە داودخـان وهـۆزی کەڵهـور لایەنگـری بـوون.

**بەشی پێنجەم :**

باسـی یاخیبوونـە بەربڵاوەکـەی سـاڵی (١٣٣٠ك)ی رۆژئـاوای ئێـران دەکا، هەروەهـا لـە چۆنێتـی شکسـت خواردنـی هێـزە یاخیبووەکەوکوشـتنی داودخـان ونەمانـی سیسـتەمی ئێلخانـی هـۆزی کەڵهـور دەدوێ.

بەشـی کۆتایـی: پاشـکۆیەو تەرخانکـراوە بـۆ وێنـەو بەڵگەنامـە... هتـد لـە کۆتاییـدا دەبـێ بڵێیـن کـە ئـەم پەرتووکـە لـە هەڵـە و کـەم کـوڕی بـەدەر نییـە.

ئومێدەواریـن بـە هـاوکاری و ئامـۆژگاری خوێنـەران و ئەوانـەی لـە بـواری مێژوونووسـیندا کار دەکـەن، ئەوکـەم وکوڕیـە پـڕ بکەنـەوە. ئیـدی پەنابـە یزدانـی مـەزن.

**(عەلی رەزا گۆدەرزی ساڵی ٢٠٠٢)**

## هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکان

لەبەر گرنگی بابەتەکە لە لایەکەوەو نەبوونی توێژینەوە، چ لە پێشترو چ لەم سەردەمە، هەر بۆیە لەم بارەیەوە، پێویستمان بە سەرچاوەی جۆراو جۆر بوو. پاش لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو سەرچاوانەکە سوودیان لێ وەربگرین و پشت بەسترا. بەم سەر چاوانەی خوارەوە:

**١- پاشماوەی نووسینەکانی نووسەرانی سەردمی سالاروەدەولەی قاجاری.**

ئەم نووسەرانە خۆیان لە نێوان ئەو ڕووداوانەدا ژیاون و بە شێوەیەکی ڕاست ودروست ڕووداوەکانیان تۆمار کردووە. لەم سەرضاوانە دەتوانین ئاماژە بە دووانیان بکەین کەبە سەرچاوەی سەرەکی دادەنرێن : پەرتووکەکەی ئەحمدی کسرەوی (تاریخ مشروطە ایران) و (تاریخ هجدە سالەی آزربایجان) ئەڵبەتە سوودێکی زۆرمان لەم دوو کتێبە وەرگرتووە. کسرەوی لەم دوو کتێبە بەنرخەدا زانیارییێکی زۆری دەربارەی یاخیبوونەکانی سالاروەدەولە تۆمار کردووە.

ئەمە جگە لە کتێبە بە نرخەکەی، شەرفنامەی بەدلیسی. ئەوەی پێوەندی بە هۆزی کەڵهورەوە بێ ئەم سەرچاوەیە، سوودێکی زۆری هەبوو.

کتێبی (تاریخ أیل بختیاری - اسکندرخان عکاشە) سەرچاوەیەکی دیکەیە سوودمان لێ وەرگرتووە. ئەم سەرچاوەیە بەهۆی ئەوەی دەربارەی هۆزی بەختیاری و هەوڵدانیان لە سەردەمی مەشروتیەتدا، کە هۆزی بەختیاری رۆڵێکی سەرەکیان لە یاخیبوونەکانی سالاروەدەولە دا هەبووە. ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی سوودبەخش وکاریگەر بوو. تەنانەت ئەم کتێبە بە شێوەیەکی ورد باسی شکستی سالاروەدەولە دەکا.

(دانشور علوی) لەو کەسانە بووە کاروباری پزشکی لەو ڕووداوانە بەرێوەدەبردو لەو سەردەمە لە ئوردوگای دەوڵەتیی کاری دەکرد و لەم بابەتەوە کتیبێکی داناوە بە ناوی (تاریخ مشروطە) لە چەند بە شێکی ئەم کتێبەدا دەربارەی چۆنێتی خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ وستراتێژێتی هۆزی کەڵهوڕ وکوشتنی علی ئەکبەر خانی کوڕی داودخانەوە سوودمان وەرگرتووە.

(تاریخ بیداری ایرانیان \ ناظم الاسلام کرمانی) سەرچاوەیەکی بێ وێنەی ئەو کتێبەیە لە بارەی ڕوداوەکانی پێش شۆرش کە سوودمان لێوەرگرتووە.

(مقدمـات مشروطيـت \ هاشـم محيـط مافـی) بـە یەکـی لـەو سـەرچاوە کەمانـە دادەنـرێ کـە دەربـارەی یاخیبوونـی سـاڵی (١٣٢٥ك). بـاس کـردەوە محیـط مافـی ئامـاژە بـە هـاوکاری هـۆزی کەڵهـور بـە سـەروکایێتی داودخـان لەگـەڵ هێزەکانـی دەوڵەتـدا دەکا. چۆنێتـی گواسـتنەوەی سـوارانی کەڵهـور دژ بـە سـالارودەولە بـە شـێوەیەکی ورد دەگێڕێتـەوە، لـەم بارەیـەوە سـوودێکی فراوانمـان لـەو کتێبـە وەرگرتـووە.

شـێخ محمـد مـەردۆخ ئیمامـی جومعـەی کوردسـتان، لـەو کەسـانەیە کـەوا هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ سـالارودەولە بـووە و بـە شـێوەیەکی وردرووداو و دیدارەکانـی سـالارودەولەی تۆمـار کـردووە. ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشـێ شـێخ محمـد مـردۆخ لـە کتێبەکەیـدا هەتـا رادەیـەك دوور بـووە لـە دەمارگیـری ولایەنگرتنـی سـالارودەولە، چونکـە پلـەو پایـەی کۆمەڵایێتـی شـێخ محمـد مـردۆخ رێـگای بـە سـالارودەولە نـەدا وە بەنووسـین شـتێکی بـە سـەردا بسـەپێنێت، بۆیـە سـودێکی زۆرمـان لـەم کتێبـەش وەرگرتـووە.

دیسـان لـەو سـەرضاوانەی کـە دەتوانیـن ئامـاژەی بـۆ بکەیـن کتێبـی (افضـل التواریـخ - افضـل الملك)کـە دەربـارەی چەنـد خاڵێکـی ژیانـی سـالارودولە دەدوێ، هەروەهـا (نامەکانـی یوسـف مغیـث السـلطنە) و (شرح زندگانـی مـن - عبداللـە مسـتوفی)، (یادداشـت وگەشـتنامە وگۆڤـار و رۆژنامـە ... هنـد).

**٢- یاداشت، گەشت، گۆڤارو رۆژنامە**

لـە سـەرچاوە گرنگەکانـی ئـەم بەشـەیە، یادداشـتەکانی فریـدە، (فریـد الملـك الهمدانـی) چاکتریـن سـەرچاوەیە، ئـەم نووسـەرە فەرمانـداری ئوسـتانی کرماشـان بـووە. رۆژ بـە رۆژ رووداوەکانـی ئـەو سـەردەمەی تۆمـار کـردووە وپاشـان رێکیخسـتوون. باسـی رووداوەکانـی کرماشـان و جووڵانـەوەی هـۆزەکان و چالاکییـە فراوانەکانـی سـالارودەولە دەکات کـەوا لـە دەڤـەری رۆژاواوە دەسـتی پـێ کـردووە.

( اختنـاق ایـران - دیمـورگان) سـەرچاوەیەکی دیکەیـەو سـودمان لێوەرگرتـووە (یـاد داشـتهای محمـد ولـی خـان تنگابونـی) سـەرچاوەیەکیترە. باسـی بزووتنەوەکانـی محمـد علـی شـا دەکا لـە باکـوری وڵات. نووسـەر هاوسـاز بـوو لـە گـەل سـالارودەولە.

ئـەو کتێبانـەی کـە وا بـە شـێوەی یادداشـت نـووسراون بـە تایبەتـی گەشـتیاران و چەنـد کتێبیکـی دیکـە هەیـە وەکـو (حیـات یحیـی - دولـت ابـادی ، سـفرنامەی گروتـە) هـەر وەهـا (ایـران امـروز - اوژن اوبـن)، سـەرباریش چەنـد وتارێکـی دیکـەی دەربـارەی

سەرکێشیکردنەکانی سالارودەولە کە لەم گۆڤارو رۆژنامانە ((نگین، ارمغان، وحید))وە وەرمانگرتووەو چەند توێژینەوەیەکی مێژوویی دیکە کە دەستمان کەوتبوون ئەمانە هەر هەموویان کاریگەری خۆیان هەبووە لەم دانراوەیەدا)).

## ٣- بەڵگەنامەکان

لە توێژینەوە مێژوییەکان بە تایبەتی سەردەمی مەشروتیەتدا، بەڵگەنامە گرنگترین سەرچاوەیە. راپەڕینەکانی سالارودەولەی قاجاری و ڕۆڵی هۆزی کەڵهوڕ لەو بزوتنەوانەدا ئەرشیڤی بەڵگەنامە مللییەکانی جێگای تایبەتی خۆی هەیە لە بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمەدا. خوشبەختانە ساڵی (١٩٩٨) رێکخراوی (سازمان اسناد ملی ایران) بە یارمەتی کۆمەڵێ بەڵگەنامەی لەژێرَ ناوی (سید رضا اذری درتکاپوی تاج وتخت) بڵاوکردووەو کە زۆر سوودی بۆ ئەم کارەمان هەبووە. ئەم کۆمەڵە بەڵگەنامانە پێوەندیان بە سالارودەولەوە هەیە و بەگوێرەی ریزبەندی مێژوویی رێکخراون. کۆمەڵە کتێبەکانی (ئابی) بەشێکن لەم لایەنە، تایبەتن بە ڕاپۆرتەکانی فەرمانبەرە ئنگلیزەکان کە ئاراستەی حکومەتی خۆیان کردوون. دەشێ وەکو بەڵگەنامەی گرنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین هەرچەندە هەندێکیان جێگای گومانن بەڵام مایەی سەرنجن.

ئاغای حسین الهی لە گۆڤاری (دانشکدە - کۆلیجی ئەدەبیاتی شاری مەشهەد) دەربارەی شارئاشوب وهەڵچونی سالارودەولە لە سەردەمی مەشروتیەتدا بەڵگەیەکە، هەر چەندە پێوەندیی بە بەڵگەکانی تەخت وتاجەوەیە، ئەڵبەتە بۆ ئەم کتێبە سود بەخش بووە. جگە لەمانە چەن بەڵگەیێکی دیکە هەن، دەربارەی ئەوکەسانە کە پێوەندیان بەو رووداوانەوە بوو و هاوکاری سالارودەولە و داودخانیان کردووە، سوودمان لێ وەرگرتوون.

## ٤- لێکۆڵینەوەی نوێ

ئەو بەشانەی کەپێوەندیان بە بابەتەکەمانەوە هەیە وەکو بارودۆخی کۆمەڵایتی و ئابوری لە سەردەمی مەشروتیەت، توێژینەوەیەکی فراوانیان لە بارەوە کراوە.

هێندێکیان لە بابەتەکەمانەوە دوورن و بە شێوەیەکی سەرپێی ئاماژەیان بۆ کراوە.

(تاریخ انقلاب مشروتیت - ملك زادە) وەکو نموونەیەك لەو توێژینەوانە کە دەتوانین ئاماژەی بۆ بکەین. ئەم کتێبە بە نرخە حەوت جزمە و سەرچاوەیەکی گرنگە. سوودی زۆرمان لە جزمی شەشەمی وەرگرتووە.

کتێبــی (گـورد کـورد - اردشیرکشـاورز) ئـەم نووسـەرە خەڵکـی دەڤەرەکەیـە وکتێبەکـەی دەربـارەی ژياننامـەی يـار محمـد خانـی کرماشـانييە کـە دژی ئـەو سەرکێشـيانە تێکۆشـاوەو ڕۆڵیکـی گرنگـی هەبـووە. سـوودێکی زۆرمـان لـەو کتێبـە وەرگرتـووە.

چەنـد کتێبێکـی دیکـە لـەم بابەتـەوە کـە سـوودمان لێوەرگرتـوون ئەمانـەن (شرح حـال رجـال ايـران - مهـدی بامـداد، پيـرام خـان سردار - اسـماعيل رائيـن، ايـران در دور سـلتنت قاجـار - علـی اصغر شـميم، دولـت وجامعـە در ايرانـن - همايـون کاتوزيـان، دولتهـای ايـران - مسـعود بهنـود).

بەشی یەکەم

## ١-١ رامیاری هۆزەکان

زۆربـەی زەنجيـرە پاشـايەتيەکانی پێـش بنەمەڵـەی پالەوی،لەوانـە : سـەلجوقيەکان و خوارزمشـاهيەکان و قەراختيـەکان ... هتـد سيسـتەمی حوکمڕانيـان تيرەگـەری بـوو، لـە هەمـوو لايەنـە جياجياکانـەوە پەيڕەوەی ئـەو سياسـەتەيان دەکـرد بـۆ ئـەوەی هۆزەکەيـان بـە هێزتـر بـێ ولـە بارودۆخـی کۆمەڵايەتـی وسياسـی وئابوريـدا ڕۆڵيـان فراوانـتر بێـت. زيبـا کلام دەنووسـێ : ((نيگايەکـی ورد لـە ميـژۆی ئـەم حەقيقەتەمـان پـێ پێشـاندەدا کـە زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو حکومەتانـە بريتيبـوون لـەو دەشـتەکيە کۆچەييانـە کـە وەکـو حکومـەت دەهاتـن ودەڕۆيشـتن)).[1]

عەشـيرەتەکان بـە درێـژەی مێـژووی پـڕ لـە هـەورازو نشـێوی ئێران هێـزی بەرگـری وڵاتيـان دژ بــە داگيرکــەر و دوژمــن لــە ئەســتۆگرتبوو و توانــای جەنگيــی وجەنــگاوەری خۆيـان خسـتبووە بـەر دەسـتی پاشـا و حوکمڕانـەکان. جگـە لـە گرنگـی سياسـی وسـوپاييان، لـە لايەنـی ئابوريشـەوە گرنگێکـی تايبەتيـان هەبـووە. بۆيـە ئابـوری سەراسـەری ئێـران پشـتی بـە کشـتوکاڵ و بـە خێوکردنـی مـەر ومالاتـەوە بەسـتبوو هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارانـە هـۆزەکان بايەخێکـی گـەورە وگرنگيـان هەبـووە.

حکومەتەکانـی پێـش بنەماڵـەی پاڵـەوی وەك هۆزێکـی گـەورە وابـوون کـە چەنـد تيرەو هۆزێکـی جـۆراو جـۆر پێکهاتبـوون، حکومەتێکـی شـارييان پێکهێنابـوو. بـەو جياوازييـەوە يـەك حکومـەت کاروبـاری سياسـەت و کۆمەڵايەتـی و ئابـوری وڵاتـی بەرێوەدەبـرد. لـە

ڕاستیدا پاشای وڵات وەکو سەرۆك هۆزی دەسەڵاتدار دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو هۆزەکاندا دەسەپاند. پاشا بە هۆی ئەو متمانەو دەسەڵاتەی کە بە دەستی دەهێنا یان بەرەزامەندی هۆزەکان پێی دەبەخشرا، دەسەڵاتی خۆی بەکار دەهێنا. بەم پێیە دەبوایە هەر هۆزێ بە پێی ئەو ژمارەیەی بۆ دیاری کراوە ئەوەندە چەکداری رەوانەی ناوەند بکا. ئەم کارە جاروبار کێشەی بۆ وڵات دروست دەکرد. بۆیە هێندێ خێل لە ناردنی قۆشەن خەمسارد بوون یان هەر هیچیان بۆ ناوەند نە دەنارد ئەمەش کێشەیەکی گەورە بوو. لەسەدەی نۆزدەهەم بە دواوە دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان لەوانە بەریتانیا و روسیا هەموو هێزوتوانای خۆیان لە ئێراندا خستبووەکار، بە داخەوە هاوکات لە گەڵ زۆر بوونی دەستوردانی زۆری بەکرێگیراوانی دەرەکی لە ناو خۆی ئێراندا ئەو کاتەی کە حکومەتی ئەو سەردەمەی وڵات لاوازترین وبێ دەسەڵاترین حکومەت بوو لە مێژووی ئێراندا. پاشاکانی قاجاری بێ توانا وشیاوی تەخت وتاج نەبوون و بەو سیاسەتە چەوت وچەواشەکارییەکانیەوە ئێرانیان بەرەو هەڵدێر دەبردو دەستی بێگانە لەکاروباری ناو خۆی ئێراندا زاڵتر دەبوو. ئەوەتا روسەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ناوچەی ئاوەگەرمەکان بە هۆی سیاسەتی داگیرکردنی زەوی وفراوانکردنی دەسڵاتەوە. (پیتەری گەوەر) لەجەنگەکانی دژ بە قاجاریەکانی سەردەمی (فتح علی شا) توانی بە زەبری هێزی چەکدار بە شێکی گرنگ لە خاکی باکوری وڵات داگیر بکا، بەو نیازەی سەراسەری ئێران بخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆی بەڵام سیاسەتی ململانیێ نێوان دەوڵەتە زلهێزەکان بواری ئەوەیان نەدەدا ئەم کارەیان بۆ بچێتەسەر لە لایەکی دیکەوە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە بەریتانیا بۆ پارێزگاری کردنی وڵاتانی ژێر دەستی لە هیندستانەوە تا ئێران وەکو ناوچەیەکی ستراتیژی بەلاوەگرنگ بوو. پەنای دەبرد بۆ دەست بەسراگرتنی خێڵ وهۆزەکان و فشاری خستە سەر پاشا لاوازەکانی قاجار. بەکریگیراوانی بەریتانیا سیاسەتی دابەش کردنی چەکیان بەسەر خێلەکان و هاندانیان لە دژی دەوڵەت پەیڕەودەکرد ئەڵبەتە بە بێ بەهێزکردنی هۆزەکان حوکمڕانییان پێ نەدەکرا. پاشا قاجاریەکان سەرەڕای ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە خۆشەویست نەبوون، ئەوەتا بۆ پارێزگاری تەخت وتاجەکانیان هیچ درێغییکان نەدەکرد لە بخشینی ئیمتیاز وهەر گرێبەندێکی بەدناو.[٢] ئەم سیاسەتەی بەریتانیا بەو شێوەیە بەرێوەدەچوو تا ئەو کاتەی شۆرشی کۆمنیستەکان ساڵی (١٩١٧م)

بەردەوام لە روسیا دا کۆتایی بە حوکمی قەراڵ هێنا، کۆمەنیست بووە مەترسیێکی جیددی بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی ئێران کە هاوسنووری روسیایە. ئەم گۆڕانکاریە سیاسییەی روسیا پاڵی بە بەریتانیای کۆنە ئیمپریالیزمەوە نا کە سیاسەتە هەمیشەییەکەی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا بگۆڕی کە مەترسی کۆمنیستی لێدەکرا، پێشان دەیانویست ئێران هەمیشە دەولەتێکی لاواز و بێ توانا بێ بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆیان بگەن و بتوانن بە پێی بەرژەوەندی خۆیان هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکەن بەڵام دواتر پێوستیەك بە دەوڵەتێکی بەهێز بووە بۆ ئەوەی بتوانێ لە رووی کۆمنێستدا بوەستێ و لە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا داکۆکی بکات. ئەم سیاسەتە پاشان لە ئێراندا بە ناوی سیاسەتی چرکردنەوەی دەسەڵات.[٣]

بەم سیاسەتە دەوڵەتی ئێران لە بۆ ماوەی (١٠ هەتا ١٥) ساڵ ئەزموونی حکومەتی یاساو مەشروەتیەی تاقیکردبوەوە. سەر لەنوێ دوچاری دکتاتورێکی ملهوڕ بوەوە بەناوی رەزاخانی پاڵەوەی. ئەم کابرایە بە پلان و پیشتیوانی بەریتانیاوە هاتە سەرکارو تا ئەو کاتەی (١٩٤٠) بەدەستی ئەوان لە ئێران دەرکرا.[٤]

ئەڵقە بە گوێیەك زیاتر هیچ نەبوو ئامێرێك بوو بە دەست بەریتانیاوە، هەرچەندە جار وبارێ دژایتیی خواستەکانی بەریتانیای دەکرد، بەڵام جیدی نەبوو.

رەزاخان لە ماوەی بیست ساڵ حوکمڕانی، چ بە ناوی وەزیری جەنگ یان سەرۆك وەزیران یان پاشا لەشکرێکی پێك هێنا٥ کە بریتیبوو لە (حەوت هەزار قەوزاق و دوانزە هەزار ژاندارم و سوپایەکی نوێ لە چل هەزار سەرباز کە پێنچ لە شکری پێکدەهێنا)[٥]و توانی خێل و هۆزەکان سەرکوتبکا. ئیبراهیمیان دەنوسێ :

((بە هۆی ئەو هێزە نوێیەوە بە زنجیرە لەشکرکێشییەکی سەرکەووتوانەوە، توانی زاڵبێ بەسەر خێل و هۆزەکاندا. ساڵی (١٣٠١ك-١٩٢٢ز) بەسەر کوردەکانی ئازەربایجانی رۆژئاواو شاهسوونەکانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و کوهکیلوەکانی لوڕستان و فارس و لە ساڵی (١٣٠٢ك – ١٩٢٣ز) بەسەر کوردە[٦] سنجاویەکانی کرماشانداو ساڵی (١٣٠٣ك- ١٩٢٤ز) بەسەر بەلوجەکانی باشوری رۆژهەڵات و لوڕەکانی

باشـوری ڕۆژئـاواو لـە سـاڵی (١٣٠٤ك-١٩٢٥ز) بەسـەر تورکمانەکانـی مازەنـدەران و کوردەکانـی خۆراسـان و عەرەبەکانـی شـێخ خەزعـەل لـە موحەمـەرەدا سـەرکەوت.[٧]

ڕەزاخـان هەمـان سیاسـەتی بەرامبـەر هـۆزی کەڵهـوڕ بەکارهێنـا. کاتـێ ڕەزاخـان بـوو بـە خـاوەن دەسـەڵات سـڵێمان خانـی ئەمیرئەعـزم کـوڕی داودخانـی سـەردارموزەفەر کـە لـە جەنگـی دژ بـە هێزەکانـی حکومـەت بـە سـەرۆکایەتی عەبدولحوسـەین میـرزای فەرمانفەرمـا دا کـوژرا، لـە جێـگای باوکـی لـە لایـەن فەرمانفەرمـاوە سـەرۆکایێتی هـۆزی کەڵهـوڕی پـێ سـپێردرا. بـە سـاڵاچووەکان دەڵێـن ئەحمـەد شـای قاجـاری لـە سـەفەرێکی بـۆ کەربـەلاو نەجـەف بـە ڕێـگای کرماشـانەوە (کەخاکـی ئێڵـی کەڵهـوڕە)و ڕەزاخانـی لـە گەڵـدا بـووە. سـڵێمان خـان چـاك لـە مەبەسـتەکانی ڕەزاخـان تێگەیشـتبوو[٨] لـە دیـداری ئەحمـەد شـادا داوای لێکـردوە سـەرداری سـوپا دەسـتگیربکا، بـەڵام ئەحمـەد شـا ڕازی نەبـووە[٩] ئـەم کار هەتـا گەڕانـەوەی ڕەزاخـان لـە گـەڵ ئەحمـەد شـا بـێ دەنـگ ماوەتـەوە. سـڵێمان خـان بڕیـاری داوە لـە گەڕانـەوەدا ڕەزاخـان دەسـتگیر بـکا، هەنـدێ لـە سـوارانی کەڵهـوڕ لـە دەربەنـدی پاتـاق بۆسـەیەکی بـۆ دادەنێـن، بـەڵام عەلـی ئاغـای ئەعزمـی کـە یەکـێ لـە ڕاوێژکارانـی سـڵێمان خـان بـوو ڕەزاخـان لـەو پیلانـە ئـاگادار دەکات و ئەمیـش بـە ڕێگەیەکـی دیکـەوە خـۆی دەگەێنێتـە شـاری (هەمـدان).[١٠]

لەوێـوە بـە بێتـەل هەڕەشـە لـە سـڵێمان خـان دەکات، لـە هەمـان کاتـدا ڕەزاخـان نیـازی سـەرکوتکردنی هـۆزی کەڵهـوڕی لـە دڵـدا بـووە، بـەڵام هەلـی بـۆ نەڕەخسـاوە، تـا سـاڵی (١٣٠٤) کاتـێ دەبـێ بـە پاشـای ئێـران، بـەڵام لـەو کاتـەدا سـێ سـاڵ بەسـەر مەرگـی سـڵێمان خـان دا تێپەڕیـوو کـە بەدەسـتی برازاکـەی خـۆی پاشـاخان بـە هـۆی ناکۆکـی بنەماڵەییـەوە کـوژرا بـوو، بەمـەش عەبـاس خانی قوبادیـان برای پاشـاخان بووە بـە سـەرۆك هـۆزی کەڵهـور. ڕەزا شـا بانگهێشـتی عەبـاس خـان دەکات بـۆ تـاران هـەر لـەوێ هەتـا سـاڵی (١٣٢٠) دەستبەسـەر دەمێنێتـەوە. هەمـوو لایەنگرانـی داودخـان بـەرەو (سـەرخس، مەشـهەد، شیراز، بەجنـورد) دوور دەخاتـەوەو نـاوی هـۆزی کەڵهوڕ دەگـۆڕێ بـە (باوەندپـوڕ)و بـۆ پاداشـتی عەلـی خانـی ئەعزمـی لەجیاتـی ئـەو خزمەتـە گەورەیـەی بـە ڕەزاخانـی گەیانـدوە بـە گـەورەی هەمـوو هـۆز وخێڵەکانـی ڕۆژئـاوای وڵاتـی دادەنـێ. عەلـی ئاغـای ئەعزمـی سـاڵی (١٣٢١ك) بەدەسـتی (عەلـی ئەکبـەر

خانـی هەژبـەری) ئاوەڵـزاوای لـە دەڤــەری حەسـەن ئابـاد کـە دەکەوێتـە نێـوان ڕێگای کرماشـان وهـارون ئـاوا (اسـلام ابـاد) دەکـوژرێ. ناوبـراو سـەرۆك هـۆزی کەڵهـوڕ دەبێ و پێوەندییێکـی پتـەوی لەگـەڵ ڕەزاخانـدا هەبـووە پشـتی پـێ قایـم دەکات. بـە هـۆی ئـەو پێوەندیـەی لـە نێـوان ڕەزاخـان و ئەعزمـی دۆسـتی، ئاسـوودەیی لـەو دەڤــەرە بەرقـەرار بـووەو بەرپرسـانی دەوڵـەت لـە ناوچەکانـی کەڵهـوڕ دەسـەلاتێکی ئەوتـۆی نەبـووەو بـەو هۆیەشـەوە دەسـەڵاتیان کەمـتر ببێتـەوە هـەر لـە بـەر ئـەوە شـیرازەی هـۆزی کەڵهـوڕ نەپچـڕێ. پـاش دەرچوونـی ڕەزاشـا لـە خاکـی ئێـران و کوشـتنی عەلـی ئاغـای ئەعزەمـی هـاوکات بەرپابوونـی جەنگـی جیهانـی دووەم، عەباسـخانی قوبادیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ نێـو هـۆزی کەڵهـوڕو دووبـارە دەبێتـەوە بـە سـەرۆك هـۆز.[١١]

## ١-٢ واتای ناوی کەڵهوڕ

دەربـارەی نـاوی ئـەم هـۆزە کـوردە ڕەسـەنە، هێنـدێ کـەس لـەو بڕوایـەدان کـە دەبـێ لـە شـێواز و ریشـەی ئـەم نـاوە ورد ببینـەوە تـا بتوانیـن بـە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت واتـای ناوەکـە ڕاڤـە بەکەیـن. وشـەکە وشـەیەکی لێکـدراوە و لـە دوو وشـە پێك دێـت. (کـەڵ) و (هـوڕ یـان هـر) ئـەم وشـەیە بـە چەنـد شـێوەیەك گـۆ دەکـرێ وەکـو (کەڵهـور، کەڵهـڕ، کەڵـڕ).[١٢]

کـەڵ بـە واتـای ئاسـکە کێـوی نێـر دێـت و لەتایبەتمەندیەکانـی ئـەم ئاژەڵـە بوێـری و خۆڕاگرانـە چوسـت و چالاکـی وتونـد ڕەوەییـە، بەشـی دووەمـی وشـەکە (هـوڕ یـان هـر) لـە فەرهەنگەکانـدا بـە واتـای (خـۆر، خورشـید، ئافتـاو، هەتـاو) لێکدراوەتـەوەو لـە تایبەتمەندیەکانـی (خـۆر = ڕۆژ) تونـدی درەوشـانەوەیە. ئێسـتا ئەگـەر بـە شـوێنی لایەنـە لێکچووەکانـی ئـەم دوو وشـەیە کـەڵ و هـۆر و لەگـەڵ خەڵکـی هـۆزی کەڵهـور دابگەرێین دەبـێ تەماشـایەکی ژینگـە و قەڵەمڕەوی ئـەم هـۆزە بکەیـن واتـا داوێـن و بەرزاییـە پـڕ لـە هــەورازو نشـێوەکانی زنجیـرە شـاخەکانی زاگـرۆس، ئەوەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە خەڵکـی ئـەم هـۆزە بەدرێژایـی مێـژوو لەگـەڵ سـەخت و نالەبـاری سروشـتی ناوچەکـەداو دەسـت و پەنجەیـان داوەو بەئازایـی و خۆراگەرانـە وەك ئاسـکی کێـوی ژیـاون وخۆیـان

لە گەڵ سەختی ناوچەکەدا راهێناوە و بەرگرییان لە خاکی خۆیان کردووە. تاقمێکی دیکە لەو باوەڕەدان کە کەڵهوڕییەکان لە نەژاددا کوردی ئاری رەسەنن، ئەم خەڵکە بە هۆی روخساری گەش و هەروەها خێرایی لە رادەبەدەریان لە رێرۆیشتن و تەیکردنی شاخەکان و شێوە سەختەکان شوبهێنراون بەخۆر (خورشید) کە سەرچاوەی سەرنجراکیشانە.

## ١-٣ ژینەگەو بارودوخی کۆمەڵایێتی هۆزی کەڵهوڕ

سنوری باکوری هۆزی کەڵهوڕ، هۆزەکانی کرندو گۆران و گۆران بان زەردەیە زەردەیە[١٣] سنوری باشوری، خاکی حکومەتی والی پیشتکۆیە[١٤] سنوری رۆژئاوای دەوڵەتی عیراقە (خانەقی و مەندەلی) هەروەها گەرمیانی هۆزی سنجاوی کە (مایەشت - ماددەشت)ەو گەرمیانی هۆزی کرندە. سنوری رۆژەلاتی کویستانی هۆزی زەنگەنەیە وبەشی لە کویستانی هۆزی سنجاوی ماهیدەشت وباشوری کرماشانە. خەڵکی ئەم هۆزە لە راستیدا گەورەترین هۆزی رۆژاوای ولاتە.

ئەم هۆزە نیشتەجێی شارەکانی ((گەیلان غەرب[١٥] و هارونئاوا و بەشێ لە کرند و نەفتشارو سۆمارو گاوارە وئەیوان و مایەشت و دیێ قەلاشاین لە سەربێلی زەهاو و نەصرئابادی قەصری شیرین))، نیشتەجین، ئەڵبەتە خەڵکی پەراکەندی مەردومی کەڵهوڕ زیاترە لەو دەڤەرانەی کە ناومان بردن، بۆ نموونە: ژمارەیەکی رۆز لە خەڵکی شاری کرماشان کەڵهورن.[١٦]

زۆربەی هەرە زۆری هۆزی کەڵهور لەو شوێنانە ژیانیان بە ئاژەڵ بەخێوکردن بەرێوە دەچێ. لە بۆ دابینکردنی لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان لە وەرزەکانی ساڵ هەمیشە خەریکی کۆچ و شوێن گۆرینن. ئەم کۆچکردنە بۆتە هۆکاری بەرپابوونی ناکۆکی و ئاژاوەی نێوان ئەم هۆزە وهۆزەکانی دیکە. لە دیاریکردنی سنوری گەرمەسێرو سەردەسێری (گەرمیان و کوێستانی) هۆز، شاخە سەرکەشەکانی (قەلاچە) لە باکوری شاری گەیلان و دەوروبەری دەشێ بە سنوور دابنرێ، واتە باشوری ئەم شاخە گەرمەسێر و باکوری سەردەسێری هۆزی کەڵهورە ((گەرمەسێر و سەردەسێر))ە تاقمێ لەم هۆزە نێشتەجێن و کۆچەری نین و خەریکی کشت وکاڵن و بە شێوەیەکی کەم ئاژەڵ بەخێوە دەکەن.

لـە بەرچاوگرتنـی شـەڕوئاژاوەی ناوچەیـی ومەترسـی ڕێگاوبـان و ناوچەکە دەسـتێوەردانی حوکمڕانانـی کرماشـان و کێشـە سروشـتیەکان، ئـەم خەڵکـە کـۆڕەو کۆچێـان کـردووە، لـە سەردەسێر وگەرمەسێر لـە شـوێنی نزیـك لـە یەکترەوە دادەنیشـن. تیرەکانـی هـۆز بریتیـن لـە (خاڵـدی، شـیانی، سیاسـیا، کازم خانـی تەڵـەش، خەمـان، کـەرگا، کوڵەپـا، هاروناوایـی، مەنسـوری، کوڵەجـۆ، ئەڵوەنـدی، شـوان، مایشـتی، بـلاغ بەگـی، زەینەڵخانـی، شـاێنی، هەیوانی، گەیلانـی، زوێـری، منشـی، گلینـی، شـێرگ، دەێرەیـی، وەرمزیـاری هتـد....)) هـەر تیرەیـەك لـەم تیرانـە دەڤـەری دیـاری خـۆی هەیـە و دەڤـەرکە بـە نـاوی خۆیانـەوە ناوبانگـە. ناوچەکانیـان بـە ڕێککەوتـن لـە نێـوان سـەرۆك هـۆز وکوێخاکانـدا بـەش دەکـرێ.

بـە پێـی قسـەی بـە سـالاچووەکان، ئەوەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە بـە هـۆی دەسـەڵاتی فراوانـی قەڵمـڕەوی هـۆزەکان پەیوەنـدی بـە هێزودەسـەڵاتی سـەرۆك هۆزەکانـەوە هەبـووە لەوانـە: داودخانـی سـەرۆك هـۆزی کەڵهـوڕ. دەسـەڵاتی داودخـان گەیشـتە ڕادەیـەك، بەرپرسـانی کرماشـان بـە بـێ ڕەزامەنـدی ئـەو نەیاندەتوانـی سـەرۆك بـۆ هۆزەکانـی دیکـە دیاریبکـەن یـان لایـان بـدەن.[١٧]

## ١-٤ کورتەی مێژووی هۆزی کەڵهور لە سەرەتاوە تا شۆڕشی مەشروتیەت.

پـاش لـە ناوچوونـی ئیمپراتوریەتـی ساسـانی، ناوچەکانـی ڕۆژاوای ئێـران کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی عەربـە موسـڵمانەکان ئەگرچـی لـەو سـەردەمەو هەتـا سـەرەتای حکومەتـی سـەفەوییەکان نـاوی کەڵهـور لـە میانـە نەبـووە، بـەڵام مێـژوو باسـی کـوردەکان لـە زنجیـرە چیاکانـی باکـوری ڕۆژاوا و ڕۆژاوای ئێـران و موسـڵ وجزیـرە و دیاربەکـر (ئامـەد) دەکا.

بێگومـان هـۆزی کەڵهـوڕ لـە نێـوان کوردانـی ئـەو سـەردەمەدا سـەرچاوەی کار وچالاکێکـی فـراوان بـووە لـە گۆڕەپانـی سیاسـەت و بەرگـری کـردن لـە خاکـی نیشـتمان، بەداخـەوە هیـچ بەڵگەیەکـی مێژوویـی نـووسراو بـە دەسـتەوە نیـە. هـەر بۆیـە کار وچالاکیـان روون نیـە. ئامـاژەی روون و بەڵگـەی نـووسراو دەربـارەی هـۆزی کەڵهـوڕ دەگەڕێتـەوە سـەردەمی سـەفەوییەکان بـە تایبەتـی سـەردەمی شاتاماسـب، بـە هـۆی جیـاوازی وناکۆکـی دەربـارەی سـنور وئاینـزاوە سـەردەمێکە پـڕ بـووە لـە شـەڕو شـۆڕو بەگژداچوونـی ئیمپراتۆرییەتـی عوسـمانی لـە سـەر کێشـەو ناکۆکیـە سنووری و ئایینیـەکان بـووە ((أیـرج أفشـار)) لـە توژینەوەکانـی دەربـارەی کەڵهـوڕ دەڵـێ :

لـە سـەرەتای حوکمـی شاتاماسبـی یەکـەم (١٥٧٦ - ١٥٢٤) مێژوونووسـان لـە قسـەکانیاندا دەربـارەی فەرمانڕەوایانـی کەڵهـوڕەوە نووسـیویانە : کەڵهـوڕە کۆچەریـەکان لـە نێـوان کرماشـان وسـنوری ئێـران نیشـتەجێ بـوون، لەوانەیـە لـە سـەرتادا دەسـەڵاتی ئێـران لـە نێوانیانـدا کـەم بـووە، لـە پـاڵ رووداوەکانـی سـاڵی (١٥٤٤ز) سـەرچاوەکان دەڵێـن : تاقمـێ بـۆ سـەرکوتکردنی هـۆزی کەڵهـوڕ، کـە هەمیشـە سەرکێشـیان دەکـرد، رەوانـە کـرا. هـۆزی کەڵهـوڕ لـە سـەردەمی سـەفویەکان زیاتـر لـە ناوچـەی ماێشـت تـا مەندەلـی سـەرقاڵی ژیـان بـوون و بـە گوێـرەی سـەرچاوەکان هەمیشـە (٥٠٠) کـەس جەنگاوەریـان بـۆ سـوپای ئێـران کـردووە. فەرمانـدەی هـۆز شـوێن وپایـەی سـەربەخۆی خـۆی هەبـووە[١٨] یەکـێ لـە سیاسـەتەکانی دەوڵەتـی سـەفەوییە دیاریکردنـی هـۆزەکان، یەکێکیـان لـە نێـوان قزڵباشـەکان بـۆ سـەرۆکایەتی خێـل هەڵدەبـژارد، ئـەم کارە مایـەی نارەزایـی خەڵکـی عەشـایەر وهـۆزەکان بـوو. بەگەیشـتنی شاعەباسـی گـەورە بـۆ عەرشـی ئێـران ئـەم سیاسـەتەی هەڵوەشـاندەوە، ئیـدی هـۆزەکان لـە نێـوان خۆیانـدا سـەرۆك هۆزیـان هەڵدەبـژارد.

لـەم سـەردەمە خێڵـی کەڵهـوڕ ماڵئاواییـان لـە قوناخێکـی پـر لـە هێـزو دەسـەڵاتداری خۆیـان کـرد. بەدلیسـی دەربـارەی رووداوەکانـی سـاڵی (١٠٠٢ك) باسـی میرانـی ماێشـت وگۆڕانـی دەسـەڵاتدارییان لـە سـەردەمی شـاعەباس ودەنووسـی : چونکـە لـە کاتـی نووسـینی ئـەم نووسـخەیە (کـە کەمـو و کورتـی تێدایـە) کـەس نەبـوو زانیاریـی هەبـێ لـە زاری خەڵکـەوە وام بـۆ دەرکـەوت پێشـتر قەڵەمڕەوەییـەی (مایەشـت - ماددەشـت، واتـە دەشـتی مادیـەکان - وەرگێـر)و تیـلاوەر بـووە. زۆربـەی هـەرە زۆری هـۆزی کەڵهـوڕ کـە سـەر بـە ئـەوان بـوون خاوەنـی ئـاژەڵ و وڵسـات بـوون. پێـش حکومەتەکـەی، نـاوی شـابازو مەنسـوور پێکـەوە دەنـووسران. سـاڵی (١٠٠٢) مەنسـوور، شـابازی کوشـت و ئـاژەڵ و وڵسـاتی کوردەکانـی زەوتکـرد.[١٩] ئـەم ناکۆکییـە ناوخۆیـە تـا ڕادەیـەك بـووە هـۆکاری تێکچوونـی شـیرازەی هـۆزو ئەڵبەتـە میـری تاقمێـك دەنێـرێ بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەم هـۆزە و پابەندکردنیـان بـە هـۆزی زەنگەنـەوە. (رهبێـرن) دەنووسـێ: ((هـۆزی کەڵهـور لـەو سـەردەمەدا لـە ناوەنـدی سـونقرو کرماشـان)).[٢٠]

لەژێـر ڕکیفـی قەڵەمـڕەوی زەنگەنـەدا بـوون. (بەدلیسـی) بـەم شـێوەیە باسـی تەقسـیماتی کەڵهـوڕ دەکا ((هـۆزی کەڵهـور لـە سـەردەمی سـەفەوییەکان سـێ بەشـبوون:

پڵـنـگان، دەرتەنـگ ( دەرتەتنگـی زەهـاو)، مایەشـت لـە ڕۆژاوای کرماشـان)).[٢١]

بـە لەناوچوونـی دەوڵەتـی سـەفەوی لەسـەر دەسـتی ئەفغانـەکان، هـەراو ئـاژاوەو شـاگەردانیی باڵـی بـە سـەر ئێرانـدا کێشـا. ئەمـەش هەلێکـی لـە بـار بـوو بـۆ دەوڵەتـی دراوسـێی ڕۆژاوایـان ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی کـە هەمیشـە دەیویسـت قەڵەمڕەویـی خـۆی بەریـن وفراوانـتر بـکات، ئـەوە بـوو هەڵیکوتایـە سـەر ڕۆژئـاوای ئێـران و داگیریکـرد. هـەر چەنـدە گـەورەی ئەفغـان (ئەشرفـی ئەفغان)سـەرکەوتنی بـە سـەر تورکەکانـدا وەدەسـهێنابوو بـەڵام لـە بـەر مەترسـی و بەربەرەکانیـی ناوخویـی وڵات، لـە گـەڵ ئیمپراتۆریەتـەی عوسـمانیدا، کـە هاوئاینـزا بـوون، ئاشـت بـووەوە ودانـی بـە دەسـەڵات وخیلافەتـی عوسـمانیدا نـا[٢٢]، لەبـری ئـەوەش سـولتانی عوسـمانی دانـی بـە پاشـایێتی ئەشرەفخانـی ئەفغانیـدا نـا. دەربـارەی ئـەو پێکدادانـەش سـەرچاوەکان هیـچ شـتێکیان لـەو بابەتـەوە نـە نووسـیووە. بـە دەرکەوتـن بـە هێـز بوونـی دەسـەڵاتی نادرشـاو زنجیـرە شکسـتییەکانی ئەفغـان و دوژمنانـی ئێـران لـە باکـور و باشـورو ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەڵات، شاتاماسـی دووەم بیـری لـەوە دەکـردەوە کـە تەخـت و تاجـی پاشـایی مەترسیدارە، بۆیـە ویسـتی بـەو شـێوەیە خـۆی بەرامبـەر نـادر پیشـان بـدات، کـەوا ئـارەزووی ئـەوە دەکا هـەر خـۆی ببـێ بـە ڕاویـژکاری جەنـگ و لەگەڵ عوسـمانیەکاندا رویشـت، بەڵام شکسـتی هێنـا هـەر بۆیـە پەیمانێکـی لەگەڵیانـدا بەسـت ، بـە پییـی ئـەو پەیمانـە دەبوایـە پێنـج دەڤـەری کرماشـان رادەسـتی ئەحمـەد پاشـای والـی بەغـدای بکردایـە.[٢٣]

ناوچـەی کەڵهـوڕ لـەو پێنـج دەڤـەرانە بـوو کـە سـەر بـە خاکـی ئێـران بـوون، کـە نـادر لـە جەنگـی ئەفغـان گەڕایـەوە هێشـتا ڕێککەوتنامەکـە جێبەجـێ نەکرابـوو. لـە سـەردەمی ئەفشـاریەکان زۆر بـەی فەرماندارانـی کرماشـان ڕاوێـژکاری نادرشـا بـون، وەکـو حسـەین قولیخانـی زەنگەنـەو مسـتەفا قولیخانـی زەنگەنـە، یەکەمیـان لـە سـاڵی (١١٤٨ك)، دووەمیـان سـاڵی (١١٥٢ك) دا فەمانـداری ناوچەکەیـان دەکرد.حسـەین قولیخـان یەکـێ لـە سـەرداره ناودارەکانـی نادرشـا بـووە لـە شـەڕەکانی نـادر دژ بـە ئەفغانیـەکان و عوسـمانیەکان ڕۆڵێکـی کاریگـەری هەبـووە.

ژمارەیەکـی زۆری سـوارەی خێڵەکانـی ڕۆژئـاوا وەکـو زەنگەنـە و کەڵهـور کۆکردبۆوە، شـەعبانی دەڵـی : بـۆ پشـتوانی خـۆی. پـاش هەڵبژاردنـی نـادر بـە پاشـای ئێـران لـە دەشـتی (مەغـان)، سیاسـەتی گواسـتنەوەو شـوێنگۆرینی هۆزەکانی خستەکارو ئـاگاداری

سەرکێشی کردنی هۆزی کەڵهور بووە، ئەڵبەتە بۆ کەمکردنەوی دەسەڵاتی ئەم هۆزە لە ناوچەی کرماشان ژمارەیەکی زۆر (میش مەستی و تورکمانی دەشتەکی) هێناو لە قەڵای کرماشان نیشتەجێی کردن.

ئەولسەن گولستانە دەنووسێ : نادرشا (١١٤٨ – ١١٦٠ك) لە ترسی سەرکێشیکردنی هۆزی کەڵهوڕ ژمارەیەکی زۆری دەشتەکیەکانی میش مەست و تورکمانی خوراسانی هێناو لە قڵای کرماشان نیشتەجێی کردن، کە جەنگاوەری پیادەو سوارەی زەنگەنە وگۆران بوون. ئەمانە لە قەڵاکە نیشتەجێبون و ڕووبەرووی نارەزایی (نەجەف قولیخان)ی سەرۆك هۆزی کەڵهور بوونەوە. لەئەنجامدا نادر فەرمانی هەڵکۆڵینی چاوانی نەجەف قولێخانی داو میلیان بە چاویدا کێشا.[٢٤]

پاش مەرگی نەجەف قولیخان، نادرشا بە هەمان دەستور چاوی خانیخانانی کەڵهوڕی هەڵکۆڵی، عەلی خان شوێنی خانیخانانی کەڵهوڕی گرتەوە و لەگەڵ کوشتنی نادرشا خێڵەکانی زەنگەنەو کەڵهوڕ سوودیان لەو هەرا و ئاژاوەو ئاڵوزییەی بارودۆخی ناوخۆ وەرگرت و ئاویان کردە ژێر دانشتوانی قەڵاکە و ناچاری راکردن کران. گوایا کەریم خانی زەند فەرمانی ئابڵوقە دانی قەڵاکەی دەرکردبوو و ئەڵبەتە سەرۆك هۆزەکانی زەنگەنەو کەڵهوڕ بەڵێنی ئەنجامدانی ئەم کارەیان دابوو.[٢٥]

لە سەرێنی دەسەڵاتی کەریم خانی زەندا، هۆزی کەڵهوڕ بە قوناغێکی نوێ دا تێدەپەری و پاش داگیرکردنی تاران و ئەراك وقەزوین، رووی کردۆتە کرماشان لە هاروناوا کە ئیستا (ئیسلام ابادە) و ناوچەی کەڵهور، سەردارانی خێڵ بە پیریەوە چوون و لایەنگیری خۆیان بۆ دەربڕیوە.[٢٦]

کەریم خانی زەند لەو دیدارەدا پێوەندییەکانی لەگەڵ هۆزی کەڵهوڕدا پتەوترکردوو، قەدەم خێری، کچ یان برازای عەلی خانی کەڵهوری مارە کردوەو ئاهەنگێکی لە لای کانییەکی دەشتی ماێشت سازکرد، ئەم کانیە هێشتا بە کانی (شاپەسەند) بە ناوبانگە (چونکە ناوی قەدەم خێری ژنی بە شاپەسەند گۆڕی – وەرگێر).[٢٧]

سەرەڕای ئەم پێوەندیە، تاقمێ سوارەی کەڵهوری لەگەڵ خوێدا بەرەو شیراز بردو وەئەوانە هەتا کۆتایی دەسەڵاتی زەندیەکان هەر لەوێ ماونەتەوە، بڕێکیان بەهۆی ژن وژنخوازیەوە بە یەکجاری نێشتەجیێ شیراز بوون. پاش زەندیەکان

بنەماڵـەی قاجارییـەکان حوکمڕانیـی ئێرانیـان کـردووە فەرماندەیـی دەسـەڵاتی هێـزی کەڵهـوڕ کەوتـە ژێـر دەسـتی بنەماڵـەی حاجـی زادەکانـەوە. ئەمانیـش شارسـتانی بـوون بۆیـە پێتەختـی خێـڵ لـە هارونـاواوە گوێرزایـەوە بۆکرماشـان، لـەو سـەردەمەدا سـمایل خانـی کەڵهـوڕ وکوڕەکـەی مەهـدی خـان گەورەتریـن فەرمانبـەری خێلـی کەڵهـوڕ بـوون. ئاغـا ئەحمـەد کـوڕی محەمـەد عەلـی بەهبەهانـی دەربـارەی ڕابـردوی خێڵـی کەڵهـور دەنووسـێ : (( لـە جوملـەی سـەردارانی پایەبـەرزی هـۆز جەنابـی پایـە بـەرز مەهـدی خانـی کـوری خواڵیخوشـبوو سـمایل خـان، گـەورەی هـۆزی شـکۆداری کەڵهـوڕ کـە بەبـێ سـنوور پیاوێکـی راستپەرسـت و دادپـەروەرو دەسـتبڵاو بـووەو هونـراوەی شـیرین و ناسـکی هەیـە وحـەزی لـە هاودمـێ زانـا وپیـاو چـاکان بـووە)).[٢٨]

لـە پێکدادانـی نێـوان ئێـران و عوسـمانیەکاندا فتـح علـی شـا، میـرزا عەلـی شـای دەوڵـەت شـای کـوڕی بـە فەرمانـداری گشـتی ناوچـە رۆژئاوایـیەکانی وڵات لـە رووژئـاوای ئازەربایجانـەوە هەتـا شـاری بـەسرا دانـا[٢٩].

پێکدادانێکـی سـەخت بـوو، ئەڵبەتـە هـۆزی کەڵهـوڕ بـە وریایـی و هۆشـمەندییەوە لـەو رووداوانـەدا هەڵسـوکەوتیان دەکـرد، بنەماڵـەی حاجیـزادە کـە سـەرۆکایەتی هـۆزی کەڵهوڕیـان دەکـرد لـە ناوچـەی (١٥) کیلۆمەتـری شـاری گیلانـی غـەرب دلێرانـە دژ بـە عوسـمانیەکان دەجەنـگان، هێشـتا ئـەو شـوێنەی وڵاتەکەمـان (( تەنگـی حاجیـان)) بـە نـاوی سـوارانی کەڵهـور، نـاو دەبـرێ.

## ١-٥ چۆن داودخانی کەڵهوڕ دەسەڵاتی وەدەستهێنا؟:

ژیانـی سیاسـی داودخانـی ئێڵخانـی کەڵهـوڕ لـەوەوە دەسـت پێـدەکات، کـە کاتـێ باپیـرە گـەورەی (سـەفەر لـەك) کوڕێکـی دەبـێ بەنـاوی عەبدولمحەمـەد، ئـەم کـوڕە دەبێتـە راوێـژکاری کەریـم خانـی زەنـد. هـەر ئـەم عەبدولمحەمـەدە هاوسـەرگیرییەکەی نێـوان قـەدەم خێـرو کەریـم خانـی زەنـدی رێکخسـت. بـە پێـی چەنـد سـەرچاوەیەك، پـاش چەنـد سـاڵێك عەلـی خانـی کەڵهـوڕ کوێردەبـی و کـەس نازانـێ لـە بەرچـێ. ئـەو ماوەیـە لـە شـاری (ئەیـوان غـەرەب - هێـوان) دەبـێ کـە مەڵبەنـدی عەلـی خـان بـووە بـەڵام بەباشـی دەزانـێ کـە بگوێزێتـەوە بـۆ گەیـلان، کـە لـەو سـەردەمەدا دێیەکـی بچـووك بـووە، هەربۆیـە کاروبـاری بنەماڵەکـەی بـە ئەوڵابەگـی کـوڕی سـپاردووە. ئـەم

بـه یارمەتـی سـێ بـرای خـۆی پلـەو پایەیەکـی بـەرزی لـە ناوچەکـەدا پەیـدا کـردووەو فاکتـەری دەسـەڵاتداری بـۆ ئەسـەدخان فراهـام کـردووە. بـەڵام بـە هـۆی پێکدادانەکـەی لەگـەڵ زەینولعابدیـن خـان ئێلبەگـی هـۆزی کەڵهـوڕ، ئەسـەدخان دەکـوژری و بنەماڵەکەی کـە سـەر بـە تیـرەی عەبدوڵمحەمـد بـوون بـە سـەرۆکایێتی عەبـاس ئەسـەد بـەگ (کـوڕی ئەسـەدخان) بـۆ ناوچـەی ترساق هەڵهاتـن کـەوا بـە مـەودای (٧٠کـم) دەکەوێتـە باشـوری مەندەلـی لـە خـواروی دێـی (دو شـێخ)ی سـەربە عیراقـەو هاوسـنوری (صالـح ئابـادی) سـەر بـە ئێرانـە، بـۆ مـاوەی (٧ – ١٠)سـاڵ لـەوێ دەمێنێتـەوە پاشـان دەگەڕێتـەوە بـۆ گەیـلان غـەرب ولـە مێونداریيەکـدا زەینولعابدیـن خـان بکـوژی ئەسـەدخان، دەکوژێـت و بـەو نیـازەی (سـەید محمـەد سـەلیم)ی سـەرۆك تیـرەی خاڵدیـش بکوژریـت بـەڵام تەنها بـە لادان و دەسـت لـە کارکێشـانەوەی وازی لێدێنـێ. لـەو سـەردەمەدا کـە دوا دەیـەی سـەدەی سـیزدەهەمی کۆچـی بـووە سـەرۆکایێتی تیـرەی خاڵـدی بـە عەباسـی باوکـی داودخـان دەسـپێردری. بـە یارمەتـی و کۆمەکـی هۆزەکانـی دیکـە دەتوانـێ تیـرەی خەمـان و تیـرەی سیاسـیا ببەزێنێـت و بیانخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە، بەمـەش قەڵەمـڕەوی و لەوەڕگاکانـی خـۆی بەرینـتر و فراوانـتر دەکات.

عەبـاس ئەسـەد بـەگ لـە سـاڵی (١٢٩٦ یـان ١٢٩٨ك) لەلایـەن میرییـەوە دەسـگیرکرا و کاروبـاری هـۆز بـە داودخـان سـپێردرا. پیکدادانـی داودخـان لەگـەڵ تیـرەی (سیاسـیا) زیاتـر پـەرەی دەسـێنێ بـە شـێوەیەك فەرمانـداری ئـەو کاتـەی کرماشـان ئیقبالودەولـەی کاشـانی بەرامبـەر بـە فراوانبوونـی دەسـەڵاتی داودخـان نیگـەران دەبـێ و لەگـەڵ تیرەکانـی کەڵهـوڕو سیاسیا هێـرش دەکەنـە سـەر خاڵدیـەکان کـە داودخـان سەرۆکایێتیـی دەرکـردن وشکسـتیان پـێ دەگەیێنـن. زۆری نەخایانـد، داودخـان تۆڵـەی لەفەرمانـداری کرماشـان وتیـرەی سیاسـیا کـردەوەو بـەم شـێوەیە ئەکبەرخانـی کڵانتـەر لـە میواندارێکییەکـدا لـە لایـەن جوامێرخانـی کـوری داودخانـەوە دەکـوژرێ. بـە قسـەی مەهـدی خـان شـێرزادی جگەلـە تیـرەی سیاسـیا پشـتکۆیش دژی دەسـەڵات وەرگرتنـی داودخـان بـووە. لـە جەنگێکـی ناهاوسـەنگدا داودخـان شکسـتی بەوالـی دەهێنـێ و ناچـاری دەکات بکشـیتەوە. نعمەتوڵلاخانـی شـیانی کـوڕی باقرخـان کـە لـەو سـەردەمەدا پلـەو پایێکی سیاسـی هەبـووە ئـاڵای دژایەتیکردنـی داود خانی هەڵکردبـوو. داود خـان لـەو کاتـەدا سـەرقاڵی کێشـەکانی ناوچەکـە بـوو وهەلـی بـۆ نەلـوا لەگـەڵ ئـەودا بجەنگـێ و ویسـتی لەرێـگای ژن وژنـخوازییەوە بـاری سیاسـی و پێوەنـدی

خـۆی لەگەڵـدا چـاك بكاتـەوە. بۆیـە دوو كچـی خـۆی لـە دوو بـرای ئـەو مـارە كـرد. ئیـدی داودخـان لـە ناوچەكـەدا دەسـەڵاتێكی وای بـە دەسـت هێنـا كـەس نەیدەتوانـی ململانێـَی بـكات وهەمـوو تیرەكانـی هـۆزی كەڵهـوری خستەژێر ركێفـی خۆیـەوە، بـە ڕادەیـەك كـەس هەواڵـی ئیلخانـی هـۆز محەمـەد عەلـی خانـی نەدەپرسـی ولـە نێـو هـۆزی كەڵهـوڕ هـەر داود خـان باڵادەسـت بێـت، هـەر لەبـەر ئـەوە سـاڵی (١٣٢٠ك) عەلائودەولـەی فەرمانـداری كرماشـان ناسـناوی سـەرداری موزەفـەری پێبەخشـی و كـردی بـە ئێڵخانـی هـۆزی كەڵهـوڕ. كەچـی هێنـدی كـەس لـەو بڕوایـەدان كـە عەبدولحوسـێن میـرزای فەرمانفەرمـا، داودخانـی بـە ئێڵخانـی هـۆزی كەڵهـوڕ دانـاوە بـەڵام بۆچوونـی یەكـەم راسـترە چونكـە لە هەڵبـژاردەی بەڵگەكانـی عەبدەلحوسـەینی میـرزای فەرمانفەرمـادا ئەڵێـت ((هـۆزی كەڵهـوڕ گەورەتریـن هـۆز بـووە لـە كرماشـان و زیاتـر لـە دوانـزە هـەزار خێـزان بـوون، لـە مێـژەوە فەرمانـداری ئـەم هـۆزە و سـەرۆكایەتی هێزەكانـی بەدەسـت بنەماڵـەی حاجیزادەكانـەوە یـان بەدەسـت بنەماڵـەی موحەمـەد عەلـی خانـەوە بـووە كـە خوشـكەزای حاجیزادەكانـە، پـاش دە سـاڵ كـە خوالێخۆشـبوو عەلائودەولـەی ئێلخانـی كەڵهـوری بـە داودخانـی سـپارد داودخـان كـە كوێخـای تیـرەی خاڵـدی كەڵهـوڕ بـوو دەسـەڵاتێكی ڕادەبـەدەری بەدەسـت هێنـا)).[٣٠]

داودخـان پـاش دانانـی بـە ئێلخانـی كەڵهـور، نـەك هـەر لـە نێـوان هۆزەكـەی خـۆی بەڵكـو لـە ناوچەكـەدا شـوێن و پایـەی هۆزەكـەی تارادەیـەك بـڵاوو فراوانـتر بـۆوە. ئەركـی وەرگرتنـی بـاج و دارایـی لـە لایـەن فەرمانـدارەوە بـە داودخـان سـپێردراوە. چونكـە چەنـد تیـرەو هۆزێـك ئـەم باجەیـان بـە میـری نـەدەدا. ئەڵبەتـە هـەر داودخـان بـووە كـە دەیتوانـی بـاچ خـڕ بكاتـەوە.

## ١-٦ كرماشان لە سەرەتای مەشروتیەتدا

((وشـەی مەشروتیـەت لـە وشـەی (مـشروط)ی عەرەبیـەوە هاتـووە كەواتـەی پابەندی دەگەینێـت خەڵكـی ئێـران لـەو شۆڕشـەدا داوای حكومەتێكیـان دەكـرد پابەنـدی یاسـاو دەسـتور بێـت - وەرگێـڕ)).

شۆڕشـی مەشروتیەتـی ئێـران یەكـەم ڕاپەڕینـی گشـتی بـووە دژی رژێمـە سیاسـییە ستەمكارە و زۆردارەكانـی ئـەو سـەردەمەی ئێـران، بەهـاوكاری چەنـد دەسـتەیەكی جیاجیا ولـە پێنـاوی لـە ناوبردنـی حوكمڕانـی دكتاتـۆری هاتەكایـەوە، بزوێنەرانـی سـەرەكیی ئـەم

بزوتنەوەیـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان ئـەو روناكبیرانـە بـوون كـە سـەفەری ئەورپایـان كردبـوو وئاشـنای حكومەتـی یاسـایی بوبـوون. ئەگـەر پێشـان لـە كۆمەڵـگای ئێرانـدا شۆرشـێك بەرپابیوایـە تەنهـا بـۆ ئەوەبـووە چاكسـازییەك بكرێـت، بـەڵام ئـەو بزوتنەوەیـە نـەك هـەر لـە پێنـاوی لابردنـی حكومەتـی سـتەمكاریی و زۆرداریـدا تێدەكۆشـا بەڵكـو داوای حكومەتـی یاسـاو مەشروتیەتـی دەكـرد، كەلـە وێنـەی حكومەتەكانـی ئەوروپـا بێـت.

هـاوكات بـە هـاوكاری خەڵكـی تـاران بـووە بـە مەبسـتی دامەزراندنـی عەدالتخانـە و گەڕانـەوەی مەشروتیـەت بـۆ شـارەكانی وڵات، بـە تایبەتـی لـە كرماشـان حالاتێكـی زۆر لـە لایـەن مەشروتیەتخوازانـەوە خرایەگـەڕو ڕووبـەڕووی لایەنگرانـی دیكتاتۆریـەت بوونـەوە. ئـەم چالاكیانـە بـەرە بـەرە، كێشـەكانی فراوانـتر دەكـرد و بـەرەو ڕووبـەڕوو بوونـەوەو پەیدابوونـی دووتاقـم دژ بـە یەكـتری، پاڵـی بـە بـارو دۆخـی وڵاتـەوە دەنـا، ئـەم پۆلینكردنـە بـووە هـۆكاری ناكۆكـی نێـوان پاوانخـوازان و رزگاریخـوازان (مشروتیەتخـوازان) لـە ئەنجامـدا بـوو بـە هـۆكاری ئـاژاوەو بەرپابوونـی پاشـاگەردانی لـە ناوچەكـەدا. بـە گۆیـرەی قسـەی نووسـەرە بەریتانیـەكان كـە لـە چەنـد شـوێنێكی پەرتووكـە شـینەكەدا (كتابهـای ئابـی) رەچـاو دەكریـت هـەرا وئاشـوب سەراسـەرو دەوروپشـتی كرماشـانی گرتـەوە. هـۆز وتیـرەكان كەسـەرجەمی حەشـیمەتی كرماشـان بـوون سـودمەندی لـەم بارودۆخـە بـوون و تاڵانكـردن و راوو ڕووتكردنـەوە دەسـتی پێكـرد، هـەر تیرەیەكـی چەكـدار بـە لایەنگـری تاقمێـك تاڵانـی لایەنەكـەی دیكـەی دەكـرد. ئەڵبەتـە مەشروتیـەت بـەلای هۆزەكانـەوە واتایەكـی دیكـەی هەبـوو (( كاتـێ هـۆزەكان دەیانویسـت بكوتنـە سـەر جێگایـەك دەیانگـوت مەشروتیـەت دەكەیـن)).[٣١]

سـەیفودەولە[٣٢] فەرمانـداری كرماشـان بـووەو پیاوێكـی پاوانخـواز و لایەنگـری سەرسـەختی محەمـد عەلـی شـا بـووە كەچـی خـۆی بێلایـەن نیشـان دەداو گوێـی بـە بروسـكەكانی ئەنجومـەن دەربـارەی سـكاڵای خەڵـك نـەدەدا، تەنانـەت وەك فەرمانبەرێكی ملهـوڕ دەجووڵایـەوە. بارودۆخەكـە خراپـتر وكێشـەكە فراوانـتر دەبـوَوە. ملكزادە دەربارەی ڕووداوی ئەوسـەردەمەی شـارەكانی ئێـران و بـارو دۆخـی كرماشـان دەنووسـێ:

((ئـەم شـارە كـە مەڵبەنـدی رۆژئـاوای ئێرانـە و شـوێنی پیاوانـی سـتەمكار و زۆرداره، لەگـەڵ سـەرهەڵدانی مەشروتیـەت بۆتـە گۆڕەپانـی جەنگێكـی خوێنـاوی و بـە كۆمـەڵ كوشـتنی مـەردوم و تـاڵان و ڕووتكرنـەوەی خەڵـك، بـە شـێوەیەك كـە لـە شـوێنێكی دیكەی

ئێران رووی نەدابێ. فەرمانداری شار حاجی سەیفولدەولەی برای عەینودەولە پیاوێکی ستەمکارو زۆردار بووە رێگای نەداوە نوێنەرانی ئەنجومەن (پەرلەمان) هەڵبژێردرێت. ئەم کارە بوو بە هۆکاری دژایەتی لە گەڵ مەشروتیەتخوازان و لە ئەنجامدا جەنگ لە نێوان هەردوولا بەرپابووە.

تاقمی پاوانخوازان و مەلاکان کە دوژمنی مەشروتیەت بوون مەڵبەندی خۆیان دامەزراند بوو و مەشروتیەتخوازان لە قونسولخانەکەی بەریتانیا و تەلگرافخانە کۆ بوونەوە، شارەکە بە یەکجاری پەکی کەوتبوو. بازار داخرا، هەزاران چەکداری هەردوولا شەوو ڕۆژ دەجەنگان و تەقەیان لە یەکتری دەکرد. هەزاران چەکداری خێڵەکی بە هاندانی زۆردارەکان دەوروبەری شاریان تەنیبووەوە وهێرشیان دەکردە سەر شارو بازاڕو خانوەکانیان تاڵان دەکرد و ژمارەیەکی بێ تاوانیان دەکوشت.[٣٣]

کێشە وفشارێکی فراوان خرایە سەر خەڵك و داواکارییەکانی ئەنجومەن پشتگۆی خرا و دژایەتی کردنی مەشروتیەت گەیشە ڕادەیەك خەڵك و مەشروتیەتخوازان پەنابەرنە بر زانایانی نەجەف و کەربەلا و سکاڵایان لا بکەن، ئەوە بوو بروسکەیان بۆ سێ زاناکەی نەجەف نارد.

نازیمولئیسلام لە پەراوێزی ڕووداوەکانی دووشەمەی ١٣ زولحیجە (١٣٢٤ك) دا لە (ذیل حوادث روز دوشنبه) دەنووسێ :

(( ئەوڕۆ پشووی ئەنجومەنە، لە چڤاتی خوێندکاران دانوستانە دەربارەی تێکچوونی کرماشان، لە کرماشاندا ناکۆکێکی گەورە لە ئاست رازیبوون بە مەشروتیەت بەرپا بوو، لە ئەنجامدا خەڵك روویان کردە زانایانی شوێنە پیرۆزەکان. سێ زاناکانی نەجەف واتا: جەنابی حوجەتولئیسلام ئاغای حاجی میرزا حوسەین حاجی میرزا خەلیل و جەنابی حوجەتولئیسلام ئاغای ئاخوند مەلا محەمەد کازم خوراسانی و جەنابی ئاغای حاجی شیخ عەبدوڵلا مازەندرانی کە بڕیاری شەرعیەتی مەشروتیەتی دەوڵەتی ئێرانیانداو ملکەچبوونی خەڵکی لە ئاست ئەنجومەنی شورای مللیدا بن. بەم سیفەتە تاقمێ لە زۆردارو زانایانی بەرهەڵستکار دژی هەڵبژاردن و نوێنەران وەستان، بەڵام ئیمام جومعەی کرماشان[٣٤] لە ئەنجامدا لایەنی مەشروتیەتخوازانی گرت و بۆ ئەو مەبەستە هێچ درێغێکی نەکردو بە ماڵ وگیان تێدەکۆشا بۆ سەرکەوتنی هەڵبژاردن، ئەڵبەتە خوێندکاران داوایان لە ئەنجومەن کرد کە داوا لە میری بکا رێگا

بەو کەسانە نەدرێ دژایەتی مەشروتیەت دەکەن.[35]

ئەم کۆششە هێچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە ڕێبەری مەشروتیەتخوازان واتا ئیمام جومعەی کرماشان کۆچی دوایی کرد، هەندێ کەس وای بۆ دەچن گوایە پاوانخوازان.[36] ژەهر خواردیان کرد، لەلایەکی دیکەوە سەیفودەولە دژایەتی مەشروتیەتی هەر لە مێشکدا بوو. ئەوە بوو پاش مردنی ئیمام جومعەی کرماشان، کەسایێتی ناسراوی کرماشان حاجی محەمەد مەهدی روحانی، رێبەرایەتی مەشروتیەتخوازانی دەکرد. کاتێ بینی سەیفودەولەی فەرمانداری کرماشان بە ئاشکەرا هاورێی پاوانخوازانە وگوێ ناداتە بروسکەکانی ئەنجومەن لە ترسی گیانی خۆی پەنای بردە بەر قونسولخانەی بەریتانیا لە کرماشان. هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر، کە دەگەیشتە (٢٠٠٠) کەس لە خەڵکی کرماشان وخێڵەکان کە لایەنگرانی مەشروتیەت بوون پەنایان بردە بەر قونسولخانەکە. مەلیکزادە دەنووسێ :

زۆرداران سودیان لە کۆمەکی هۆزەکان وەرگرت، هێرشیان کردە سەر ئەو قونسولخانەیەی کە مەشروتیەتخوازان خۆیانیان تێدا قایم کرد بوو، زۆرداران تیربارانی قونسولخانەکەیان کرد بەڵام نەیاندەوێرا داگیری کەن و بیانکوژن، ئاغا محەمەد مەهدی سەرۆك حزبی مەلیوەن لەگەڵ دوو هەزار کەس پەنایان بردە بەر قونسولخانەی بەریتانیاو محەمەد عەلی شا داوای لە باڵیۆزخانەی بەریتانیای کرد کە لە تاران بوو پەنابەران لە قونسولخانەکە دەربکرێن، لە ئەنجامدا پاش رازینەبوونی باڵیوێزی بەریتانیا لە تاران بە تەسلیم کردنیان وسکاڵاکردنی پەنابەران، سیفولدەولە لە کار لادراو زەهیرودەولە کە پیاوێکی خێرخواز بوو بە فەرمانداری کرماشان دانرا. قونسولی بەریتانیا لە کرماشان دەربارەی دۆخی پەنابەرانی قونسوڵخانەکە وهۆکاری بەرپابوونی ئەو کێشەیە بەو شێوەیە ئاگاداری (سێرئەدوار کێری) دەکا :

نامەی (سێر ئەسپرینگ) بو سێر ئەدوارد کێری (رۆژی ٨ حوزەیران گەیشتووە) بە شانازیەوە جەنابتان ئاگادرای تەواوی رووداوەکانن و لەو بارەیەوە بۆ دەوڵەتی ئێرامنان نووسیوە، پێش ماوەیەك هەرا وئاژاوە لە نێوان لایە نگرانی خەڵك و لایەنگرانی میری بەرپا بوو. ئەم دوو تاقمە هەر لە رۆژی دامەزراندنی حکومەتی مەشروتیەتی ئێرانەوە، هەر لایەنێك بۆ سەرکەوتنی خۆی وزاڵ بوونی بە سەر لایەنەکەی دیکەدا تێدەکۆشێ. فەرماندەی هەرێمەکە سەیفودەولە (برای

عەینودەولـەی سـەرۆك وەزیرانـی پاوانخـوازی پێشـوو) لایەنگـرو پشـتگیری بەگـزادەکان بـووە کـەوا لـەو سـەردەمەدا باڵادەسـت بـوون. گومانیـش لـەوە ناکـرێ کـە پیاوانـی میـری هـاوکاری و لایەنگیرییـان کـردون. بەهـەر شـێوەیەك بـوو قشـونی دەوڵـەت کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان خێڵـی کۆچـەری بـوون و لـە دەورو پشـتی شـار نیشـتەجێبوون و لـە گـەڵ تاقمێکـی نێـو شـار پێکـەوە هێرشـیان کـردە سـەر ماڵـی پاوانخـوازەکان، ئـەم کارە بـووە دەسـتپێچکی هێزەکانـی میـری بـۆ ئـەوەی هێـرش بەرنـە نێوشـار، کارەکـە بـە فەرمانـی فەرمانـدار یـان کەسـێکی دیکـە بـوو. هـەر شـتێکیان دەسـتکەوتایە تاڵانیـان دەکـرد. چونکـە خەڵکەکـە وای دەزانـی ئـەم ڕاو ڕووتکردنەوەیـە بـە فەرمانـی فەرماندارەکەیـە، بۆیـە نەیاندەتوانـی هیـچ بکـەن، و بـۆ پارێـزگاری گیانـی خۆیـان پەنایـان بـردە لای قونسـولگەری بەریتانیـا. لـەم کاتـەدا فەرمانـدار خـۆی شـاردەوە. پزشـکی قونسـولگەری ویسـتی رێـگا لـە پەنابـەران بگـری بـەڵام کـەس بەقسـەی نەکـرد. دوو هـەزار کـەس چوونـە نێـو باغچـە بـێ پەرژینەکـەی قونسـوڵخانەکەوە.

حیزبـی بەرهەڵسـتکار (پاوانخـوازەکان) بروسـکەیەکیان بـۆ نـاردم ناوەڕوکەکـەی تاوانبارکـردن و تانـەو تەشـەر بـوو لـە پەنابەرانی قونسـولخانەکەو رسـواکردنی سـەرکردەی بەناوبانگیـان مـەلا مەهـدی بـوو کـە جێـگای بـاوەڕو دڵنیایـی خەڵکـی بـوو. چونکـە پەنابـەران سـووربوون لەسـەر سـکاڵاکەیان و سـەنتەری تەلگـراف بەدەسـتی دوژمنانیانەوە بـوو نەیاندەتوانـی تـاران ئاگادارکـەن وسـکاڵای خۆیـان بگەێنـن.[٣٧]

سـێر سـپیرینگ درێـژە بـە نووسـینەکەی خۆیـدەدا ((دۆخـە دەوڵەتـی ئێرانـم لـەو بـارو ئـاگادار کـرد، لـە وەڵامـدا بەرێوەبـەری کاروبـار ئـەوی خستەڕوو کـە پاشـای ئێـران داوای تەسـلیمکردنی سـەرکردەکانی حیزبـی خەڵـك دەکات بـە تایبەتـی ئاغـا محەمـد مەهـدی، مـن بـەو داوایـە قایـل نەبـووم. ئـەو دەڵـێ مـن ئـەم کارەم نەکـرد، چونکـە کارێکـی نامەردانەیـە، بـەڵام دەبوایـە بیگوتبایـە بەریتانیاییـەکان لـە ترسـی شـۆڕش ئـەو دوو هـەزار پەنابـەرە یـان تەسـلیم نەکـرد، نـەك لەبـەر نامـەردی.

بەهـەر شـێوەیەك پەنابەرانـی قونسـولخانەی بەریتانیـا، کێشـەیەکی زۆریـان هەبـوو. لـە ترسـی گیانـی خۆیـان لـە قونسـڵخانەکە دەرچـوون، لەهەمـان کاتـدا فەرمانبەرانـی بەریتانیـا داوایـان لـە دەوڵەتـی ئێـران کـرد کارێکـی وابـکا پەنابـەران قونسـڵخانەکە چـۆڵ بکـەن. هـەر لەبـەر ئـەوە چەنـد دانشـتنێك لـە نێـوان ئەنجومـەن و ئەتابـەگ رێکخـراو

پاشـان بـە بروسـکە پێوەندیـان بەکرماشـانەوە کـرد. سـەیفودەولە، سـەنتەری تەلگرافـی تەسـلیم بـە قونسـوڵخانەی بەریتانیـا کـرد بـوو. ئەمانیـش ناوەڕۆکـی بروسـکەکەیان بـە پەنابـەران ڕاگەیانـد بـۆ ئـەوەی قونسـڵخانەکە چـۆڵ بکـەن. بـەڵام گوللەیەکـی وێـڵ ئاراسـتەی پەنابـەران کـرا هەمـوو شـتێکی دا. بارودۆخـی کرماشـان پـاش ئـەو گوللەیـە دووبـارە تیکچـووە. کێشـەکان هـەروا مانـەوە هەتـا لابردنـی سـەیفولدەولە و دانانـی زەهیرودەولـە لـە شـوێنی.

لـە لایەکـی دیکـەوە پێکدادانـی نێـوان مەشروتیەتخـوازان و پاوەنخـوازان دەسـتی پێکـرد. خەڵکێکـی زۆر بـەر هێرشـی خێڵـەکان کەوتـن و تـاڵان کـران و بـێ خانوبـەرە مانـەوە. ئەمانـە ژمارەیـان دوو یـان سـێ هـەزار کـەس دەبـوون و بـەرەو تـاران کەوتنـەڕێ، بـۆ ئـەوەی سـکاڵای خۆیـان بگەێننـە بەرپرسـیارانی دەوڵـەت.

بڕیـار وابـوو زیانەکانیـان قەرەبـوو بکـرێ، بـەڵام کوشـتنی عەلـی ئەسـغەر خانـی ئەتابـەگ لـە ڕۆژی (٢١ ڕەجـەب سـاڵی ١٣٢٥ك) بارودۆخـی وڵاتـی تێـك دا. بارودۆخـی ئەنجومـەن و دەوڵـەت شـێوا. هـەرا وئـاژاوە سەراسـەری وڵاتـی گرتـەوە، بـە تایبەتـی تارانـی پێتەخـت، لەبـەر ئـەوە تالانکەرانـی کرماشـان هیچیـان دەسـت نەکـەوت بـە شـپرزەیی و حاڵێکـی خراپـەوە بـەرەو کرماشـان گەڕانـەوە.

سـالارودەولە لـەو کەسـانە بـوو کـە لـە گۆمـدا ڕاویـان دەکـرد، بـە هیـوای وەدەسـت هێنانـی دەسـەڵات، خـۆی لـە محەمـد علـی شـاه بـە شـیاوتر دەزانـێ کـە ببـێ بـە خـاوەن تەخـت و تاجـی ئێـران، سـاڵی (١٣٢٥ك) بـە یارمەتـی وکۆمەکـی هۆزەکانـی لـوڕ سەرکێشـێکی دژ بـە محەمـەد عەلـی شـاو مەشروتیـەت بەرپـا کـردو لەنـاکاودا جووڵانەوەیکـی بـەر بـڵاوی دژ بەئەنجومـەن و دەوڵـەت ڕێکخسـت. لەبەرئـەوە ئەمانیـش بڵاوکراوەیەکیـان دژی سـالارودەولە لـە سەراسـەری وڵات بڵاوکـردەوەو داوای کۆمەکیانـی کـرد. ئـەم سەرکێشـییە لـە ئەنجامـدا بەیارمەتـی داود خانـی کەڵهـوڕ و سـوارانی هـۆزی کەڵهـور لـە ناوچـەی نەهاوەنـد وبروجـەرد سـەرکوت کـرا کـە پاشـان بـە شـێوەیەکی فـراوان باسـی لێدەکەیـن. بارودۆخـی پـڕ لـە ئاژاوەو پاشـاگەردانی کرماشـان لـە سـەرەوە مەشروتیـەت زەمینەیەکـی پتـەوی بـۆ سەرکێشـیکەرانی دژ بـە دەوڵـەت و ئەنجومـەن فراهـام کـرد. لـەم دەڤـەرە سەرکێشـی دەسـتی پێکـرد. خیـڵ و هـۆزی بەهێـز وگـەورە لـە ژێـر فەرمانـی بـێ چەنـدو چۆنـی ئێلخانیانـدا بـوون. بارودۆخەکـەش لـە قازانجـی ئـەم

تاقمانـه بـوو. کەسـانی وەکـو سـالارودەولەی قاجـاری بـە یارمەتـی وکۆمەکیـی هەمـان ئـەو خێڵاتـە تـۆوی خودموختـاری لـە ناخیانـەوە هەڵدەقـوڵا وکێشـەیان بـۆ سـەر هەڵدانـی مەشروتیـەت دروسـت دەکـرد.

## ١ — ٧ ژیاننامەی سالارودەولە هەتا سەردەمی شۆڕشی مەشروتیەت

سـالارودەوله، ئەبولفەتـح میـرزا کـوڕی سـێیەمی موزەفەرەدیـن شـایه. کـە ئـەم پەرتووکـە تایبەتـە بـە یاخـی بـوون و چالاکیەکانـی هـۆزی کەڵهـوڕ لـە سـەردەمی مەشروتیەتـدا، لـە سـاڵی (١٢٩٨ك)، ئامـادە کـراوە. لەشـاری تەوریـز هاتووتـە دنیـاوە[٣٨] هـەر لەوێـش چۆتـە بـەر خوێنـدن. لـە لایـەن ئـاکار و ڕەوشـتەوە رارا بـووە. زۆربـەی هـەر زۆری سـەرچاوەکان دەربـارەی کەسـایەتیی ئـەو، یـەك دیدیـان نییـە، بـەڵام بـە کەسـێکی سـادەی دادەنێـن. ئەحمـەد کـسروی بـە ((شـاهزاده سـبکسر، واتـە شـازادەی سـووك سەر))و[٣٩]((سـبك = سـووك مێشـك))[٤٠] نـاوی دەبـاو مـۆرگان شوسـتەری ئەمریکایـی بـە ((دێوانـە)) نـاوی دەبـا[٤١] گرۆتـە لـە سـەفەرنامەکەیدا دەنووسـێ : ((هەمیشـە رەفتـاری لەگـەڵ ئەوروپایەکانـدا دۆسـتانە بـووەو هەوڵـی دەدا زیاتـر ئاشـنای کەلتـور و شارسـتانیەتی ئەوروپا ببـێ)) درێـژە بـە قسـەکانی خـۆی دەدا و دەڵـی ((ئـەو کەسـانەی لـە کرماشـان لـە نزیکـەوە دەیناسـی، دەیانزانـی کـەوا مرۆڤێکـی تیوریـە نـەك کارایـەو توانـای ڕێکخسـتن وکارگێـڕی نییـە.. نەیدەزانـی بەچـی شـێوەیەك مەبەسـتی خـۆی بپێکێـت. سـالارودەوله عاشـقی ناپلیـون بـووە، هەمـوو کار وچاڵاکیەکانـی بـە زمانـی فەرەنسـی ((چـاك زمانـی فەرەنسـی دەزانـی)) خوێندبـوو. هەروەهـا کتێبـی سـوپایی دەخۆێنـدەوە، بـە تایبەتـی ئـەو کتێبانـەی سـەبارەت بـە چەکـی تـۆپ بـوون)).[٤٢]

ناصرالدیـن شـا لـە سـەفەری سـێیەمی بـۆ فەرەنسـا سـاڵی (١٣٥٧ك) لـە تەوریـز نازنـاوی سـالارودەولەی پـێ بەخشـی.[٤٣]

سـالارودەوله لـە سـاڵی (١٣١٥ك) دا لـە سـەردەمی وەزارەتـی زەینولعابدیـن خانـی حوسـامولملکی قەراگزلـو بـە فرمانـداری ئەیاڵەتی کرماشـان و سـنووری عیراق دانـراوە[٤٤] بۆ مـاوەی شـەش مانـگ فەرمانـداری کرماشـان بـووە، زۆرداریێکـی لـە رادەبـەدەری لـە خەڵك دەکـرد، خەڵکـی کرماشـان سـکاڵایان دەبـردە لای موزەفەرەدیـن شـا. موزەفەرەدینیـش

لـە سـاڵی (١٣١٦ك) دا لـە سـەر كار لای داو نـاردی بـۆ دەڤـەری (خەمسـەی زنجـان) لـەو كاتـەدا میـرزا مەحمودخانـی مودیرودەولـە كارگێـڕی بـوو[٤٥]، لەوێشـدا هەرسـتەم و زۆرداریەكـەی ڕادەبـەدەر بـووەو دیسـان لـە سـەر كار لادراوە. باقـر عاقلـی لـە (ذیـل الحـوادث) سـاڵی (١٣١٨ك) دەنوسـێ :

(( فەرمانفەرمـای خوزسـتان، لورسـتان، بروجـر، بەختیـاری و سـەرۆكایەتی هۆزەكانـی ئـەم دەڤەرانـە وسـەرۆك قشـونەكانیش بـە ئەبولفەتـح میـرزا سـالارودەولە سـپێردرا))[٤٦]

لـەو سـەردەمە كارگێـری میـرزا شـەفیع موستەشـارولملكی گورگانـی بـووە هـەر لـەو سەردەمەدا كچـی (غوڵامـڕەزای والـی پشـتكۆی)[٤٧] مـارە كـردوە، هەتـا دوا سەركێشـییەكەی وەكـو هاوپەیمانێكـی بەهێـز سـودی لـێ وەرگرتـوە. لـە سـەردەمی فەرماندەیـی دا ڕێنومایـی هاوڕێیانـی نەگرتـە بەرضـاو بـە بـێ بەزەیـی لەگـەڵ خەڵكدا رەفتـاری دەكـرد.. لەسـاڵی (١٣٢٣ك) دا فەرماندەیـی هەمـەدان و كوردسـتانی پـێ سـپێردراوەو بـەوە ڕازی نەبـووە، بـەڵام پاشـان ڕازی بـووەو بەرەوكوردسـتان كەوتۆتـە ڕێ))[٤٨] لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ كوردسـتان دەسـتی داوەتـە سـتەمكاری و زۆرداری لـە ناوچەكـەدا، مـەردۆخ دەنووسـێ :

(( لەگـەڵ گەیشـتنیدا و لەكاتـێ تێپەڕبوونـی لـە نێـوان خەڵكـی كاسـبكار هـەر لـە نێـو گالیسـكە كەیـەوە فرمانـی دەدا و بـە پەنجـە ئامـاژەی دەكـرد بـۆ ئـەوەی خەڵـك سـەری بـۆ بنوێنـن و دەیگـوت ((سـەربچەمێنە)) خەڵكـی ناچـار دەكـرد لەبـەر پێـی دا زەوی مـاچ بكـەن وخۆشـی بـەم دیاردەیـە پێدەكەنـی.

فەرمانـی دا، (مورتەزاخـان شـوجاع لەشـكەری ئـەردەن) كـە سـەركردەی تۆپخانـە بـووە بـە سـەر زەویـدا لەسـەر پشـت ببەسـترێتەوەو داركاری بكرێـت، چونكـە دەنگـی تۆپخانەكـەی لـە كاتـێ پێشـوازیدا نـزم بـووە. مـەردۆخ[٤٩] پـاش گێڕانـەوەی قسـەكانی سـالارودەولە كـە زۆر هەڕەشـەو تەشـەری لـە خەڵـك دەكـرد، دەنووسـێ :

((لـە سـەردەمی ئـەم شـازادەیەدا گرتـن وهەڵواسـین وسـزادان و ئەشـكەنجەدان زۆرتـر بـووە، مـاڵ وگیانـی بـۆ دابییـن نەدەكـرا)).[٥٠]

ئەلبەتـە لـە ئەنجامـی ئـەم هەمـوو ستەمكاری و زۆرداریـەی دژی خەڵـك، خەڵكیـش بروسـكەیەكیان بـۆ ناوەنـد رەوانـە دەكـەن. عەینودەولـە كـە سـەرۆك وەزیـران بـووە، هیـچ بـە سـالارودەولە دڵخـۆش نەبـوو. ئەوەتـا بروسـكە كـە كاری خـۆی كـردو لـە ((شـەوالی هەمـان سـاڵ سـالارودەولە بانـگ كـراوە بـۆ ناوەنـد ئیـدی دەسـتی لـە كاری

بـە فەرمانـدەی کوردسـتان کێشرایـەوە، پـاش ماوەیـەك بـێ دەسـەڵاتی ولـەم بارودۆخـە دا سـاڵی (١٣٢٥ك)ی دەسـتی کـرد بـە سەرکێشـیکردن.

لـە بەشـی ئایندەدا باسـی سەرکیشـەکەی سـاڵی (١٣٢٥ك)ی سـالارودەولە دەکەیـن کـە لـە پێنـاوی دەسـەلات و پـەل کوتـان بـۆ هـەر تەقەلایـەك ئـەو مەبەسـتەی بێنێتـەدی.

ئـەو سـاڵانەی کـە فەرماندەیـی ئـەو دەڤەرانـەی دەکـرد، ئـەو بیرۆکەیـی لا گەڵاڵـە بـووە کـە دەبـێ سەرکێشـیەکانی لـە ڕۆژئـاوای وڵاتـەوە دەسـت پـێ بـکا، تـا بتوانـێ فشـار بخاتـە سـەر حکومەتـی محەمـد عەلـی شـاو دەوڵەتـی مەشروتیـەت و ڕۆژئـاوای ئێـران بخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. صادق زیبا کلام، ماچگونە ماشدیم (ریشە یابی علل عقبماننگی در أیران)، تەهران انتشارات روزنە، ١٣٧٤ ل٨٦.
٢. دەبێ ئەومان لە بیر بێت کە هێندێ لە خێڵەکان بۆ وە دەس هێنانی نان و پێویستیەکانی ژیان روویان لە بێگانە دەکرد.
٣. مسعود، بهنود، دولتهای أیران أز أسفند ١٢٩٩ تا ١٣٥٧ (أز سید چیاو تابختیار)، تەهران : جاویدان ١٣٧٠ ل٨٧.
٤. یحیی، دولت ابادی. حیات یحیی، تەهران : انتشارات عطار وأنتشارات فردوس، ١٣٧١، ل٢٤٩ بە بعد.
٥. پرواند، أبراهامیان. أیران بین دوو أنقلاب، ترجمە گل محمدی ومحمد ابراهیم فتاحی، تەهران : نشرنی ١٣٧٨، ل١٣٩.
٦. سنجاوی، هۆزێکی کوردە و دووسەت خێزانێك دەبێ وتیرەکانی زۆرە، لە ڕۆژاوای کرماشان نیشتەجێین و چەند گوندێکیان هەیە (لە جوغرافیای سیاسی وتەبیعی کیهان) هۆزێکی کوردە ونیشتەجێی رۆژاوای کرماشانە، لە نێوانیان دا چەند کەساێتێکی نیشتمانپەروەر یان تیا هەڵکەوتووە کە بوون بە سەرچاوەی خزمەتکردنی گەل و دەوڵەت و پارێزگاریکردنی ناوچە سنوریەکان. دەربارەی واتەی ناوی سنجابی یان سنجاوی وەکو خەڵکی ناوچەکە دەڵێن، زانیارێکی راست و تەواومان دەست نەکەوتوە، بە قسەی بە سالا چووەکان، لەسەردەمی محەمەد شا لەشکری ئەم هۆزە کەئامادەی گەمارۆدانی (هرات گسیل) بووە لە بەر ئەوەی خانانی ئەم هۆزە کەوڵی سنجابیان لە بەر دەکرد و چونکە بەرگی سەرلەشکرەکە کەوڵی سنجاب بووە یان ناوی سنجاب بووە، بە سنجابی ناوبانگیان دەرکردوە، بەڵام کەسانێکی دیکە دەڵین، لە دێرزەمانەوە ئەم ناوچەیە، سنجاب بە شێوەیەکی زۆر سنجابی لێبوە و دەبی بە بۆنەی ئەوەوە ناوچەکە بە سنجاب ناوبراوە (مجلەد یادگار ساڵ ٤ ژمارە ٦، ٧ أز فرهنگ فارسی معین)
٧. هەمان سەرجاوە ل١٤٩.
٨. هەڵبەتە سلێمان خان ئەمەشی دەزانی کە ڕەزاخان لە جەنگی ساڵی ( ١٣٣٠هـ)،

چ بەڵاێکی چەکی شەستیر بە سەر هۆزی کەڵهور هێنا بوو. ن ك بە : بهار، ملك الشعراو، تاريخ مختصر احزاب سياسى أيران ((أنقاض قاجاريه)) ج١ تەهران، امير كبير ١٣٧١ ل٧٢.
٩. لە ئاخەرین سەفەری شا بۆ ئەورپا کەوا بەرێگای (بوشەرەوە) گەرایەوە، لەسەرانی هۆزەکانی باشوریش ئاوها پێشنیازێکیان پێشکەش کردبوو. بەڵام احمد شا بە پێشنیارە قایل نە بوو. هەر وەها ن. ك. بە : حسين مكى. زندگانى سياسى سلتان احمد شا تەهران، أمير كبير ١٣٧٥ ل٢١٢.
١٠. هێندێ کەس دەڵێن بە شێوەیەك، بەرگی فەرماندەیی پۆشیوە کەس لە ناوچەکانی هۆزی کەڵهور نەیدەناسی.
١١. عەباس خانی قوبادیانی سەردار ئیقبال، کوری جوامیرخانی زورغامی لە شکر، نەوەی داودخانی کەڵهورِ، لە سیاسەتمەدارانی هۆزی کەڵهور بووە. لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم لە گەڵ سوارانی هۆزی کەڵهورِ لە کەنگاوەر کوتایە سەر هێزەکانی روس وناچاری کردن بکێشنەوە. ( ن. ك. بە : يحيى، دولت ئابادى. حيات يحيى ج٣، تەهران :

انتشارات عطار وأنتشارات فردوس، ١٣٧١، ل٣١٩ دوایی لە هەلبژاردنی نوێنەری ئەنجومەنی شورای مللی ئێران بە سەر دکتۆر سنجابیدا سەر دەکەوێ و بۆ سێ خول ١٤، ١٥، ١٦ نوێنەرایێتی کرماشانی وە دەست دێنێ. لە ئەنجامدا عەباس خانی قوبادیان ئاخەرین سەرۆکی هۆزی کەڵهور لە پێکدادانی سەختی ئۆتۆمبێل رۆژی شەشی تیرماه ساڵی (١٣٣٤ه. ش) لە شەقامی شانزلیزیە لە شاری باریس- فەرنسا گیانی لە دەست دا. ن. ك. بە : رۆژنامەی کەیهان ژمارە ٣٦١٤ رۆژی شەممەی ٧ تیرماه ١٣٣٤. لەم ساڵە بە دواوە هۆزی کەڵهورِ بێ سەرۆك مایەوەو کاروباری هۆز کەوتە دەستی کلانتەران و کوێخاکانی تیرەکان هەتا سەرەتاکانی شۆرشی ئیسلامی ١٣٥٧ ه ش کاروباریان بەرێوە دەبرد.
١٢. لە زمانی ناوچەیی (مەبەستی زمانی کوردیە) ناوە سێەمەکە زیاتر باوە. لەو ناوانە هەمووی یەك واتە دێنە خەیاڵدا.
١٣. گۆران. (ا. خ) هۆزێکی کوردەو نیشتەجێی کرماشانە (أز جغرافياس سياسى

کیهان – ل٥٧) دانەری تاریخ کرد ێرد : لە سەدەی بیستم لێکۆڵینەران بەوە گەیشتن کە لە نێوان کوردان دا چینێکی ئێرانی دیکە هەیە بە گۆرانی زازا ناسروان و کورد نین. هەموو ئەم هۆزانە چی ئێران و چی ناوچەیی کۆن و چی هەموو نەژادەکان، کەوتنە ژێر شەپۆلی هێرشەکانی کوردە ئێرانیەکان و سەربەخۆیی خۆیان لە دەست داو هەموویان بوون بە کوردی ئێرانی ( تاریخ کرد – ل٩٨) ئەم تیرەیە پەیڕەوی ئاینی ئەهلی هەق دەکەن. هەمان کتێب لە ل١٢٢ ئەم هۆزە بریتییە شەش هەزار خێزان و بەم شێوەیە (قەڵخانی دوو هەزار خێزان، چەکدار یەك هەزار خێزان و جاف یەك هەزار خێزان و گاوارە پینج هەزار خێزان و نێرژی پینچ سەد خێزان و بێگانی پێنچ سەد خێزان) بە دەرهێنانی کانزا، بەتایبەتی خەڵوزی بەردین و توتن چاندن، ژیانیان دابین دەکەن (یادداشت مۆلف – دهخدا).

١٤. پشتکۆ ( پ. ت) (اخ) ناوی زنجیر چیاییکە لە رۆژئاوای ئێران لە دۆڵی دیالە وەدەست پێ دەکا هەتا دیز = ئاودز. کێوەکانی ئەم دەڤەرە دەبێتە دوو بەشەوە : یەکەم پێشکۆ، دووەم پشتکۆ. ئەم دوو بەشە بەهۆی دۆڵی رووخانەی سێمەرە (( گاماسب و کەرەخە)) لە یەکتری جیا دەبنەوە ( جغرافیای ایران تألیف کیهان ل٤٨).

١٥. ئەم شارە ١٠٠ ٪ صەد دەر صەد کەڵهوڕن.

١٦. زانیاری ئەم بەشە بە سوود وەرگرتن لە رێنومایيەکانی ئاغای وەلی نەجەفیان بەرپرسی دابەشکردنی ئوستانی ئوستانداری کرماشان، نووسرا.

١٧. احمد بشیری. کتاب ێبی ج٢ تەهران : نشر نو، ١٣٦٣ ل٣٨٥، ٣٨٦.

١٨. مینورسکی. سازمان اداری حکومە سەفەوی. ترجمە مسعود، رجب نیا، تەهران امیر کبیر ١٣٦٨ ل ٢٠٣، ٨٥.

١٩. بدلیسی، أمیر أشرف خان. شرفنامەی بدلیسی ل ٤١٢.

٢٠. رهر، برن، نظام ایلات در دەورە صفویە. تەهران : بنگاە ونشر کتاب ١٣٥٧ ل ١١.

٢١. مینورسکی، سازمان اداری حکومت صفوی ل ٢٠٣.

٢٢. رضا، شعبانی، تاریخ اجتماعی أیران در عصر أفشاریە، تەهران : نوین ١٣٦٩ ل٣٠.

٢٣. هەمان سەرچاوە، ل ٧٧.

٢٤. هەمان سەرچاوە. ل٩٦.

٢٥. ابو الحسن، گلستانە، مجمل التواریخ، تەهران، ابن سینا ١٣٤٤ ل ١٧١.

٢٦. غلام رەزا، ورهرام، تاریخ سیاسی أیران در عصر زند، تەهران، معین ١٣٦٨ ل ٤٣.
٢٧. ((چشمە شاەپەسەند)) لە بەرئەوەی کریم خانی زەند ناوی قەدەم خیری گۆڕی بە شاپەسەند)).
٢٨. اغا احمد بن محمد علی، بهبهانی، مرات الاحوال جهان نما، تەهران، امیر کبیر، ١٣٧٠ ل١٨٨.
٢٩. علی اصغر، تميم، ایران در دوره سلطنت قاجار مدیر، ١٣٧٤، ل١١٣.
٣٠. منصوره، أتحادیە (نظام ماظی) گزیدە اسناد عبد الحسین میرزا فرمانفرما. تەهران نشر تاریخ أیران ١٣٦٦ ل٧٩٤.
٣١. محمد علی (همایون) کاتوزیان، دەولت وجامعە در ایران (أنقراض قاجار و أستقرار پهلوی) ترجمە حسن أنشار تەهران، نشر مرکز ١٣٧٩ ل ٨٥.
٣٢. بەرای عەینولدەولەی زۆردار و زاڵم هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتیەت بوو.
٣٣. مەهدی ملك زادە، تاریخ أنقلاب مشروطیە أیران ج٢، تەهران : انتشارات علمی ١٣٧١ ل٤٥٤.
٣٤. اقا أسد الله ال اقا.
٣٥. ناظم الاسلام، تاریخ بیداری ایرانیان، بە اهتمام علی اکبر سعیدی سیرجانی ج٤ تەهران، نشر پیکان ١٣٧٧ ل٧١.
٣٦. هەمان سەرچاوە، ل٧٢.
٣٧. مهدی، ملك زادە، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران ل٤٥٤.
٣٨. احمد بشیری، کتاب ێبی ج١ ل ٤٥.
٣٩. مهدی، بامداد، شرح رجال ایران، ج١ تەهران : زوار ١٣٧١، ل٤٨.
٤٠. احمد کسروی، تاریخ هیجده ساله ازربایجان ل٥١٥.
٤١. رضا، اذری، در تکاپوی تاج وتخت (أسناد ابو الفتح میرزا سالارالدوله) تەهران.
٤٢. هوگو، گروتە، سفرنامەگروتە، ترجمە مجید جلیلون، تەهران، نشر مرکز ١٣٦٩ ل٩٠، ٨٩.
٤٣. غلام حسین افظل الملك، افضل التواریخ، بە کۆشش منصوره اتحادیە و سیروس سعدوندیان تەهران : نشر تاریخ ایران ل٩٠.

٤٤. باقر عاقلی، روزشمار تاریخ ایران ج١ تەهران ٦ نشر کفتار ١٣٧٢، ص١٣ همچنین ن. ك. بە : مهدی بامداد شروح رجال ایران ج١ ل٤٨.
٤٥. هەمان سەرچاوە.
٤٦. مهدی بامداد، شرح رجال ایران ج١ ل ٤٨.
٤٧. هەمان سەرچاوە.
٤٨. غولام رەزا خانی والی پشتکۆ، چەند نازناوێکی هەبووە وەکو ( فتح السلطان. صارم السلطانه) سەردار ئەشرەف کورە گەورەی حسین قلی خان بووە. لە نەوەی حسین خان سلویزیە - کە شاعەباس گەورەی سەفەوی پاش کوشتنی شاوێردی خانی عەباس سەرۆکایێتی پشتکۆی بەئەو سپاردووە. غولامرەزاخان بەنیشانە بە جەنگێ لە سەردەمی ولایەتی باوکی لە گەڵ دیرکوندەکاندا (لەهۆزەکانی لوڕی بڵاگریوەیە) فەرمانی دەوڵەتی بە ئەنجام گەیاندو سەرکەوت و نازناوی (فتح السلطان)ی پێی بەخشێرا. پاش مردنی باوکی ساڵی ( ١٣١٧ه ) جێی باوکی گرت و بوو بە والی پشتکۆ، کە لەم کاتەشدا نازناوی سارم السلطنه پێ بەخشرا. دیسان پێی دەگوترا میری جەنگ. لەئەنجامدا لە سەردەمی پەهلەوی بەرەو عیراق هەڵهات، سەرەڕای ئەوەی ساڵی (١٣٥٨) لێبوردنی دەوڵەتیی بۆ دەرچوو بەڵام لەترسی گیانی خۆی نەگەڕایەوە بۆ ئێران و پاش ماوەیەك ماڵاوایی لە دونیا کرد. نەوەکانی ناوی ئەبوقەددارەیان بۆ خۆیان هەڵبژارد (برگزیدە أز پینوس سفرنامە گروتە ل٧٤، ٧٣).
٤٩. شیخ محمد، مردوخ، کرد وکردستان، تهران، غریقی، ١٣٥١، ل٢٣٢.
٥٠. هەمان سەرچاوە، ل٢٣٢.

بەشی دووەم

## یاخیبوونەکەی ساڵی (١٣٢٥ك)ی سالارودەولە

### ٢ — ١ جووڵانەوەی سالارودەولە پێش سەرکێشیەکەی ساڵی ١٣٢٥ك

بە بۆنەی ئەو دەسەڵاتەی لە رۆژئاوای ئێران بۆی فراهامبوو شازادەی قاجاری، چاوی بڕیبووە تەخت وتاجی ئێران و خۆی بە شیاوی پاشای ئێرانی دەزانی، هەر بۆیە ویستی سوود لە هێزی خێڵەکانی رۆژئاوای وڵات وەربگرێت، لەو سەردەمەدا بازاڕی مەشروتیەت گەرم بوو. سالارودەولە ئەوەشی لە بەرچاو گرتووەکە بەچاکترین شێوە سوود لەم هەلە وەربگرێت. ئەوەتا بەرەوە پێشەوە هەنگاوی دەناو ئامادەیی خۆی بۆ مەشروتیەتخوازان پیشان دەدا ((دەیویست بە ناوی مەشروتییەتەوە خەڵك بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت))[1] بەو شێوەیە لەم ڕێگایەوە خۆی نیشان بدا کەسانێك وەکو (ملك المتکلمین) باوەڕ بە قسەکانی بکەن و بیرلەو بکەنەوە سالارودەولە بگەیێنێتە دەسەڵاتداری. ئاشنایێتی لە نێوانیاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دەسەڵاتدارێتی سالارودەولە لە رۆژئاوای ئێران، ملك زادە لەم بارەیەوە دەنووسێ.

کاتێك سالارودەولە ناوزەدی فەرمانداری ناوچەی رۆژئاوا کرا، گەنج و خاوەن رەوشتێکی توند و تیژ بوو، بەڵام پێش ئەو، موزەفەرەدین شا، نەسیروملیکی شیرازی کە لە پیاوانی بەناوبانگی فارس بووە و ماوەیەك فەرمانداری ئەوقافی (مشهد – خوراسان) بووە، بۆ فەرمانداری رۆژئاوا ناوزەدی کرد. نەسیروملیك پێش چوونی بۆ کوردستان، (مەلیکولموتەکەلمین)ی لەگەڵ سالارودەولەدا ئاشنا کردبوو. ئەوەتا دۆستایەتی و برایەتییێکی بەپتەوی لە گەڵدا بەست.

سالارودەولە ئەگەر چی لووتبەرزو خۆباییکەر بوو هەر لە یەکەم دیداری لەگەڵ (مەلیکولموتەکەلمین)دا ئاشقی زمانپاراوایی بوو و کەوتە ژێر کاریگەرێتی و بیرو توانایی و هێزی راکێشانی. بە شێوەیەك (سەدیق ئەکرەم) کە پێش سالارودەولە فەرماندار بووە، هەمیشە دەیگوت کە سالارودەولە بەو سەرکێشی و لوتبەرزییەی وەکو مۆو بوو لەبەر (مەلیکولموتەکەلمین)[2] مەلیك زادە دەربارەی ئەو پێوەندییەیان دەنووسێ :

((پاش رۆیشتنی سالارودەولە بۆ فەرماندەی رۆژئاوای ئێران، هێلی نامەنووسین لە نێوان هەردوو لا بەردەوام دەبێ، هەمیشە هەستی خۆی بۆ دیداری (مەلیکولموتەکەلمین) دەردەبرێ. (مەلیکولموتەکەلمین) نیش لە پێناوی ئەو مەبەستەی پێشینی کە لەبەر چاوی خۆی دانابوو، لەگەڵ (یەمین سەڵتەنە) کە باوەڕپێکراوی سالارودەولە بووە، دەچن بۆ کوردستان، پاش ماوەیەکی کورت لە گەیشتنیان، کۆت ونجیری ئارەزوەکانی رزگاریخوازان دەکاتە گەردەنی ئەو شازادە یاخی و تەخت وتاج خواستنە. هەموو ئەو کاردار وفەرمانبەرانەی دەزگا پان وبەرینەکانی دەوڵت لە رۆژئاوای وڵاتەوە پێوەندی دەکەن بە بزوتنەوەی[٣] رزگاریخوازان، ئەمە رووکەشی کێشەکە بوو بەڵام سالارودەولە هیچ پێوەندێیکی بە مەشروتیەتەوە نەبووە، کابرایەك بووە بە دوای پلە و پایەدا دەگەڕا مرخی لە باشاێتی ئێران خۆشکردبوو و بۆ ئەوەی دووبارە حوکمی زوڵم و زۆرداری بە سەر وڵاتدا بسەپێنێ. هەر بەو شێوەیە ویستی سوود لە سادەیی خێڵەکان وەربگرێت. تاقمێك لە نووسەران کە نازیمولئیسلام یەکێکیان بوو لەو بڕوایەدا بوون کە بزوتنەوەی (مەلیکولموتەکەلمین) بزوتنەوەیەکی ئیستبدادی بووە[٤] مەشروتیەتخوازان قەت رێگای دەسەڵاتداریان بۆ سالارودەولە خۆش نەکردوە، چونکە چاك دەیانزانی پیاوێکی سادەیە. بۆیە ئەو پێش هەموو جووڵانەوەیەك لە لایەن مەشروتیەتخوازانەوە ((کۆمەڵێ خێڵ وتیرەی لە دەروری خۆی کۆکردبووەوەو بە ئاشکرا لایەنگری خۆی بۆ مەشروتیەت دەردەبڕی، لە ڕاستیشدا مەبەستی هەر تەخت وتاج بووە، لەو پڕۆپاگەندانەی کە بەمەبستی دەڕبرینی رەزامەندی خۆی بەرامبەر بە مەشروتیەتدەر نامەیەك بۆ رێبەرانی مەشروتیەتخوازانی کرماشان دەنووسێ کە سەرکردەکەیان حاجی محەمد مەهدی بووە، داوای یارمەتییان لێدەکات. ئەم کارە محەمد عەلی شای پەست و پەریشان دەکات.[٥]

ئەم جولانەوەیە بووە هۆکاری یەکگرتنی نوێنەرانی ئەنجومەن ((ئەم پێش ئامادەییە لە دەرەوە بەچاوی گەورە تەماشای بکەن))[٦] کار لە نێوان محەمد عەلی شاو سالارودەولە گەیشتە رادەیەك کە بروسکەیەکی گلەیی[٧] ئاراستەی سالارودەولە بکات. پێش ئەم کارە سالارودەولە وای دەزانی کاری خۆی تەواوە، بە شێوەیەکی بابەتیانە دەربارەی پاشاییەتی خۆی لەگەڵ ئەوکەسانەی کە پشتی پێ بە ستبوون، بە ئاشکرا قسەی دەکردو خۆی بە شیاوی پلەی تەخت و تاجی ئێران دەزانی. بە

نهێنیـەوە دەسـتە جلـی پاشـایەتی بـۆ خـۆی ئامـادە کردبـوو و بـە شـەو لـە خەڵوەتـدا لـە بـەری دەکـردو تاجـی لەسـەر دەنـاو بانگـی ئێمـەی دەکـرد کـە بـڕوای پێبەخشـین و دەربـارەی دەسـەڵاتی ئاینـدەی خـۆی و حکومەتـی مەشروتیـەت و دانانی یاسـاو پرۆسـەی چاکسـازی قسـەی بـۆ دەکردیـن)).[٨]

سـالارودەولە کەسـایەتییەکی تایبەتـی بـوو، ئەوەتـا چەنـد جارێـك ئـەوەی دووپـات کردۆتـەوە کـە بـە یەکجـاری لایەنگـری سـتەم و زۆرداری دەکات و هەمیشـە بـە چەنـد شـێوەیەك کەسـانێ وەکـو (مەلیکولموتەکەلمیـن) پێوەندیـان لـە گەڵـدا کـردووەو هەوڵیـان داوە لەگـەڵ مەشروتیەتخوازانـدا ئاشـت ببێتـەوە. شـتەکە بەلامانـەوە روون نییـە، بـەڵام دەتوانیـن ئـەوە بزانیـن کـەوا (مەلیکولموتەکەلمیـن) دەیویسـت سـوود لـە سـالارودەولە وەربگـرێ وەکـو هۆکارێـك فشـار بخاتـە سـەر محەمـد عەلـی شـا. پـاش جەنگـی مەشروتیەتخـوازان ومحەمـد عەلـی شـا دژی سـالارودەولە، (مەلیکولموتەکەلمیـن) پێوەنـدی خـۆی لەگـەڵ سـالارودەولە دا ببـڕێ.

## ٢ — ٢ سەرەتای ملهوڕی سالارودەولە٠

پـاش ئـەوەی محەمـد عەلـی شـا بـووە پاشـای ئێـران، سـالارودەولەی فیزبـەرزو راڕا، رووبـەڕووی بڕیـاری پاشـا بـۆوە سـەرپێچی لـە فەرمانـدەی بروجـەرد و لورسـتان کـردو لـە فەرمانـی هاتنـی بـۆ تـاران یاخـی بـوو.

نازیمولئیسـلامی کرمانـی لـە (ذیـل الحـوادث)ی دوشـەممەی زیلحیجـە (١٣٢٤ك) دا دەنووسـێ: (( بەگوێـرەی هەواڵـی بروسـکە، بارودۆخـی خەڵکـی شـاری بروجـەرد زۆر خـراپ و ئاڵـۆز بـووە. تـاڵان و چەپاوکـردن لـە نێوشـاردا بڵاوبـۆوە. شـازادە سـالارودەولە ئـوردوگای خـۆی بـە مـەودای دوو فەرسـەخ لـە شـارەوە هەڵـدا، هەرچەنـدە بـە دوای دەسـپێچکدا دەگـەرا بـۆ ئـەوەی نەچـێ بـو تـاران[٩] لـەو بیانووانـەش کـە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن : یەکـەم – چـی لـە خێزانەکـەم بکـەم؟ دەوەم – خانـووم نیـە[١٠] ئەوانـەی لـە نزیکـەوە سـالارودەولەیان دەناسـی دەیانزانـی ئـەم بیانووانـە هیـچ بایەخێکیـان نییـە. (یەمینولدەولـە) کـە یەکـەم خزمەتـکاری سـالارودەولە بـوو و ماوەیـەك کاربەدەسـتی میری بـووە لـە بروجـەردو سـوودی لـە گەڕانـەوەی بـۆ لورسـتان، وەرگـرت.[١١]

سالارودەوله هەر چەندە نەیدەویست بچێ بۆ تاران و حەزی دەکرد لە نێوان خێڵەکانی لوڕدا بمێنێتەوە، چونکە باوانی هاوسەرەکەی (ئاغازیبا) بوون. بەڵام لە ئەنجامدا بە هۆی فشار لە لایەن ناوەندەوە ملکەچی ئەوە بوو کە بچێ بۆ تاران، محەمەد عەلی شاش بە دڵنیاییەوە دەستی بە ئازاردانی مەشروتیەتخوزان کرد. ئەم قەیرانانە بە نۆرە، ڕەوشی ناوخۆی بەرەو هەراو ئاشۆب دەکێشا. سالارودەوله لەو سەردەمەدا ماوەیەك بێ کار وبێ دەسەڵات لە تاران مایەوە،. بەرامبەر بەو ستەمەی کە لێی دەکراو زۆر ناڕەحەت و پەریشان بوو، بیری تۆڵە سەندنی دەکردەوە، ئەو هەراو ئاژاوەیەی بە هەل زانی وبێ ئاگاداری حکومەت سەفەری بروجەرد و لوڕستانی کردو گەیشتە نێو خێڵەکانی لوڕستان و بروجەرد.[١٢]

سەرۆك خێڵەکانی ئەو سنوورە کە یەکێکیان (نەزەر عەلی خانی) خەزوری بوو[١٣]، بانگهێشتیان کردو نیازی خۆیانیان بۆ ئاشکرا کرد لەوەی کە دەیەوێ یاخی بێ و دەربارەی ئەو دیدارە لە گەڵ نەزەر عەلی خاندا، موحیت مافی دەنووسێ :

پاش جەند رۆژێ داوای خەزوری کرد و ڕازی دڵی خۆی بۆئاشکرا کرد و بارودۆخەکەو نیازی خۆی بۆ ڕوونکردەوەو داوای یارمەتی و کۆمەکی لێکرد)).[١٤]

سالارودەوله بە مەبەستی کۆکردنەوەی قۆشەن، هەر شتێکی دەست بکەوتبایە سوودی لێوەر دەگرت. چەند تاقمێکی جیاجیای خڕ کردەوە. هەر لەبەر ئەوەی خۆی بە لایەنگری مەشروتیەتخوازان لە قەڵەم دابوو، بۆیە هێندێکیان چەواشەبوون و پێوەندیان لە گەڵدا کرد. لە وکێشمە کێشەیە لە گەڵیدا بوون. کسرەوی لەم بابەتەوە دەڵێ :

(( یەکێ لە میکانیزمی کارەکانی درۆ بوو، بە ناوی ئەنجوومەن و مەشروتیەتخوازانەوە دەدوا قسەکانی بڵاو دەکردەوەو نامەی بۆ ژمارەیەکی زۆری سەرۆك هۆزو سەرکردەکانی دەنووسی، نامەکانی بەناوی ئەنجوومەنەوە بوو گوایا دۆستی مەشروتیەتەو لە بەر ئارەزوی ئازادیخوازان سەفەری تارانی کردووە).[١٥]

نەزەر عەلی خان بە هۆی چەند شتێکەوە، بوو بە هاوڕێی سالارودەوله، یەکەم : لەبەر ئەوەی زاوای بوو (( ئاغازیبای کچی، هاوسەری سالارودەوله بوو) هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەم ژن وژنخوازیە ڕێکخرابوو. نەزەر عەلی خان لە زاواکەی دڵینا بوو. دووەم : لەبەر ئەوەی نەزەر عەلی خان بە تەمای دەوڵەمەندی و پلەو

پایە بوو و بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر زاواکەی ببێ بە پاشای ئێران ئەڵبەتە ئەمیش دەبێ بە سەرۆك وەزیران. لە ڕاستیدا هەر بە مەبەستی پلەو پایەوە بوو بە هاوڕێیی شازادەی قاجاری وبیری لە سەرەنجامی ڕەشی خۆی نەکردەوەو هەموو توانای خۆی و سوارانی (لوڕ و لەك)ی خستەبەر ژێر دەستی زاواکەیەوە. موحیت مافی دەنووسێ ((لەماوەیەکی کورتدا سوارانی هۆز لە دەوبەروی ئوردوگاکەی سالارودەولە خڕبوونەوە. نەزەر عەلی خان، سوارچاك و ئازاو دلێری هەبوو، لە ڕاستیدا هەردووکیان لە هێزی سوارانی هۆز دڵنیا بوون، هەر چەندە متمانەیەکی تەواویان بە خەڵکی دەوروبەرنەبوو. بە کورتی لە شکرێکی فراوان و بوێرو ڕێکوپێك و چەکداری پێك هێنا، کە سەرجەمی (٥٠٠٠ پێنج هەزار) جەنگاوەر دەبوو.[١٦]

سالارودەولە لە سەرەتای ساڵی (١٣٢٥ك) خۆی بەرەو تاران ئامادە کرد. یەکێ لە سیخورەکانی ئینگلیز لە بەرواری (١٢)ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (١٣٢٥ك) بەم شێوە لە هەمەدانەوە ڕاپۆرتێکی بۆ بالیۆزخانەی بەریتانیا نارد :

((سالارودەولەو نەزەر عەلی خانی لوڕستانی ١٥ تا ٢٠ هەزار جەنگاوەریان خڕ کردووەتەوە تاڕادەیەك لە ناوچە سنوریەکان هەم سەرباز و هەمیش تۆپخانەیان حەشاردا و لە دوو ئوردوگای نزیکی نەهاوەند کە ٦کم لە نێواندایە یەکێکیان بەفەرماندەیی سالارودەولە و ئەوی دی بە فەرماندەیی نەزەر عەلی خانە و خێوەتێکی فەرماندەیی هەر دوو لا بۆمشتومڕو سەرپەرەشتی کردنی هێرشەکە لە نێوان هەر دوو ئوردوگا هەڵدراوە. لە رۆژی (٩)ی ڕەبیعی دووەم نوێنەرێك لە لایەن سالارودەولەوە نامەیەکی بۆ ئەمیر ئەفخەم زەینولعابدین هێنا، لەو نامەیەدا داوای سێ هەزار تومەن دەکات بۆ خەرجی لەشکرەکەی. ئەمیر لە وەڵامدا بە ئاموۆژگارییەوە داوای لێدەکا دەست لەمە هەڵگرێت. سالارودەولە دووبارە نامەی بۆ دەنێرێتەوە کە ڕێککەوتی رۆژی (١٢). گەیشتە نەهاوەندو رۆژی (١٥)ی مانگ گەیشتە هەمەدان. لەبەر ئەوەی وەرزی کشتوکاڵ بوو، لە وانە بوو. دەغل ودانی خەڵك بفەوتێ و زیانیان لێ بکەوێ و نیگەران بن، لە نامەی دووەمدا داوا لە ئەمیر دەکا بیست هەزار تومەنی بداتێ بۆ ئەوەی نەچێتە هەمدان. لە وەڵامدا ئەمیر دەڵێ کەوا بیست وپێنج هەزار تومەنی دەداتێ بۆ ئەوەی نەیەتە هەمەدانەوە. ئەمیرئەفخەم سەبارەت بەم باسە بەدرێژی ئاگادار دەکات. لە تاران هەواڵی پێنج هەزار سوار (خەمسە)و دەهەزار سەرباز

لـه تـاران و هەمـدان و  دەوروبـەری و  سـوارانی کرماشـان کۆکرایـەوە بـۆ سـەرکوتکردنی سـالارودەوله. ئەمیـر روویکـردە گونـدی ((لەعلچیـن))ی سـەر بـە هەمـەدان لـە پێنـاوی کردنــەوەی ســواران وئەســپ، هەرچەنــدە ئــەم ســوارانە رۆژی (١٢)ی رەبیعــی دووەم گەیشـتنە هەمـەدان، بـەڵام حوکمـداری هەمـەدان زەهیرودەولـە بـۆ ئـەوەی دەسـت لـە هەمـەدان نەدرێـت، سـەردانی نەهاوەنـدی کـرد بـۆ دیـداری سـالارودەوله بەڵکـو ڕازیـی بـکا کـە دەسـت لـەوکارە هەڵگرێـت. خەڵکـی زۆر پەرێشـان بـوون، چونکـە بـە هـۆی هــەراو ئــاژاوەوە ئازۆقــە نەدەگەیشــتە هەمــەدان[١٧] تــاڵان و  ڕاو رووتکردنــەوە بــوو بــە هـۆکاری کـەم بوونـی دەغڵـودان. سـوارانی سـالارودەوله لـە بـەر دووریـی رێـگا هەرچیـان دەسـت بکەوتبایـە تاڵانیـان دەکـرد. قەیرانێکـی فـراوان بـۆ ئـوردوگای بـێ سـەرو سـامانی سـالارودەوله هاتــە کایــەوە. ســەرچاوە جیاجیــاکان قۆشــەنی ســالارودەوله بــە پێنــچ تــا بیسـت هـەزار کـەس مەزەنەدەکـرد، بەرێوەبـردن و ئازۆقـەی ئـەم سـوپایە لەبـەر ئـەوەی زۆربەیـان خێڵەکـی بـوون و شـێوەیەکی رێـك وپێکیـان نەبـوو، بۆیـە کارەکـە زۆر دژوار بـوو. سـالارودەوله بەوپـەڕی توانایـەوە بـە دزی و  راوو ڕووتکردنەوەی خەڵـك و دێهاتەکان ئارزۆقـە وپێویسـتیەکانی سـوپاکەی دابیـن دەکـرد، دوو گونـدی گرینـگ لـە بروجـەرد کـە یەکێکیـان (موسـوسریە) و  ئـەوی دی (ئوشـترینان) بـە قسـەی موحیـت مافـی (هەموویـان حاجــی وخــاوەن پــول پارەیەکــی زۆر بــوون)[١٨] تاڵانکـران و ڕۆژی ڕەشـیان بـەو دوو گونـدە نیشـان دابـوون. بـۆ ئـەوەی کێشـەکانی ئوردوگاکـەی سـوك بکاتـەوە. بـەڵام ئـەو کارە نالەبـارە چارەسـەری کێشـەی لەشـکرەکەی نەکـرد. بـە تێپەڕبوونـی کات کێشـەکانی قووڵـتر دەبـوَوە. بـەم شـێوەیە سـالارودەوله نەیتوانـی چارەسـەری کێشـەکانی بـکا، هـەر بۆیــە نامــەی هەڕەشــەو تەشــەری بــۆ ســەرکردە و نوێنەرانــی دەوڵــەت لــە شــارەکانی دەوروبـەری خـۆی نـارد، بـۆ ئـەوەی ئـاردو دەغڵـودان بـۆ لەشـکرەکەی دابیـن بـکات. لـە نامەیەکیـدا بـۆ پاشـاخانی بەرپرسـی دەوڵـەت لـە نەهاوەنـد، پـاش باسـکردنی بارودۆخـی ئوردوگاکـەی دەڵـێ :

(( بەرێـز پاشـا خـان، فەرمانـی خۆمـان دەدەیـن بـۆ کاروبـارەی بـاج خڕکردنـەوە لـە مەڵایـەر نەهاوەنـد، دەبـێ بـە زووتریـن کات ئـارد بگەێنیتـە ئەوردوگاکەمـان و لـەم کارە دوا نەکەویـت))[١٩] هـاوکات نامەیەکـی بـۆ ئەسـەدوڵلاوە نووسـی کـە یەکـێ لـە مەلاکانـی نەهاوەنـد بـوو داوای دەغلودانـی لێکـرد.

((جەنابی شکۆدار ئاغای ئەسەدوڵلا، خوابتانپارێزێت، خەڵکی ئوردوگاکەمان ئازۆقەیان نییەو ئەگەر هەرکامەیان لە هەر لایەکەوە ئازۆقەی لە شارەوە دەست بکەوێ لەوانەیە ببێ بە هۆی دژایەتی لە نێوان ئەوان و خەڵکەکەدا. بەهەمان شێوە نامەم بۆ ئاغای مەولەوی نووسیوە، دەبێ ئەوڕۆ و سبەێنی پەنجا تا شەشت خەروار ئارد ئامادە بکەیت و ڕەوانەی بکەیت بۆمان. نەك وا تبێگەیت ئەگەر ئازۆقە نەنێریت کاری ئێمە سست دەبێ و لە شکرەکەمان هەراسان دەبێ، نەخێر، بەڵکو نەبوونی ئازۆقە پاڵ بە لەشکرەکەوە دەنێ کە خۆیان ئازۆقە خڕ بکەنەوەو باش دەزانم میرانی ئێران کەوا ئێستا لە نەهاوەندەوە ڕێگا نادەن ئازۆقەمان بۆ بنێردرێت، ئیدی ئەگەر بە قەسد بێ یان بێ قەسد دەیانەوێ شار کاول بکەن بەڵام من وای بە پەسەند دەزانم ئەم ئەرکە بە تۆ بسپێردرێت، ئیدی خۆت دەزانیت!

**واژۆ**[٢٠]

**سالارودەولە**

لە نامەیەکی دیکەی بۆ خودادادخان کە داوای ئازۆقەی لێ دەکات :

(( خودادادخان و هەموو خانەدانان و خاوەن موڵکەکانی بلوکی ژوور، لەشکر بێوستی بە ئازۆقەو سێور ساتە. ئەوەتا شازادە حەسەن و عەلی ئەکبەرخان کە چەکداری تایبەتیمانن دەنێرم و بەگوێرەی ئەم فەرمانە دەبێ هەر چەندە بتوانن ئاردو ئازوقەمان بۆ بار بکەن و رەوانەی ئوردوگاکەمانی بکەن. ئەگەر نەتانتوانی چل، بەنچا خەروار ئاردو ئازوقەقمان بۆ بنێرن، ئەوا دەبێ دە پانزە خەروار بنێرن و سبەینێ کە هەینیە بگاتە ئوردوگا، گەر لێبوردن نەمێنێت غەزەب شوێنی دەگرێتەوە)).[٢١]

خوداداد، ناردنی ئازۆقەکەی خستە سبەینی ئەڵبەتە نامەکەی سالارودەولە لە رۆژی ٢٤ی رەبیعی دووەم ساڵی (١٣٢٥ك) دا نووسرابوو. ئەوی خستبووەڕوو کە بارودۆخی لەشکرەکەی نالەبارەو دەبێ هەر ئەو شەوە بڕێك ئازۆقەی بۆ بنێری، بەڵام خودادادخان بە دەنگیەوە نەچوو، بۆیە سالارودەولە نامەیەکی هەڕەشەی بۆ نارد.

((خودادادخانی یاوەرو هەموو خانەدانان، بەگەیشتنی ئەم نامەیە دەبێ حەفتا خەروار ئاردو بیست خەروار جۆ دەست بەجێ بار بکەن و بینێرن بۆ کارخانە و

تەوێڵـەی پیرۆزمـان و  ئـەوش مایـەی سـوپاس وپێزانیـن. دەبـی بەبـێ کـەم و کۆڕیـی جێبەجـی کـرێ، ئەگـەر نـا دەبێتـە بەڵگەیـەك دژی بەرێزتـان و  هیچتـان بـۆ ناهێڵمـەوە)).[٢٢]

سـالارودەولە لەبارودۆخێکـی مەترسـیداردابوو، هـەر بۆیـە چالاکـتر بـوو لـەراو رووتکردنـەوەی دێهاتـەکان و  تـاڵان و ڕووتکردنـەوەی خەڵـك ونامـە نـاردن، کـە ئەمـەش کارێکـی وای نەبـوو بارەکـەی هـەر وەکـو خـۆی مایـەوەو نەیتوانـی ئازۆقـە بۆ لەشـکرەکەی دابیـن بـکات. بێگومـان یەکـێ لـە هۆکارەکانـی شکسـتخواردنی لـە شـکرەکەی هەمـان ئـەو کێشـانە بـوون کـە بووبوونـە هـۆکاری پەڕاگەنـدەی قشـونەکەی.

## ٢ -٣ بەربەرەکانی کردنی ئەنجومەنی شورای میللی دژی سالارودەولە

پـاش ئـەوەی کـە سـالارودەولە نەتیوانـی بـە نامـە نووسـین ئازۆقـە بـۆ لەشـکرەکەی دابییـن بـکات، هێـرش و تاڵانکردنـی دێهاتـەکان پـەرەی سـەند، بەشـێوەیەك مەردومـی نەهاوەنـد وخەڵکـی دەوروپشـتی (شـیت) هانایـان بـردە بـەر دەوڵـەت تـا فریایـان بکەوێ.

(موغیسـی سـەڵتەنە) رۆژی (١٨ی سـەفەری سـاڵی ١٣٢٦ك) نامەیەکـی بـۆ رەزاقولـی خـان فەرمانـداری شـاری بوشـەهەرو (بنـادر)ی بـرای (حسـێن قولـی خـان نیـزام سـەڵتەنە) کـە دەربـارەی سـتەم و  زۆرداری سـالارودەولە بـوو دەڵـێ :

((سـالارودەولە گەیشـتە نەهاوەنـدو بـەزۆر سـەد هـەزار تومانـی لـە مـەردوم سـەندو چەندیـن هـەزار کەسـی ئەتـك کـرد.

لـە تارانـەوە لەشـکر کەوتـەرێ. دەوڵـەت بەملیۆنەهـا زیانـی پێگەیشـت. پاشـا خـۆی بـەرەو خورمابـاد کەوتـە ڕێ و لـە گـەڵ نوێنـەری دەوڵـەت داواکاریەکانـی خەڵکـی جێبەجـێ کـرد)).[٢٣]

دەوڵـەت بـە دەسـتپێکی ئـەوەی هێـزی بـە دەسـتەوە نەبـوو بـۆ سـەرکوتکردنی یاخیبوونەکـەی سـالارودەولە، هیـچ کارێکـی نەکـرد. ئەڵبەتـە ئەنجومەنیـش لـە مەشروتیەتخـوازان پێکهاتبـوو، رادە بـەدەر لـە بزوتنـەوەی سـالارودەولە دەترسـان. لـەو کاتـەدا سـکاڵاکانی خەڵکـی سـتەمدیدە لـە شـاری نەهاوەنـد بـەردەوام بـوو. خەڵکـی نەهاوەنـد لـە بارودۆخێکـی مەترسـیداردا دەژیـان، هەمیشـە داوایـان لـە وەزارەتـی ناوخـۆ دەکـرد لـە هەڕەشـەو گوڕەشـەی سـالارودەولە پارێزگارییـان بـکات. ئەنجومـەن لـە بـۆ

بەربەرکانیی سالارودەولە دەستی بە جموجوڵ کرد. بڵاوکراوەیەکیان پەخش کرد گوایا خەریکی خۆ ئامادە کردنن بۆ سەرکوتکردنی سەرکێشیەکە کەچی شاودەوڵەت بێباك بوون، رەنگە حەزیان دەکرد ئەو شازادەیە سەربکەوێت، وایاندەزانی سەرکێشیەکەی سالارودەولە دەبێتە هۆکاری لادانی مەشروتیەتخوازانی لە گۆڕەپاندا. بۆیە لێبوردنیان بەرامبەر سەرکێشیکاران دەکرد، لە ئەنجامدا پریشکی ئاگری یاخیبوونەکە دەوڵەت و تەخت و تاجی گرتەوە. هەڕەشەی یاخیبوون، تەخت و تاجی محەمد عەلی شای هەژاند. لەبەر ئەم بارودۆخە دەوڵەت و ئەنجومەن دەستیان خستە دەستی یەکتری. سالارودەولە ناکۆکی ئەنجومەن و دەوڵەتی بەهلزانی و لە هەڵەتەکانی (چهل نابالغان) کەبەسەر شاری نەهاوندا دەیڕوانی خەریکی سەنگەر لێدان بوو. ئەنجومەن بە پەلە بروسکەیەکی بۆ سالارودەولە نارد. بە هەرەشەوەوە داوایان لێ کرد دەست لە یاخیبوونەکەی هەڵبگرێت. نامەکە دەڵێ :

((بە خزمەتی شکۆدار شازادە سالارودەولەی هەمیشە پایەدار. دەزانین کە شاهەنشای سەرکەوتوو موزەفەرەدین شا هەقێکی گەورەی بەسەر گەلی بەشەرەفی ئێرانەوە هەیە و منەتی بەسەر خەڵکەوە هەیە. لە بەر ئەوە گەلی نەجیبزادەی ئێران بەرامبەر بەو بەزەیی باوکانەیە بڕوای خۆیان بەم بنەماڵەیە داوە کە دەسەڵاتداریی ئێران بکەن و پێویستە نەوە لە دوای نەوە دەسەڵاتدار بن و دەبێ ئەم گەلە لەم بابەتەوە هەتا دوا هەناسە بۆ سەربەخۆیی ئەم پاشا گەنجە گیانی خۆیان ببەخشن. ئیستا مەبەستی جەنابتان لەم جووڵانەوەیە چییە؟ ئەگەر مەبەستتان ئەرك و نەریتە! ئەوا کار بەم شێوەیە نابێ. ئەگەر مەبەستێکی دیکەتان هەیە کە بتانەوێ باری دەوڵەت و گەل سەختترو ناچار بکەن، ئەوا کارەکە وانییە. دەوڵەت و گەلی ئێران باوەڕیان بە هێزو توانای خۆیان هەیەو دەتوانن لە ماوەی یەك رۆژدا کێشەو گێچەڵی خۆیان چارەسەر بکەن. کاتێ ئەم بروسکەیەی ئەنجومەنە بە دەستتان دەگات و تاقمەکەتان هەڵدەوەشێنیتەوە، ئیدی بەرێزتان لەلایەن دەوڵەت و گەلەوە شیاوی سوپاس وپێزانینن. بەلام ئەگەر سوور بن لە سەر بیروڕای نارەوای خۆتانو دەست لەم رێگا چەوت و چەواشەیە هەڵنەگرن دەبێ بزانن هەر وەڵامدانەوەیەك لەلایەن گەلەوە بواری هیچ قسەو گومانی تێدانیە. بۆیە ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر لەلایەن کەسانێکی دیکەوە رووبدات سەیر نابێ، جا دەست لەم کارە نارەوایە

هەڵگرن. چونکە ئەم سەعیە هیچ سوودێکی بە دواوە نییە و بەزووترین کات بەرەو تاران بکەونە ڕی. بەپێی ئەم بروسکەیە بەهاتنت چاوپۆشی لە کردەوەکانی پێشووی بەرێزتان دەکرێ، لە کاتێ دیدارتان لە گەڵ جەنابی پایەبەرزی شاهەنشا داوای لێبوردن بکەن، ئەگینا پەشیمانی بەشتان دەبێ)).[٢٤]

پاش ئەم بروسکەیەی دەوڵەت، ڕەزاخانی زەهیرودەولەی سەفا عەلی شا فەرمانداری هەمەدانی نارد بۆ لای سالارودەوله، تا ئامۆژگاریی بکا، بەڵام کارەکە بێ سوود بوو.[٢٥]

لەلایەکی کەوە ئاغایان سەید محەمەد تەباتەبایی و سەید عەبدوڵڵا بەهبەهانی، بروسکەیەکیان ئاراستەی شازادە کرد، کە دەست لەو کارە هەڵگرێت. بە گوێرەی کتێبی ((مقدمات مشروطیت)) بروسکەکە ((ئامۆژگاری و شاکامی و هەڕشەو کوڕەشە بوو))٢٦ بەلام شازادەی لە خۆبایی، هەوای تەخت و تاج لە کەللەی دابوو، زۆری و ژمارەی لەشکرەکەی بووە هۆکاری لە ڕێ لادانی، ئیدی گوێی بە بروسکەکان نەدەدا، تەنانەت وەڵامیشی نەدەدانەوە، هەر بۆیە ئەنجومەن، دەوڵەتی ناچار کرد کە ڕووبەڕووی یاخیبوونەکە ببێتەوە، بەڵام ئەمان ڕووبەڕووی کێشەیەکی پڕ گیچەڵ بوو بوون، بەشێوەیەك وا باو بوو گوایا ((خودی پاشا هانی جوڵانەوەکەی سالارودەولەی دەدا)).[٢٧]

کوشتن و ڕاو ڕووتکردنەوەکانی سالارودەوله و نەزەرعەلی خان تەنگی بە میرزا ئەبوقاسم خانی نوری حوکمداری ویلایەتی (ثلاث - سێ) هەڵچنی بوو. سەردانی نەهاوەندی کرد بۆ ئەوەی بەڵکو بتوانێت بەئامۆژگارییان بکات و بێنە سەر بارو دەست لەم ئاژاوەیە هەڵگرن. کاتێ کە گەیشتنە نەهاوەند بارودۆخێکی نادیارو ئاڵۆز بینی، ئامۆژگاریی کرد بەڵام لە باتێ ئەوەی گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرێ، داوای ئازۆقەی لێکرد، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە. بۆبە سالارودەوله نەهاوەندی تۆپباران کرد. یانزە گوللە تۆپێ بە سەر خەڵکی بێ تاوانی شاردا باراند جەنگ بەرپا بوو، بەکورتی پاش ئەم ڕووداوە، محەمەد عەلی شا هەستی بە مەترسی دەکرد، لەوە دەترسا کە سالارودەوله بگاتە تاران، ئیدی دووچاری مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆوە. بەقسەی مەلیکزادە ((محەمەد عەلی شا ناچار بوو لەگەڵ مەشروتیەتخوازاندا ئاشت بێتەوەو بە شیوەیەکی کاتیی دەست لە دوژمنایێتی هەڵگرێت)).[٢٨]

## ٢ -٤ بارودۆخی کەڵهوڕ لە کاتی سەرکێشی کردنەکەی سالارودەولە

گـەر سرنجـی بارودۆخـی ناوخۆیـی هـۆزی کەڵهـوڕ بدەیـن، دەبینیـن خێڵەکانـی دژ بـە سەرکێشـی کردنەکـەی سـالارودەولە هاوکارێکـی کاریگـەری دەوڵـەت و ئەنجومەنیـان کـرد. لـەم کاتـەدا هـۆزی کەڵهـوڕ لـەو پـەڕی هێـزو توانـاو دەسـەڵاتدا بـوو، داودخانـی سـیهاموڵەمالیك بەوپـەڕی هێـزو توانایـەوە توانـی هەمـوو هۆزەکانـی ناوچەکـە لەژێـر یـەك ئـاڵادا کۆبکاتـەوە. لـەو کاتـەدا داودخـان لـە کرماشـان دەسـەڵاتێکی ڕادەبـەری وە دەسـتهێنابوو. کونفدراسـیونێکی بەهێـزی لـە ڕۆژئـاوای وڵاتـدا پێـك هێنابـوو، بە شـێوەیەك بـە پێـی بڕیـاری ئـەو فەرماندارانـی دەڤەرەکـە دادەمـەزران و لادەدران. کشـاوەرزی لـەم بابەتـەوە دەنووسـێ :

لـەم کاتـەدا هـۆزی کەڵهـوڕ بـە هـۆی توانـای هـۆزو کەسـایێتی داودخـان و دەڤـەرە پانوبەرینەکەیـان و ئۆرگانـە سیاسییە تایبەتیەکانیانـەوە گەیشـتنە قوناغێکـی ڕێکوپێـك، بـە شـێوەیەك ئەگـەر زەمینـەو هـۆکارە سیاسـیەکانیان خـۆش ببوایـە ((دەیانتوانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ یـان حکومەتێکـی هەرێمایەتـی لـە ڕۆژئـاوا دابمەزرێنـن))[٢٩] بـەردەوام دەبـێ و دەڵـێ ((لـە بـەر ئـەوەی هـۆزی کەڵهـور لـە هـەر هەمـوو هـۆزەکان بـە هێزتـر بـوو، بویـە سـەرۆك هـۆز داود خـان سـەرۆکی هەمـوو هۆزکانـی هەریمەکـە بـووە، چونکـە هۆزەکانی دیکـە وەکـو گـۆران وقەڵخانـی، بەرەزامەنـدی خۆیـان بێـت یـان بـە زۆر سـەریان بـۆ سـەرۆکایێتی بـێ هاوتـای داود خـان دادەنوانـد. بـە شـێوەیەکی روونـتر هەمـوو لایـان ریککەوتبـون لـە سـەر پێکهێنانـی فیدرالییەتێـك بریتـی بێـت لـە هـۆزی گـەورەی کەڵهـور و هـۆزو تیرەکانـی دیکـەی هەرێمەکـە بـە سـەرۆکایێتی سـەرداری موزەفـەر داودخـان)).[٣٠]

ئـۆژن ئۆبـن، کارمەنـدی سیاسـی دەوڵەتـی فەرنسـا لـە سـاڵی (١٩٠٦ و ١٩٠٧ز) بەرامبـەر بـە سـاڵی (١٣٢٥ك) بـە ناوچـەی کەڵهـوڕدا تێدەپەڕێـت و دەربـارەی بارودۆخـی کەڵهـوڕ لـە کتێبـی (ایـران امـروز)دا بـەم شـێوەیە دەنووسـێ :

((گەیشـتمە قەڵەمـڕەوی هـۆزی کەڵهـوڕ، هەرچەنـدە ئـەم هـۆزە هێشـتا بارودۆخـی خێڵایەتـی خـۆی پاراسـتووە، بـەڵام گەورەکانـی هـۆز پشتاوپشـت کوێخایەتـی تیـرەکان دەکـەن و لـە لایـەن خانـی خانانـەوە هەڵدەبژێردرێـن. خانـی خانانـی ئـەم سـەردەمە داودخانـی سیهاموڵەمالیك. پێشـان کوێخایەکـی سـادە بـووە بـەڵام توانـی خانـی خانانـی

پێشوو لابداو خۆی لە جێگای ببێ بە خانی خانان و بە رێککەوتن لەگەڵ هۆزدا خانی خانانی پێشوو بەرەو شاری کرماشان دوورخرایەوەو لەوێ نیشتە جێبوو. داوودخان زستانان لە گێلان غەرب لە کەناری رووخانەی باڵای رووباری هەڵەواندا دادەنیشت و هاوینان دەیگواستەوە بۆ قەراخ دێی هارونئاوا (اسلام ئابادی ئێمرۆ)[31] لە دەشتێکی چۆڵی سەرکەناری رووخانەیەك کە شان بەشانی رووباری کەرخە دەروا، خێوەتی هەڵدەدا))[32] دەسەڵات و توانای هۆزی کەڵهور هۆکاری ئەوە بوو کە دەوڵەت و ئەنجومەن بە بروسکە داوا لە سەیف الدولە بکەن کە داوا لە داودخانی کەڵهوڕ وسوارانی هۆزەکەی وهۆزانی دەوروبەر بکەن لە پێناوی سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی سالارودەولە یەکبگرن و بەرەو نەهاوەند بکەونە ڕێ. سەیفودەولە، بەو بروسکەیە لە داودخانی گەیاند داوای لێکرد کە بە زووترین کات ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن و بەرەو نەهاوەند بکەونەرێ.

## ٢- ٥ داودخان لە پێناوی کۆمەکی گەل بەدەنگ داواکەی دەوڵەتەوە دێ.

پاش ئەوەی دەوڵەت و ئەنجومەن پێکەوە بەرامبەر سالارودەولە دەستیان خستە ناو دەستی یەکتری چەند بروسکەیەکیان بۆ چەند شارێکی ئێران نارد وەکو (کرماشان، هەمدان، زنجان)و داوایان کرد بەزوترین کات هێز بەرەو نەهاوەند بنێرن. لە بروسکەیەکدا بۆ زنجان وهەمدان داوایان لە عەبدوڵلا هەمەدانی ئەمیر ئەفخەم و جەهان شاخانی زنجانی کرد کە بەپێی توانا لە شکر خڕ بکەنەوە و ڕەوانەی نەهاوەندیان بکەن. دەوڵەتیش بەپێی ئەم کارە هێزێك و دوو تۆپی کویستانی بەرەو نەهاوەند دەخاتەڕێ بۆ ئەوەی قۆشەنی خێڵەکانیش لە گەڵیاندا بتوانن کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

ئەنجومەن و دەوڵەت خویان بۆ جەنگ ئامادەکرد. ئیدی لە ئامۆژگاری تێپەڕی و تێکۆشان بۆ ئەوەیە بە زووترین کات کاری سالارودەولەو لوڕە هاوپەیمانەکانی لە نەهاوەند کە لە پێتەختەوە دوورە یەکەلا بکرێتەوە. بۆیە گەیشتنی ئەوان بە مەڵبەندی حکومەت بێ گێچەڵ نەبوو. لەلایەکی دیکەوە، پاش ئاگادارکردنەوەی داودخان بە ناوەرۆکی بروسکەکەی دەوڵەت و ئەنجومەن، تەتەرە تایبەتیەکانی خۆی[33] نادرە لای

سـەرەك هۆزەكانـی دەوروبـەرو سـەرۆك تیرەكانـی كەڵهـور لـە سەراسـەری دەڤــەرەكە بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن كات سـوارانی هـۆز وتیـرەكان لـە گیـلان غـەرب ئامادەبـن، ئەڵبەتـە پـاش ئامـادە بوونیـان بـەرەو كرماشـان بوونـەوەو لەوێـوە بـەرەو نەهاوەنـد. داودخـان، كوڕەكـەی خـۆی زیرغـام دەوڵـە لەگـەڵ دووسـەد شۆڕەسـوارانی كەڵهـوڕ لـە پێشـەوەو خۆشـی لەگـەڵ پـتر لـە دوو هـەزار كەسـدا بەدوایانـدا كەوتنـەڕێ. بـە سـاڵاچووەكان لـەو بـاوەڕەدان كـە داودخـان خـۆی لـەم لەشكركێشـیە بەشـداری نەكـردووە بەلكـو لەشـكرەكە بەفەرمانـدەی جوامێرخـان بـووە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا، عەبدوڵـلا زەیغـەم گـەورە خزمەتكاری داودخـان رۆڵێكـی گـەورەی لـەم لەشكركێشـیەدا گێـراوە.[٣٤]

پـاش ئـاگادار بوونـی سـالارودەولە بـە هاوپەیمانێتـی هـۆزی كەڵهـوڕ و دەوڵـەت، كەوتــە نامــە نووســین بــۆ دەســەڵاتدارانی شــاری كرماشــان، وەكــو حاجــی محەمــەد مەهــدی ســەركردەی تاقمــی مەشروتیەتخــوازان، داوای هاریكاریــی لێكــردن. مەڵكــزادە لــەم بابەتــەوە دەنووســێ :

((سـالارودەولە كۆمەڵـێ هـۆزو تیـرەی رۆژئـاوای خـڕ كـردەوەو خـۆی بـە دۆسـتی مەشروتیـەت لـە قەڵـەم دەدا، لـە ڕاسـتیدا مەبەسـتی هـەر تەنهـا تەخـت و تـاج بـوو، قسـەی وای بـڵاو دەكـردەوە گوایـا دوسـتی مەشروتیەتخوازانـە و لەگـەڵ رێبەرانـی دا لـە كرماشـان بـە تایبەتـی لەگـەڵ سـەركردەكانیان وەكـو حاجـی محەمـەد مەهـدی نامەیـان لـە نێوانیاندایـەو داوای یارمەتیـان لـێ كـردووەو محەمـەد عەلـی شـا بـەو كارە پەسـت و نیگـەران بـوو.[٣٥]

بــەڵام ســالارودەولە لــەو نامــە نووســینە هیچــی دەســت نەكــەوت، بۆیــە مەشروتیەتخــوازان كــە دیتیــان ئەنجومــەن و محەمــد عەلــی شــا بەجیــددی دژی سەركێشـییەكەی سـالارودەولەن، ئەمانیـش هیـچ هاوكارییێكیـان لەگەڵـدا نەكـرد ئەڵبەتـە دەیانــزای ســالارودەولە هەوڵــی وەدەســتهێنانی تەخــت و تاجــدەدا كارێكــی واهیــچ ئەنجامێكــی نییــە. پــاش ئــەوەی ســالارودەولە كــە نەیتوانــی مەشروتیەتخــوازان بــۆ ریــزی خــۆی ڕابكێشــتی، ویســتی پێــش گەیشــتنی لەشــكری كەڵهــوڕو هێــزی میــری و كۆمەكیـان لـە نەهاوەنـد بشـكێنێت و پەلامـاری تـاران بـدات. لەلایەكـی تـرەوە داودخـان پـاش ئـەوەی پێوسـتیەكانی لەشـكركەی ئامادەكـردو بـۆ كۆمەكـی هێـزی دەوڵـەت، لـە كرماشـانەوە بـەرەو نەهاوەنـد كەوتـەڕێ. پێـش گەیشـتنی هـوزی كەڵهـوڕ، عەبدوڵـڵا

خانـی ئەمیـر ئەفخـەم لـە رۆژی (٢٦)ی  رەبیعـی دووەم (١٣٢٥ك) لەگـەڵ جهانشـاخانی زنجانـی گەیشـتنە نەهاوەنـد و بـە گژ هیزەکانـی سـالارودەولەدا چـوون. لـەم پێکدادانـەدا کـە پێـش شکسـتخواردنی هێزەکانـی روویـدا ئەمیـر ئەفخـەم دەڵـێ:

هـۆکاری شکسـتخواردنی سـوارانی ئەمیـر ئەفخـەم، فراوانـی هێزەکانـی سـالارودەولە بـوو. موحیـت مافـی دەنووسـێ :

(( ئەمیـر ئەفخـەم و پێشـەنگی هێزەکانـی دەوڵـەت، گەیشـتنە خاکـی نەهاوەنـد، بـە رێککـەوت لەگـەڵ گەیشـتنیان تووشـی سـوارانی سـالارودەولە بـوون. ئاگـری جەنـگ بـە تیـن بـوو. سـوارانی ئەمیـر ئەفخـەم خۆڕاگرانـە رووبـەڕووی دوژمنێکـی سەرسـەخت و زوردار بوونـەوە، لـە ئەنجامـدا بـە نیـوە گیانـی خۆیانیـان رزگار کـرد. لـەو رۆژەدا جەنـگ سـەخت بـوو، ژمارەیەکـی زۆر لـە هـەردوولا کـوژران. لـەو کاتـەدا سـالارودەولە کـە ئـەم سـەرکەوتنە بـە خۆیـەوە دەبینـێ خەڵـك وسـوارێکی زۆر لـە شـاری نەهاونـدو ئوردوگاکەیـەوە دەهێنـی، تاقمـێ سـەرقاڵی سـەنگەر لێـدان دەبـن، سـوارانی هۆزەکانـی کـە دەچوونـە نێـو گۆڕەپانـی جەنگـەوە هەڵهەلەیـان دەکێشـان، تاقمـێ دیکـە لـە خەڵـك و سـواران سـەرگەرمی جەنگـی ئەمیـر بـوون، ئەڵبەتـە هەندێکیـش سـەرقاڵی داگیرکردنـی سـەنگەرو گەمـارۆ دانیـان بـوون، ئەوەتـا چەندیـن سـەنگەریان لـە خەڵکی شـار سـەندەوە و چەندیـن سـەربازیان بـە دیـل گـرت و لـە شـار نزیـك بوونـەوەو لەوانەبـوو داگیـری بکـەن و بـەرەی ئەمیـر ئەفخـەم تووشـی شکسـتییەکی سـەخت بـوو)).[٣٦]

هێـزی کەڵهـوڕ پـاش تەیکردنـی رێگاوبـان بـە هـەزار مەینـەت و دەردە سـەری گەیشـتنە قـەراخ شـاری نەهاوەنـد، قشـونی دەوڵەتـی لـە بارودۆخێکـی ئـاوادا بـوون. بـە هـۆی دووری رێـگاوە سـوارانی کەڵهـوڕ شـەکەت بـوون بۆیـە داود خـان فەرمانـی دا لەشـکرەکەی دوو فەرسـەخ دوور لـە شـارەوە بـار بخـات. ئەمیـر ئەفخـەم پـاش شکسـتخواردن و هەڵهاتنـی، لـە بارودۆخێکـی نەخـوازراودا بـوو، لـە گـەڵ بیسـتنی هەواڵی گەیشـتنی لەشـکری کەڵهـور بـە پەلـە دوو کەسـی بـۆ نـاردن و داوای کـرد بـە زووتریـن کات بگەنـە نەهاوەنـدو فریـای هێزەکانـی دەوڵـەت بکـەون کـە لـە بارودۆخێکـی نالەباردا بـوون. سـیهامولەمالیك هێشـتا گـەردی شـەکەتی بـە خـۆی وسـوارەکانیەوە دیـار بـوو، فەرمانـی بـە زیرغـام لـە شـکر جوامێـر خانـی کـوڕی دا لەگـەڵ دووسـەد سـوارە ئامـادە بێـت و بگاتـە فریایـان. خۆشـی بـە یـاوەری لـە شـکرەکەی بـە دوایانـەوە دەبێـت. موحیـت

مافـی دەنووسـێ :

((کـە ئـەم هەواڵـە گەیشـتە سـەرۆك هـۆزی کەڵهـور، دەسـتبەجێ سـوارانی خـۆی ڕێکخسـت و ڕەوانـەی گۆڕەپانـی شـەڕی کـردن و خۆشـی بـە پەلـە کەوتـە ڕێ هەتـا گەیشـتە گۆڕەپانـی جەنـگ، حەشرێـك بەرپـا بووبـوو، برێـك بەگـژ یەکتریـدا دەچـوون و خەریکـی زەدو خـواردن، برێکـی دیکـە سـەرقاڵی هێـرش بـوون بـەرەو شـار. سـوارانی داودخـان کـە ئەمەیـان بینـی چونـە نێوانـەوەو نەبەردانـە دەسـتیان بـە جەنـگ کـرد)).[٣٧]

بەقسـەی ریشسـپییەکان یەکـێ لـە ڕستەکانی هـۆزی کەڵهـوڕ ئەوەیەکـە پێش نەبەرد ناوچەکـە تاقـی دەکەنـەوە، جـا هـەر کاتـێ ئـەم کارەیانـە ئەنجـام دەدا سـەرکەوتنیان مسـۆگەر دەکـرد، هەروەهـا دەڵێـن :

داودخان گرنگییەکی زۆر بە ئامۆژگاری دەدات و هەمیشە دەڵێت :

هەرکەسـێ ئاموژگاریـمان بـکاو ڕێگایەکـمان پیشـان بـدات، کـە لەوانەیـە ئـەو ڕێگایـە هـەر بـە خەیاڵماندا نەهاتبـێ)).

داودخـان لـەەم دەنگـەدا گوێڕایەڵـی ڕاوێژکارانـی خـۆی دەبێـت کـە برتیبـون لـە کلانتـەران و کویخاکانـی خێـڵ و تیرەکانـی کەڵهـوڕ. بـە ڕاویژکـردن باشـترین ڕێـگا بـۆ هێـرش کردنـە سـەر هێزەکانـی سـالارودەولە هەڵدەبژێـرێ، کەڵهـوڕەکان لـەم ڕۆژەدا دەسـتە دەسـتە هـەر دەسـتەیەك پەنجـا جەنـگاوەر، دەبـوون بـە فەرمانـدەی سـەرۆك تیـرەکان توانیـان هێزەکانـی سـالارودەولە لـە سـەنگەرەکانیان دەر بکـەن و دووریـان بخەنـەوە لـە گۆڕەپانـی چەنـگ. سـوارانی کەڵهـور لـەو ڕۆژەدا (٢٥ی ڕەبیعـی دووەم) هەرچەنـدە مانـدوو بـوون بـەڵام هەڵمەتێکـی مەردانەیـان کـردە سـەر هێزەکانـی سـالارودەولەو ناچاریـان کـردن بکشـێنەوە. سـالارودەولە لەگـەڵ چـل جەنـگاوەری گەنجـدا بـە سـەر یاڵێکـەوە بە دوربیـن چاودێـری گۆرەپانـی جەنگـی دەکـرد لـە کاتێکـدا داودخانـی سـیهامولمەمالیك و جوامێـر خانـی کـوڕی لـە جەرگـەی شـەڕدا بـوون خـۆی خـاوەن فەرمانـی جەنـگ بـوو، لـە یەکەمیـن پێکدادانـدا سـوارانی کەڵهـور سـەنگەرەکانی شـاریان داگیـر کـرد. سـالارودەولە ئـەوەی بـۆ دووپـات بـۆوە کـە لەشـکرەکەی تووشـی شکسـتی دەبـێ چـۆن سـوارەکانی لـە ترسـی سـوارانی کەڵهـور بـەرەو کێـوەکان هەڵدێـن، کاتێـك شـەو داهـات و باڵـی بەسـەر ناوچەکـەدا کێشـا، سـوارانی لـەك و لـوڕ شکسـتیان پێگەییشـت و لـە چنگـی لـە شـکری کەڵهـور ڕزگاریـان بـوو. کـە شـەو داهـات هـەردوولا

دەستیان لە جەنگ هەڵگرت. نەزەر عەلی خانی لوڕستانی کە لەو ناوچەیەدا بە پیاوێکی خوێنڕێژ ناسرابوو، زەبری کەڵهوڕەکان و بە چاوی خۆی بینی و ئەوەی بۆ دووپات بۆوە کە ناتوانن هیچ بکەن و دەبێ دەست لەم کارە هەڵگرن. دەربارەی ئەم پێکدادانە، کتێبی (مقدمات مشروطیت )دەڵێ :

((سالارودەولە هێزەکانی خۆی پشکنی، تەنها پێنج، شەش کەسیان زیانیان پێ گەیشتبووو چەند کە سێکی دیکە بریندار بووبوون)).

لە ڕاپۆرتێکدا ئەمیر ئەفخەم دەڵێ :

((من یەکێکم لەو کەسانەی بە زیندوێتی لەم جەنگدا ماومەتەوە هەر (غولام جان نسار)و یەك دوو کەس نەبێ، هەموو دۆست و کەس و کارانم کوژران))

سوارەکانی میر بەلای کەمەوە پەنجا تا شەست کەسیان کوژراو دە دوانزە کەسیان بریندار بون)).[٣٨]

هۆزی کەڵهوریش چەند کەسێکیان بریندار بوو و دەستبەجێ تیمارکران. هەڵبەتە هۆکاری کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە سوارانی ئەمیر ئەفخەم بە هۆی ئەو سەنگەرانەوە بووە کە پێشان هێزەکانی سالارودەولە لێیان دابوون، لەنێو ئەوسەنگەرانەدا هێزی دەوڵەتیان شکاند. (موحیت مافی) دووپاتە لای کە تەنیا کۆمەکی داودخان و سوارانی کەڵهوڕ بوونە هۆکاری رزگار بوونی سوارەکانی ئەمیر ئەفخەم.[٣٩]

لەرۆژی ٢٦ی رەبیعی دووەم ساڵی (١٣٢٥ك) ئوردوگای دەوڵەتی لە نەهاوەند ڕاپۆرتێك بۆ سەنتەری هەواڵگەری دەنووسێ و دەڵێ :

لەشکری سیهامولمەمالیك لە کەنگاوەرەوە بەرەو نەهاوەند کەوتنەرێ کە مەودای حەوت فەرسەخ بەڵام پاش دوو فەرسەخ لە شکر باری خست ئەو شەوە لەوێدا مانەوە تا بۆ ڕۆژی دوایی بگەنە ئوردوگای ئەمیر ئەفخەم. هەواڵی گەیشتنیان بە ئەمیر ئەفخەم درا. بە گەیشتنی هۆزی کەڵهور، شازادە خۆی بۆ جەنگ تەیار کردو پیَی داگرت لەسەر داگیرکردنی شار. لەشکرەکەی بەرەو شار خستەڕێ. سەنگەرەکانی دەوری شاری داگیرکرد. ئەمیر ئەفخەم بە پەلە دوو سواری بۆ لای سیهامولمەمالیك نادر، داوای لێکرد بەزووترین کات فریایان بکەوێ ئەگینا کاری لە دەست دەر دەچێت و شار داگیر دەکرێت. داودخانیش، جوامێر خانی کوڕی لە

گەڵ دوو سەد سوار بە پەلە ناردو خۆشی لەگەڵ لەشکرەکەی بە دوایاندا کەوتەڕێ. سالارودەوله لە سەر لوتکەی چیایەکەوە بە دووربین تەماشای شەڕەکەی دەکرد. بە چاوی خۆی هێرش و دەستڕێژی سوارانی کوڵهوڕی دەبینی و چوار سەنگەری دوژمن داگیر دەکەن. قشوونی سالارودەوله شکستی هێناو بەرەو چیا هەڵهاتن، شەو داهات و بۆ مەودایەك دوور کەوتنەوە. ئەگەر تاریکی شەو نەبوایە هەموویان دەفەوتان و ئەم کیشەیە دوو سێ ڕۆژ زیاتری نەدەکێشا. لەشکرەکەی داودخان تەنها یەك جەنگاوەر نەبێ کە لە سەنگەردا بریندار کرا بوو، هیچ زیانێکی تریان لێ نەکەوت.[٤٠]

## ٢- ٦ بەگژا چوون و هەڵهاتنی سالارودەوله

رۆژێ پیشتر، پیش داهاتنی شەو هەر دوو لەشکرەکە کشانەوە بۆ سەنگەرەکانیان. داودخان سوور بوو لە سەر ئەوی لە گەڵ رۆژهەڵاتندا گەمارۆی سالارودەولەو هاوەڵانی بدات، بەڵام سیخوڕەکانی سالارودەوله ئەم هەواڵەیان پێگەیاند، بۆیە هەڵهات، لە ڕاپۆرتێکدا کە لەشکری دەوڵەت ئاراستەی سەنتەری هەواڵگەری کرد بوو، ئەوە خرایە روو ((سەرۆك هۆزی کەڵهور ویستی لەگەڵ رۆژهەڵاتندا بەشەش دەستە سوارە هێرش بکاتە سەر لەشکری سالارودەوله، یەکێ ئەم هەواڵەی بە سالارودەوله گەیاند کە ئەگەر ئەوە شەوە دەرباز نەبێ سبەینێ دەستگیر دەکرێ شاهزادەش لەگەڵ نەزەر عەلی ئەمیرانی (ئەمرایی) بەو شەو بەرەو لوڕستان هەڵهاتن)).[٤١]

لەلایەکی دیکەوە هێزێکی زۆری ((ئیحتشام و لدەولە))ی کوڕی ئەمیر ئەفخەمی هەمەدانی زاوای موزەفەرەدین شا لەگەڵ ژمارەیەك سوارە گەیشتنە کۆمەکی هێزەکانی دەوڵەت و لە ڕێگا تووشی سالارودەوله وسوارەکانی دەبن و بەرەنگاری جەنگ دەبنەوە سوارانی سالارودەوله کە پیشتر ئامادە بوون تەنگیان بە سوارانی ئیحتشام و لدەوله هەڵچنی. گەمارۆی داودخانیاندا کە بە هۆی پێکدادانی رۆژی پێشوو، ماندو و شەکەت بوون، لەگەڵ بیستنی دەنگی تفەگ و روونبوونەوەی هەر دوو لاو پاش دڵنیابوونی لە بارودۆخەکە (٧٠٠ کەس) لە سوارانی کەڵهوڕ دەنێرێ بۆ کۆمەکی ئیحتشام و لدەولەو بەهانایانەوە چوون و لە هێزەکانی سالارودوله رزگاریان بوو. هێزەکانی سالارودەوله و نەزەرعەلی خان بەرەو سەنگەرەکانی خۆیان کشانەوە.

بـۆ ڕۆژی دوایـی نیـاز بـوو هێزەکانـی دەوڵـەت کاری سـالارودەولە یـەکلا بکەنـەوە، بۆیـە تـەواو تەیـار بـوون، کـە بـەرەو کێـوەکان هێرشـیان کـرد هیـچ بەرگرییـەك لەلایـەن یاخیبووانـەوە بـەدی نەدەکـرا. هێزەکانـی دەوڵـەت توانیـان گەمـارۆی کێـوەکان بـدەن و لەئەنجامـدا چەنـد کەسـێکیان نـارد بـۆ چسـت وچـۆی بارودۆخەکـەو لـە دۆخـی هێزەکانـی سـالارودەولە تێبگـەن. کـە چاویـان بـە سـەنگەرە کانیـان کـەوت سەرسـام بـوون. سـەنگەر چـۆل و کـەس تێـدا نەمابـوو، گوایـا هـۆکاری هەڵهاتـن و پەراگەندەبونیـان بـە هـۆی بروسـکەیەکی دەوڵەتـەوە بـوو کـە ناردبـووی بـۆ نـەزەر عەلـی خـان و ئاگاداری کردبـوو کـە ئەگـەر بـەردەوام بـێ لـە پشـتگیری کردنـی سـالارودەولە چارەنووسـی خـراپ دەبـێ. دەقـی بروسـکەی دەوڵـەت بـۆ نـەزەر عەلـی خـان بـەم شـێوەیە بـوو:

(( ئـەم یاریـە چیـە تـۆ دەیکەیـت؟ مەبەسـتت چیـە، یاخیبوونـە؟ پێشـبینی نەدەکـرا جەنابـت دوای قسـەی سـالارودەولە بکەویـت! دژایێتـی کردنـی دەوڵـەت دەبـێ بـە مایـەی خراپـکاری و مـاڵ وێرانـی هۆزەکـەت. وا دەزانیـت دژایێتـی کردنـی دەوڵـەت یاریـە! هـەر چەنـد دەوڵـەت دەسـتبەتاڵ نییـە، بـەڵام ئەوەنـدە بـێ دەسـەڵات نییـە کـە نەتوانێـت تـۆو سـالارودەولە سـەرکوتبکات. بـە گەیشـتنی ئـەم بروسـکەیە خـۆت و سـوارەکانت بگەڕێنـەوە بـۆ نێـو هۆزەکەتـان و دەوڵەتیـش چاوپۆشـیتان لێـدەکات. تـا زووە بـڕۆو واز لـە سـالارودەولە بێنـە)). [٤٢]

نـەزەر عەلـی خـان ئـاگای لـە فراوانـی هێزەکانـی دەوڵـەت بـوو، بەگەیشـتنی ئـەو بروسـکەیە ئـۆردوگاری زاواکـەی بـە جێدەهێڵـێ. سـالارودەولە ویسـتی بـە هـەر شـێوەیەك بێـت رازیـی بـکا بـۆ ئـەوەی بمێنێتـەوە، بـەڵام بێسـوود بـوو، بـە گەڕانـەوەی نـەزەر عەلـی خـان و هاوڕێیانـی، سـالارودەولە تـرس کەوتـە بـەری، هـەر بـەو شـەوە هەڵهـات بـە شـێوەیەکی تەواوەتـی کەسـیان لەوێـدا نەمـا.

سـەبارەت بـەم ڕووداوانـە دەوڵـەت دوو بروسـکەی بـۆ سـالارودەولە و نـەزەر عەلـی خـان دەنێـرێ. یەکـەم بروسـکە بـە تەواوەتـی و دوور ئەندیشـەیی نورسرابـوو، لـە هەمـان کاتـدا مەترسـی یاخیبوونـی لێـوە بـەدی دەکـرا. دووەم بروسـکە دڵنیابـی بـوو لـە شکسـت هێنـای یاخیبوونەکـە لـە ڕۆژی (٢٦)ی ڕەبیعـی دووەم بـە هـۆی کۆمەکـی هـۆزی کەڵهـور لەگـەڵ هێزەکانـی دەوڵـەت شکسـتیان بـە یاخیبوونەکـە هێنـا. لەبـەر هەمـان هـۆکار دەوڵـەت بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە ئـەو بروسـکەیەی بـۆ نـەزەر عەلـی خانـی سـەرکردەی لـوڕەکان نـارد. بـە هـەر جۆرێـك بێـت سـالارودەولە بـەرەو کرماشـان هەڵهـات و پەنـای بـردە بـەر قونسـوڵخانەی ئنگلیـز، لەوێـوە نامەیەکـی بـۆ باشـای بەریتانیـا ئیـدواردی

حەوتـەم نـاردو داوای پارێـزگاری کردنـی خـۆی و خێزانەکـەی لێکـرد. لـە بەڵگەیەکـی مێژوویـی رۆژی هەشـتی جەمـادی یەکەمـی سـاڵی ( ١٣٢٥ك) دا واتـا پـاش یـازدە رۆژ لـە شکسـت خواردنـی یاخیبوونەکـەی لـە شـاری نەهاوەنـد[٤٣] دەڵـێ :

((بەرێـز ئیمپراتـۆری شـکۆدار، خاوەنـی توانـا و هێـزی شـکۆمەند، مامـی بەخشـندەو خاوەنـی تەخـت و تاجـی بـە ناوبانـگ و شاهەنشـای وڵاتانـی سـەر بـە بەریتانیـا – خـودا مولـك ودەسـەلاتت بپارێزێـت – بـە مەبەسـتی یەکگرتـن ویـەك ئامانجـی هـەردوو دەوڵەتی بـە هێـزی هـەردوو لامـان، ئـەم بارودۆخـە پێویسـتی بـەوەی کـرد روو لـە کونسـوڵخانەی مامـی بەخشـندەو خـاوەن تاجـی بەگزادانـە بکـەم و سوپاسـگوزاری ئـەو پلـە و پایەیـە بـم کـە هەمیشـە جێگای ئومێـد و هیوایە. لـە هەمـان کاتـدا داواکارم لـە یەزدانـی مـەزن بتپارێزێـت و شـکۆدارتر بیـت، مامـی بەخشـندەم، لـەم کاتـەدا و لـەم جێگایـەوە داوای پارێـزگاری کردنـی شـەرف و پایـەداری خـۆم و خێزانەکـەم لـە جەنابـی پاشـای بەرێزتـان دەکـەم خـودا پشـتیوانت بێـت)).

**سالارودەولەی قاجاری**

**لە ئەرشیفی وەزارتی کاروباری دەرەوە بەریتانیا**

**ساڵی ( ١٣٢٥ك)٠**

بـەڵام هەڵوێسـتی بەریتانیا سەلبـی بـوو. ئەوە بـوو سـالارودەولەی دایەوەبـە نوێنەری دەوڵەتـی ئێـران لـە کرماشـان، لـەم بارەیـەوە – فەریدولملوکـی همدانـی- فەرمانـدەی کرماشـان دەنووسـێ :

((شـازادە سـالارودەولە کـە لـە لوڕسـتان یاخیبوونـی راگەیانـدو داوای تەخـت وتاجـی دەکـرد. کـە مامـی سـیفولدەولە هێنـای بـۆ تـاران، دوو رۆژ لـە تـاران دەمێنێتـەوەو لـە خانووەکـەی (ئەتابەگـی ئەعـزەم میـرزا عەلـی ئەزغـەر)دا نیشـتەجێ دەبـێ و چاوەڕێـێ فەرمانـی پاشـا دەکات)).[٤٤]

پـاش رۆژی (١٠)ی رەجەبـی سـاڵی (١٣٢٥)ی کوچـی، چەندیـن کەسـایێتی وەکـو دایکـی نـور الدولـه (نورسـەڵتەنە) و کوڕەکـەی (محمـد علی میـرزا) وزانایانـی ئاینـی وەکـو (تەباتەبایـی و بەهبەهانـی) داوایـان لـە حەمـە عەلـی شـا کـرد لـێ خۆشـبێت[٤٥] ئەڵبەتـە ئەمیـش هاتـە دەنگیانـەوەو لـێ خۆشـدەبێ.[٤٦]

پاشـان لـە نـاکاو دووچـاری گرفتـێ دەبێتـەوەو بـە دەستبەسـەری لـە یەکـی لـە تەلارەکانـی دەوڵـەت عەشرەتـدا دەمێنێتـەوە ئەڵبەتـە یەکـێ لـە هۆکارەکانـی لێخۆشـبوونی لـە لایـەن پاشـاوە ئـەوە بـووە کـە سـالارودەولە دەسـکەلایەك بێـت بـۆ پێوسـتیەکانی خـۆی

بەتایبەتـی وەکـو هێزێکـی فشـار لـە دژ مەشروتیەتخـوازان هەڕەشـەی پێبـکات. بـەڵام دوایـی لـە ساڵی ( ١٣٢٦ی ك)[٤٧] محەمـد عەلـی ئەنجومـەن تۆپبـاران دەكات و بـە سـەریدا زاڵ دەبـێ و پێـدا دەگـرێ لـە ئاسـت دوورخسـتنەوەی بـۆ ئەوروپـا.[٤٨]

## ٢- ٧ دەنگدانەوەی گەڕانەوەی داودخان بۆ نێو هۆزی کەڵهوڕ

کەڵهـورەکان پـاش هەڵهاتنــی سـالارودەولە ڕۆژی ٢٧ی ڕەبیعــی دووەم باروبنــەی خۆیـان بـەرەو کرماشـان دەپێچنـەوە. لـە ڕۆژنامــەی ((صـور ئیسرافیـل)) بـە بۆنـەی سـەرکەوتنی هـۆزی کەڵهـور و داود خانـەوە سوباسو پیرۆزنینـی ئاراسـتە کردبـوون و گوایـە جوامێرانـی سـواری کەڵهـوڕو بەفەرماندەیـی داود خـان و جوامێـر خانـی کـوڕی هـۆکاری ئـەو سـەرکەوتنە مەزنـە بـوون.[٤٩]

لەگەڕانەوەیانـدا، خەڵکـی نەهاوەنـدو شارەکانی سـەر ڕێـگا پێشوازیی و پیرۆزبایییـان لێکـردن. پـاش گەیشـتنیان بـۆ نیـۆ هۆزەکەیـان، خەڵکـی خۆێنگەرمـی هـۆز بـە سـەربڕینی حەیـوان و هەلهەلـێ پێشـوازیان لێکـردن. ئـەم جووڵانەوەیـەی هـۆزی کەڵهـوڕ لـەو دەڤــەرەدا دەنگـی دایـەوە، بـە شـێوەیەك نـاو بانگێیکـی زۆری بـە داودخـان و هـۆزی کەڵهـوڕ بەخشـی. لەلایەکـی دیکـەوە ئـەم کارە بـووە مایـەی ئێرەیـی حوکمڕانانـی کرماشـان تەنانـەت بـە گۆڕینـی حوکمڕانانـی کرماشـانیش ئـەو ئێرەییـە هـەر لـە مێشـکیاندا مایـەوەو، حەزیـان نەدەکـرد گرنگیەکـی وا بـەو هـۆزە بدرێـت، بـە قسـەی بەسـاڵاچوان کـەوا لـە بەشـەکانی دیکـەی ئـەم پەرتووکـەدا قسـەی لێدەکەیـن، ئەنجامـی ئـەم دوژمنایێتیـە، پاڵـی بـە داود خانـەوە نـا کـە واز لـە مەشروتیەتخـوازان بێنێـت، تەنانـەت دوژمنایێتیـان بـکات، هەتـا رادەیـەك لەگـەڵ سـالارودەولە دا یەکـی یگرتـەوەو لـە ئەنجامـدا کێشـەیەکی سـەختیان بـۆ دەوڵـەت و ئەنجومـەن بەرپاکـرد. لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـە خاڵێـك بکەیـن :

سـەرەڕای خێڵەکانـی سـنجاوی، گـۆران، قەڵخانـی و ئـەو هۆزانـەی سـەر بـە کەڵهـوڕ بـوون وەکـو سـوارانی خاڵـدی کەبڕبـڕەی پشـتی لەشـکری داودخـان بـوون، تـا سـوارانی تیرەکانـی دیکـەی وەکـو (سیاسـیا، منشـی، کوڵەپـا، خەمـان، کـەرگا، قوچمـێ، گیلانـی، کازم خانـی، زەینەڵخانـی، شـێرگ، شـیانی، مەنسـوری، شـوان، کوڵەجـو، مغیـرە، ڕێزەوەنـد، میرعەزیـزی.... هتـد) لـەم لەشکرکێشـیەدا بـەرەو نەهاوەنـد بوونـەوە، ئەڵبەتـە سـەرەڕای کەمبوونـی پێویسـتییە لوجسـتییەکان، بـە سـەرۆکایەتی داودخـان ڕۆڵێکـی گرنگیـان هەبـوو لـەم جەنگـەدا.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١. احمد، کسروی، تاریخ مشروطه ایران، ل٣٦٨
٢. مهدی ملك زاده، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ب٢ ٢٥٨.
٣. مهدی ملك زاده، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ل٢٥٩.
٤. ناظم الاسلام، کرمانی، تاریخ بیداری ایرانیان، ل٢٥٦.
٥. مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت ب٣ ل٤٨٠.
٦. احمد، کسروی، تاریخ مشروطه ایران، ل٢٦٨.
٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٦٨.
٨. مهدی ملك زاده، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ب٢ ل٢٥٩.
٩. ناظم الاسلام، کرمانی، تاریخ بیداری ایرانیان، ل٦٨.
١٠. یوسف، مغیث السلطنه، نامەهای یوسف مغیث السلطنه (١٣٢٥ / ١٣٣٤ك) بە کۆشش معصومه مافی، تەهران : نشر تاریخ ایران ١٣٩٢، ل١٧٥.
١١. هەمان سەرچاوە، ل١٧٥.
١٢. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت ج١، تەهران : انتشارات فردوسی وعلمی ١٣٦٣، ل٣٠٠.
١٣. نەزەر عەلی خان لە شوێنی خۆیان بە ناوی ((نەزەبەخی)) بە ناوبانگ بووە. لە هۆزی ئەمرایی تەرهانی لوڕستانە و خاوەنی چەند نازناوە وەکو ((سەرداری نەصرەت، سەرداری ئەکرەم. ئەمیر نیزام و ئەمیر ئەشرەف)) لە سەرکردە گەورەکانی لوڕستان بوو کە ساڵەهای ساڵ لە باکوری لوڕستان لە تەرهان خاوەن دەسەڵات بووە. پیاوێکی دەست بڵاو و سەرپەتی و ئازا بوو بێ، هەستی شاعیری هەبووە، والی پیشکۆ بەرامبەر پشتکۆ (ئیلامی ئیستا) بووە کە پیشکۆ خورماباد و تەرهان و کوهدە شت و دڵفان و بروجەرد دەگرێتەوە.
١٤. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت ل٣٠٠.
١٥. احمد، کسروی، تاریخ مشروطه ایران، ل٣٦٧.
١٦. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ل٣٠١.
١٧. ئەمیر مسعود، معتمدی ((غائله سالار الدوله)) در بررسی های تاریخی، ساڵ

سـوم، شـماره ٣ ل١٨١.
١٨. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ل٣٥٢.
١٩. ئەمیر مسعود، معتمدی ((غائله سالار الدوله)) در بررسی های تاریخی، ل١٩.
٢٠. ئەمیر مسعود، معتمدی ((غائله سالار الدوله)) در بررسی های تاریخی، ل٢٠.
٢١. هەمان سەرچاوە، ل٢١.
٢٢. هەمان سەرچاوە، ل٢٢.
٢٣. یوسـف، مغیـث السـلطنه، نامەهـای یوسـف مغیـث السـلطنه (١٣٢٥ / ١٣٣٤ك) بـە کۆشـش معصومـە مافـی، ل٢٠٩.
٢٤. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ل٣٥٣.
٢٥. یحیی، دولت ابادی، حیاه یحیی، ب٢ ل١٥٨.
٢٦. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ل٣٠٣.
٢٧. هەمان سەرچاوە، ل٣٠٤.
٢٨. مهدی ملك زادە، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ب٣، ل٤٠٨.
٢٩. ئەردە شیر، کشاوزر، کرماشان : طاق بستان، ل٦٣.
٣٠. هەمان سەرچاوە، ٦٤.
٣١. (اسلام اباد)ی ئیستا.
٣٢. اوژن، اوبن، ایران امروز : زوار ١٣٦٢، ل٣٥٢.
٣٣. تەتەرکانی هۆزی کەڵهور.
٣٤. یەکـێ لـەو کەسـانە بـووە زارەکانـی ئینگلیـزی و فەرەنگسـاوی دەزانـی و جێنشیــنی داود خـان بـووە لـەو دەڤـــرەدا.
٣٥. مهدی ملك زادە، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ب٣ ل٤٨٠.
٣٦. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ب١ ل٣١٧.
٣٧. هەمان سەرچاوە، ل٣١٨.
٣٨. هاشم، محیط مافی، مقدمات، ب١ ل٣١٩.
٣٩. هەمان سەرچاوە، ل٣١٩
٤٠. هەمان سەرچاوە، ل٣٢٠.
٤١. هەمان سەرچاوە، ل٣٢٠.

٤٢. هاشم، محیط مافی، مقدمات مشروطیت، ب١، ل٣٤٩.
٤٣. رضـا، اذری. در تکابـوی تـاج وتخـت (اسـتاد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار) تەهـران : انتشـارات سـازمان اسـناد ملـی ایـران. ١٣٧٨، ل٤٨.
٤٤. میـرزا محمـد علـی خـان، فریـد الملـك همدانـی، خاطـرات فریـد( أز ١٢٩١ تـا ١٣٣٤). گـر ێورنـد مسـعود فـرد (قراگزلـو). تهـران زوار، ١٣٥٤، ل٢٧٥.
٤٥. رضـا، اذری. در تکابـوی تـاج وتخـت (اسـتاد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار) تەهـران : انتشـارات سـازمان اسـناد علـی ایـران. ١٣٧٨، ل٤٨٢.
٤٦. مهدی ملك زادە، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ج٢، ل٢٥٩.
٤٧. کتێبــی (نامەهـای یوسـف مغیـث السـلطنە - ل٢١٤ لـە پەراوێـزی نامەیـك لـە ڕۆژی ٢٥ی صەفـەر سـاڵی ١٣٢٦ك دەڵـێ سـالارودەولە تائێسـتا زیندانیـە. بەگوێـرەی ئـەم ڕۆژە نیـازی وابـوو دووری بخاتـەوە.
٤٨. مهدی ملك زادە، تاریخ أنقلاب مشروطیت، ب٢، ل٢٦٠.
٤٩. (روزنامـە صـور أسرافیـل) شـمارەها ٨- ٧ ل١٦٢- ٦١ بـرای مطالعـە بیشـتر جزئیـات روزنامـە رجـوع کنیـد فصـل پیوسـتها در پایـان کتـاب.

# چالاکیەکانی محەمد عەلی شای لەپێناوی وەرگرتنەوەی تەخت وتاج

## ١-٥ مەشروتیەت و محەمد عەلی شا

مەشروتیـەت بزوتنـەوەو ڕاپەرینێکـی جەمـاوەری دژی سـتەمکاران بـە مەبەسـتی وەدەسـتهێنانی حکومەتێکـی یاسـایی بـوو، ئـەم بزوتنەوەیـە پێـش سـەرکەوتنی مەشروتیەتخـوازان و دەرچونـی فەرمانـی مەشروتیـەت، لـە لایـەن موزەفەرەدیـن شـاوە دەسـتی پێکـرد. چەنـد هۆکارێکـی گـەورەو جیاجیـا بـوون بـە هـۆی سـەرهەڵدانی بزوتنەوەکـە. لـە نێـوان ئـەو هۆکارانـە دەتوانیـن ئامـاژە بـە شۆڕشـی مەزنـی فەرەنسا بکەیـن و ئاشـنایی ئـەو ئێرانیانـە، کـە سـەفەری ئەوروپایـان دەکـرد بەحکومەتـی یاسـاو سـەفەری پاشـاکانی قاجـاری بەتایبەتـی سـەفەرەکەی ناسرەدیـن شـاو سـەردانی زانایـان و بیرمەنـدان بـۆ ئێـران وەکـو سـەردانەکەی (سـەید جەمالەدیـن ئەفغانـی)و ئەوانـی دیکـە. گەلـی مەشروتیەتخوازانـی ئێـران پاش سـاڵانی خەبـات دژی زوڵـم و زورداری و پاوانخوازانی ناخـۆ کەئیمپریالیزمـی دەرەوە پشـتیوانیان بـوو. لـە مانگـی (ذیلقعەعـدەی سـاڵی ١٣٢٣ك) توانییـان موزەفەرەدیـن شـا ناچـار بکـەن فەرمانـی دامەزراندنـی (عەدالەتخانـە = ژوری دادوەری) ئاشـکرا بـکا[١] عەینولدەولـە سـەرۆك وەزیرانـی ئێـران پیاوێکـی سـتەمکار بـووە. سـەرەڕای فەرمانـی شـا گوێـی بـە داواکانـی مەشروتیەتخـوازان نـەداوو بـە دوای هەلێـك دا گـەڕاوە بـۆ ئـەوەی مەشروتیەتخـوازان سـەرکوت بـکا. بـەڵام مەشروتیەتخـوازان بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی خواسـتەکانی خۆیـان، پەرەیـان بـە چالاکییەکانـی خۆیـان داوە. لـە ئەنجامـدا موزەفەرەدیـن شـا ناچـار بـووە دان بـە خواسـتەکانی گەلـدا بنێـت لـە ڕۆژی (١٤ جەمـادی دووەم سـاڵی ١٣٢٤ك) جـاڕی فەرمانـی مەشروتیـەت کێـشراوە[٢] پاشـان لـە ڕۆژی (١٧ی جەمـادی دووەم سـاڵی ١٣٢٤ك)، جەخـت لەسـەر دامەزراندنـی ئەنجومـەن کـراوە. موزەفەرەدیـن شـا کـە دەبینێـت خەڵـك سـوورن لـە ئاسـت داواکانیـان، دە ڕۆژ پێش

مردنـی دەسـتوری دەوڵـەت واتـە رۆژی (١٤ی زیلقەعـدە سـاڵی ١٣٢٤ك) واژۆوئاشـكرای كـردوە بـۆ مەشروتیەتخوازانـی ئێـران[٣] پـاش موزەفەرەدیـن شـا، محمـد عەلـی میـرزا كـە جێ نشـینی شـا بـووە، بەشـێوەیەكی فەرمـی دەبێتـە پاشـای ئێـران و دژی مەشروتیەتخـوازان دەوەسـتێ، ئەگەرچـی لـە ئاهەنگـی دەسـت بـە كاربـوون و دانیشـتنی لەسـەر تەخـت نوێنەرانـی ئەنجومەنـی بانگهێشـت نەكردبـوو، لەگـەڵ مەشرەتیەتخوازانـدا رێـك نەبـووە. بـەڵام لـەوە ترسـاوە سـالارودەولە دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، هـەر بۆیـە بـە ناچـاری لـە گـەڵ مەشروتیەتخوازانـدا رێككەوتـووە. دەوڵـەت ئابـادی لـەم بارەیـەوە دەڵـێ :

((محەمـد عەلـی میـرزای وەلیولعەهـد بـۆ پشـت ئەسـتوری خـۆی لەگـەڵ (مەلیـوە)دا رێككەوتـووە، بـۆ ئـەوەی نـەك لەگـەڵ مەشروتیەتخوازانـدا تێـك بچێـت و سـالارودەولەی بـرای كـەوا بەنهێنـی پێوەندیـی لەگـەڵ مەشروتیەتخوازانـدا هەبـووە، هـەر بوێـە ویسـتۆیتی ئـەم هەلـە بقۆزێتـەوە و تەخـت وتاجـی ئێـران وەدەسـت بهێنـێ[٤] بـەم شـێوەیە محەمـەد عەلـی میـرزا تەختـی پاشـایەتی ئێرانـی وە دەسـت هێنـاوەو پـاش چەسـپاندنی شـوێنی خـۆی، بـە جـددی ئـازاری مەشروتیەتخوازانـی داوەو بـەردەرام ئەنجومەنـی پشـت گـوێ خسـتووەو لـە خەیاڵـی ئـەوەدا بـووە كـە ببێتـە خـاوەن دەسەڵاتێـكی ڕەهـاو بەهێـزو تەنانـەت بـە هـۆی كۆڵۆنێـل لیخانۆفـەوە لـە سـاڵی (١٣٢٦ك) رەزامەنـدی روسـەكانی بەدەسـت هێنـاوە. بـارەگای ئەنجوومـەن، كـەوا ماڵـی گـەل بـووە، تۆپبـاران كـردووەو پـاش ئـەوە لـە باغشـا چەنـد ناودارێكـی مەشروتیەتخـوازان وەكـو جەهانگیرخانـی سـوری ئیسرافیـل و مەلیكولموتەكەلمیـن، لـە كارەسـاێتكی دڵتزێنـدا كـوژراون و[٥] ئەوانـی دیكـە یـا وڵاتیـان جـێ هێشـتووە یـان لـە ترسـی پیاوەكانـی محەمـەد عەلی شـا خۆیـان شـاردەۆتەوە، سـەرەڕای ناڕەزایـی خەڵـك، محەمـەد عەلـی شـا سەرمەسـتی سـەركەوتن بـووە. پـاش ئـەم رووداوە چاوەڕوانـی ئـەوە نەكـراوە مەشروتیەتخـوازان جارێكـی دیكـە سـەر هەڵدەنـەوە، بـەڵام ئـەو كارە بـە دڵـی بەڕێـوە نەچـووە. تەورێـز وەكـو پێگـەی نەیـاران دژ بـە زۆرداران و سـتەمكاران راپـەڕی. ئازادیخوازانێكـی زۆر وەكـو یارمحەمـەد خانـی كرماشـانی بـەرەو تەورێـز چـوون و خەباتیـان دژ بـە هێـزی دەوڵـەت پتەوكـرد، لـەو رۆژانـەدا محەمـەد عەلـی شـا سـەرەڕای عەینودەولـە و فەرمانفەرمـا، (سـوپادار تەنگابـی) بـە فەرمانـداری ئازەربایجـان دانـا. سـوپادار لـە یادداشـتەكانی رۆژی (٢٩ی جەمـادی دووەم ١٣٢٦ك)دا دەنووسـێ :

((ڕۆژی (١٧ی جەمـادی دووەم ١٣٢٦ك) گەیشـتمە تـاران و سـەردانێکی پاشـام کـرد، بـۆ دوو ڕۆژی دوایـی فەرمادارێەتـی ئازربایجانـم پـێ سـپێردرا خوداوەنـد چیـی بـۆ شـاردبووینەوە! چارەنوسـم لـەم سـەفەرەدا نازانـم بـە چـی دەبـێ. ئەڵبەتـە ناچـار بـووم بـەوکارە ڕازی بـم، ئـەوڕۆ کـە ٢٩ی مانگـە سـبەینێ بـەرەو تەورێـز دەکەومـە ڕێ)).[٦]

لـە لایەکـی کـەوە هـەر وەکـو سـوپادار خـۆی دەڵـێ بـە ناچـاری[٧] بـەو کارە ڕازی بـووە، بـەرەو ئـوردوگای دەوڵـەت کەوتۆتـە ڕێ و لـە ڕۆژی (٢٩ی ڕەمـەزان ١٣٢٦ك دا)[٨] لـە ئـوردوگاری دەوڵـەت جیـا دەبێتـەوەو لـە شـاری (ڕەشـت)، لەگـەڵ خەباتگێـڕان دژی محەمـەد عەلـی شـاو سـتەمکارانی، ڕوو دەکاتـە کـۆڕی خەبـات، بـە قسـەی خـۆی سـێ مانـگ ونیـو لـە شـاری ڕەشـت ماوەتـەوەو[٩] لەپێنـاوی خزمەتکردنـی گەلـدا کاری کـردووە.

شـارەکانی دیکـە وەکـو ئەسـفەهان کـە (سمسـامی سـەڵتەنەی بەختیـاری) چـاوی بڕیبـووە شـاری تەورێـزو پێوەنـدی بـە ئازادیخوازانـەوە پتـەو کردبـوو. بەختیاریـەکان و سـوپادار، هـەردوو بـە هـاوکاری پـاش چەنـد پێکدادانێـك کـە بـە شـێوەیەکی فـراوان لـە یادداشـتەکانی سـوپادار باسـی کـراوە لـە ڕۆژی (٢٧ جەمـادی دووەم سـاڵی ١٣٢٧ك) دا توانییـان بگەنـە تـاران و محەمـد عەلـی شـاهیش هەڵـدێ و ڕوو دەکاتـەوە باڵیۆزخانـەی ڕوسـیا لـە ناوچـەی زەرگەنـدە، کـەوا کاوەی ئومێـدی بـوو، ئیـدی دەسـتی لـە تەخـت و دەسـەڵاتدارێتی شـۆرد.[١٠]

سـەردارانی مەشروتـە لـە بەهارسـتاندا کۆبوونەوەیەکـی فراوانیـان سـازکرد. محەمـد عەلـی شـایان لـە تەخـت لاداو ئەحمـەد شـای کـوڕی، کـە تەمەنـی دوانـزە سـاڵ بـووە، هەڵبـژارد بـۆ پاشـایتێ ئێرانـی، لەبـەر ئـەوەی تەمەنـی یاسـایی نەبـوو، عەلـی ڕەزا خانـی عەزدودەولـە سـەرۆك هـۆزی قاجـارەکان بە ناونیشـان (نیابەت سـەڵتەنەت = واتـە بریکاری شـا) دانـرا. سـەردار ئەسعەی بەختیـاری و سـوپادار تەنگابـی لـە پیـاوان و سیاسـەتمەدارانی ئـەو سـەردەمە بـوون. پێکـەوە حکومەتیـان بەرێوەدەبـرد. پـاش سـاڵێك عەزدولدەولـە مـردو ئەڵبەتـە ناسرولملوکـی بریـکاری پاشـا لـە لایـەن ئینگلیزەکانـەوە پشـتکیری دەکـرا جێـی دەگـرێ.

## ٣- ٢ چالاكییەكانی محەمەد عەلی شاو براكانی لەپێناوی وەرگرتنەوەی تەخت وتاج[١١]

محەمـەد عەلـی شـا رووی كـردە روسـیاو بـە پشـتوانی روسـەكان و بەریتانیـا مووچەیەكـی بـۆ بڕایـەوە. هـەر لـە سـەرەتای گەیشـتنی بـۆ خاكـی روسـیا دەسـت بەجـێ كەوتـە چالاكـی بـۆ وەرگرتنـەوەی تەخـت وتـاج.

روسـیا رێـگای گەیشـتنی هەواڵەكانـی نـاوەوەی ئێرانـی بـۆ فراهامكـرد. كاتـێ دەوڵەتـی ئێـران لـەم كارە ئـاگادار بـۆوە سـاڵی (١٢٨٩ كوچـی هەتـاوی) مووچەكـەی بـڕی، بـەڵام نوێنەرانـی روسـیاو بەریتانیـا رێگایـان بـەو كارە نـەداو سـەرباریش دەوڵەتـی ئێرانیـان ناچـار كـرد بـری (٢٥هـەزار) تومەنـی بۆتەرخانـكات. كـسرەوی دەنووسـێ :

((ئـەم پارەیـە بوارێكـی فراوانـی بـۆ محەمـەد عەلـی فراهـام كـرد، لـە رێـگای ئودیسـایەوە گەشـتێكی شـارەكانی ئەوروپـای كـرد وەكـو (برۆكسـیل، بەرلیـن، میـلان، نیـس، باریـس و چەنـد شـارێكی دیكـە) لـە هـەر شـارێك مـاوەی چەنـد رۆژێـك دەمایـەوە وچـاوی بـە هاوەڵەكانـی ئەوشـارانە دەكـەوت.[١٢]

لـە سـاڵی (١٣٢٩ك) دا محەمـەد عەلـی شـاە خـۆی ئامـادە دەكـرد بـۆ گەرانـەوە. وایدەزانـی هـەل و مەرجـی كات و شـوێن لـە بـارن بـۆ ئـەوەی بـرەو بـە چالاكییەكانـی خـۆی بـدات ئـەوە بـوو پێوەنـدی بـە براكانیـەوە (سـالارودەولە و شوعاعولسـەڵتەنە)وە كـرد. پاشـای لـە تەخـت وتـاج دەركـراو لـە شـاری ڤـیەنا پێوەنـدی بـە سـالارودەولەوە كرد. چونكـە دەیزانـی سـالارودەولە ئاشـنایی هەیـە لـە گـەڵ هـۆز وخێڵەكانـی رۆژئـاوای وڵات و دەتوانێـت پشـتگیریان دابیـن بـكات، هەروەهـا دیـداری (زیلـی سـولتان)ی مامـی كـرد، ئەمیـش هاوكاریـی كـرد. ئەمانیـش پـاش تاوتوێكردنـی زەمینـە و چۆنیەتـی بزوتنەوەكەیـان و دیـاری كردنـی ئاسـت و شـوێنی هێرشـكردینان بـەرەو تـاران بڕیاریانـدا كـە پاشـای لـە تەخـت دەركـراوی شاهسـون لەگـەڵ دۆسـتان و هاوەڵانـی خۆیـدا لـە باكـورەوە هێـرش بـكات و سـالارودەولە لەگـەڵ گەیشـتنیدا بەكوردەكانـی رۆژاوای وڵات (سـابلاخ وموكـری[١٣] و هەورامـان و كەڵهـور و سـنجاری و خێڵەكانـی لـوڕو بەختیـاری و پشـتكۆ لـە رۆژئـاواوە هـرۆژم بكـەن و لەچەنـد لایەكـەوە تەنـگ بـە دەوڵەتـی مەشروتیـەت هەڵبچنرێـت، بـۆ ئـەوەی بتوانـن تەخـت وتانجـی لـە دەسـت دەرچـووی دووبـارە وە دەسـت بهێنێتـەوە.

هێنـدی کـەس لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە سـالارودەولە کاری بـۆ خـۆی دەکـرد. بۆیـە هاورێیەتـی محەمـەد عەلـی شـای کـرد. بـۆ ئـە مـەش شـیعرێکی کـوردی دەسـتنووس بەڵگـەی یاخیبوونەکـەی سـالارودەولە دەخەنـەڕوو کـە نیشـانەی لـە خۆبایـی ئـەم کابرایـە. شـیعرەکە دەڵـێ:

سالارودەولە چوون پوورِ شایی ئیسمش لە تەمام جەهان ئەو پا بی

ئەمجا لە غرور ئیدعای شاهی کرد پەنا وە سەردار سەرحەدان ئاوەرد[١٤]

بـە هـەر شـێوەیەك بـێ سـالارودەولەش بـە هاوڕێـی محەمـد عەلـی دەسـتی بـە کار کـرد. ویسـتی کارێـك بـۆ خـۆی یـان بـۆ محەمـد عەلـی شـا بـکات. کێشـەیەکی گـەورەی بـۆ دەوڵـەت وئەنجومـەن دروسـت کـرد. هەڵبەتـە لـە نـاو ئێرانیشـدا کەسـانێك هەبـوون پشـتیگری لـە گەڕانـەوەی پاشـای لـە تەخـت دەرکـراو بکـەن کـە ژمارەیـان؟

## ٣- ٣ هاتنی محەمد عەلی شا بۆ باکوری ئێران

محەمـد عەلـی شـا پـاش هاوکاریکردنـی لـە گـەڵ دەوڵەتـی روسـیا، پێشـەکی موجەلەلولسـوڵتانی بـەرەو باکـوری ئێـران نـارد، تـا لـەوێ پێوەنـدی بـە خێڵەکانـی ئـەو دەڤـەرانەوە بـکات. بەپێـی قسـەی ناوبـراو، ئـەوان لـە پێنـاوی وە دەسـت هێنانـی تەخـت و تاجـی لـە دەسـت دەرچـوو دا دەکۆشـان، بانگهێشـتی کـردن و ئاگادارکردنـەوە کـەوا سـالارودەولە بـەرەو رۆژاوای ئێران دەکەوێتـەرێ و خۆشـی بـە پەلـە بە دوایانـدا دەکەوێت. موجەلەللسـوڵتان پێوەندیـی بـە خێڵەکانـی (یورتـی و شاهسـون)ەوە کـرد، ئەمانیـش ئامادەیـی خۆیـان بـۆ یارمەتـی و هـاوکاری کردنـی پاشـای پێشـوو و پێویسـتیەکانی نیشـان دا. مەلیکـزادە دەنووسـێ :

((پـاش ئـەوەی محەمـد عەلـی شـا کاری خـۆی لـە هەمـوو لایەکـەوە رێکخسـت، ئیدی کاتـێ ئـەوە بـوو کـە بـەرەو ئێـران بکەوێتـەرێ، ئـاگاداری ئـەوەش بـوو کـە سـالارودەولە توانیبـووی قۆشـەن کـۆ بکاتـەوە هەروەهـا ئـەو تـۆب وتفەنـگ وتەقەمەنییانـەی کـە ئەرشـەد کڕیبـووی، رەوانـەی ئێرانـی بـکات. پـاش چەنـد رۆژێـك بـە ناوێکـی خـوازراوەوە لەگـەڵ شـەش کـەس لـە هاوەڵەکانـی لەرێـگای روسـیایەوە بـەرەو ئێـران کەوتنـە رێ)).[١٥]

بێئـەوەی روسـیا رێـگا لـە محەمـد عەلـی شـاە لـێ بگرێـت خـۆی و هاوەڵەکانـی

گەیشتنە خاکی ئێران، ئەڵبەتە بۆ پاراستنی خۆی، ناوی خۆی گۆڕیبو. لەرۆژی (٢٢/ ٥)ی ساڵی (١٣٢٩ی ك) دا گەیشتە (گۆمش تەبە). کسرەوی دەنووسێ:

محەمەد عەلی شا بە سەرو ریشێکی درێژەوەو بە ناوی (خلیل بەغدادی)یەوە و بە باروکاڵایەکی زۆروە کە بریتیبوو لە مەترلیۆزو[16] تفەنگ و پێویستیەکانی جەنگ و بە ناوی بارزگانێگی قەوقازیەوە سنووری بەزاندو گەیشتە بەندەری پترۆسکی، لەوێ بە هاوکارێتی[17] دوانزە کەس کە یەکێکیان (مەلیك مەنسور میرزا)ی برای بوو، لە تەك دۆستێکی دێرینی تری خۆی بە ناوی (حسەین پاشا خان ئەمیر بەهادر)ەوە بە کەشتییەکی روسی (کریستۆفەرس) کە شەش کەس لە دەریاوانەکانی روسی بوون، رۆژی ٢٥ی تیرماه گەیشتنە ناوچەی گۆمش تەپەی ئێران.[18]

هەواڵی گەیشتنی محەمد عەلی شا بەلای ناسیرمولك و ئەوانی ترەوە، هەواڵێکی تۆقێنەر بوو و بووە بە مایەی هەراو ئاژاوە. پاش گەیشتنی و کۆبوونەوەی لە گەڵ سەرۆك خێڵەکانی باکوری وڵات، بەرەو (ئەستراباد) کە شارێکی بێ فەرماندار بووە، کەوتەڕێ بە هەر شوێنێکدا تێدپەری داوای لە مەردومی ئەو شوێنە دەکرد کە بێنە ریزییەوە، بۆیە رۆژ بەرۆژ هێزەکەی لە زیاد بووندا بووە. لە شکرەکەی بریتیبو لە شاهسونەکان وتورکمانەکان و هەموو ئەو هۆزانەی کە لەوەو پیش پێوەندی لەگەڵدا کردبوون. بە گوێرەی سەرچاوەکان لە رۆژی گەیشتنیەوە هەتا هەنگاوی بەرەو تاران، دەستە، دەستە خەڵك پێوەندیان لەگەڵدا دەکرد. ئەم بزوتنەوەیە لە باکوری ئێرانەوە هاوکات لەگەڵ چالاکی سالارودەولە لە کوردستاندا بووە بە بوومەلەرزەیەك و وڵاتیان هەژاند. شوستەر دەڵێ :

((مەترسی لەوەدا بووە کە لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بگەنە سنووری تاران)).[19]

محەمد عەلی شا پێوەندی بە سالارودەولەوە کردو هەواڵی ئوردوگاکەی خۆی پێ گەیاند. ئەمیش لە گەڵ بیستنی ئەو هەواڵانە، لە سنەندەج (سنە)وە پەرەی بە چالاکیەکانی خۆی دا.

ئەم هەماهەنگیە دووقۆڵییە بووە هۆی تەنگ هەڵچنین بە دەوڵەت و ئەنجومەن. ئەرشەدولدەولەش بە بیستنی هاتنی محەمەد عەلی بەخۆی وئامێرە جەنگیەکەیەوە پێوەندی لەگەڵ لە شکری پاشای لە تەخت دەرکراودا کرد. ئەمش بووە بە هوکاری سەخت بوونی کێشەکانی دەوڵەت کە لە ڕاستیدا هێزێکی بەرەنگاری تەواوی نەبوو.

## ٣- ٤ بەرهەڵستی حکوومەتی ناوەند بەرامبەر هێزە یاخیبووەکە

دەوڵـەت و ئەنجومـەن لـە بارودۆخێکـی مەترسـیدار بـوون و بـە داوی چارەسـەرێکدا دەگـەڕان. لـەو کاتـە دا بـە هـۆی هاتنـی محەمـد عەلـی و براکانییـەوە، بارودۆخـی شـارەکانی ئێـران کـرژو ئاڵـۆز بـوو بـوون. ئەڵبەتـە هاوڵاتیـان چالاکییەکـی فراوانیـان نوانـد، بـە شـێوەیەك وڵاتیـان پەریشـان کـرد. ڕۆژئـاوای ئێـران بـە دەسـت سالارودەولەوە بـوو. باکوریـش بـە هـۆی دەسـەڵاتخوازانەوە لـە بارودۆخێکـی ئاڵۆزتردا بـوو. تاقمـە کۆنەپەرەسـتەکان و هاوپەیمانانیـان کـە پێوەندیـان بـە محەمـد عەلـی شـاوە کردبـوو دەسـتگیر کـران. بـە گوێـرەی قسـەی مـۆرگان شۆسـتەر کەدەڵـێ :

(( سـی یـان چـل کەسـێ دەبـوون یەفـرم خـان، سـەرۆکی ڕێکخراوەکەیـان دەسـتگیر کـرد)).[٢٠]

ئـەم کارە تـا ڕادەیـەك بـووە هـۆکاری بنبڕکردنـی پرۆپاگەنـدەی دووبەرەکـی، بۆیـە بارودۆخەکـە ڕووی لەهێوربوونـەوە کـرد)).

لێـرەدا بەرەنـگاری کێشـەیەکی گـەورە بوونـەوە ئەویـش: نەبوونی هێزی پێویسـت بـۆ بەرەنـگاری یاخیبـووان، ئەمـەش دەسـتی دەوڵەتـی لـە پشـتەوە شـەتەکدابوو، تەنانـەت لـەو بارودۆخـە ئاڵـۆزەدا پارەیەکـی پێوسـت لـە گەنجینـەی دەوڵەتـدا نەبـوو، بـۆ ئـەوەی بتوانـن هێزێـك فراهـام بکـەن. تەنهـا تاقـە ڕێگایـەك مابـووە، ئـەوەش خەباتگێـڕە (مجاهدیـن) پێشـوەکان بـوو. کـە لەوەوپێـش کـەس لای لێنەدەکردنـەوە. سـەرانی مەشروتیـەت مەترسـی ئەوەیـان بـوو کـە ئەمانـە بـە دەنگیانـەوە نەیـەن، بەڵام لەبەرئـەوەی ناسروملولـك چارەیەکـی دیکـەی نەبـوو داوای هـاوکاری لێکـردن. هێنـدێ سـەرچاوە لـەو بڕوایەدابـوون کـە ئازادیخـوازان هەسـتیان بـە مەترسـی دەکـرد بۆیـە کەوتنـە جموجـۆڵ و چەکیـان هەڵگـرت، هەروەهـا لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە هەمـان خەباتگێـڕن و لایەنگری یەفـرم خانـن. مسـتوفی دەنووسـێت :

بەرامبـەر بـەو هروژمـە سـێ قۆڵییـەی ئازادیخـوازان کـە هێزێکـی ڕێکوپێـك و یەکگرتـوو بـوون. دەوڵـەت ناچـار بـوو بـۆ ئـەم کارە داوایـان بـکات، بۆیـە ژمارەیـەك لـە تێکۆشـەرانی پێشـوو کـە چەکیـان دانابـوو، خەریکـی کاروبـاری ژیـان بـوون و کاری دەوڵەتیـان بـە دەسـتەوە نەبـوو دووبـارە چـەك هەڵگرنـەوە.[٢١]

ژیانی حیزبایەتی لەو سەردەمەدا بریتبوو لە دوو حیزب (میانرەو دیموکرات) ئەم دوو حیزبە لە چەند روویێکەوە پێکەوە نەدەگونجان بەڵام لەم سەردەمەدا ناکۆکییان خستە ئەولاوەو پێکەوە بەرامبەر ئەو مەترسییە وەستاون کە هەڕەشەی لە مەشروتیەت دەکرد. بۆیە ناسرولملك لەگەڵ ئەنجومەن و تاقمەکانی دیکە بە تەواوی دوودڵ بوو. لێرەدا :

((هێزە دێرین و قەوزاقەکان جێگای متمانە نەبوون. هەربۆیە ناچاربوون بیر لە کۆکردنەوەی خەباتگێڕە دێرینەکان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لە شکرێکی پشت پێوە بەستراو پێکبهێنن بۆ بەرەنگاری پاوانخوازان)).[٢٢]

سەرانی مەشروتیەت بیریان لە رۆژێکی وا نەکردبووە. هەڵس و کەوتیان لە گەڵ خەباتگێڕاندا کە بە روحیەتێکی لە خۆبوردن لە پێناوی مەشروتیەتدا تێدەکۆشان و بێ بەزە یبوو. بەو ڕۆگیانەوە لە بۆ کۆمەکی مەشروتیەت هاتنە پێشەوە. تاقمێکیان لە پارکی ئەتابەگ پەڕاگەندە بوون. ئەم ماجەرایە لە لایەن دیموکراتەکانەوە و لە ریزی پێشەوە سەردار (ئەسعەد) ویستیان هێزی دەوڵەت تەنها لە بەختیاریەکان پێکبێت. بەبۆنەی ئەوەی کە خەباتگێڕان لایەنگری ستارخان و باقرخان بوون، ئەم کارە بەئاسانی قووت نەدەدرا، تاقمێکی دیکە بەهۆی چالاکییەکانی یەفرم خانەوە دەستیان لە سیاسەت هەڵگرتبوو.

((چونکە یەفرم خان لەو بڕوایەدا بوو کە فەرماندەیی خەباتگێڕان لەگەڵ سیستمی گشتیدا نییەو بەرەو چەککردنیان تێدەکۆشا)).[٢٣]

روسەکان حەزیان لە خەباتگیڕان نەبوو، چونکە لایەنگری محەمد عەلی شا بوون. هەر بۆیە دەوڵەتی ئێرانیان ناچارکرد کە خەباتگێڕان چەك بکات و ئەو هێزە جەماوەریە هەڵبوەشێنێتەوە کە دژی روسەکان بوو. بە هەر شێوەیەك بێ کۆتایی بە نیگەرانی و نارەزایی خەباتگیڕان بهێنن. سەرەڕای ئەوەی سوپادار بە بێ ئاگاداری بەرەو رەشت بۆوە، ناسرولملك لەوەپێش رۆڵێکی باشی هەبووە لە پرۆسەی رزگارکردنی تاران و تەنانەت کەسێکی شیاوتر نەبووە بۆ پلەی پۆستی سەرۆکی وەزیران پشتی پێ ببەسترێ، بۆیە هەر خۆی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرا. ئەنجومەن ویستی فرسەتێك بە سوپادار بدات، ئەوە بوو قسەی ناسرولملك (نائب السلطنه)ی پەسەندکردو بە سەرۆك وەزیران دامەزرا. کسرەوی

ئـەم ڕووداوە بـەم شـێوەیە دەگێڕێتـەوە :

((کـردەوەی ناسرولمولـك، کەسـانێکی دیکـەی ناچـار کـرد کـەوا رازیـن بـە وەی زووتـر کابینـەی وەزیـران دابمەزرێـت، جونکـە ناسرلمولـك لـە سـاڵی (١٢٨٨)دا بەکۆششـی سـوپادار سـەردار ئەسـعد و کەسـانێکی دیکـە، توانـی محەمـد عەلـی شـا لە تەخـت لابـدات. لـەم بارودۆخـەدا هـەر دەبـێ حیسـابێك بـۆ سـوپادار بکرێـت، چونکـە کەسێکی دیکـە نەبـووە کـە بتوانێـت ئـەم کارە ئەنجـام بـدات، بۆیـە کەڕەتێکـی دیکـە بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی وەزیـران هەڵبژیـردرا.[٢٤]

سـوپادار بـە پێـی ئـەو خاڵانـەی لـە سـەرەوە باسـکران، لـە چالاکیەکانـی محەمـد عەلـی شـا رازیبـوو پێویسـتی بـە هیـچ کارێـك نەبـووە بـۆ هێمن کردنـەوەی رەوشـەکە. لـە لایەکـی دیکـەوە زۆربـەی هـەرە زۆری لەشـکرەکە بەختیـاری بـوون و ملکـەچ و گوێڕایەڵـی (سیمسـام سـەڵتەنە)ی وەزیـری جەنـگ بـوون. هـەر بۆیـە سـوپادار نەیتوانـی لـە کارەکەیـدا سـەرکەوتوبێت و ئەڵبەتـە دەبوایـە هێزێکـی دیکـەی بـە دەسـتەوە بوایـە،

کـە ناسرولدەولـە ئـەو بارودۆخـەی بینـی، سیمسـام سـەلتەنەی  بەسـەرۆك وەزیـران دانـا بـۆ ئـەوەی لـەم رێگایـەوە بتوانێـت سـوود لـە هێـزو توانـای بەختیاریـەکان وەر بگرێـت.

سیمسـام سـەڵتەنە ئەوپەڕی توانـای خـۆی لـە پۆسـتی سـەرۆك وەزیرانـدا خسـتەکار بـۆ ئامادەکردنـی هێـز، لەئەنجامـدا توانـی بەختیاریـەکان ئامـادە بـکات بـۆ بەرگریکـردن لـە مەشروتیـەت و  بـە هـاوکاری هێزەکانـی دیکـە، هێزێکـی سـەرەتایی لـە دژ محەمـەد عەلـی شـا دامەزرانـد، لەسـەرەتادا بیـری لـەوە نەکـردەوە رێـگا لـە سـالارودەولە بگرێـت ئەڵبەتـە تەنهـا بیریـان لـە هێـزە گەورەکـەی محەمـەد عەلـی دەکـردەوە، چونکـە لـە تاران نزیـك دەبـووەوە و زیاتـر لـەم لایـەوە هەسـتیان بـە مەترسـی دەکـرد. لـەو سـەردەمەدا مـۆرگان شۆشـتەر لـەو کەسـانە بـوو بـۆ بەرگریکـردن لـە یاخیبـووان بایەخێکـی زوری بـە ئامادەکردنـی هێـزو دارایـی و  خەرجـی سـوپایی دەدا، ئەوەتـا ڕووداوو دیدارەکانـی خـۆی لەگـەڵ ناسرولملوکـداو دەربـارەی یاخیبـووان و رەوشـی تیکچـوی وڵات بـە شـێوەیەکی فـراوان بـاس دەکا و دەڵـێ:

((رۆژی بیسـتی حوزەیـران (٣رەجەبـی سـاڵ١٣٢٩ك) نایـب سـەڵتەنە نـاردی بـە

شـوێنمدا پێکـەوە ماوەیەکـی زۆر لـەو بابەتـەوە قسـەمان کـرد. مـن پێشـنیازم کـرد کـە دەبـێ لـە تارانـەوە قشـۆنێك بـۆ بەرگیریکـردن لـە پاشـادی لـە تەخـت دەرکـراو بنێردرێت تـا ئـەو کەسـانە لـە تـاران و لـە ناوچەکانـی دیکـە کـە هێشـتا نـە کەوتوونەتـە شـوێن ئـەم ڕەوشـە تازەیـە و لـەو بڕوایـەدا بـوون کـەوا دەوڵـەت لاوازەو ناتوانێـت شـتێك بـکات، دڵنیـا بکەینـەوەو لـە شـوێنی خۆیـان بمێننـەوەو ڕەوشـەکە کاریـان لـێ نـەکات)).[٢٥]

ئـەم کارە نیشـانەی ئەوەبـوو کـە دەوڵـەت لـە نـاوەوە ڕووبـەڕووی کێشـەیەکی گـەورە دەبێتـەوە، بۆلایەنگرانـی محەمـەد عەلـی شـا کـە هەتـا ئێسـتا خۆیـان ئاشـکرا نەکردبـوو، هـەر بۆیـە لەگـەڵ هاتنـی محەمـەد عەلـی شـا دووبـارە لـە ناخیانـەوە ئۆمێدێـك سـەریهەڵدایەوە کـە دووبـارە دەسـەڵات بگرنـەوە دەسـت. یەکـەم ئەرکـی دەوڵـەت:

چەسـپاندنی ئاسـوودەیی بـوو لـە پایتەختـدا. ئـەوان دەیانزانـی کـە ناتوانـن بـە پڕوپاگەنـدەی وەهـا لـە نێـوان خەڵکـدا کاری پێویسـت ئەنجـام بـدەن. ئیـدی هەتـا ڕادەیـەك بـەو شـێوەیەی کـە ئاماژەمـان بـۆ کـرد ڕەوشـی پاتیەخـت هێمـن بـۆوەو پاشـان بیریـان لـە بەرەنگاریکردنـی یاخیبوونیـان کـردەوە. پـاش دابینکردنـی هێمایێتـی ناوخـۆ چەنـد تاقمێـك لـە هێزەکانـی دەوڵـەت ڕەوانـەی باکـور کـران. لـەو ڕۆژانـەدا بەپێـی ئاموژگاریەکانـی مـۆژگان شۆسـتەر، دەوڵـەت هەنـگاوی گرنگـی دەنـا، ئـەو هەنگاوانـە سەرکێشـیکەرانی تۆقانـد. شۆشـتەر دەڵێـت :

((ئـەم خاڵـەم بـۆ (نائیـب ئەلسـەڵتەتە) دووپـات کـردەوە. ئەنجومـەن ناچـار بـوو بڕیـاری کوشـتن یـان دەسـتگیرکردنی پاشـای لـە تەخـت دەرکـراو براکانـی بـدا، کـەوا چەکیـان لـە دژی دەوڵـەت هەڵگرتبـوو. پاداداشـتێکی گـەورە بـۆ ئـەو کەسـانە دانـرا کـە ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ دەکـەن)).[٢٦]

ئەڵبەتـە ئـەم هەنـگاوە دەبێتـە هـۆکاری نەمانـی بـاوەڕو متمانـە لـە نێـوان پاشـای لـە تەخـت دەرکـراو و براکانـی، (نائـب السـلطنه) بـەم کارە ڕازیبـوو. فەرمانـی دا کـە ئەنجومـەن دەنـگ لـە ئاسـت ئـەو یاسـایە بـدات، ئەنجومەنیـش ڕۆژی (٤ی شـەعبانی سـاڵی ١٣٢٩ك) ئـەو یاسـایەی پەسـەندکردو لـە سەراسـەری ئێـران جـاڕی بـۆ کێـشرا. لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی ئـەم هەواڵـە فشـار لـە سـەر ئەنجومـەن کەمبـۆوە. لـە ڕاسـتیدا

ئـەم هەواڵـە بـووە هـۆکاری چاندنـی تـۆوی دوودڵـی و گومـان لـە نێـوان لایەنگرانـی پاشـای لـە تەخـت دەرکـراو دا. گومـان و تـرس لـە نێوانیانـدا تەشـەنەی کـرد بـە ڕادەیـەك محەمـەد عەلـی شـا پـاش ئـەم هەواڵـە بـە ترسـەوە دەجوڵایـەوە. دەقـی ئاگاداریەکـەی ئەنجومـەن بـەم شـێوەیە بـووە:

((هــەر کەســێ محەمــد عەلــی میــرزا دەســتگیر بــکا یــان بیکوژێــت بــری سـەدهەزار تومـەن پاداشـت وەردەگرێـت. هـەر کەسـێ شـوعاعولدەولە دەسـتگیر بـکا یـان بیکوژێـت بـری بیسـت وپێنـچ هـەزار تومـەن پاداشـت وەردەگرێـت، هەروەهـا ئـاگاداری ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـەوا ئـەم کارە جێبەجـێ دەکـەن، ئەگـەر کـوژران ئـەوا بـڕی ئـەو پاداشـتە بـە کـەس و کاریـان دەدرێـت و ئـەم پارەیـە ئێسـتا لـە گەنجینـەی دەوڵەتـەو پـاش جێبەجێکردنـی ئـەم ئەرکـە پێـی دەبەخشرێـت.)) **((واژوا سەرۆك وەزیران – تاران))**٠[٢٧]

## ٣- ٥ کۆتایی چالاکییەکانی محەمەد عەلی پاشای لە تەخت دەرکراو٠

پـاش ئـەوەی هێزەکانـی ئەرشـەدولدەولە بـەرەو تـاران کەوتنـەڕێ. محەمـەد عەلـی شـاهیش بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی قۆشـەن، بەرەو دەڤـەرەکانی باکـوری وڵات سـەفەریکرد. لـەم گەشـتەدا شـوعاعولدەولەی بـرای و کۆمەڵـێ لـە هاوەڵەکانـی لەگەڵـدا بـوون. لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ باکـوری وڵات خەڵکێکـی زۆر لـە هـۆزە تورکمانیـەکان و ئاسـانلۆ و چەنـد کومەڵێکـی تـری ئـەو دەڤـەرانە هاتنـە ریزیانـەوە. لـەو کەسـانەی کـە دوای محەمـەد عەلـی شـا کەوتـن، ئامـاژە بـە (رەشـید سـولتان) دەکەیـن : بـە گوێـرەی قسـەی کسرەوی ((رەشـید سـوڵتان لـە وارمیـن یاخیبـوو دژی تاقمەکانـی سـەر بـە دەوڵـەت دەجەنـگا، ئـەم پیـاوە لـە هـۆزی ئاسـانلۆ بـووە روویکردۆتـە مازەنـدەران و پەیمانـی لەگـەڵ کەسـانێك بەسـتووەو شـۆێن و پاییّکـی بـۆ خـۆی دابیـن کـردووە، لـەو سـاڵەدا یاخیبـوون دژی هێزەکانـی دەوڵـەت بـەردەوام بـووە، ئەمیـش لـە مازەنـدەران بۆتـە هاوەڵـی محەمـەد عەلـی میـرزاو بـە ئاشـکرا رێـگای بـۆ گەڕانـەوەی محەمـد عەلـی شـا خۆشـکردووە)).[٢٨]

بـەم پێیـە محەمـەد عەلـی پاشـای لـە تەخـت دەرکـراو ئـەو کەسـانەی سـەرکوت دەکـرد کـە لـەو دەڤــەرانە لایەنگـری مەشروتیـەت بـوون، شـارەکانی ئـەو هەرێمـەی داگیرکـرد.

هێزەکانی کازاخ کە بە فەرماندەیی دەسەڵاتدارە روسەکان بوون، لەم بارەیەوە یارمەتی محەمەد عەلی شایان دەدا. دڵنیایان کرد کەوا بە داگیرکردنی تاران هیچ روونادات. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانەدا، حکومەتی ناوەند کەوتە جموجۆڵ و دەستبەجێ پێش ئەوەی هێز بنێرێ بۆ بەرگریکردنی ئەرشەدولدولە کەوا لە شاهرودەوە بەرەوتاران کەوتبووە ڕێ، هێزێکیان لە خەباتگێڕان و بەختیاریەکان بۆ بەرنگاربوونەوەی محەمەد عەلی شا نارد. مەلیکزادە لە کتێبەکەیدا دەڵێ :

(( بۆ بەرگیریکردنی هروژمەکەی لەشکری محەمەد عەلی شاو شوعاعولدەولە کەوا مازەندەرانی داگیرکردبوو و گەیشتبوونە (قارولانشان و فەیروزکۆ) دەوڵەت داوای لە سەردار موحی کرد کە بە فەرماندەیی سێ سەد کەس لە خەباتگێڕان و دوو سەد سوارەی بەختیاری و چەند تۆپێکی کێوی و بەتالیونێك سەرباز، بەرەو مازەندەران بکەوێتە رێ و بەرگری لە هروژمی لەشکری محەمەد عەلی شا بکا، ئەگەر پێیان کرا مازەندرانیش داگیر بکەن)).[٢٩]

سەردار موحی (میعەزولسولتان) لە فەیرۆزکۆ تووشی تاقمێك سوارەی محەمەد عەلی میرزا دەبێ کە بەفەرماندەی (رەشیدی سوڵتان) بووە، شەرێکی خوێناوی بەرپادەبێ، لەبەر توندی شەڕەکە، هەردوولا ناچاربوون هێزی کۆمەك بنێرن. حکومەتی ناوەند هێزێکی بۆ کۆمەکی سەردار موحی ناردو محەمد عەلی میرزاش خۆی لەگەڵ شوعاعولسەڵتەنەو هەشتسەدسواری تورکمان و ژمارەیەکی زۆر لە سوارانی مازەندەران وتوپێکی کێوی[٣٠] بەرەو کۆمەکی رەشیدی سوڵتان کەوتنە رێ.

سەرکردە (موعین هومایۆنی بەختیاری - سەرکردەی سەرکەوتە) کەوا پێوەندی بە قۆشەنی دەوڵەتەوە کردو فەرماندەیی پێ سپێردراو بە هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی، توانی هێزەکانی محەمد عەلی شا ببەزێنێت و رەشید سوڵتان بکوژێت، ئەم کارە رێی بۆ هەرەس هێینانی محەمد عەلی شاو شوێنکەوتوانی خۆشکرد. کسرەوی کەوا لە رۆژی ئەم شەڕە بە (١٩)ی مەردادی ساڵی (١٢٩٠ك.ھ) لە قەڵەم دە داو باسی ئەم جەنگە بەم شێوەیە دەکا.

((رۆژی (پێنچ شەممە ١٨ی مەرداد) تاقمێك بەختیاری بە سەرکردایەتی لاو هۆمایۆنەوە لە تارانەوە گەیشتن و پێوەندیان بە هێزی خەباتگێڕ و بەختیاریەکانەوە کردو هەڵیانکوتایە سەر هێزەکانی رەشید سوڵتان تا رۆژئاوابوون شەڕ بەتوندی بەردەوام

بـوو. ئەسـانلوو مازەندەرانیـەکان ئەگەرچـی لـە جەنگـدا کارامەبـوون و سـەرەڕای ئـەوەی لـە نێـو سـەنگەرەکانیانەوە شـەڕیان دەکـرد، شـەش سـەد کەسـیان لـێ کـوژراو ژمارەیەکـی زۆریان بەرگـەی شـەڕیان نەگـرت و هەڵهاتـن و پـەرش و بڵاوبوونـەوە. رەشـید سـوڵتان بەوپـەڕی ئازاییـەوە شـەڕی دەکـرد تەنانـەت دوو کـەڕەت بـە سـەختی برینـدار بـوو، کەچـی هەر سـوور بـوو لـە سـەر جەنـگ و ورەی بەرنـەدەدا، بـەڵام تفەنگەکـەی لـە کار کـەوت. بەختیاریـەکان ئـەم فرسـەتەیانە بـە هەلزانـی و ڕژانـە سـەری، ئەمیـش بـە قوانداخـی تفەنگەکـەی سـەری یەکێکیانـی برینـدار کـرد لـە ئەنجامـدا توانییـان دیلـی بکـەن، بـەم شـێوەیە ئاگـری جەنـگ کـپ بـووەوە ئـەو ئاسـانڵو مازەندەرانیانـەی کـە مانـەوە یـا بـە دیلـی گیـران یـان هەڵهاتـن. رەشـید سـوڵتان بـە دیلـی بـۆ ئوردوگاتـی خەباتگێـڕان بـرا ولەخێوەتێکـدا توندکـرا. ویسـتیان برینەکانـی تیـمار بکـەن، بـەڵام پـاش سـێ چـوار سـەعات گیانـی لـە دەسـتدا)).[٣١]

سـەرەڕای هۆمایـۆن، میـرزا کوچـك خـان و سـالاربەهادر بەشـداریان لـەم جەنگـەدا کرد و ئازایێتیـان نوانـد. پـاش کوشـتنی رەشـید سـوڵتان، هێزەکانـی دەوڵـەت پەلامـاری محەمـەد عەلی وهێزەکانیـان دا کـەوا زیاتـر لـە دوو هـەزار کـەس دەبـوون بـە چەنـد شـەڕێك هیزەکانـی دەوڵـەت هەرەسـیان بـە هێزەکانـی محەمـد عەلـی هێنـاو تەنگیـان پـێ هەڵچنـی. محەمـەد عەلـی شـا کـە ئـەم بارودۆخـەی دی هەڵهـات، چونکـە دەیزانـی کـە ناتوانـێ شـتێك بـکاو لـە ترسـی گیانـی خـۆی بـەرەو دەڤـەری سـاری هەڵهـات،[٣٢] بـەڵام هێشـتا نائۆمێـد نەبـوو بـوو، هیـوای بـە هێزەکـەی ئەرشـەدولدەولە لـە شـاهرود و سـالارودەولە لـە هەمـەدان هەبـوو. دووبـارە دەسـتی کـردەوە بـە کۆکردنـەوەی قۆشـەن و چاوەڕوانـی سـەرکەوتنی ئـەو دوو هێـزە بـوو تـا ئەمیـش خێـرا خـۆی بگەیێنێتـە تـاران و تاجـی پاشـایی بگەڕێنێتـەوە. بـەڵام ئەمـە هـەر خەیـاڵ پـڵاو بـوو، چونکـە بـە بیسـتنی شکسـتهێنانی قشـۆنی ئەرشـەدولدەولە کـەوا لەسـەرەوە باسـی لێکـرا، توشـی نائومێـدی بـوو، ئیـدی دەسـتی لـە پـێ شـوڕتر، روویکـردە گۆمـەش. کسرەوی[٣٣] دەڵـێ ((بـەم شـێوەیە یاخیبوونـی محەمـەد عەلـی شـا کۆتایـی پێهـات. بـۆ ماوەیـەك کـەس نەیدەزانـی لـە کوێیـە، جـارو بـار دەنـگ وا بـوو لـە باکۆیـە یـان لـە عیشـق ئابـاد یـان لـە تاشـکەندە)).[٣٤]

پـاش ئـەوە، هێزەکانـی سـالارودەولەو هۆزەکانـی رۆژئـاوای وڵات مایـەی مەترسـی دەوڵـەت بـوون و پـاش دەرچوونـی محەمـەد عەلـی لـە مەیـدان، سـالارودەولە چالاکـتر بـۆکاری خـۆی تێدەکوشـا، مـەردۆخ لـەم بابەتـەوە دەنووسـێ (( لـە ئەنجامـدا روژی ١٧ی

ڕەمەزانی ساڵی ١٣٢٩ك، هەواڵی سەرکەوتنی موعینولدەولەی بەختیاری بە سەر ئوردوگای پاشای لە تەخت دەرکراو گەیشتە (سەوادکۆ) هەر بۆیە پاشای لە تەخت دەرکراو و شوعاعولسەڵتەنەو ئەمیر بەهادر هەڵهاتن و بەنهێنی ئەم هەواڵەم گەیاندە سالارودەولە و ئاگاداریمکرد کە گۆڕەپان چۆڵەو ئەگەر بتوانێ هەوڵبدات دەبێتە خاوەنی تەخت وتاج)).[٣٥]

ئەم قسانە بە سەر زمانی هاوڵاتیانەوە بوو، کاریانکردە سەر سالارودەولە، بۆیە پەلەی بوو تا شتێك بۆ خۆی بکا.

## ٣- ٦ ئەرشەدولدەولە پێکدادانی هێزەکانی دەوڵەت.

پاش ئەوەی هەزاران کەس لە (گۆمشتپە) لە دەوری محەمەد عەلی میرزا خڕبوونەوە، هێزەکەی کرد بە دوو بەشەوە : بەشێك بە سەرکردایێتی خۆی ڕوویکردە باکوری وڵات کە لە سەرەوە باسمان کرد. بەشەکەی دیکەی بە فەرماندەیی ئەرشەدولدەولە، بەرەو شاهڕودو سەمنان و دامغان ئەمجا بەرەو تاران کەوتنەڕێ، سالارودەولەیش لە هەمەدانەوە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو کە بەرەو تاران بڕوات :

((ئەرشەدولدەولەو هێزەکەی لەگەڵ هێزی تورکمانەکاندا، ڕۆژی ١٣ی شەعبانی ساڵی ١٣٢٩ك گەیشتە شاهرود، ئەم شارە چ هێزێکی پاسەوانی تێدانەبوو دەر بۆیە داگیرکرا)).[٣٦]

هێزەکانی ئەرشەدولدەولە لە شاهرود بەربوونە گیانی خەڵك و دەستیان بە کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکی شار کرد، بەتایبەتی دەوڵمەندو فەرمانگەکانی دەوڵەت. ستەم و زۆرداریێکی فراوانیان دژی خەڵکی ئەو ناوچەیەی نواند. میرزاحەسەن مەسعود کە لە شۆرشگێڕانی مەشروتیەت بووە لە یەکێ لە ڕاپۆرتەکانی دەڵێت. ((کوشتن و تاڵانکردن لە شاهرود دا لە لایەن تورکمانی سەر بە پاشای لە تەخت دەرکراو سەردەمی توندو تیژی و دڕندەیی مەغولەکانی هێنایەوە یاد، ئەو ستەم و زۆردارییە لەم ڕاپۆرتەدا جیگای نابێتەوە)).[٣٧]

ئەرشەدولدەولە کەچاوی بەم ڕەوشە نالەبارە کەوت بەوپەڕی توانایەوە ویستی سنۆرێك بۆ ئەو کارە دانێت. لە سەرەتادا سەرکەوتوونەبوو، بەڵام بە هەوڵ وتەقەلایەکی فراوان توانی ڕێگا لە کوشتن و تاڵانکردن بگرێت و بەرەو سامنان

بکەوێتـەڕێ. ماوەیـەك لـەوێ مایـەوەو پـاش زیادبوونـی هێزەکـەی بـەرەو دامغـان کەوتـەڕێ لـە زنجیـرە کتێبـی (ئابـی) باسـی ئـەو هاتـووە کـە ئـەو هێـزە بریتـی بـووە لـە شەشسـەد[38] کـەس و لـە شـوێنێکی دیـکا دەڵـێ دوو هـەزار کـەس یـان سـێ هـەزار کـەس بـوون.[39]

دەوڵـەت ئـاگای لـەو بارودۆخـە بـوو. فەتوڵڵاخانـی (زەیغـەم دەولـە)ی بـۆ دامغـان نـارد بـۆ ئـەوەی رێـگا لـە ئەرشـەدولدەولە بگرێـت و نەهێڵێـت لـە تـاران نزیـك ببێتـەوە.

زەیغـەم دەولـە لـە ناوچـەی ئـارادان بەگـژ هێزەکانـی ئەرشـەدولدەولەدا چـوو. بـەڵام دۆڕاو هێزەکانـی هەڵهاتـن. بـە گوێـرەی کتێبـی ئابی ئەم شـەڕە لە رۆژی (٣٠)ی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) واتـە (٢٥)ی ئابـی (١٨٩١)دا رووی داوە بـەڵام کـسرەوی دەڵـێ لـە (٢٨)ی ئابـدا بـووە، پـاش راڤەکردنـی چۆنیەتـی گەیشـتنی ئەرشـەدولدەولە بـۆ شـارەکانی شـاهرودو سـمنان و دامغـان دەڵـێ ((وا دیـارە رۆژی پێنجـی شـەهریوەر جەنگێـك لـە دەرەوەی ناوچـەی ئـارادان بەرپـا بـوو (٧٠٠ )کـەس لـە بەختیاریـەکان بـە سـەرکردایەتی زەیغـەم دەولـەو هەرەسـییان پێهێنـاوەو ئـارادان داگیرکـراوە[40] لەگـەڵ بەزاندنـی زەیغـەم دەولـە حکومەتـی ناوەنـد یوسـف خانـی میـری خەباتگێڕانـی نـارد بـۆ بەرگیریکردنـی ئەرشـەدولدەولە کاتـێ هێـزی دەوڵـەت گەیشـتە مەیدانـی جەنـگ و تەوقـی ئابلۆقەیـان شـکان و رزگاریـان کـردن. نورەڵـلا دانشـوەر دەڵـێ : بەختیاریـەکان ئازایانـە شـەڕیان دەکـرد، لـە تارانـەوە هێزێکـی چەکـدار کەوتـە رێ. جەعفـەر قولـی خـان و سـەردار بەهـادرو مورتـەزا قولـی خـان سیمسـام و یەپـرم خـان لەگـەڵ ئـەو هێـزەدا بـوون خێـرا بەهانـای کۆمەکـی ئەمیـری خەباتگێڕانـەوە چـوون و لـە ئابڵوقـەدان رزگاریـان کـردن)).[41]

پـاش گەیشـتنی هێزەکانـی میـری، ئـەم پێکدادانـە سـووکە بـوو بـە شـەڕێکی قـورس. ئەرشـەدولدەولە لـە سـەر گردێـك سـەنگەری لێدابـوو بـە تونـدی دەجەنـگا، بـە تۆپێکـی (ماگزیـم) لـە هێزەکانـی دەوڵەتـی دەدا. هەتـا گوللەیـەك بـەر لاقـی دەکەوێـت، لەئەنجامـی هەڵهاتنـی هاوەڵەکانـی و برینـدار بوونـی، بەدیـل دەگیـرێ. بـەو شـێوەیە محەمـد عەلـی شـا تووشـی نائومێـدی دەبـێ. کـسرەوی دەربـارەی ئـەم رووداوە کـە بـە جەنگـی ئیمامـزادە جەعفـەر نـاسراوە، رۆژی (١١)ی رەمەزانی سـاڵی (١٣٢٩ك)دا روویداوە، دەربـارەی هێزەکانـی ئەرشـەدولدەولە دەڵێ:((ئـەو تورکمانانـەی کـە لـە گەڵێـدا بـوون ژمارەیـان (٢٠٠)تـا (٣٠٠) کـەس دەبـوون. سـوارانی دەوڵـەت کـەوا پێوەندیـان لەگەڵـدا کـرد ژمارەیـان (١٤٠٠) سـوارو چـوار تـۆپ دەبـوو)).

کسرەوی دەربارەی هێزەکانی میری کە فەرماندەیی یەفرم خان بوون، دەڵێ:

((پێشمەرگە تایبەتیەکان (١٨٠٠)کەس دەبوون، زیاتر لە هەزار سوارەی بەختیاری و ژاندارم و چەند تاقمێك کە ژمارەیان دیاری نەبوو لەگەڵ چوار تۆپی (ماگزیم و شنێدەر) کە بە فەرماندەیی مستەر هازی تۆبچی بوو)).[٤٢]

لەم جەنگەدا ژمارەیەکی زۆر لە تورکمانەکان کوژران و برینداربوون، هەروەها (٣٠٠ تا ٤٠٠)کەسیان بەدیل گیران. ئەوانی تر لە ترسدا هەڵهاتن و بەرەو خوراسان و مەشهەد رایان کرد و لە بەر شەکەت بوونی ئەسپ و سوارەکان دوایان نەکەوتن، سەرەنجام و چارەنووسی ئەرشەدولدەولەی ئە مەکدار و وەفاداری گەورەی محەمەد عەلی، ڕەش بوو. پاش کپبوونەوەی دەنگی تۆپی ئەرشەدولدەولە تاقمێك تیپی سوارەی دەوڵەت بەرەو گردەکە چوون، بینیان لەوێ کەوتووەو بە دەم برینەکانیەوە دەناڵێ، هەر بۆیە هێنایان بۆ خێوەتەکەی یەفرم خان.[٤٣]

بەگوێرەی سەرچاوەکان بەزەییان پێدا هاتەوەو بەڵێنیان دا کەوا هەتا دوا رۆژ نەکوژرێت. سەرانی قۆشەن هەواڵی جەنگەکەیان گەیاندە ناوەند، ئەوانیش فەرمانی کوشتنیان دا. یەفرم خان بریاری دەوڵەتی بە ئەرشەد ڕاگەیاند و داوای لێکرد هەرچیی هەیە بینووسێت.

(( لە تاوتوێکردنی ئەم کارە لە نێوان فەرماندەکاندا، داوای لێبوردنەکەی ڕەت کرایەوە.[٤٤] بۆیە داوای کرد زریزە و میدالیە زێڕین زبازنەکەی گەردەنی لە گەردەنیدا بمێنی. پاش قەبوڵکردنی ئەم داواکاریە بۆ رۆژی دوایی تیرباران کراو لە کاتی تیربادانکردن هیتافی ((بژی پاشا))ی کێشا.

رۆژی (١٢)ی رەمەزان تەرمەکەی بەسەر گاڵیسکەیەکەوە رەوانەی تاران کراو لە مەیدانی ((تۆبخانەی تاران)) تەرمەکەی دانرا بۆ چاوترساندنی لایەنگرانی محەمەد عەلی شا بەسەر گاڵیسکەکەوە مایەوە. یەپرم خان دەڵێ :

((هۆکاری پەلەکردنی تیربارانکردنی ئەرشەد لەبەرئەوە بوو : ئێمە دەمانزانی ئەگەر بە زیندویی بیهێنین، حکومەتی روسیا رێگامان نادا بیکوژین و بیانویەك دەدۆزێتەوە بۆ قورتارکردنی)).[٤٥]

بەم شێوەیە دوا لاپەرەی ژیانی سەرسەخترین هاوەڵی محەمەد عەلی شا هەڵدرایەوە، کەوا بەسەرسەختی لە پێناوی گەڕانەوەی محەمەد عەلی میرزا بۆ تەخت و تاجی لە دەست دەرچووی، تێدەکۆشاو لە ئەنجامدا بە نائومێدی سەری نایەوەو بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و گیانی خۆی لە دەستدا.

## پەراوێزەکاتی بەشی سێیەم

١- احمد کسەرەوی، تاریخ مشروطە ایران. ل٧٢ همچنین : ن. ك. بە : علی اصغر شمیم. ایران در دوره سلطنت قاچار ل٤٥٠ .

٢- مهدی، ملك زادە، تاریخ انقلاب مشروتیەت ایران، ل٣٧٩.

٣- سیروس، غنی، ایران بر أمدن رضا خان بر افتان قاجار ونقش أنگلیزها، ترجمە حسن کامشاد، ایران، تهران، انتشارات.

٤- یرواند، أبراهیمیان، ایران بین دوو انقلاب، ترجمە احمد گل محمدی، ومحمد ابراهیم فتاحی، تەهران نشرنی ١٣٨٧ك.

٥- محەمد ولی خان، خلعت بری، یادداشتهای سپهسالار تنگابنی، گرد اوری أمیر عبد الصمد، خلعت بری، بە أهتمام محمود تفچلی، تهران ك نوین ١٣٦٢ ل٢٥١.

٦- سپهدار دەنووسێ : ئێستا شاری (تەورێز)و دەوروبەری لە شۆرش و ئاژاوەدایە ئێمە لێرە گرفتارین. کەش وهەواش ساردە. خەڵکی گرفتارە. گرفتاری دەستی ئەم ڕەوشە بووم، من بە زۆرەملی ئەم سەفەرەم کرد. بە رەزامەندی خۆم نەبوو هیچم پێ نەدکرا (یاددا شتهای سپهسالاۆ تنگابنی) ل ٢٥٤.

٧- هەمان سەرچاوە، ل٨.

٨- هەمان سەرچاوە، ل٩.

٩- عەلی ئەسغر، شمیم، ئێران در دورە سلگنە قاجار، ل٥٣٠ همچنین : ن. ك. بە محەمەد عەلی خان خلعت بری. یاددا شتهای سپهسالاتنگابنی ل٢٧٠.

١٠- سیروس، غنی، امدن رضا خان بر افتادن قاجار ونقش انگلیسها ل٢٧.

١١- ئەحمد، کسروی، تاریخ هیچدە سالە اذربایجان ل ١٤٧.

١٢- ساوجبلاغ مکری ( وَ بُ غِ مُ) (اخ) اکنون، ئێستا (مەهابادە).

١٣- مەبەستی داود خانی کەڵهورە.

١٤- ئەحمد، کسروی، تاریخ هیچدە سالە اذربایجان ل ١٤٧.

١٥- مەهدی، مەلیکزادە، تاریخ انقلاب مشروطیە أیران ج٦ ل١٣٨٣.

١٦- شەستیر.

١٧- مەلیکزادە، ژمارەی هاوڕییەکانی بە شەش کەس لە قەڵەم داوە، بەڵام قسەکەی کسرەوی ڕاسترە، مەردوخ لە کتێبی کوردستاندا ل ٢٨١ لەم ژمارەیە زیاتر رویشتووە. شەش هەزار کەسی نووسیووە، لە وانەیە هەڵەی چاپ بێت.

١٨- ئەحمد کسرەوی، تاریخ هیچدە سالە اذربایجان ل ١٧٢.

١٩- مورگان، شۆستەر، اختناق ایران ل ١٤٣.
٢٠- هەمان سەرچاوە ل ١٤٦.
٢١- عبد اللە، مستوفی، شرح زندگانی من ( تاریخ اجتماعی وأداری دوره قاجاریە) تهران : زوار ل ٣٥٤.
٢٢- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران ج٦ ل١٣٩٣.
٢٣- هەمان سەرچاوە، ل١٣٢٩.
٢٤- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان ل١٦٩.
٢٥- مورگان، شوستر، اختناق ایران : ل١٤٦.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل١٤٦.
٢٧- هەمان سەرچاوە، ل١٥٨ هەروەها احمد، کسرەوی، تاریخ هیچدهساڵە اذربایجان ل ١٧٣ و شیخ محەمد مردوخ کورد کوردستان ل٢٨٩.
٢٨- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان ل١٨١.
٢٩- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران ج٧، ل١٣٢٥.
٣٠- هەمان سەرچاوە ل١٤٢٥.
٣١- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان ل١٨١.
٣٢- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران ج٧ ل١٤٢٥.
٣٣- احمد، بشری، کتاب ابی ج٦ ل١٢٨١، وا دەگێڕنەوە بەرو تاشکەند هەڵهاتووە.
٣٤- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان ل١٨٧.
٣٥- شیخ محەمد، مردوخ، کورد کوردستان، ل٩٣.
٣٦- عبد الله، مستوفی، شرح زندگانی من (تاریخ اجتماعی و اداری دوره قاجاریه) ل٣٥٥.
٣٧- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران ج٧، ل١٤٢٢.
٣٨- احمد، بشیری، کتاب ابی، ج٥ ل١٢٠٢.
٣٩- هەمان سەرچاوە ل١٢٢٨ز
٤٠- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان، ل١٨٢.
٤١- نور الله، دانشور، تاریخ مشروطه (جنبش وطن برستان اصفهان وختیاری)، ل٨١- ٨٠.
٤٢- احمد، کسرەوی، تاریخ هیچده ساله اذربایجان، ل١٨٣.
٤٣- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران، ج٧ ل١٤٣١.
٤٤- مورگان، شوستر، اختناق ایران ل١٧٩.
٤٥- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیه ایران، ج٧ ل١٤٣٢.

# سەرکێشیەکەی سالارودەولە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچی
# لە رۆژئاوای وڵات و  رۆڵی هۆزی کەڵهور

## ٤- ١ هاتنی سالارودەولە بۆ ڕۆژئاوای ئێران

پاش رێککەوتنی نێوان محەمد عەلی میرزارو سالارودەولە، لە شاری ڤیەنا کە ئامازەی پێدرا، سالارودەولە بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوادا، رووی کردە ئەو دەڤەرەو پاش ئامادەکردنی هێزی عەشایەریی ئەو دەڤەرە، چاوەڕانی هاتنی محەمد عەلی میرزا شای برای کرد بۆ باکوری وڵات بۆ ئەوەی لە چەند لایەکەوە تەنگ بە دەوڵەتی مەشروتیەت هەڵبچنن. سالارودەولە توانی چەند جارێك دەسەڵاتی میری لە کرماشان و کوردستان و لوڕستان و بروجەرد بگرێتەدەست و لە پشتیوانی هۆزەکانی ئەو دەڤەرانە دڵنیا بوو، بە بێ ترس و دەڵەڕاوکێ گەیشتە (دەوڵەت ئابادی) لە رۆژئاوای وڵات، رۆژنامەکانی شاری (لەندەن)، دەربارەی بارودوخی ئەو سەردەمەی ئێران دەنووسێت :

((سالارودەولەی مامی ئەحمەدشا کە ماوەیەك هەڵهاتبوو بۆ دەرەوەی وڵات، گەیشتە رۆژئاوای ئێران، بەو خەیاڵەوە کە لە لوڕستان و کوردستان و لە دەڤەرەکانی رۆژئاوای ئازەربایجان بە هۆی پێوەندیی جارانی لەو ناوچانە دەتوانێ لەشکر کۆبکاتەوە لە پێناوی وە دەستهێنانی تەخت و تاجو پەلاماردانی تاراندا)).[1]

سالارودەولە لە مانگی رەبیعی یەکەم ساڵی (١٣٢٩ی ك) لە ناوچەی (باغی کۆن)[2] بە نهێنی دیداری کابرایەك دەکات کە ناوی (شێخ حوسامەدین)و پێی ڕادەگەیێنێ کە لە سەرەتای بەهاردا بەرەو کوردستان دەچێ.[3] لە نامەیەکی بەرێوەبەرایەتی گومرگ رۆژی (٢٩)ی مایسی ساڵی (١٩١١م) (٣٠ جومادی یەکەم ساڵی ١٣٢٩ی ك) دەربارەی نهێنیەکانی سالارودەولە دەڵێ:

## ١- ڕووداوی سالارودەولە

ئـەوەی کـە لـە نێـوان خەڵکـدا زۆر قسـەی لـە سـەر دەکرێـت، دیـار بوونـی سـالارودەولە بـوو کـە مـاوەی دوو مانگـە گەیشـتووەتە ناوچەکانـی سـنوری عوسـمانی - ئێـران و بـۆ مەبەسـتێکی نهێنـی خەریکـی گەشـتکردنە، لەوەدەچـێ ئـەو مەبەسـتەی بەرەبـەرە ئاشـکرا ببـێ. دوو، سـێ کـەڕەت سـەردانی سـابڵاخی کـردوەو[٤] پـاش پێوندیـە نهێنیەکانـی بـە ئاغـای شـارەکانی (گـورگان و میانـدواو و مەراغـەو ماکـۆو جەند شـارێکی دیکـە و ...) لەگـەڵ خـان و سـەرانی هۆزەکانـدا گفـت و گـۆی کـردوەو دووبـارە بـەرەو سـنور گەڕاوەتـەوە.[٥]

شـێخ محەمـد مـەردۆخ لـە لایـەن حوسـامەدینەوە لـەم ماجەرایـە ئـاگادار کرابـوو، ئەمیـش فەرمانـداری کوردسـتان ئەمیـر نیزامـی قەراگۆزڵـوی هەمەدانیـی ئـاگادار کـرد. ئەمیـر نیزامیـش بـە بروسـکە ئـەم هەواڵـەی بـە (قیـوام سـەڵتەنەی) وەزیـری ناخـۆ ڕاگەیانـد. بـەڵام (قیـوام سـەڵتەنە) ئـەم هەواڵـەی بـە درۆخسـتەوەو نوسـی (ئـەم قسـانە بـێ ئەساسـە و ئێمـە دەزانیـن سـالارودەولە لـە شـەقامی شـانزلیزیی شـاری پاریـس پیاسـە دەکات).[٦]

هەرچەنـدە وەزیـری ناخـۆ، هاتنـی سـالارودەولەی بـە درۆخسـتەوە، بـەڵام لەهەمان کاتـدا لـە سـاڵی (١٣٢٩ك) ناوەڕاسـتی مانگـی جومـادی یەکـی، شـازادەی قاجـاری بـە ڕێـگای ئاسـیای بچوکـەوە گەیشـتە شـاری بەغـدا[٧] لەویـەوە گەیشـتە دەوروبـەری ئازەربایجـان. گومانێکـی گـەورە لـەوە دەکـرێ کـە عوسـمانیەکان ڕۆڵێکـی کاریگەریـان هەیـە لـە گەڕانـەوەی سـالارودەولە بـۆ ئێـران. بۆیـە وەزارتـی ناوخـۆ داوای لـە وەزارەتـی دەرووەی کـرد کـە داوا لـە عوسـمانیەکان بکـەن ڕێـگا بـە سـالارودەولە نـەدەن بێتـەوە خاکـی ئێـران. وەزارەتـی دەرووەش وەڵامێکـی بـەم ناواخنـە بـۆ وەزارەتـی ناخـۆ نـارد:

| | |
|---|---|
| وەزارەتی کاروباری دەرەوە | بەڕێوەبەرایەتی |
| ٢٢ی جومادی یەکەم ساڵی (١٣٢٩ك) | ژمارە ١٩٥٧١٦٠٤٤ |

**وەزارەتی ناوخۆی شکۆدار**

نـووسراوی ژمـاره ١٨٨٣ وەزارەتـی شـكۆدارتان گەیشـت، كـە تیـادا هاتنـی سـالارودەولەمان پێرادەگەیێـن بـەو نیـازەی داوا لـە باڵیۆزخانـەی تارانـی عوسـمانییەكان بكەیـن كـە ڕێـگا نەدرێـت بـە سـالارودەوله بێتـە نێـو خاكـی ئێرانـەوەو دانووسـتانی لـە سـەر بكرێـت. داواكەتـان بەلامانـەوە سـەیر بـوو، چونكـە دەبـێ دەوڵـەت خـۆی خاكـی وڵات بپارێزێـت، لەوانەیـە ئـەوان بیانـەوێ سـوود لـەم كارە وەربگـرن، نابـێ ئێمـە چاوەڕوانـی ئـەوان بیـن. سـەرەڕای ئـەوە وەزارەتـی دەرەوە لـەم بابەتـەوە هیـچ درێغییێكی نەكـردووە، نامـە نووسـین و دانووسـتان لـە نێوانـدا هەیـە.

**وەزارەتی دەرەوە**[80]

لـە ڕاپۆرتـی مانگانـەی (سـێر جـۆرج باركلـی) بـۆ (سـێر ئـەدوار گـرێ) لـە ڕۆژی (١٨) ی مایـس سـاڵی (١٩١١ز دا) (٢٨ی ئوردیبەهەشـت ١٢٩٠ بەرامبـەر ١٩ی جومـادی یەكـەم ١٣٢٩) سـەبارەت بـە كۆتایـی ڕووداوەكانـی شـاری تەورێـز دەڵـێ :

(( قونسـولی عالیحـەزرەت لـە ڕۆژی (١٠)ی ئایـار بـە بروسـكە، ڕاپۆرتێكـی ناردبـوو كـە سـالارودەولەی بـرای پاشـای لـە تەخـت دەركـراو سـنوری بەزانـدووە. عوسـمانیەكان بەڵێنیـان پـێ دابـوو گوایـا بـۆ وروژاندنـی كـوردەكان هـاوكاری بكـەن، بـەڵام هەتـا ئێسـتا سـەركەوتنی وەدەسـت نـە هێنـاوە)).[9]

بـە گەیشـتنی سـالارودەوله بـۆ ئازەربایجـان، فەرمانفەرمـای بانگهێشـتی كـرد بـۆ تەورێـز، بـەڵام سـالارودەوله بـە دەنگیـەوە نەچـوو. هـەر بۆیـە فەرمانفەرمـا، دەربـارەی جوڵانـەوە گومانلێكـراوەكان سرنجـی ڕاكێشـا.

سـالارودەوله بـۆ مـاوەی یـەك مانـگ لـەو هەرێمانـە خەریكـی ئامادەكردنـی هێـز بـوو. ئەڵبەتـە بەهـۆی كاربەدەسـتانی دەوڵەتـەوە هەواڵـی چالاكـی و جووڵانـەوەی لـەو دەڤـەرانە گەیشـتە ناوەنـد، گوزارشـتەكان ئامـاژە بـەوە دەكـەن كـە خەڵـك پێوەندیـان بـە سـالارودەولەوە دەكـرد. لـە (١٨ی جومـادی یەكەمـی سـاڵی ١٣٢٩ی ك) گوزاشـتێك لـە (سـنندەج - سـنە)ەوە گەیشـتە وەزارەتـی ناوخـۆ. تیایـدا داوای پشـكێنەرێك كرابـوو كـە زمانـی كـوردی بزانێـت بـۆ ئـەوەی بیـروڕاو هەسـتی خەڵكـی بـە لای دەوڵەتـدا رابكێشـێت ئەگینـا میللەتـی كـورد شـەیدای نـاوی سـالارودەولەن و لەوانەیـە تەنگەژەیـەك بـۆ پیاوانـی دەوڵـەت دروسـت بكـەن.[10]

سالارودەوله لە مانگی (جومادی دوایی)ەوە لەئازەربایجانی رۆژاوا لەنێوان سوارانی جاف و کوردەکانی سابڵاخ و موکریان و سەردەشت و بانەو جەنگاوەری کۆدەکردەوەو رەوانەی کوردستانی دەکردن، لەوێ لایەنگرانی زۆر بوو. فەریدوملولك لە یادداشتەکانیدا (( زەیلی حەوادیس دەڵی رۆژی یەکشەممە٢٠ی جومادی دوایی ساڵی ١٣٢٩ی ك :

هەر بە قسە دەڵێن سالارودەوله گەیشتوەتە خاکی کوردستان یان مەراغە)).[١١]

بە گۆێرەی گوزارشتی سێر (جورج بارکلی)، شوجاعولدەولەی فەرمانداری مەراغە بە دووسەد (٢٠٠) کەسەوە کە لە نزیك میاندواو چوو بۆ دیداری سالارودەولەو هێزی خڕ دەکردەوە، کەس نەدەیزانی نیازی جەنگە یان ئاسایش[١٢] بەڵام بە مەزەندە کە حاجی صەمەدخانی شوجاعولدەوله لە بۆ بەرژەوەندی خۆی چوو بوو بۆ رێگرتن لە سالارودەوله.

سالارودەوله بەرەو کوردستان کەوتەڕێ، بەهۆی ئەحمەد بەگ ناوێکەوە چەندین نامەی بۆ ناوداران و دەسەڵاتدارانی کوردستان وەکو (موشیری دیوان، ئاسفی دیوان، حاجی موعتەمەد، وەکیلی مولك، ئاغا حەبیبی تاجر) ناردووە، لەو نامانەدا داوای هاوکارییەکی زۆرتری لێکرد بوو. سالارودەوله دەنووسێ ((بە شەش هەزار سوارەی جاف و موکری و سەردەشت و سابڵاخ و هەورامان و مەریوان وهی دی، بەرەو کوردستان دەکەوینەڕێ و ڕەگ و ریشەی مەشروتیەت و مەشروتیەتخوازانی ئێران هەڵدەکێشین و دووبارە رێزی زانایان و مەشایخی ئیسلام دەنێینەوە. هەموو کاربەدەستانی مەشروتیەت دەستگیربکەن تا ئەو کاتەی خۆم دەگەم)).[١٣]

## ٤- ٢ سالارودەوله لە کوردستان

سالارودەوله پاش ئەوەی تاقمێك لە کوردەکانی سەردەشت و سابڵاخ و موکریان و مەراغە و... لەگەڵ خۆیدا رێکدەخات روودەکاتە کوردستان و شاری سنە، ئەڵبەتە هێندێك لەو بڕوایەدا بوون کە لەو دەڤەرانەدا شکستی هێناوە، بۆیە بەرەو کوردستان بۆتەوە[١٤] موزهیریلئیسلام دەڵێ :

((لە سابڵاخ و موکریان روودەکاتەوە کوردستانی-ئێران مەبەست لە وشەی

کوردستان شاری سنەیە- وەرگێڕ)) سالارودەولە پێش گەیشتنی، بەنامە تاقمێ لە خانەدان و بازرگانی شاری سنەی دەربارەی جووڵانەوەکانی ئاگادار دەکاتەوە، داوای هاوکاریان دەکات. یاریدەدەری بەڕێوەبەرایێتی دارایی کوردستان موزهیریلئیسلام دەربارەی هاتنی سالارودەولە بۆ کوردستان و پێوەندینەیکردنی بە خانەدانای کوردستانەوە لە رۆژی (١٤)ی سەرەتای ساڵی (١٣٢٩ك) بەم شێوەیە وەزارەتی دارایی ئاگادار دەکاتەوە :

((پێنچ مانگ دەبێ، سالارودەولە سەرقاڵی فەراهام کردنی هۆکارەکانی بەرەو پێش بردنی خەیاڵە پلاوەکەیەتی و خەریکی وروژاندنی بیروباوەڕی گەندەڵە و داوای کۆمەککردنی هۆزە یاخییەکانی رۆژئاوای ئێرانە تا ئێستا چەندین جار بە زمانی شیرین ولووس نامەی بۆ خانەدانان و گەورە پیاوانی ئە دەڤەرانە ناردووە. بە شێویەکی گشتی دەقی ئەو نامانەی کە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ((پاش زۆڵم و ستەمکاریەی ساڵی (١٣٢٥ك) هەتا ئێستا ناردنووی چی لە سەردەمی ستەمکاری پێشوو، چی لە زیندانی عشیرەت ئاباد، چی بەنامەگوڕین لە گەل کەسایەتی ناوادارە مەدەنیەکانی فەرەنسا، ئەوە رووندەکەنەوە کە نائومێد کراوە)).[١٥] بە پێی قسەی مێژونووسی کوردستان شێخ محەمد مەردۆخ، سالارودەولە رۆژی هەینی (١٠) ی رەجەبی ساڵی (١٣٢٩ك) لەگەڵ تاقمێك لە هۆزی جاف و هۆزەکانی سەر سنور گەیشتە گوندی (خروسە) هاوەڵانی داوایان لە خەڵکی کرد پێشوازی لێ بکەن. حاجی شێخ محەمد باقر کە لە زانا ناودارەکانی ئەو دەڤەرە بووە، بریاریداوە پێشوازی لە شازادەی قاجاری بکات. بوَیە خۆی و تاقمێك خەڵك چون بە پیرییەوە،[١٦] ئەڵبەتە لەگەڵ هەواڵی نزیکبوونەوەی، مەشروتیەتخوازان ناوچەکەیان بە جێهێشت یان لە گۆشەیەکدا خۆیان شاردەوە، بۆیە شازادەی قاجاری لە نامەکانیدا داوا لە دۆستانی خۆی دەکا خەڵکی مەشروتیەتخوازان دەستگیر بکەن.

ئەگەرچی سالارودەولە لە خەڵکەکە دڵنیابوو، بەلام لە رۆژی شەممەی (١١)ی رەجەبی ساڵی (١٣٢٩ك) دا بە مەبەستی رێکخستنی شار بەشێکی سوپاکەی وەکو پێش قەڵاوڵ لەگەڵ ژمارەیەك سەردارو گەورە پیاوانی نارد بۆ ناو شار، خۆشی لە شەوی (١٢)ی رەجەبدا گەیشتە شاری سنە. هاوڕێەکانی، ناسیارو سەرۆك هۆز کە (١٥٠)کەس دەبوون گەیشتنە قەڵای میری[١٧] (فەریدولملوك)ی کارگوزاری کرماشان

دەڵـێ :

(( بـە هاتنـی سـالارودەولە بۆشـار، هێزەکانـی دەوڵـەت هیـچ شـێوە بەرهەڵسـتکارییەکیان لـە دژی نەکـرد، تەنانـەت کاربەدەسـتانی دەوڵـەت بـە پیریـەوە جـوون، بەهـادر ئەڵسـەلتەنە لـە نامەیەکـدا بـۆ وەزارەتـی دەرەوە، دەربـاری بارودۆخەکـە قسـەدەکا، بـە تایبەتـی دەربـارەی هەڵوێسـتی هێزەکانـی دەوڵـەت و گلەیـی دەکاو دەڵـی

((سـەردارانی بـە تالیۆنەکانـی هەمـەدان و کوردسـتان و فەرمانبـەری سـواران و تۆپخانـەو تەقەمەنـی و قورخانـە بـە بـێ ئـەوەی بێنـە دەسـت و نـە تۆپێـك یـان تفەنگێك بتەقێنـن تەنانـەت بریـکاری دەوڵـەت و خانەدانـان و زانایـان و مەشایخ، هـەر هەموویـان لـە دووری شـەش فەرسـەخ لـە شـارەوە پێشـوازی سـالارودەولەیان کـردو کلیلـی شـاری کوردسـتانیان پێبەخشـی))

دریژە بە نامەکەی دەداو دەڵێ :

((گـەر بـەو شـێوەیە موشـیری دیـوان و ئاسـفی دیـوان وسـەرکردەی بەتالیۆنـەکان و سـوارەکان ناپاکییـان نەکردبایـە و مێوانـداری و بـە دەف وسـەڵوات پێشـوازییان تـا نێـو شـار لێنەکردبایـە هەرگیـز هەورامانـی وجـاف ومەریوانـی هاوڕێتیـان نەدەکـرد)).[18]

پـاش گەیشـتنی سـالارودەولە بـۆ شـاری سـنە، سـەرۆك هـۆز و گـەورە پیـاوان بـە سـوێند یـان بـە قورئـان خـواردن پەیمانیـان دایـە. بەوشـێوەیە بەڵێنـی لێوەرگرتـن کـە ناپاکـی لـە دژی نەکـەن، ئەمیـش بەڵێنـی ئـەوەی دا ئەگـەر لـەم کارەدا سـەرکەوتووبێت ئـەوا هەموویـان هاوبـەش دەبـن. یەکـێ لـەو کەسـانەش کـە بـەو شـێوەیە هاوکاریـی لەگەڵـدا کـرد، نووسـەری کەتێبـی ((تاریـخ کـرد وکردسـتان)) واتـە شـێخ مـەردۆخ بـووە، دەڵـێ :

((سـەعات چـواری بەیانـی (١٢)ی رەجەبـی سـاڵی (١٣٢٩ك) بـۆ سـوراغی ئـەم کارە زەلامێکـی نـارد، قورئانێکـی بچوکـی پـێ بـوو، سـوێندی خـوارد و گوتـی ئەگـەر مـن و براکـەم لـەم کارە دا سـەر بکەویـن ئێـوەش هاوبەشـی ئێمـەن. دەبـێ ئێـوەش سـوێندمان بـۆ بخـۆن ناپاکیـمان لەگەڵـدا ناکـەن و مەشـورتیەت لـە خەیاڵـی خۆتـان دەربەکـەن)).[19]

سـالارودەولە ماوەیـەك لـە سـنە خەریکـی نامەنووسـین بـوو بـۆ گـەورە پیـاوو سـەرۆك هـۆزەکان و بانگهێشـتن کردنیـان بـۆ ریـزی خـۆی، بـە بوونـەی دووری کوردسـتان

لـه ناوەنـدەوە، خەڵـك پەیتـا پەیتـا دەچوونـە ریزیـەوە. لەوانـەش ئامـاژە بەمانـە دەكەیـن ((سـلێمان خانـی شـەریف مولـك، حسـین خانـی موزەفەرسـوڵتەنە عباس خانـی زەفەرسـوڵتان)).

سـالارودەولە بروسـكەیەكی زۆری بـۆ كرماشـان وتـاران و بروجـەرد و هەمـەدان و قەزویـن و سـوڵتان ئابـاد و ئـاراك، نـارد. (فەریدولمولـك)ی كارگـوزاری كرماشـان دەڵـێ :

((بروسـكەیەكی شـازادە سـالارودەولە لـە كوردسـتانەوە گەیشـتە زانـاو خانەدانانـی ئێـرە، ئەڵبەتـە خۆشـحاڵی خـۆی بەرامبەریـان دەربـڕی و هەواڵیـان دەپرسـێ و هـاوكات بروسـكەیەكی بـۆ ئەمیـن مەمالیـك نـاردو رێكخسـتنی شـاری پـێ سـپاردبوو داوای لێكردبـوو كـە بـەردەوام بێـت لـە بەجێهێنانـی ئەركـی خـۆی و (٧٠٠٠) سـوارو (١٠٠٠٠) چەكـدار ئامـادە بـكات، چونكـە لـەم رۆژانـە دا بـەرەو كرماشـان دەكەوێتـە رێ)).[٢٠]

لـە لایەكـی تـرەو سـالارودەولە، عەبـاس خانـی زەفـەر سـوڵتانی نـاردە لای داودخانـی كەڵهـوڕ ئێڵخانـی گـەورەی هـۆزی كەڵهـوڕو غـولام رەزا ئەبـو قـەدارەی والـی پشـتكۆ بـۆ ئـەوەی بانگهیشـتیان بـكات بـۆ نـاو ریزەكانـی خـۆی. داودخـان و غـولام رەزاخـان بـە دەنگیـەوە چـوون، ئەڵبەتـە بەپێـی نەریتـی ئـەو سـەردەمە، قورئانێكـی ئیمزاكراویـان بـۆ نـارد. لـە كتێبـی (ێبـی)دا دەربـارەی هـاوكاری داودخـان و والیـی پشـتكۆ سـەربارەت بـە رووداوەكانـی رۆژی (٢٨)ی حوزەیرانـی سـاڵی (١٩١١ز) بەرامبـەر (٢)ی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ك) بـەم شـێوەیە نـووسراوە:

((هەواڵـێ لـە رۆژئـاوای ئێرانـەوە دەڵـێ هـۆزی كەڵهـوڕ و چەنـد هۆزێكـی دیكـە، هەروەهـا والـی پشـتكۆ لایەنگیـری خۆیـان بـۆ سـالارودەولە ئاشـكرا كـردوە)).[٢١]

بـۆ رۆژی دوایـی سـێر (جـۆرج باركلـی) بـۆ سـێر (ئـەدواردی) وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا دەنووسـێ:

((قونسـولی عالیحـەزرەت لـە كرماشـان لـە بروسـكەیەكدا ئـەوە ڕادەگەیەنـێ كـە داودخانـی سـەرۆك هـۆزی كەڵهـوڕ هاوپەیمانـی شـازادەیە)).[٢٢]

عەبـاس خـان كـە قورئانـە ئیمزاكراوەكـەی داودخـان و والیـی بـۆ سـالارودەولە بـرد، ئەڵبەتـە ئەمیـش رێـزی لێنـاو نازنـاوی ((سـەردار رەشـید))ی پێبەخشـی وئیـدی لـەوە بـەدواوە بـەو ناوبانگـەوە مایـەوە. سـالارودەولە ئـاگای لـە هێزوتوانـای داودخـان بـوو، بۆیـە لـە نێـوان كەڵهـوڕەكان و هۆزەكانـی دیكـەی دەوروبەریـان كـردی بـە لێپـرساوی

کۆکردنـەوەی قۆشـەن. داود خانیـش بـە فەرمانـی سـالارودەولە هەمـوو سـوارانی کەڵهـوڕ و سـنجاوی و گـۆران و قەڵخانـی هێنایـە (مایـە شـت)بۆ ئـەوەی هاوەڵانـی سـالارودەولە پێوەندیـان لەگەڵـدا بکـەن.

سـێر (جـۆرج بارکلـی) لـە گوزارشـتی ژمـارە (٢٢٠) رۆژی (٢٦)ی حوزەیرانـی سـاڵی (١٩١١ز) بەرامبـەری (٢٩)ی رەجەبـی سـاڵی (١٣٢٩ك) بـۆ سـێر (ئـەدوارد گرێ) دەنووسێ و ئامـاژە بـە جووڵانـەوەی داودخـان بـەرەو مایەشـت دەکا :

((دەسـتەی چەکـداری هـۆزەکان بـۆ هاوکاریکردنـی شـازادە، پێوەندیـان بـە داودخانەوەکـردوە. سـەرۆك هـۆزی کەڵهـوڕ بـە دوورایـی یـەك میـل لـە کرماشـانەوە ئـوردوگای خـۆی خسـتووە)).[٢٣]

سـەران و میرانـی دەڤـەرەکانی رۆژاواو هەمەدانیـش گوێڕایەڵـی فەرمانبـەری ئـەون پاشـان حاجـی خانـی گەڕوسـی بـە چەنـد سـەربازو تـۆپ وتۆپخانـەوە گەیشـتە شـار، پـاش ماوەیەکـی کـورت سـوپایەکی مەزنیـان پێکهێنـا، سـوپاکە بریتـی بـوو لـە سـوار و پیـادە و چەکدارنـی هـۆزی مەڵکشـایی و خـزڵ و ئەرکـەوازی بـە سـەرۆکاێتی غوڵامشـاخانی کـوڕی غوڵامـڕەزای والـی پشـتکۆ هەروەهـا لـە خێڵەکانـی ناوچـەی رۆژئـاوا دەسـتەو تاقمێ جۆراوجـۆر لـە لـەك و لـوڕو زەنکنـە و سـنجاوی و گـۆران و قەڵخانـی و کولیایـی و باڵاوەنـدی و زەردەڵان وهلیـلان گەیشـتنە (سـەرنود)ی مایەشـت.[٢٤]

## ٤- ٣ هۆکارەکانی ئامادەبوون و پێوەندی داودخان بە سالارودەولەوە٠

سـاڵی (١٣٢١ی ك) داودخانـی کەڵهـوڕ بـە سـایەی توانـای خۆیـەوە توانـی (ئێلخانـی) هـۆزی کەڵهـوڕ وە دەسـت بهێنێـت و لـە سـاڵی (١٣٢٥ك) دا وەکـو ئاماژەمـان بۆکـرد، لـە نەهاوەنـد بـە دەنـگ ئەنجومـەن و مەشروتیەتـەوە چـوو، بـە کۆمەکـی هێـزی دەوڵـەت شکسـتی بـە سـالارودەولە هێنـا، ئێسـتا ئـەم پرسـیارە دێتـە پێشـەوە :

((لـە مـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەدا، واتـە لـە سـاڵی (١٣٢٥ك)ەوە تـا سـاڵی (١٣٢٩ی ك) چـۆن داودخانـی مەشروتیەتخـواز گـۆڕا بـە داود خانـی پاوانخـواز؟

یەکـەم خـاڵ کـە دەبـێ ئامـاژەی پێبکـرێ هەڵـس و کەوتـی ناشرینـی ئەنجومـەن و کاربـە دەسـتانی دەوڵەتـە لـە کرماشـان، پـاش سـەرکەوتنی داودخـان بـە سـەر

سالارودەولەدا لە نەهاوەند، نەك هەر كەس بە چاكەیان نەزانی بەڵكو پادداشتیش نەكران[٢٥] بە بۆنەی ئەو بارودۆخەوە ئەنجومەن لەگەڵ محەمەد عەلی شا یەكیان گرتەوە، بەڵام پاش شكستهێنانی سالارودەولە دووبارە تێكچوونەوە. ئیدی بە هۆی بێ توانایی و دووریی ناوچەكەیان چاكەو ئازایەتی وتێكۆشانی سوارانی كەڵهوڕیان لە بیر چۆوە. مستوفی دەڵێ :

((ئازادیخوازان ئەگەر دووربین بوونایە، دەبوایە لەو دوو ساڵی رابردوووداكارو خزمەتگوزاریان پێشكەش بە خەڵكی زەحمەتكێشان بكردایە، ئەو خەڵكە هەمیشە خۆبەختكەرو گیانفیداكارە بەڵام بە هۆی سەرسەختی دیموكراتەكان و پشت گوێ خستەن وپەراویزكردنی ئەو خەڵكە سادەیەو پێكهێنانی هێزێكی دیكە بۆ دەوڵەت و رێگانەدان بە هێمن ڕەوەكان كە بە هێمنی ئەم كێشەیە چارەسەربكەن نەبوایە، ئەڵبەتە ئێستا وڵات تووشی ئەم ڕەوشە نەدەبوو)).[٢٦]

لە لایەكی ترەوە حوكمڕانانی كرماشان خۆیان بە خاوەنی ئەو سەركەوتنە دەزانی، بەم شێوەیە تۆوی ناكۆكی لەگەڵ هۆزی كەڵهوڕدا كەوتە نێوانەوە. حوكمران دەترسان كە ئەم سەركەوتنە ببێ بە مایەی پتەو بوونی توانای سیاسی و سوپایی و بەرزبوونەوەی وەرەی داودخان لە ناوچەكەدا و لە پاشە رۆژیشدا ببێتەمایەی كێشەی خێڵەكانی دیكەی رۆژئاوا. بە بوونەی ئەو ڕەفتارو ساردییەی لەگەڵیدا كرا داودخان ئەمەی لە دڵ گرتبوو. بەساڵاچووان دەڵێن هەمیشە دەیگوت ((بریا نەچووبایایە بۆ نەهاوەند)) بەم شێوەیە بیری لە تۆڵەسەندن دەكردەوەو بە دوای هەلێكدا دەگەڕا وەڵامی ئەو هەڵوێستەساردە بداتەوەو تۆڵەی خۆی بكاتەوە.

خاڵێكی دیكە كە دەبێ ئاماژەی بۆ بكرێ، بەربڵاو بوونی توانای هێزی هۆزی كەڵهوڕو دەسەڵاتیان بە سەر خێڵەكانی ناوچەی كرماشاندا، بۆوەتە هۆكاری خارەت كردن و زاڵبوونی داود خان بەسەر خێڵەكانی ناوچەكەداوپشت گوێخستنی باج دان. لەم بەینەدا هۆزی سنجاوی بە هۆی دراوسێیەتی و هاوكاریكردن لەگەڵ حوكمڕانی كرمشان زەهیرودەولەدا كە یەكێ بوو لە دوژمنانی داودخان. ئەم كارەش مایەی تووڕە بوون هێرشكردنی زیاتر بوو بۆ سەر هۆزی سنجاوی. داودخان بە هاوڕێیەتی سوارانی كەڵهوڕ لە گەرمیان و كوێستان واتە لە نێوان قەسری شیرین و مایەشتدا، خاوەت و هێرشێكی زۆریان كردە سەر سنجاویەكان و زیانێكی زۆریان پێگەیاندن.

فەریدولمولـك لـە یادداشـتەكانی خۆیـدا ئامـاژە بـەو پێكدادانـەی نێـوان كەڵهـور وسـنجاویەكان دەكات[٢٧] لـەو پێكدادانـەدا كـە هـۆزی كەڵهـور زیاتـر سـەركەوتوو بوو ئاسایشـی دەڤـەرەكە تووشـی مەترسـی بـۆوەو ئەگـەری ئـەوەش دەكـرا لـە كرماشـانیش ئـاژاوە بەرپـا ببـێ. سـاڵی (١٣٢٧ك) دا نیزامی سـەڵتەنە وەك حوكمڕانی كرماشـان دامەزراو، پاشـان لە رۆژی (٢٥)ی زیلحجـەی هەمـان سـاڵدا لەگـەڵ (١٠٠) سـوارو (٥٠٠) سـەرباز گەیشـتنە كرماشـان، بـۆ رۆژی دوایـی (٢٠٠) كـەس لـە سـوارانی سـنجاوی و نانەكەلـی پێوەندیـان پێوەكـرد[٢٨] ئەردەشـیر كشـاوەرز دەربـارەی هـۆكاری هەڵبژاردنـی نیزامـی سـەڵتەنە وەك حوكمڕانـی كرماشـان، قسـە لـە چەنـد هۆكارێـك دەكاو لەوانـە ((كێشمەكێشـی سـەخت و هەمیشـەیی نێـوان كەڵهـوڕ وسنجاوی)).[٢٩] نیزامـی سـەڵتەنە لەگـەڵ گەیشـتنی بـۆ كرماشـان، پێـش ئـەوەی ململانیـی داود خـان بـكات، بریـاری ئاگاداركردنـەوەی دا و فەرمانـی دەسـتگیركردنی تاقمێكـی ئاژاوەچـی نێـو شـارداو تەنانـەت چەنـد كەسـێكی بـە دەستبەسـەری نـارد بـۆ تـاران. ئـەوەی بـووە هـۆكاری بـە هێزكردنـی نیزامـی سـەڵتەنە ئـەو بروسـكەیەی سـەردار ئەسـعەدی وەزیـری ناخـۆ بـوو، لـەو بروسـكەیەدا داوا دەكا كـە بـە ئاگابـێ لـە ئاسـت ئـەو كەسـانەدا كـە بوونەتـە هـۆكاری ئاژاوەنانـەوە لـە كرماشـان و دەوروبـەری. فەریدولمولـك دەنووسـێ :

(( بروسـكەیەك لـە جەنابـی وەزیـری ناخـۆ سـەردار ئەسـعەدەوە بـۆ ئیاڵـەت هـات. بروسـكەی بـۆی خوێندرایـەوە، لـە ڕاسـتیدا بروسـكەیەكی كـورت بـوو، ئـەم بروسـكەیە بـەو شـێوەیە بـۆ دەسـەڵاتداران دەنێردرێـت، كورتـەی بروسـكەكە ئەوەیـە كـە دەوڵـەت دەسـتی ڕەهایـە بـە سـەر هـەر كەسـێ لـە هـەر چینێـك بێـت ئەگـەر خراپـكاری و گەندەڵـی كـرد، ئـاگادار بكرێـت و لـە شـار دوور بخرێتـەوە)).[٣٠]

سـنجاویەكان بـە تەمابـوون بـە كۆمەكـی نیزامـی سـەڵتەنە بـە تەواوەتـی بەسـەر داودخانـدا زاڵـبن. ئەمانـە پێـش نیزامـی سـەڵتەنە لەگـەڵ زەهیرودەولەشـدا هاوكاریـان كـرد، بـەڵام كارێكـی ئەوتۆیـان نەكـرد. حوكمدارانـی كرماشـان لـە بیـری ئـەوەدا بـوون كـە بەبـێ چەنـدو چۆنـی بەسـەر هۆزەكانـی ئـەو سنورەدا زاڵـبن و لـە جیـاوازی بارودۆخـی دەرونـی و ناكۆكـی نێـوان ئـەو هۆزانـە سـوود وەربگـرن و پاڵیـان پێـوە بنێـن بـۆ ئـەوەی بچـن بەگژ یەكتریـدا، بـەم شـێوەیە بـە هەڕەشـە و تەشـەرو ئـاگادار كردنـەوە و بـە تەمـا بەركـردن چـی بـە شـێوەیەكی راسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ سـوود وەربگـرن. داودخـان لـەم ڕەوشـە سـەختەدا زۆر ناڕەحـەت بـوو سـەرەڕای ناڕەحەتـی بەرامبـەر بـەو هۆزانـەی كـە هـاوكاری

دەوڵەتیـان دەکـرد. کتێبـی (ێبـی) دەڵـێ :

((هـەر وەکـو لـە کرماشـانەوە ڕاپۆرتێکـم پێشـکەش کـرد. هـۆزی گـەورەی کەڵهـور بـە سـەرۆکایێتی داودخـان مایـەی هەڕەشـەو مەترسـین)).[31]

پێـش ئـەم هێرشـەی هـۆزی کەڵهـوڕ، نیزامـی سـەڵتەنە قشـۆنێکی دوو هـەزار سـوارەی لە هۆزەکانـی دەوروبـەری کۆکـردەوە[32] بەنیـازی هێرشـکرنە سـەر داودخـان. سـەرداری موزەفەری کەڵهوریـش چـوو بـە سـوراغی سالارمەسـعودی گـۆران و[33] دژی حوکمـداری کرماشـان و ئـەو هۆزانـەی هاوپەیمانـی بـوون بـە تایبەتـی هـۆزی سـنجاوی، پەیمانـی لەگەڵـدا بەسـتەبوون. ژمـارەی هێـزی حوکمـداری کرماشـان زۆر بـوو ئـەم کارە داودخانـی هەراسـان کـرد، بۆیـە دەترسـا کـە لـەم پێکدادانـەدا ژمارەیـەك سـوارە بکوژرێـت، سـەرەتا تێدەکۆشـا بـە دانووسـتانی کارەکـە لەگـەڵ حوکمـداردا یەکلابکاتـەوە، بـەڵام سـەرنەکەوت. تەنانـەت هـەوڵ و کۆششـی قونسـولی روس و بەریتانیـا هیـچ ئەنجامێکـی نەبـوو. بەقسـەی بەسـاڵاچووان بـە تەمـای پەیـمان بەسـتن بـوو لەگـەڵ نـەزەر عەلـی خانـی ئەمرایـی (سـەردار ئەکـرەم)ی لورسـتانی بـۆ ئـەوەی ببنـە مایـەی مەترسـی بـۆ کرماشـان و هەمـەدان و بـە مەبەسـتی دابینکردنـی ئاسـایش لـە دەڤـەرەکەدا، بـەڵام کارەکـە بـێ ئەنجـام بـوو. بۆیـە نیزامـی سـەڵتەنە پشـتی بـە هێزەکـەی خۆیـەوە بەسـتبوو، لـە رۆژی پێنجـی رەجەبـی ساڵی (١٣٢٨)ی کۆچـی دا خـۆی بـۆ هێرشـێکی دژ بـە هێزەکانـی کەڵهـوڕ ئامـادە کـرد. مسـتەر (مارلینـك) لـە گوزاشـتێك بـۆ سـێر ئـەدوارد گـرێ دەڵـێ :

لـە (قەلهـك) دوانـزەی حوزەیرانـی سـاڵی (١٩١١ی) ز بەرامبـەر پێنجـی رەجەبـی سـاڵی (١٣٢٨ك).

گـەورەم: لـە بروسـکەی (٣٠)ی مانگـی ڕابـردوو بەرێزتانـم ئـاگادار کـرد کـە ئاژاوەیەکـی گـەورە لـە ویلایەتـی کرماشـان بەرپـا بـووە. داودخانـی سـەرۆك هـۆزی کەڵهور لەگـەڵ (١٨٠٠) سـوار لـە ناوچـەی مایەشـتەوە کـە پێنـج فەرسـەخ لـە کرماشـانەوە دوورە ئومێـدەوارە لەگـەڵ حوکمرانـی کرماشـاندا خـۆی رێـك بـخات، کاربەدەسـتانی قونسـولی بەریتانیـا لەگەڵ هـاوکارە روسـیەکەی بـە پێویسـتیان زانـی دەربـارەی گەڕانـەوەی داودخـان بـۆ نزیـك شـار، حوکمـداری شـار ئـاگادار بکـەن، بەرێـزی لـە وەڵامـدا هیواداربـوو لـە چەنـد رۆژێکـی ئاینـدەدا دووریـان بخاتـەوە لـە شـار ئەگـەر سـەرنەکەوت ئەڵبەتـە داوای یارمەتـی قونسـولەکان دەکات. بـەم پێیـە مـن و هـاوکارە روسـیەکەم ڕێنمایـمان بـۆ قونسـولەکان نـارد ئەگـەر حوکمـدار داوای

هاوکاریـان کـرد ئـەوە دەسـەڵاتی خۆیـان بەکاربهێنـن، تەنانـەت ئەگـەر بـە پێویسـتیان زانـی دیـداری داود خانیـش بکـەن بـەڵام حوکمـدار لـە قونسـولەکان نـە پاڕایـەوە و لەگـەڵ سـوارانی سـنجاوی ڕۆژی (٢٨)ی هەمـان مانـگ هەلیکوتایـە سـەر هێزەکـەی داودخـان. ئەڵبەتـە نـەك هـەر ئاواتەکانـی نەهاتـەدی، بەڵکـو شکسـتی هێنـاو بـەرەو شـار پاشەکشـێی کـردەوەو زیانێکـی زۆری لێکـەوت.[٣٤]

فەریدوملولـك لـەو بڕاویەدابـوو کـە هـۆکاری شکسـت هێنانـی حوکمـدار وسـنجاویەکان هەڵهاتنـی سـوارە کولیاییـەکان بـوو.[٣٥]

حوکمـدار کـە لـە جەنگـدا شکسـتی هێنابـوو، داوای لـە حکومەتـی ناوەنـد کـرد کـە داودخـان لـە ئێلخانـی هـۆزی کەڵهـور لابدرێـت و محەمـەد عەلـی خانـی ئێلخـان لـە بـری دابنرێـت. حکوومەتـی ناوەنـد بـە قسـەی کـرد، بـەڵام داودخـان توانـای لـە ناوچەکـدا بـە هێـزو بـەردەوام بـوو بـە شـێوەیەك ئـەو بڕیـارە جێبەجـێ نەکـرا. بـە داخـەوە نیزامـی سـەڵتەنە تـا دوارۆژی حوکمـداری کرماشـان بـەردەوام بـوو لـە پیلانگێـران دژی کەڵهـوڕەکان، لـە پیکدادانـی ڕۆژی (١٦)ی شـەوالی ساڵی (١٣٢٨ی ك) نێـوان کەڵهـوڕ و سـنجاوی، فەرمانـدرا بـە بریـکاری حوکمـداری شـاری کرنـد کـە سـەرۆك هـۆزی سـنجاوی سمسـامولمەمالیك بـە هێـز بکرێـت)).[٣٦]

پـاش نیزامـی سـەڵتەنە، ڕوکنـی دەولـە بـە حوکمـداری کرماشـان دانـرا. ئەڵبەتـە ئەمیـش لـە سـەر هەنـگاوی حوکمـداری پێشـوو بـووە، لـە ئاسـت توانـای داودخـان لـە ناوچەکـەدا ڕەشـبینبوو ، حوکمـداری باوجـودی داود خـان بـێ کێشـە نییـە. هـەر بـە هەمـان بابەتـەوە، نۆێنەرێکـی خـۆی نـاردە لای هـۆزی کەڵهـوڕو داوای لـە داودخـان کـرد کـە بێتـە دیـداری و بـە شـێوەیەکی فەرمـی ملکەچیـی خـۆی ئاشـکرا بـکات. بـەڵام داودخـان لـە نیـازی ڕوکنـی دەولـە ئـاگادار بـوو. بـە ناردنـی هێزێکـی دوو سەدکەسـی لـە دیـداری حوکمـداری تـازە خـۆی دوورخسـتەوە، حوکمداریـش بـە مەبەسـتی خـۆی نەگەیشـت و بـەو دوو سـەد سـوارەی داودخانـە ڕازی نەبـوو، ئـەو ساردییـەی نێـوان کەڵهـورو دەوڵـەت هـەر وەکـو خـۆی مایـەوە[٣٧] ئەڵبەتـە هێرشـەکانی حوکمـداران بوونـە هـۆی پەیـدا بوونـی ڕق وکینـەی داودخـان بەرامبەریـان، تەنانـەت بیـری لـەوە دەکـردەوە خـۆی لـەو هێرشـانە بپارێزێـت وببـێ بـە هاوڕێـی سـالارودەولە لـە دژی مەشروتیـەت، لێـرەدا دەبـێ ئامـاژە بـۆ سـەرچاوەیەکی دیکـە بکەیـن، هاورێیەتـی چەنـد تاقمێکـی زۆرو فـراوان لـە گـەڵ محەمـد عەلـی میـرزا و براکەیـدا

بـۆ گەڕانـەوەی تەخـت و تاجـی لەدەسـت دەرچـووی. بەقسـەی بەسـاڵاچووەکاندا داودخانیش هەمیشـە ئامـاژەی بـەوە دەکـرد کـە محەمـەد عەلـی میـرزا دەووبـارە بـۆ تەخـت وتاجـی دەگەڕیتـەوەو ئـەو کەسـەی لـە گەڵیدابێـت سـەردەکەوێت. لـە رۆژئـاوادا سـالارودەولەی برای پاشـا زۆربـەی هۆزەکانـی لـە دەوری خـۆی کۆکردبـۆوە رێکـی خسـتبوون، بەڵێنێکـی زۆری بـە داودخـان دابـوو گـەر سـەربکەوێت ئـەو بەڵێنانـە جێبەجـێ دەکرێـن.

خاڵێکـی دیکەشـی لـەم بارەیـەوە، کاریگەریـی هەبـووە، هێنـدی لـە بەسـاڵاچووان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە داودخـان دەیگـوت : ئێمـە چیـمان لـە کەریـم خانـی زەنـد کەمـترە ؟ ئەگـەر بـە توانـای هـۆز بێـت ئێمـە بـە تواناتریـن و زیاتـر شایسـتەی پاشـایەتین، ئەگـەر نەتوانیـن سەراسـەری ئێـران بخەینـە ژێـر رکێفـی خۆمانـەوە بـەلای کەمـەوە دەتوانیـن لـە رۆژئـاوای ئێـران حکومەتێـك دامەزرێنیـن . هـەر وەهـا دەڵـێ ئێمـە بـە نـاوی سـالارودەولەوە لـە رۆژئـاوای وڵات حکومـەت دائەمەزرێنیـن وپاشـان لای دەدەیـن، چونکـە شـیاوی حکومـەت نییـە[38] داودخانـی سـیهاموڵەمالیك لـە کۆکردنـەوەی قشـۆن بـۆ هاریکاریکردنـی سـالارودەولە بەڵێنـی بـە سـەران وکلانتـەران (کوێخـاکان)ی خێـڵ و تیـرەکان داوە هـەر یەکـێ پلـەو پۆسـتێکی پێیسـپیرێ، ئەمانیـش بەڵێنیـان دابـوو هەتـا دوا هەناسـەیان لەگـەڵ داود خانـدا تێبکوشـن و پشـتگیری وپشـتیوانیی بکـەن. هـەر چەنـدە بریارێکـی وا ئـەورۆ زۆر دژوارە بـەڵام ئەگـەر لاپەڕەکانـی مێـژوو هەڵدەینـەوەو تەماشـای ڕابـردووی بنەماڵـەی حوکمڕانەکانـی پێشـووەی ئێـران بکەیـن، دەبینیـن زۆربەیـان بـەو شـێوەیە بـە تەخـت و دەسـەڵاتی ئێـران گەیشـتوون و بـۆ ماوەیـەك حوکمرانییـان کـردووە. بـەم پێیـە ئەگـەر کەڵهـوڕەکان توانایێکـی وایـان بـە دەسـتەوە بوایـە کـە حوکمدارانـی دەڤـەرەکە هەراسـان بکـەن، ئـەوا نیشـانەی ئەوەیـە کـە لـە واقیعـەوە دوور نەبـوون.

دواشـتێك کـە دەبـێ ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، لادانـی مەشروتیەتـە لـە رێبـازە ڕەسـنەکەی خـۆی، لـەم کاتـەدا بەختیاریـەکان جڵـەوی وڵاتیـان بـە دەسـتەوەبوو، ئەگـەر هـۆزە گـەورەکان پشـتگیرییان نەکردبایـە تووشـی لاوازی دەبـوون. مەشروتیـەت ئـەو مەشروتیەتـە نەبـوو کـە بتوانێـت دادپـەروەری لـە سەراسـەری لەئێرانـدا بچەسـپێنێت. ئـەم لادانـە لـە سـەردەمی رزگارکردنـی تارنـدا دەسـتی پـێ کـرد و هەتـا ئـەم سـەردەمە بەردەوامـە، ئەوەتـا لـە کاتـی دامەزراندنـی کابینـەی وەزارەتـەوە کـە زۆربـەی هـەرە زۆری وەزیـرەکان پاوانخـواز و لایەنگـری محەمـەد عەلـی شـا بـوون. ئـەو لادانـە دەسـتی پێکـرد. کـردەوەی مەشروتیـەت بـە

ڕادەیەك بەدناو بوو ((لە هەر شوێنێك ئاژاوە و ئاشوب بەرپا ببوایە، خێڵ وهۆزەكان دەیانگوت بە هۆی مەشروتیەتەوەیە))[39] حكومەتێك بەم شێوەیە، پاوانخوازبێت بە جل و بەرگی مەشروتیەتەوە دەبێتە هۆكاری نەك هەر داودخانی لێ دڵگران بێت بەڵكو گرۆی دیكەش دڵگران بن.

بە كورتی دەبێ بوترێ كە مەیلی داود خان بەلای محەمەد عەلی و براكانییەوە هۆكارێكی زۆری هەبووە، لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ هەندێكیان كرد، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێت كە ئەمڕۆ هێندی لەو هۆكارانە بەلای ئێمەوە نادیارە و كەس ناتوانێت چاو بۆشییان لێ بكات. گفتوگۆمان لەگەڵ چەند كەسێكی جیاوازدا كردو ئەوەمان بۆ روون بۆوە كە لە هەموویان گرنگتر ناكۆكی نێوان كەڵهوڕو حوكمدارانی كرماشان بووە، كە زیاتر بووبوونە ستەمكاری حوكمداران دژی خێڵ و هۆزەكان و سەركوتكردنی هەمیشەییان و یاخیبوو داود خان لە فەرمانەكانیان، هەروەها نەدانی باج.

## ٤- ٤ هاتنی سالارودەولە بۆ كرماشان

پاش ئەوەی سالارودەولە توانی گەورە پیاوانی دەڤەرەكە و سەرۆك خێڵ و تیرەكانی كوردستان لەگەڵ خۆیدا رێكبخات، بە بروسكە ئەمینولمەلیكی بە فەرماندەی كرماشان دانا و داوای لێكرد كە حەوت هەزار سوارە و دە هەزار چەكدار ئامادە بكات. ئەمینولمەلیك بە بێ فەرمان دەست بەكاربوو[40] سالارودەولە لە سەرەتای مانگی شەعبانەوە كەوتەڕێ و لە رۆژی چواری شەعبانی ساڵی (١٣٢٩ك) دا گەیشتە كرماشان. فەریدولمەلیك كە خۆی شایەدحاڵبوو دەڵێ :

((یەك شەممەی چواری شەعبانی ساڵی (١٣٢٩ك) جاری گەیشتنی سالارودەولەی خاوەن شكۆ كێشراو جەماوەرێكی زۆرم لە هەموو چینەكان نارد بۆ (مەنزەریە) بۆ پێشوازیكردنی، داخوازییێكم لە موحتەشیمولدەولە كرد، لە وەڵامدا گوتی هێشتا شتەكە روون نیەو پاشان ئاگادارت دەكەمەوە، پاش نیوەڕۆ بە بێ ئاگاداری جەنابی میری میران تەشریفی بۆ كارگوزاری دەوڵەت هێنا، مەعلوم بوو كە خەیاڵی مانەوەی لە كارگوزاری دەوڵەت لە كەللەیدا بوو. پاش گەیشتنی، جەنابی شازادە سالارودەولە، تەشریفی بۆ سەرای حكومەت هێنا.

سـەعاتێکی لـە شـەر بـە سـەر چـوو کارگـوزاری حکومـەت هاتـو ئـاگاداری کردیـن کـەوا جەنابـی شـازادە داوامـان دەکات. لـە (بیدسـتان) گەیشـتینە خزمەتـی. شـازادەو موحتەشـیمولدەولەو جەنابـی ئاغـای مەحمـود لەوێبـوون. شـازادە جـل و بەرگـی کـوردی جافـی لەبـەردا بـوو. دڵگرانیـی خـۆی دەربـارەی نالەبـاری و هـەژاری خەڵکـی رۆژئـاوای وڵات دەردەبـڕی و بـەراوردی دەکـرد لەگـەڵ ئـەو پێشـکەوتن و خۆشـگوزەرانی ژیانـی خەڵکـی فەرەنسـا کـە لـە سـەفەرەکەیدا بـە چـاوی خـۆی دیتبـوو. پـاش سـەعاتێك گەڕامەوە ماڵـێ، ئاسـایش بەرقەراربـوو تەقـەی تفەنـگ نەدەبیسـترا)).[٤١]

سـێر جـورج بارکلـی لـە رۆژی شەشـی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) دا ڕاپۆرتێکـی نووسـی

(( سـالارودەولە لەگـەڵ دوو هـەزار کـەس و چـوار کەسـیش لـە خەڵکـی ئێـرە چوونـە پاڵیـەوە، دوێنـێ شـەو گەیشـتە کرماشـان و ئـەوڕۆ دیـداری هەمـوو چینەکانـی گـەل دەگات))[٤٢] لەگـەڵ گەیشـتنی سـالارودەولە، داود خـان پێوەندیـی لەگەڵـدا کـرد و باسـی ئامادەیـی و هەنگاوەکانـی خـۆی سـەبارەت بـە کۆکردنـەوەی قۆشـەنی زیاتـر لە نێـوان خێڵ وتیرەکانـی رۆژاوای بۆکـرد. سـالارودەولە پـاش دڵنیابوونـی لـە پشـتیوانی هـۆزی کەڵهـوڕ داوای لـە دادوخـان و عەلـی ئەکبـەر خانـی سـەرداری جەنگـی کـوڕی کـرد بـۆ ئـەوەی بگەڕێتـەوە بـۆ مایەشـت و هێـزی تیـرەکان رێـك بـخەن و بـەرەو پێتەخـت ئامادەبـن. لـە لایەکـی تـرەوە بـە گەیشـتنی سـالارودەولە بـۆ کرماشـان رۆژی نـۆی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) محەمـەد عەلـی میـرزاش لە(ئاسـتار)ەوە بـۆ (سـان پتروسـبێرگ)و لەوێـوە بـۆ بەغـدا، دەربـارەی لەشـکرەکەی لـە باکـوری وڵات وئامادەبوونـی بروسـکەیەکی بـۆ نـارد، ئەمـەش دەقـی بروسـکەکەیە ((بـرای ئازیـزم سـالارودەولە، خـۆم وشـەش هـەزار سـوارە بـە جـل و بەرگـی تورکمانییـەوە بـەرەو تـاران کەوتووینەتـەڕێ، تۆیـش بـە زووتریـن کات خـۆت بگەێنـە دەروازەی تـاران، قـەت باکـت لـە ئـوردوی شـانۆی تـاران نەبـێ [٤٣] هـەر هەموویـان سـێ هـەزار بەختیـاری و غەیـرە بەختیاریـن، هەرچەنـد زووتـر بگەیـت باشـترە. چونکـە لەوانەیـە دواکەوتنـت گورزێکـی گەورەبـێ لـە کاروبـاری لەشکرکێشـیمان))

**واژۆ**

**محەمەد عەلی شای قاجار[٤٤]**

سـالارودەولەیش کـە پشـتی بـە سـوارانی خێـڵ و هۆزەکانـی کوردسـتان و پشـتکۆوە قایـم بـوو. بـە ڕێـگای کرماشـان - بەغـدا - پترۆسـبیرگ و پاشـان ئاسـتارا وەڵامـی بروسـکەکەی محەمـەد عەلـی شـای دایـەوە. ئەمـەش دەقەکەیەتـی :

(( خاکـی پیـرۆزی بەرپێـی جەنابـی شـکۆداری مـەزن شاهەنشـا محەمـەد عەلـی شـای قاجاریـی. گیانمـان و گیانـی گشـت جیهـان فیـدای بێـت. بەنـدەش لەگـەڵ بیسـت وپێنـج هـەزار سـوارە لـە هۆزەکانـی جـاف و کوردسـتانی و کەڵهـوڕ و سـنجاوی و پشـتکۆیی و بەتالیونەکانـی کوردسـتانی و کرماشـان و گەڕۆسـی لـە کرماشـاندا، چاوەڕوانـی نـەزەر عەلـی خـان و هێزەکانـی لوڕسـتانین لـە بـۆ داگیرکردنـی هەمـەدان و لەوێـوە پـاش دوو سـێ ڕۆژ پشـت بـە یەزدانـی مـەزن و نێوچاوانـی پاکـی شاهەنشـایی بـەرەو تـاران دەکەوینـەڕێ، لەوێـدا بـە یـەك دنیـای خۆشەویسـتی و شـادی خاکـی بەرپێـت مـاچ دەکەیـن و لەبەرامبـەری تەختـی شاهەنشـایی سـەری نـەوازش دائەنوێنییـن.

**فیداکار — سالارودەولە)).**[٤٥]

ئـەو بروسـکە و هەواڵانـەو بـە یـەك ڕاگەیانـدن لـە نێـوان هـەر دوو ئـوردوگای (محەمـەد عەلـی لـە باکـوری وڵات و سـالارودەولە لـە ڕۆژئـاوای وڵات) هەمـوو هێـزو توانـای یاخیبـووان دژی مەشروتیەتخـوازان و مەشروتیـەت بـەو شـێوەیە بـەردەوام بـوو. چەنـد ڕۆژێ پـاش گەیشـتنی، واتـە ڕۆژی دوانـزەی شـەعبان سـالارودەولە سـەبارەت بـە چونێتـی پێکهاتـەی هێزەکـەی خـۆی وەڵامـی محەمـەد عەلـی شـای بـرای دایـەوە. محەمـەد عەلـی شـا بروسـکەیەکی بـۆ کرماشـان نـاردو داوای لـە سـالارودەولە کـرد باشـترە زووتـر سـوپاکەی بـەرەو تـاران بخاتـەڕێ، دەڵـێ :

((بـە دەرنـگ گەیشـتن کارمـان تێـك دەدات))[٤٦] محەمـەد عەلـی لـە بـۆ هاندانـی سـالارودەولە داوا دەکات کـە بـە زووتریـن کات بکەوێتـەڕێ و بـەو شـێوەیە کۆتانـی بـە بروسـکەکەی دەهێنێـت، دەیویسـت لـە نـاکاودا گورزێـك لـە مەشروتیەتخـوازان بـدات، دەربـارەی داگیرکردنـی تـاران بروسـکەیەکی دیکـەی بـۆ براکـەی نـارد. لـەو کاتـەدا هێشـتا هیزەکـەی بـە سـەرکردەیی ئەرشـەدولدەولە بـوو، بەرامبـەر بـە هێزەکانـی دەوڵـەت شکسـتی نەهێنابـوو. هـەر بۆیـە نیـازی وا بـوو بـە هێرشـێکی لـە پـڕ بتوانێـت دەوڵەتـی مەشروتیـەت بڕوخێنێـت. ئەمـەش دەقـی بروسـکەکەیە:

((بـرای ئازیـزم سـالارودەولە، بـا لەشـکرەکەت دوو بـەش بـێ، بەشـێکی بـەرەو دەروازەی هەمـەدان، ئـەو بەشـەکەی تـری بـەرەو دەروازەی شـائەوڵعەزیم بکەونـەڕێ،

خۆشـت لـه شـائەوڵعەزیم لـه کۆشـکی قەجـەرەوە چاوەڕوانـی فەرمانـم بکـە، شـەش هــەزار ســواره جگــه لــه هەشــت هــەزار ســوارەی تورکمانــەکان ئامــادەن و لــه ســێ هێڵـەوە بـەرەو (دەروازەی قەزویـن)و (یوسـف ئابـاد)و (دەروازی دۆڵاب) هێـڕش دەکـەن، سـبەینێ دەکەونـەرێ، خێـرا خـۆت بگەیەنـە شـائەوڵعەزیم، بالوێـزی وڵاتانـی دراوسـێ لەگـەڵ خەڵکـی تارانـدا پێشـوازیت دەکـەن)).

## محەمەد عەلی شای قاجار[٤٧]

سـالارودەوله پـاش گەیشـتنی هەواڵـی لەشـکری محەمـەد عەلـی میـرزا، بیـری لـه دارایـی و درامەتـی نوێـی دەکـردەوە، ئەڵبەتـه بـۆ ئـەم مەبەسـته دەسـت بەکاربـوو. ویسـتی بـەو دەرامەتـه هێزێکـی کـۆك ئامـاده بـکات. هـەر بۆیـه هەنـدێ کاری لـه پێناوی گەیشـتن بـه سـەرچاوەی درامـەت پەیڕەویکـرد، وەك کونتڕۆڵکردنـی هەمـوو داهاتەکانـی گومرگـی کرماشـان. (مێرنـارد) بەرێوەبـەری گشـتی گومـرگ لـه نووسراوێکـدا بـه ژمـارەی (٤٣٠٩) رۆژی (١٧)ی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) بەرامبـەر (١٢)ی ئابـی سـاڵی (١٩١١ز) بـەم شـێوەیە وەزارتـی دارایـی ئـاگادار دەكات :

وەزارەتـی پایەبـەرزی دارایـی، بەوپـەڕی شـانازیەوە ئـاگاداری بەرێزتـان دەکەیـن کـه رۆژی دووشـەممەی حەوتـی ئابـی سـاڵی (١٩١١ی ز) شـازاده سـالارودەوله بـه زۆرەملـی رۆژانـه داهاتـی گومرگـی کرماشـان کـه مانگانـه دەگاتـه (٦٠) تـا(٧٥) هـەزار تومـەن بـۆ خـۆی زەوت دەكات، تەنانـەت لـه بانکیـش قـەزر دەكات. ئەڵبەتـه شـازاده زاڵـه بـه سـەر ئەیاڵەتــی کرماشــان و ســەرقاڵی فەرمانداریــه و بەریۆەبەرایێتــی گومــرگ ناتوانــێ لــه دژی بوەسـتێ و پـارەی نەداتـێ ئەگینـا ئەنجامـی خراپـتر دەبـێ، لەوانەیـه لـه دەرەوەی فەرمانگـەی گومـرگ لـه کاروانـەکان وەربگرێـت. بەمجـۆره ئـەوە دوو سـاڵە لـه بوشـەهرو بەنـدەر عەبـاس و ئاسـتارا و سـابڵاخ سـەردارانی گومـرگ ناتوانـن بەرگیـری بکـەن)).

## بەرێوەبەری گشتی گومرگ – واژۆ – مێرنارد[٤٨]

سـالارودەوله بایەخێکـی ئەوتـۆی بەقسـەی بەرپرسـانی گومرگـی کرماشـان نـەدا. لـه رۆژی (٢)ی شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ك) دا واتـه لـه مـاوەی بیسـت رۆژ بـه (٢٣٣٢٩) تومەنـی لـه داهاتـی گومـرگ بـرد بـۆ خەرجـی لەشکرکێشـەکەی بـەرەو تـاران.[٤٩]

نـەك هـەر لـە كرماشـان بەڵكـو لـە هـەر شـارێ كـە لـە سـەر ڕێـگای دابوایـە، ئـەوكارەی پەیـڕەو دەكـرد)).

جگـە لـە دیـداری شـابەندەری دەوڵەتـی عوسـمانی[50] لـە كرماشـان كچـی (عومـدەی سـەڵتەنە)ی مـارە كـرد[51] كاتـێ لەگـەڵ سـەرانی هـۆزو تیرەكانـدا سـەرقاڵی لـە شكركێشـی دەبـوو، تاقمـێ خەڵكـی هەمـەدان نوێنەرایێتـی خەڵكـی شـاریان دەكـرد، هاتنـە دیـداری و بانگهێشـتیان كـرد كـە سـەردانی هەمـدان بـكات. چەنـد كەڕەتێ پێـش هاتنی سـالارودەوله بـۆ كرماشـان دڵسـوزی خۆیانیـان بـە بروسـكە بـۆ دەربڕیبـوو. لـە بەڵگەیەكـدا كە لـە ڕۆژی (٢٧)ی ڕەجەبـی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) بەهـادر سـەڵتەنە بـۆ وەزارەتـی كاروبـاری دەرەوەی ناردبـوو ئەمـە دەقەكەیەتـی:

خەڵـك و گـەورە پیاوانـی هەمــەدان هەتـا ئێسـتا دوو كـەڕەت ڕوویانكردووەتـە پۆسـتەخانەی هەمـەدان و برووسـكەیان بـۆ سـالارودەوله نـاردوە و بانگهێشـتیان كـردووە و شاباشـی سـالارودەولەو هـاواری مردنیـان بـۆ مەشروتیەتخـوازان لـە بـازاڕو كۆڵانانـدا كێشـاوە)).[52]

لــە مانگــی شــەعبانی هەمــان ســاڵدا ســالارودەوله بەشــێكی هێزەكــەی بــەرەو هەمـەدان نـارد وداگیریكـرد. ((ئیتحـاد نیـزام ماقـی)) ژمـارەی هێزەكـەی سـالارودەوله لـەم پرۆسـەیەدا بـە (٨٠٠) كـەس خەمڵانـدوە[53] لـە كارەكانـی دیكـەی سـالارودەوله، كاتـێ گەیشـتە كرماشـان فەرمانـی چاودێـڕی كردن و بـە دوداچوونـی مەشروتیەتخوازانـی دەركرد، ئـەوەش بـە مەبەسـتی ترسـاندنی خەڵـك و چەسـپاندنی ئاسـایش بـووە لـە ناوچەكـدا. بـە بـێ تـاوان یەكێكـی بـە تۆپێكـەوە بەسـت، تەنانـەت فەرمانـی سـەربڕینی یەكێكـی دیكەیـدا[54] ئـەم كارە لـە لایەكـەوە بـوو بـە هـۆكاری تۆقاندنـی خەڵـك و لـە لایەكـی ترەوە دابینكردنـی ئاسـایش لـە ناوچەكـەدا. نەیارانـی سـالارودەوله كـە ئـەم كردەوەیـان دیـت، خۆیانیـان شـاردەوە یـان هـەر كرماشـانیان بـە جێهێشـت ((خوالێخۆشـبوو میـرزا ئەحمـەد خانـی موعتەزدولدەولـە لەسـەرانی مەشروتیـەت و وەزیـر بـوو، لـە نیـازی سـالارودەوله گەیشـت، بۆیـە شـەوی (١٩)ی ڕەجەبـی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) خـۆی ومیـرزا مەهـدی خانـی كـوڕی كـە پاشـان ئەحمـەد شـا نازنـاوی باوكـی موعتەزیدەولـەی پێبەخشـی، لەگـەڵ (میرزا عەلـێ خانـی سـەرتیپ خانخـراب) بەرپرسـی ئاسایشـی كرماشـان لـە ڕێـگاری (ئـاراك)ەوە بـەرو تـاران ڕۆیشـتن. سـالارودەوله كـە زانـی پەلەوەرەكـە لـە قەفـەز دەرپـەڕێ، فەرمانـی

بـۆ دارو دەسـتەکەی دەرکـرد کـە مـاڵ و سـامانی تـاڵان بکـەن. دارودەسـتەکەی گونـدی (رایچـی) کـە موڵکـی موعتەزدەولـە بـوو، عەمـار و ئـاژەڵ و مـاڵ و سـامانیان تـاڵان کـرد، هـەر بـەوەوە نەوەسـتان بەڵکـو دارو نەمامـی باغەکەشـی لـە ریشـەوە هەلکێشراو ئاسـەواری نەمـا، دەسـتی بـە سـەر هەمـوو موڵکەکانیـدا گـرت[٥٥] سـالارودەوله براکـەی راسـپارد کـە موعتەزیدەفتـەر بـە فێـڵ بکوژێـت و بـە هـۆی محەمـەد گەندەلـی دوسـتی عەلـی خانـی بـرای موعتەزیدولدەفتـەر پیلانـی لـێ کـرا.

## ٤- ٥ جمانی سالارودەوله بەرەو تاران

کاتـێ محەمـەد عەلـی میـر بروسـکە لـە دوای بروسـکەی دەنـارد و داوای دەکـرد کـە سـالارودەوله بەرەوتـاران بکەوێتـەرێ، ئەمیـش لـەوە دەترسـا محەمـەد عەلـی شـا سـەرکەوتن بەسـەر دەوڵەتـی مەشروتیەتـدا بـە دەسـتبێنێ و لـە ئەنجامـدا هەمـوو شـتێکی لـە دەسـتدەرچێت، پـاش وەرگرتنـەوەی تەخـت وەکـو یاخییـەك ڕەفتـاری لەگەڵـدا بـکات. ئەوەبـوو پـاش رێککەوتنـی لەگـەڵ سـەرۆك هـۆزو تیرەکانـی رۆژئـاوای ئێـران بـەرەو هەمـەدان کەوتـەرێ و پاشـان بـەرەو تـاران.

سـالارودەوله نەیدەویسـت کرماشـان کـە مەڵبەنـدی سەرکێشـیکردنەکەی بـوو، بـە بـێ جێنشـینێکی بڕواپێکـراو بـە جیبهێڵێـت، بۆیـە داوای لـە شـێخ محەمـەد مەردۆخـی ئیـمام جومعـەی شـاری سـنە کـرد کـە ببـێ بەجێنشـینی، بـەڵام ناوبـراو داواکـەی ڕەت دایـەوە، چونکـە لـەو بڕوایـەدا بـوو جێنشـینی بەبـێ هێـز ناکـرێ و داوای لـە سـالارودەوله کـرد کـەوا براکـەی ((عـەزدو لسـوڵتان)) لـە ئـەراك بەجێنیشـینی خـۆی دابنێـت. مـەردۆخ لـە وەڵامـی سـالارودەولەدا دەڵـێ :

((ئـەم کارە گاڵتـە نیـە، جەنگـی دەوڵەتییـە، هیـچ کاتـێ مـن ناتوانـم بـە شەسـت سـوارەوە کارو بـاری کرماشـان بگرمـە ئەسـتۆی خـۆم، لەوانەیـە تـۆ بچیـت و خـودا نەخواسـتە شکسـت بهێنیـت، مـن لێـرەدا ئابڵوقـە دەدرێـم ورِیـێ گەڕانـەوەی ئێـوەش دادەخرێـت)).[٥٦]

سـالارودەوله قسـەکانی مەردۆخـی پەسـەندکرد. پـاش ڕاوێژکردنـی لەگـەڵ سـەرانی هـۆز و تیـرەکان، داوای لێکـردن کـە بنێـرن بـە دوای عەزدولسـوڵتاندا. بـە هـۆی داگیرکردنی

ڕێگای کرماشـان - ئاراکـەوە لـە لایـەن هێزەکانـی دەوڵەتـەوە، لـەو بڕوایـە دا بـوون کـە ئـەم کارە بـە بـێ قوربانـی ئەنجـام نادرێـت، بۆیـە کارەکەیـان پە سـەندنەکرد. لـە ئەنجامدا ڕۆژی (١٤)ی شـەعبان سـالارودەولە، شـێخ مەردۆخـی وەکـو نوێنـەری خـۆی نـاردە لای کاربەدەسـتانی دەوڵـەت لـە مەلایـەر. مـەردۆخ پـاش دەردەسـەرییەکی زۆرگەیشـتە لای عەزدولسـوڵتان و پێکـەوە گەڕانـەوە کرماشـان. لـە مـاوەی (١٠) ڕۆژدا، واتـە ڕۆژی (٢٤)ی شـەعبان گەیشـتە کرماشـان و پێشـوازیێکی گـەورەی لێکـرا. لـە پێشـەوە هەمـوو سـەرداران وەکـو داودخـان و سـوارانی کەڵهـوڕ و شـەرەفولملوك و سـوارانی کوردسـتانیش بـە پیرییـەوە چـوون، تەنانـەت سـالارودەولەش بـە پیریـەوە چـوو. پـاش ئـەوەی سـالارودەولە لـە ڕەوشـی کرماشـان دڵنیـا بـوو، خـۆی بـەرەو تـاران ئامـادە کـرد. عەزدولملوکـی بـرای بـە فەرمانـداری کرماشـان دانـاو کەوتـەرێ. کـسرەوی دەڵـێ: ((عەزدولسـوڵتان لـە لایـەن سـالارودەولەوی برایـەوە بـە حوکمـداری کرماشـان دانـر)). ڕۆژی(٢٨) شـەعبانی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) لەگـەڵ نـۆ دانـە تـۆپ و سـوپایەکی بـێ ئەژمـار لـە کرماشـانەوە کەوتـە ڕێ، هـەر لەوێـوە بروسـکەیەکی دوورودرێـژی ئاراسـتە بـۆ ئەنجومـەن کـردو ئاموژگاریـی نوێنەرانـی کـرد. کـە بێگومـان دەوڵـەت دەبـێ بدرێتـە دەسـت خاوەنـی خـۆی کـە محەمـەد عەلـی شـایە و نابـێ دژایەتـی لەگەڵـدا بکرێـت و دەڵـێ :

((محەمـەد عەلـی شـا لـەم ڕۆژانـەدا دەگاتـە تـاران، خۆشـم بـاوەڕ بکـەن یـان نەکەن، بـە سـی هـەزار کەسـەوە لـە دەروازەکانـی کرماشـانەوە هەتـا (نەوبـەران) لەگـەڵ قشـۆندا کەوتووینەتە ڕێ)).[٥٧]

سـالارودەولە لـەو بڕوایـەدا بـوو هەمـوو شـتێکی سـاز بـووەو هەوڵـی ئـەوەی دەدا کـە لەگـەڵ ئنجوومەنـدا سـازبێت، بـەڵام کاتـێ مـەردۆخ بـە مەبەسـتی هێنانـی براکـەی سـالارودەولە بـۆ کرماشـان بـەرەو ئـاراك بـۆوە، لـە چاوپێکەوتنێکـدا لەگـەڵ ئەمیـر ئەفخەمـی حوکمـداری ئـاراك، ئـەو کەسـەی ئـەوەی پێڕاگەیانـد کـە ئەنجومەنـی شـورای گـەل چەنـد ئاگادارییێکـی دەربـارەی تەرخانکردنـی خـەڵات بـۆ ئـەو کەسـەی محەمـەد عەلـی میـرزا وسـالارودەولە وشوعاعلسـەڵتەنە بکوژێ بڵاوکردۆتـەوە. مـەردۆخ ئەمـەی بـۆ سـالارودەولە گێڕایـەوە، ئەڵبەتـە شـازادەی قاجـاری تـووڕە بـوو، ئیـدی لـەو ڕۆژە بـە دواوە شـێوازی بروسـکەکانی گـۆڕاو ناوەڕۆکـی زۆربـەی ئـەو بروسـکانە هەڕەشەووگوڕەشـەبوون. بـۆ نموونـە لـە کۆتایـی یەکـێ لـە بروسـکەکانی دەڵـێ :

((ئیدی بۆ ئەوەی هیچ دەستپێکێك نەمێنێت هەر ئەم بروسکەیە دەنێرم. ئەگەر هەتا عەسری ئەورۆ وەڵامم پێنەگات، بەیانی دەکەومەڕێ ئەوجا خۆتان دەزانن! )).[58]

پاش وەڵامە سەلبیەکەی بروسکەکە، سالارودەولە بەرەو تارانکەوتەڕێ، دەربارەی ژمارەی ئەو سوپایەش، بیروڕای جیاجیا هەن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین :

سالارودەولە لەگەڵ هێزێکی (٣٠٠٠) کەسیدا لە پێناوی تەخت و تاج بەرەو تارانی پێتەخت کەوتەڕێ. (مەنسور ئیتحادیە) پاش لێکدانەوەی هەنگاوەکانی سالارودەولە دەڵێ :

(( پاشان لەگەڵ (٣٠٠٠) کەس بەرەو تاران کەوتنەڕێ و ڕووبەڕووی (٣٠٠٠) کەس بوونەوە))[59] کسرەوییش ژمارەی لەشکرەکەی سالارودەولە بە (٣٠٠٠) تا (١٠٠٠٠) دانا بوو، درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ :

(( ئەگەر بڵێم سەد هەزار کەسی لەگەڵدا بوو درۆ نیە. شتێك هەیە دەبێ بگوترێ : نە یەك ریز بوون و نە پێوەندیشیان لەگەڵ یەکتریدا پتەو بوو. بۆ ئەوەی هەر کەسێ بتوانێ ژمارەیان بە راست و دروست لە قەڵەم بدات، تاقمێکیان ژمارەیان (٢٣٠٠٠)کەس دەبوو، بە (سوپای بێشەنگ)ناسرابوون و چەند دەستەیەکی تر پەراگەندە و بێ مەبەست دوایان کەوتبوون، رێگایان دەپێوا))[60] لە نامەیەکی سالارودەولە بۆ پاشای لە تەخت دەرکراو، جەختی لە سەر ئەوە کردبوو کە لەگەڵ بیست وپێنچ هەزار کەس لە کرماشانەوە چاوەڕوانی هێزەکانی نەزەر عەلی خانی لوڕە دەکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە پاش پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی نەزەر عەلی کە یەکێ لە هاوپەیمانە گرینگەکانی بووە، ژمارەی هێزەکانی لە سنوری (٣) هەزار کەسدا دەبوون. تاکە سەر چاوەیەك دەربارەی هێزەکانی سالارودەولە، پەیامنێرەکانی دەوڵەتی بەریتانیا بووە، نووسیبوویان کە ژمارەیان (٤٠٠٠)هەزار کەس بووە. لەوانەیە ئەم هەواڵە لە ڕاپۆرتێکی یەفرم خانەوە سەرچاوەی گرتبێ کە رۆژی سێی شەوالی ساڵی (١٣٢٩ی ك) ئاراستەی دەوڵەتی کردبوو. ئەحمە بەشیری وەرگێڕی کتێبی ئابی لە جلدی شەشدا دەڵێ :

((بە پێی ئاگادارییێك، پاش بەرواوی ئاماژە پێکراو، ژمارەی قۆشەنی سالارودەولە لەو ململانییەدا دەگەیشتە(٢٠٠٠٠)هەزار کەس[61] سالارودەولە لەگەڵ سوپایەکی وا دا کە بە پێی توانا ئامادە کرابوو گەیشتە کەنگاوەر و نەهاوەندو پاشان مەلایەر.

سیمسامولسـەڵتەنە هەمـوو توانایەکـی کـە بریتیبـوو لـە خێـڵ و سـەرانی بەختیـاری ئەمیرموفەخـەم حوکمـدارای برووجـەردو لوڕسـتانی نـارد لـە بـۆ بەرگیـری لـە ئـوردوگای سـالارودەولە و هاوەڵانـی کـە مایـەی هێـرش و مەترسـی پێتەخـت بـوون. ئەمیرموفەخـەم ئـەو کەسـە نەبـوو کـە بتوانێـت بەرگیـری لـە سـالارودەولەو هاوەڵانـی بـکات. لـە لایەکـی تـرەوە سـاڵی (١٣٢٧ی ك) لـە جەنگـی تـاران، هێزەکانـی محەمـەد عەلـی شـا دژی مەشروتیەتخـوازان دەجەنـگان. بـەڵام پـاش سـەرکەوتنی مەشروتیەتخـوازان پێوەندیـی لەگـەڵ رژێمـی نوێـدا کـرد وسـەری بـۆ چەمانـد. ئێسـتاش بـە دڵ و گیـان لەگـەڵ بزووتنەوکـەی[٦٢] سـالارودەولەدا بـووە، بـەڵام بـە نیشـانەیەك ئـەو بـۆ حوکمـداری لوڕسـتان و بروجـەرد و پاشـان بـۆ دیـداری شـازادەی قاجـاری هەڵبژێـردرا!! پرسـیارێکە، مەلیکـزادە وەڵامـی دەداتـەوەو دەڵـێ :

(( خانەکانـی بەختیـاری بـۆ ئـەوەی بتوانـن هاوسـەنگی نێـوان خێزانەکانـی خۆیـان بپارێـزن هەرچەنـدە ئەمیـر موفەخـەم لایەنگـری محەمـەد عەلـی شـا بـوو، رەنگـە لـە نێـوان پاوەنخوازانـدا پیاوێکـی سـەخت وەکـو ئـەم پەیـدا نەبووبـێ کـە بکـرێ بـە فەرمانـدەی بروجـەرد و لوڕسـتان جگـە لـەوە سـەرکردایەتی لەشـکرێکی دەکـرد کـە بریتیبـوو لـە چەنـد بەتالیۆنێـك سـەربازا و چەکـدار و هـەزار سـوارەی بەختیـاری بـۆ ئاسـایش وپارێـزگاری رۆژئـاوای وڵات. ئەمیـر موفەخـەم بەڵێنیـدا ئەگـەر سـالارودەولە یاخـی ببـێ و بـەرەو هەمـەدان بـڕوا بـەو لەشـکرە دەتوانێـت بەرگریـی لـێ بـکات)).[٦٣]

لـەو کاتـەدا سـالارودەولە بـەرەو مەلایـەر کەوتـەڕێ، ئەمیرموفەخـەم بـە پیـێ ئـەو بەڵێنـە بـە پەلـە هێرشـی کـرد، بـەڵام لـە یەکـەم پێکداداندا نێـوان پێشـەنگی هێـزی سـالارودەولە کـە هەموویـان لـە هـۆزی کەڵهوربـوون و داودخـان و عەلـی ئەکـبر خانـی کـوڕی سـەرکردەیان بـوون ئەمیرئەفخـەم شکسـتی هێنـا. مەلیکـزادە لـە زاری سـەردار زەفـەری بەختیاریـەوە دەگێڕێتـەوە :

بـە پێـی زانیاریـم، جەنـگ لـە نێـوان سـالارودەولە وئەمیـر ئەفخـەم بەرپادەبـێ ساریمولملکی لەگـەڵ یـەك دانـە تۆپـو (٣٠٠) سـوارەی بەختیـاری نـارد بـۆ کۆمەکـی ئەمیرموفەخـەم. سـوارانی کەڵهـوڕ کـە پێشـەنگی سـالارودەولە بـوون، گەیشـتنە مەلایـەرو بـۆ رۆژی دوایـی هەڵیانکوتایـە سـەر ئـوردوگای ئەمیـر موفەخـەم )).[٦٤]

شـەڕێکی تونـد لـە نێـوان ئـەم دوو تاقمـەدا روویـدا، ئـەوە بـوو سـوارانی ئەمیـر

موفەخـەم لـە جێجەنگـە هەڵهاتـن. بەقسـەی بـە سـاڵاچووان لـەم جەنگـدا کەڵهـوڕ سـوودیان لـە شـێوەی جارانـی خۆیـان وەرگـرت واتـە نیشـان پێکانـن، هـەر بۆیـە، توانییـان (٢٠٠) سـوارەی بەختیـاری بپێکـن و ژمارەیـەك تۆب و تفەنگیان دەسـتکەوت، ئـەم رووداوە لـە چەنـد سـەرچاوەیەکی جۆراوجـۆردا بـاس کـراوە.[٦٥]

سـەرەڕای دەسـت باڵایـی سـوارانی کەڵهـوڕ لـەم نەبەردیـەدا، زۆربـەی سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئەمیـر موفەخـەم خـۆی لـە گرنگتریـن هۆکارەکانـی شکسـتهێنانی هێـزی بەختیـاری و دەوڵـەت بـووە. کسرەوی دەڵـێ :

(( چونکـە مەیلـی بـە لای محەمـەد عەلـی میـرزاوە بـوو، لەوانەیـە  پێوەندییێکـی نهێنیـی لەگـەڵ سـالارودەولەدا هەبووبـێ و  لـەم جەنگـدا سـتت بـوو بـێ، بۆیـە زوو شکسـتیهێنا[٦٦] ئـەم سـەرکەوتنە بـووە هـۆکاری زیادبوونـی ژمـارەی خێـڵ و هـۆزی کـوردو لـوڕەکان کـە بەرامبـەر هێزەکانـی سـالارودەولە دوودڵ بـوون. ئـەم کارە بـوو بـە هـۆی زیادبوونـی هێـزی سـالارودەولە بـە تایبەتـی لـەو سـەردەمەدا کـە هێشـتا کاری محەمـەد عەلـی شـاو هاوەڵانـی کۆتایـی پـێ نەهاتبـوو ئەڵبەتـە ئەمـەش بـوو بـە هـۆکاری ئـەوەی زیاتـر سـووربن لــە سـەر جێبەجێکردنــی مەبەسـتەکەیان. ئــەم سـەرکەوتنە بەهــۆی لـە خۆبایـی و پەلەکردنـی سـالارودەولەو بـوو، ئەوەتـا بروسـکەیەکی بـەم شـێوەیە بـۆ کرماشـان نـارد:

(( سـەرداری موزەفـەر داودخـان وسـەرداری ئەکـرەم عەلـی خانـی لوڕسـتان، لـە گـەڵ قۆشـەنی سـوارە و  پیـادە بـەرەودەورو بـەری ئـاراك چـوون، ئەمیرموفەخـەم بـەرەو (ئاسـناخۆر) هەڵهـات و بەختیارییـەکان بـەرەو شـوێنی خۆیـان و سـەردار زەفەریـش بـەرەو (قـوم) هەڵهـات، سـوپایش بـەرەو ئـاراك و لەوێـوە بـەرەو پێتەخـت کەوتنـەرێ)).[٦٧]

هـەر لـەو کاتـەدا بـوو هەواڵـی هـەرەس پـێ هێنانـی هێزەکانـی محەمـەد عەلـی شـا لـە باکوری وڵاتـەوە بـە سـالارودەولە گەیشـت، ئـەو نـەك هـەر ئامادەبوونـی خـۆی راگیـر نەکـرد، بەڵکـو خـودی خـۆی بـە پاشـا لـە قەڵەمـدا[٦٨] بەرادەیـەك جـل و  بەرگـی پاشـایی لـە بەرکـردو بـە نـاوی خۆیـەوە دراوی لـە سـکەدا، لـە دیوێکـی دراوەکـە نووسرابـوو.

سکەی زێر لێدەدا، سالاری دین          ئەمیرولموئمنین یاوەری بێت[٦٩]

لەو دیوی دووەمی دراوکە نووسرابوو (السلطان ابو الفتح شاه قاجار)

مەلیکزادە دەڵێ :

((سـالارودەولە بـە دڵێكـی پـڕ لـە شـادی و ئۆمێدێكـی بـەرزەوە لـە هەلومەرجێكـی وادا بـە خـۆی و تاجەكەیـەوە لـە (ئـاراك)ەوە ڕێـگای تارانـی گرتووەتەبـەر، مەردومـی ئـاراك پێشـوازییەكی بـێ وێنەیـان لێكـردووە. بەگـزادەكان و نـاوداران بـۆ دەربڕینـی پابەندەێتیـی و ملكەچـی كێبركێیـان كـردووە، گوڵیـان بـۆ فەرشـكردووەو ئاهەنگـی گەورەیـان بـۆ سازكردووە)) [٧٠] لـەم گوڕانكاریـەدا بـە (عالیحـەزرەت) بانگكـراوەو ئەمیـش لـە بروسـكەكانیدا بـۆ ئەنجومـەن و دەوڵـەت ئەندامانـی بـە نوێنـەرو وەزیرانـی خـۆی ناوبـردوون)).

پـاش ئـەم ڕووداوانـەو داگیركردنـی دەورەبـەری (مەلایـەر)، وەكـو مەلیكـزادە دەڵـێ هێزەكانـی سالارودەولە بـە بـێ جەنـگ ئاراكیـان داگیركـرد. نیشـانەی ئـەم كارە ئـەوە بـوو كـە سـالارودەولە پێشـان پێوەنـدی لەگـەڵ ئەمیرموفەخەمـی هەمەدانـی حوسـامولملوك فەرمانـدی هەمـەدان كـردووە بـوو ئەمیـش بـە هاوڕێـی خـۆی دایدەنـاو یەكـێ بـوو لەوكەسـانەی لـە سـاڵی (١٣٢٥ی ك) دا پـاش هەرەسـهێنانی سالارودەولە وپەنابردنـی بـۆ قونسـڵخانەی ئینگلیـز لـە كرماشـاندا داڵـدەی داوەو بردۆتـی بـۆ تـاران.

چۆنێتـی پێوەنـدی سـالاودەولە بـە حوسـامولملكەوە (ئەمیـر ئەفخـەم) دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆیشـتنی شـێخ مـەردوخ بـۆ (ئاراكـی سـوڵتان ئابـاد) بـە مەبەسـتی هێنانـی عەزدولدەولـەی بـرای سـالارودەولە بـۆ كرماشـان. مـەردۆخ لـەم سـەفەرەدا دیـداری ئەمیـر ئەفخەمـی كـرد بـوو وگفتـی لێوەرگرتبـوو كـەوا هاوڕییەتـی و كۆمەكـی بزوتنـەوەی شـازادەی قاجـاری بـكات ((بەمەرجـێ سـالارودەولە ژیانـی دابیـن بـكات)).

ئەمیرئەفخـەم نامەیەكـی لەگـەڵ مەردۆخـدا بـۆ سـالاودەولە نـارد. سـالارودەولەش پـاش ئاگاداربوونـی لـە دیـدارو گفتـی ئەمیرئەفخـەم و لـە بـۆ دابینكردنـی ژیانـی، وەڵامـی دەداتـەوە دەنووسـێ ((جەنابـی ئەمیرئەفخـەم - كاتـێ بەنیـاز بـوم بگەڕێمـەوە بـۆ تـاران، لـە ژێـر گـەومـەزی حەزرەتـی شـای ویلایـەت گیانمـان فیـدای بێـت و بـە شـایەتی دەسـتەیەك لـە گـەورە پیاوانـی گـەل لـە گـەڵ خـودای خۆمـدا پەیمانـم بەسـت كـە هەمـوو بەرژەوەندییەكانـم وەلانێـم و بـە بـێ تەمـا لـە ڕێـگای رزگاركردنـی گەلـی ئێرانـدا تێبكۆشـم. هەتـا ناردنـی ئـەم بروسـكەیە نەمزانیبـوو ڕێـگای خۆتـت گۆڕیـوە. داواكانـت بە دەسـتی شـەرعتمەدار ئاغـای ئیمامـی جەماعەتـی كوردسـتان خـودا بیپارێزێـت، گەیشـت. زۆر پێـم خـۆش بـوو)) لـە كۆتاییـدا نووسـیبووی ((چاوەڕوانـم لـە ئـوردوگای جەنابعالـی

دیدارت بکەم))و ئەم بەتیە شیعرەشی بۆ نارد بوو :

بەرخیزو بیا ما ترائیم          بیگانە مشو کە ئاشنایئم[٧١]

واتە ((هەڵسە وەرە لامان، خۆت بە بێگانە دامەنێ، ئێمە ئاشناین)) بەم شێوەیە سالارودەولە[٧٢] رۆژی (١٤)ی ئەیلولی ساڵی (١٩١١ز) شاری ئەراکی داگیرکردو حوسامولمولکیش بوو بە هاورێی. هەڵبەتە خەڵکی شاری ئەراك لە هاورییەتی حوکمداری شارەکەیان لەگەڵ سالارودەولە دا ئاگاداربوون بۆیە داوای ئەمانیان کرد وسالارودەولەش ئەمانی پێبەخشین.

## ٤- ٦ جەنگی باغشاو هەرەس پێهێنانی لەشکری سالارودەولە

سالارودەولە بەبێ بەربەرەکانی، پاش سێ رۆژ، واتە رۆژی ٢٤ی رەمەزانی ساڵی (١٣٢٩ك) لە ئاراك وەستاو[٧٣] لەشکرە (٣) هەزارییەکەی بەرەو ساوا خستەڕێ. لە مەودای (٢٤) فەرسەخ لە باشوری تارانەوە کەوتەڕێ . ئەم بەرەو پێشچوونەی مایەی مەترسیی دەوڵەت و ئەنجومەن ومەشروتیەتخوازان بوو، بۆیە هەموو توانای خۆیان لە پێناوی بەرنگاریکردن ئەو لەشکرە خستە کار، کەوا بریتیبوو لە جەنگاوەرانی رۆژئاوای ئێران، لێرەدا دەبێ ئاماژە بە بروسکەکانی سالارودەولە بکەین کە دەڵێ: نوێنەرانی من، وەزیرانی من. ئەم شێوازە مەترسی خستە بەر ئەنجومەن وحکومەت. مەلیکزادە دەربارەی هۆکاری مەترسی خەڵك و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ئەنجومەن چەند خاڵێکی دەستنیشان کردووە و لێرەدا باسیان لێدەکەین :

((یەکەم: سالارودەولەی سەرسەخت و چاونەترس و یاخی بە پێچەوانەی پاشای لە تەخت دەکراوو شوعاعولسەڵتەنە، لە پێناوی دەسەڵاتدا باکی لە ئاو ئاگر نەبوو)).

دووەم: قۆشەنی سالارودەولە لە لە چاو قۆشەنی پاشای لە تەخت لادراو وقۆشەنی ئەرشەدولدەولە لە لایەنی چەندو چۆنیەوە براورد نە دەرکراو، مێژونووسان ئاگاداران ژمارەی قشونی سالارودەولەویان بە (٣٠٠٠) کەس لە قەڵەم دەدا. بە پێچەوانە پاشای لە تەخت دەرکراوو قۆشەنی ئەرشەدولدەولەوە. قۆشەنی سالارودەولە لە باشترین چەنگاوەرانی تیرەکانی کەڵهوڕ و سنجاوی و لوڕستانی وپشتکۆ و پێشکو و کورد پێك هاتبوو و هەر هەموویان چەکی سێ تیر وپێنچ تیریان هەبوو، جگە لە دوو دانە

تۆپیان لە بەر دەستدا بوو.

سێیەم : سوارانی بەختیاری باری گرانی ئەم جەنگەیان بە سەرشانەوە بوو، ئەڵبەتە لەنێوان جەنگی ئەمیرئەفخەم وسالارودەولە دا شکستیان هێنابوو، ورەیان بەردابوو، لە ڕووبەڕووبوونەوەی قۆشەنی سەرکەوتووی سالارودەولە دا ترس دایگرتبوون.

چوارەم : روس وستەمکاران و لایەنگرانی پاشای لە تەخت دەرکراو هیواو ئومێدیان بە سالارودەولە بوو. هەر بۆیە هیچ درێخییەکیان لە کۆمەکدان وتێکۆشاندا نەدەکرد.

پێنجەم : خەڵکی پێتەخت لەو بڕوایەدا بوون ئەگەر ئەم قۆشەنە (٣٠٠٠) ییە برژێتە نێو شار گیان و ماڵ و ناموسیان دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوەتا دەگێڕنەوە کە خان و سەردارانی قۆشەنی سالارودەولە بازار و دوکان و خانووی ناودارانی تارانیان تالان و دابەشکرد، ئەگەر تارانیان دەست بکەوێت خارەت وتالان وقەتڵوعامی خەڵك ئەنجام دەدن))[٧٤] سالارودەولە پاش هەفتەیەك رێگا، گەیشتە قەراخی (نەوبەران و باغشا) کە بەشێکە لە دەوروبەری ساوە. [٧٥] فەرمانی سەنگەر لێدان و خۆئامادەکردنیدا بۆ جەنگی لەشکری دەوڵەت، لەشکری دەوڵەتیش ((سەردار زەفەر لەگەڵ سەرداری جەنگ (نەسیرخان) و دوو هەزار سوارەی بەختیاری و دوو تۆب بەرەو ساوە کەوتنەرێ))[٧٦] یەفرم خانیش بە سەرۆکایەتی خەباتگێڕانی جەنگی، دژ بە هێزەکانی ئەرشەدولدەولە ومحەمەد عەلی میرزا بوونەوە. بەرەو ساوە کەوتنە رێ و لەوێ سەرۆکایەتی قشونی دەوڵەتی گرتە دەست.

نورەڵلا دانشوەر لەو کەسانە بوو کە لەو پێکدادانەدا بەشدارییەکی کاریگەری هەبووە، دەربارەی ئامادەبوونی هێزەکەی سالارودەولە دەڵێ :

(( سالارودەولە لە داوێنی کێوی نیلی ساوە خێوەت وخەرگای فەرماندەیی خۆی هەڵدا خانەکانی بەختیاری زانییان تفاق و کەرەستەی دوژمن لە هی خۆیان زیاترە. کۆڕێکی ڕاوێژکارییان لە نێوان خۆیاندا بەست و پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوون، بڕیاری تاقیکردنەوەی هێزی دوژمنیاندا، کە بۆ رۆژی دوایی تا گەیشتنی لەشکری تاران وهەموو سوارەکانی بەختیاری و ئەسفەهان سووکە جەنگێك بەرپا بکەن. بەیانی زوو لەگەڵ رۆژهەڵاتندا جەنگ تا رۆژئاوابوون بەردەوام بوو))[٧٧]

لـەو جەنگـەدا بـە گوێـرەی قسـەی بـە سـاڵاچوواندا هـۆزی کەڵهـوڕ بـەو پـەڕی توانـاو دلێرییـەوە دەجەنـگان و لـە یەکەمیـن پێکدادانـی ناوچـەی نەوبەرانـدا، ئەگەرچـی هێشـتان هێـزی کۆمەکـی دەوڵەتیـش لـە تارانـەوە نەگەیشـتبوو، بـەڵام سـەرکەوتن هـی کەڵهـوڕەکان و هـۆزە یەکگرتـووەکان بـوو. ئەوەتـا هەڵەتەکانیـان داگیرکـردو نەیانهێشـت بەختیارەیـەکان بـەرەو پێشـەوە هەنـگاو بنێـن.

هـەر بـە گەیشـتنی خەباتگێـڕان بەسـەرۆکایەتی یەفـرم خـان بـۆ سـاوە، شـوێنی هاوڕێیانـی سـالارودەولەیان بـە شەسـتیر لـەق کـرد ((یەفـرم خـان فـەرمانی بـە خەباتگێڕانـی ئەرمەنـی دا کـە ئازاتریـن جەنـگاوەری ئـەو سـەردەمە بـوون وژمارەیـان لـە سـنوری (٣٠٠) کەسـدا دەبـوو، هەتـا ڕادەی پەرەسـتن دۆسـتی یەفـرم بـوون و بـە (باوکـە) بانگیـان دەکـرد. ئامادە بـن و بـە بـێ ئـەوەی دوژمـن ئـاگادار بـێ بەرزاییەکانـی دەوروبـەر داگیربکـەن))[٧٨] لـە گـەڵ گەیشـتنی هێزەکانـی یەفـرم، تـای تـەرازوی هێـزی هـەردوولا لەنـگ بـوو. بەمـەش هێزەیەکگرتووەکانـی دەوڵـەت ورەیـان بـەرز بـوَوە ئازایانـە هەڵیانکوتایـە سـەر هێزەکانـی سـالارودەولە. هێزەکانـی سـالارودەولە لـە شـێوەو ڕێکخسـتن و شـێوازی جەنگـی نوێـدا شـارەزا نەبـوون. دەسـتە، دەسـتە وتاقـم، تاقـم بـە بـێ یەکگرتـن و بـی ئـەوەی ئاگایـان لـە یەکـتری بـێ جەنگیـان دەکـرد، ئەڵبەتـە ئـەوە بـوو بـە هـۆکاری ئـەوەی ئـەو هەمـوو هێـزە سـوودێکی ئەوتـۆی نەبـێ. بـە بێچەوانـەی هێزەکانـی دەوڵـەت کـە یەفـرم خـان سـەرکردایەتی دەکـردن، بـە یەکێتـی و هەماهەنگـی ڕێزەکانیـان هـۆکاری سـەرکەوتنیان وە دەسـت هێنـا. ئەگەرجـی کەڵهـوڕ لـە زۆربـەی شـەڕەکانیاندا سـەرکەوتو بـوون، بـەڵام لـەم شـەڕەدا هەرچەنـدە ئازایانـە دەجەنـگان، لەبـەر جڵـەو سستی هۆزکانـی تـر، شکسـتیان هێنـا. سێر جـورج لـە ڕاپۆرتـی ژمـارە (٥٣) ی مانگانـەی بـۆ سـێر ئـەدوارد گـرێ وەزیـری دەرەوەی بەریتانیـا دەڵـێ :

((تێـك شـکاندی ریزەکانـی هێزەکـەی سـالارودەولە بـە تەواوەتـی پشـتی یاخیبوونەکـەی شـکاند)) ئەحمـد بەشیری، پـاش ڕاڤـەکردنی جەنگەکانـی هێـزی دەوڵەت دژی سـالارودەولە پێـش جەنگـی باغشـا دەنووسـێ :

((کاتـێ ئـاگادار بـوو کـەوا هێزەکانـی دەوڵـەت لەگـەڵ هـەزار ودوو سـەد چەکـداری ئەرمەنـی و بەختیـاری بەفەرماندەی یەفـرم خان و سـەردار موحتەشـیم و سـەردار بەهادر ئامـادە باشـن، ئەمیـش لـە رۆژی (٣)ی شـەوالدا کەوتنـەرێ، بەختیاریـەکان بـە فەرماندەیی

سەردار موزەفەر و سەرداری جەنگ پێوەندیان بە قۆشەنەوە کرد و لەنزیکی هەشت میل (١٣)کم لە گوندی باغشاوە بەگژ قۆشەنی نەیاراندا چوون[٧٩] قۆشەنی دەوڵەت (٢٠٠٠) کەسێك دەبوون، قۆشەنی یاخییان چەند دەستەیەکی جۆار و جۆر بوون (کەڵهوڕو لوڕو هی تر) کە ژمارەیان دەگەیشتە (٤٠٠٠) کەس بەسەرکردایەتی داود خانی کەڵهورو سەرانی تیرەکان، لە ئەنجامی ئەو جەنگەدا قشەنی نەیاران بە پێنج سەد کوژراوەوە شکستی هێنا)).[٨٠]

سەردار زەفەریش کە سەرۆکی ئوردوگای بەختیاریەکانی قوم بوو، دەربارەی جەنگی (٣)ی شەوالی ساڵی (١٣٢٩ی ك) کەڵهوڕەکان دژی بەختیاری و خەباتگێڕان بەم شێوەیە دەنووسێ:

((کاتێ سوارانی بەختیاری وخەباتگێڕان بەردەوامیان بە هێرشەکەی خۆیاندا، سوارانی کەڵهوڕ، سنجاوی وکوردستانی لەگەڵ یەك دانە تۆپی (٩٠ملم) و(١٠٠٠) سوارە دژ بە سوارانی بەختیاری کە لە سەنگەری کەناری ساوە دا بوون، هێرشیان کرد. بەختیاریەکان لە هێڵێکەو بە درێژایی یەك فەرسەخ ونیو بۆ ماوەی (١کم) پاشەکشییان کرد)).[٨١]

لەم شەڕەدا کە چەند رۆژێکی خایاند، لە ئەنجامدا سالارودەولەو هاوەڵانی لە رۆژی (٤) مهرماهـ لە سەخترین جەنگدا شکستی هێناو زیانێکی زۆری پێگەیشت و بەرەو نەهاوەند هەڵهات. بەقسەی زۆربەی سەرچاوەکان (٥٠٠) کوژراویان لێ بەجێما. یەفرم خان لە نامەیەکدا ماجەرای ئەم جەنگە بەم شێوەیە بۆ حکومەتی ناوەند باس دەکا:

((ئەورۆ کە (٣)ی شەواله پێش مانگ هەڵهاتن هێزەکانی دەوڵەت لەگەڵ سەردارزەفەرو سەرداری جەنگ لە ئاسیابەگەوە کەوتنەڕێ بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی سالارودەولە لە گوندی باغشادا بۆ ماوەی دوو فەرسەخ نزیك ساوە، بە یەکجاری شکستیان پێهێنایەن. سەرەڕای ئەوە دیاربوو نەزەر عەلی خان لە نێوان سەنگەری هێزەکانی خۆی لە هەڵەتەکانی نزیکی ساوەوە بینرا بوو کە بە توندی دژی هێزەکانی سەردارموزەفەر دەجەنگا. داودخانی کەڵهوڕو عەلی ئەکبەر خانی کوڕی و والی پشتکۆ و سوارانی هەمەدانی و کوردستانی و کوڕەکانی زەهیرولملوکی کرماشانی وحاجی عەلی رەزای گەڕۆسی لەگەڵ پێنچ دانە تۆپێ (٧٠ملم) و (٨٠ملم)

ی نەمساویەوە سووربوو لە ئاست بەردەوامی جەنگ. شەڕەکە دوو سەعات ونیوی خایاند، شوکر بۆ خودا توانیمان بە هێرشە یەك لە دوای یەکەکانمانەوە هەرەسیان پێ بهێنین. لە ڕاستیدا پێشان شەڕێکی وا لەم وڵاتەدا روونەداوە. (٥٠٠) کەس لە هێزی شەڕفرۆشانی لوڕستانی و کوردستانی وکرماشانی و گەڕۆسێ کوژرا. ئەڵبەتە بە جلەکانیانەوە ناسرابوونەوە. خێوەتەکانیان لە شوێنی خۆیان بە جێ مابوون. شوکر بۆ خودا دەستکەوتی هێزەکانی دەوڵەت پێنج دانە تۆب بوو. ژمارەی دوژمنان لە هەموو لایەکەوە (٤٠٠٠) کەس بوون کە (٥٠٠) کەسیان لێ کوژراو ئەوانی تر هەڵهاتن.(١٠) کەسیش لە هێزەکانی دەوڵەت کوژرا و بریندار بوون، سەد کەسیش بەدیلی گیران و هێشتا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە.

**واژو / غولام حسەینی قولی یەفرم.**[82]

ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی یەفرم خاندا مایەی سەرنج ڕاکێشان و جیگای سەرسووڕمانە ژمارەی کوژراو و برینداارانی لەشکری دەوڵەتە لەم جەنگەدا. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکە بە ئینساف نەبووە. بۆیە ئیسماعیل رائین لە کتێبی(تلاش برای ازادی) دەگێڕێتەوە:

((مەشروتیەتخوازان بۆ ڕۆژی دوایی کە ویستیان کوژراوەکانیان بنێژن. هەرچی قوماشی سپی هەبوو لە شاری ساوە تەنانەت شاڵ و لەچك و مێزەریش وەك کفن بەکار هینرا. ئەڵبەتە ناجاربوون ژمارەیەك بە بێ کفن و بە جل و بەرگی خوێناوی خۆیانەوە بنێژرێن[83]،ئەم ژمارەیەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە هێزەکانی سالارودەولە هەم زۆر بوون و هەمیش بەرگیریان لە سەنگەرەکانی خۆیان دەکرد. ئەم هێزە دەوڵەتییە لە کاتی هێرش کردنیاندا درانە بەر نیشانەی گوللەی پێنچ تیری هێزەکانی سالارودەولەوە، تەنانەت ئەمان بێ سەنگەر بوون و تووشی قەتلوعام هاتن. بەم شێوەیە هێزەکانی دەوڵەت زیاتر لە هێزەکانی سالارودەولە زیانیان لێ کەوت. ئەڵبەتە بەسالاچووان پشتگیری ئەم قسەیە دەکەن.

پاش ئەو شکستە وەکو باسی لێکرا هێزەکانی سالارودەولە پەراگەندە بوون و بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەسەو بەرەو ناوچەو خێڵەکانی خۆیان گەڕانەوە.

سێر جۆرج بارکلی لە ڕاپۆرتی ژمارە (٥٤)ی مانگانەی خۆیدا دەربارەی

ڕووداوەکانــی هەمــەدان دەڵــێ :

((پــاش هەرەســهێنانەکەی ڕۆژی (٢٧)ی ئەیلولــی ڕێکەوتــی (٣)ی شــەوال، ســالارودەولە بــەرەو هەمــەدان گەڕایــەوە، قۆشــەنی دەوڵــەت بــە شــوێنیەوە بــوون، بەگوێــرەی هەواڵــەکان لــە ســەرەتای مانگــی تەشرینــی یەکەمــدا گەیشــتنە هەمــەدان و خــۆی بــۆ بەرگــری ئامادەکــرد[٨٤] بــەم شــێوەیە یەکــەم جــار ســەردانی هەمەدانــی کــردو لەوێــدا ئاگادارییەکــی دوورو درێــژی بڵاوکــردەوە. دانشــوەر عەلــەوی کورتەیەکــی ئــەو ئاگاداریــە بــەم شــێوەیە دەخاتــەڕوو :

((بە هەمووان ڕادەگەێنم :

(( لەبــەر ئــەوەی ناکۆکییــەك لــە نێــوان ســەرانی هێزەکانــی پاشایەتیدا پەیــدا بــووە، دەبــێ ئــەم ناکۆکیــە نەمێنــێ، بــە پەلــە گەیشــتمە هەمــەدان بــۆ ئــەوەی پەنــا بــە خــودا ئــەم ناکۆکیــە چارەســەر بکــەم و بــەرەو بــارەگای پاشــایەتی لەتــاران بکەوینــەڕێ))

**ابو الفتح شاه قاجار**[٨٥]

هێزەکانــی دەوڵــەت ئاگاداربــوون کــەوا ســالارودەولە ئەیــەوێ دووبــارە ئــاژاوە لــە هەمەدانــدا بەرپــا بکاتــەوە، خەریکــی خۆئامادەکردنــە بــۆ هەڵمەتێکــی دیکــە. ســەرەڕای شــەکەتی جەنــگ، بــەرەو هەمــەدان کەوتنــەڕێ. ئــەم هەواڵــە گەیشــتە ســالارودەولە بۆیــە ((لــە ڕێــگای تویسرکانــەوە بــەرەو بروجــەرد هەڵهــات))[٨٦] هێزەکانــی دەوڵــەت لــە هەمــەدان توانیــان هــەرەس بــە هێــزە جێماوەکــەی ســالارودەولە بهێنــن، بــەڵام دوای نەکەوتــن و لــەوێ بــەولاوە نەچــوون. ماندوویــی ســوارەکان بــووە بــە هــۆکاری یەککەوتنــی خۆیــان و ئەســپەکانیان، ســەردار زەفــەر لــە نامەکەیــدا بــۆ حکومەتــی ناوەنــد ئامــاژە بــەوە دەکاو دەڵــێ :

((ئەگــەر ســێ چــوار فەرســەخێکی تــر بــە دوای هەڵهاتووەکانــدا، بچووبایــن بــە یەکجــاری گرفتــار دەبــوون و دەمــردن. بەداخــەوە ســوارەکان، ســێ شــەو وســێ ڕۆژ نــە خەوتبــوون و بــەردەوام خەریکــی شــەڕ بــوون))[٨٧] هۆکارێکــی تــری ئــەوەی کــە نەکەوتنــە شــوێنی هەڵهاتــوەکان ئــەوە بــوو کــە پــاش ســەرکەوتن هیــچ کۆمــەك و پشــتیوانیەکی لوجســتیان بــۆ نەهــات.[٨٨]

هاوەڵانــی ســالارودەولە پــاش ئــەەم پێکدادانــە بــەرەو ناوچــە خێڵاتیەکانــی خۆیــان

گەڕانەوە. کەڵهوڕەکانیش بەرەو کرماشان و لەوێوە بەرەو گێلان بوونەوە. لە ڕاپۆرتی ئینگلیزەکاندا لە (١٥)ی ئوکتۆبەر، ڕێکەوتی (٢١)ی مهرماە سەردار موزەفەر داودخانی کەڵهوڕ لە دەوروبەری کرماشان خەریکی گەڕانەوەن بوون بۆ ناوچەو خێڵەکانی خۆیان)) پاش چەند ڕۆژی دووبارە گەڕایەوە.[٨٩]

پاش ئەم هەرەسهێنانە محەمەد عەلی میرزا لە گۆمشتەپە چاوەڕوانی سەرەنجامی سالارودەولە بوو، بەو هیوایەی بتوانێت دەوڵەتی مەشروتیەت بڕۆخێنێت، بە بیستنی شکستخواردنی براکەی بە یەکجاری ئێرانی بە جێهێشت. ئەڵبەتە ئیستاش ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە. لە بەرچی ئوردوی سی هەزارەی سالارودەولە شکستیهێنا؟ لەم وتارەدا سەعی دەکەین لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە زەمینەیان بۆ شکست خواردنەکە خۆشکرد :

- یەکەم خاڵ، ناکۆکی باری تەمومژاوی نێوان سەرداران و سوارانی سالارودەولە وتیرەگەری هێزەکانی. ئەڵبەتە هەر هۆزێك دەیویست سەرکەوتن بە ناوی خۆیەوە بێت. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی هەر تاقمێ یان دەستەیەك بە سەربەخۆیی کار بکات و لەئەنجامدا لەو پێکدادانە سەرنەکەون. دەربارەی ئەم ناکۆکییە سالارودەولە لە هەمەدانەوە ئاماژەی بە پێکدادانی سوارانی کەڵهوڕی کرد دژ بە سوارانی کولیایی. سوارانی کەڵهوڕ هەلەیەکی[٩٠] گەورەیان کرد. شەو هەڵیانکوتایە سەر کولیاییەکان، وایانزانی دوژمنن و ژمارەیەکیان لێ کوژراوئەوانی تر، هەڵهاتن و بەرەو کرماشان پاشەکشەیان کرد. بە هۆی ئەم هەڵەیەوە شەست کەس لە سوارانی کولیایی کوژران))[٩١] ئەم ڕووداوە کەلێنێکی گەورەی خستە نێو هێزەکانی سالارودەولەوە، هاوکات سوودی هێزەکانی دەوڵەتی تێدا بوو. بەشداریکردنە کاریگەریەکەی فەرماندەکانی بەختیاری و دەوڵەتی لە سێ جەنگ و جەنگاوەران گوێ ڕایەڵی یەفرم خان بوون و بە پێچەوانەوە بەساڵاچووان و سەرچاوەکانی سالارودەولە دەڵێن کە سالارودەولە نەك هەر لە جەنگدا بە شداری نەکردبوو، بەڵکو یەکەم کەس بوو کە هەڵهات، هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی هێزەکانی دەوڵەت و هەرەس هێنانی ئوردوی سالارودەولەبوو. دانشوەر عەلی ئاماژە بەم کارە دەکا.[٩٢]

سێر جۆرج بارکلییش لە ڕاپۆرتێکدا بۆ سێر ئەدوارد گرێ دەربارەی ئەم کارە دەڵێ:

(( دیارە سالارودەولە لەو جەنگدا بەشداریی نەکردو لە نەوبەران چاوەڕێی

ئەنجامی کردووە))[٩٣] ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی هۆزەکان لەم جەنگەدا سارد بن و گیانی خۆیان نەخەنە مەترسیەوەو لە لایەکی ترەوە هەستی مەترسی دوژمنایەتی دەوڵتیان لە دڵدا بوو، ئەمەش بووە هۆکاری ورە بەردان. خاڵێکی دیکە بە خەیاڵدا دێت : هێزەکانی دەوڵەت بە تەواوەتی ئامادەو شارەزای هونەری جەنگی نوێ بوون. هۆزە یەکگرتووەکانی سالارودەولە لە چەند تیرەو هۆزێك پێکهاتبوون، هەر تاقمێکیان بە شێوەیەك شەڕی دەکرد. ئەمش هۆکاری شکست هێنان و سەرنەکەوتن بوو، بۆ نموونە تاقمێ لەو بروایەدا بوون کە دەبێ بە دەستەی سەد جەنگاوەر هێرش بکەن، بەڵام تاقمێکی تر بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوەو لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێ چاوەڕوانی هێرشی دوژمن بن و لە سەنگەرەکانی خۆیانەوە قەڵاچۆیان بکەن، سەردار زەفەر دەڵێ:

(( ئوردوی سالارودەولە دوو کەموکۆڕیی هەبوو. یەکەم : چەکەکانیان وەکو چەکی بەختیاریەکان چاك نەبوو. دووەم : پلانی شەڕکردنیان پتەوو دروست نەبوو))٩٤ ئەم دوو ناهاوسەنگیە پچوکە بووە هۆکاری سەر هەڵدانی کێشەی گەورەترو لە ئەنجامدا هەرەس هێنانی بەشی ئوردوی شازادەی دەسەلاتخوازی قاجاری.

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١- یحیی، دەولت آبادی، حیات یحیی، ل١٧٦.
٢- ماکۆ.
٣- شێخ محەمد، مردۆخ، کرد  و کوردستان، ل٢٧٨.
٤- شاری ئیستای مەهاباد کە بەشێکە لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژاوا.
٥- رضـا، اذری، درتکابـوی تـاج و تەخـت ( اسـناد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار) تهـران انتشـارات سـازمان اسـناد ملـی ایـران ١٣٧٨ ل٧٥.
٦- شێخ محەمد، مردۆخ، کردو کردستان، ل٢١٨.
٧- مهدی، لکزادە، تاریخ انقلاب مشروطیت، ایران ج٦ ل١٣٨٣.
٨- حسـین، الهـی ((اسـنادی در رابطـە بافتنـە سـالارودەولە دەر غـرب)) مجلـە دانشـکدە أدبیـات وعلـوم انسـانی مشـهد. ژمـارە اول و دوم، سـاڵ بیسـت وپێنجـەم، ل١٦٠. هچیـن ن. ك. بـە : رضـا، آژری در تکاپـوی تـاج وتخـت (أسـناد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار) ل٧٤.
٩- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٥ ل١٠٧٤.
١٠- رضـا، اذری، درتکابـوی تـاج و تەخـت ( اسـناد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار) ل٧٤.
١١- میـرزا محمـد علـی خـان، فریـد الملـك همدانـی خاطـرات فریـد أز (١٢٩١ تانـج ١٣٣ هجـری قمـری ) گـرد أورنـد مسـعود فریـد (فراگزلـو) تهـران : زوار ١٣٥٤ ل٣٧٢.
١٢- احمـد، بشـیری. کتـاب ابـی ج٥ ل١٠٩٦. هچنیـن : ن.ك. بـە قهرمـان میـرزا سـالور، عیـن السـلطنە. روزنامـە خاطـرات ج٥ بـە کۆشـش مسـعود سـالور وایـرج أنتشـار. تهـران. اسـاطیر ١٣٧٧. ل٣٤٥٢.
١٣- شێخ محەمد، مردۆخ، کردو کردستان. ل٢٧٨.
١٤- رضـا، اذری، درتکاپـوی تـاج و تەخـت ( اسـناد ابـو الفتـح میـرزا سـالارودەولە قاجـار). ص٨٤.
١٥- هەمان سەرچاوە ل٨٤.
١٦- شێخ محەمد، مردۆخ، کردو کوردستان. ل٢٩٧.
١٧- هەمان سەرچاوە. ل٢٧٩.

١٨- رضا، اذری، درتکاپوی تاج و تەخت ( اسناد ابو الفتح میرزا سالارودەوله قاجار). ل٨٧.
١٩- شێخ محەمد، مردۆخ، کردو کردستان. ل٢٨٠.
٢٠- میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید( أز ١٢٩١ تان ١٣٢٤ هجری قمری ). ل٣٧٤.
٢١- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٥ ل١١٩٧.
٢٢- هەمان سەرچاوە. ل١١٤٤.
٢٣- هەمان سارچاوە. ل ١١٣٩.
٢٤- اردشیر، کشاوزر. کرد کرد ل٥٩.
٢٥- همچنانگە قبلا کفتە شد، تنها روزنامە صور اسرافیل بود کە أز رشادت سوران کلهر در تخت فرمادهی داود خان و پسرش جوانمیر خان اشار غود.
٢٦- عبد اللە، مستوفی، شرح زندگانی من (تاریخ اجتماعی و اداری دوره قاجاریە) تهران : زوار ؟ ص ٣٥٤.
٢٧-  میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣ هجری قمری ). ل٣٣٢ و ل٣٤٦ وغیرە.
٢٨- هەمان سەرچاوە ل٣٣٥ همچنین : ن. ك. به : احمد، بشیری کتاب ابی ج٤ ل٨٢٣.
٢٩- اردشیر، کشاورز، نقدی بر کتاب ایلات وطوائف کرمانشاە. کرمانشاە – طاق بستان ١٣٧٨. ل٦٠.
٣٠-  میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣٤ هجری قمری ). ل٣٣٩.
٣١- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٤ ل٨٧٦.
٣٢- هەمان سەرچاوە ل٨٣٤.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل٨٢٣.
٣٤- هەمان سارضاوە، ل٨٨٦.
٣٥- میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣٤ هجری قمری ). ل٣٤٦.
٣٦- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٤. ل٩٦٠.
٣٧- هەمان سەرچاوە، ل١٠٣١.

٣٨- له ناز ناوەکانی سالارودەولەیە.
٣٩- محمد علی (همایون)، کاتوزیان. دولت و جامعه در ایران (انقراچ قاجار وأستقرار پهلوی) ترجمه حسن أفشار، تهران نشر مرکز، ١٣٧٩. ل٨٥.
٤٠- در أسناد کتاب ێبی امیر الممالك، لەوانە یە هەڵەی چاپ بێت.
٤١- میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣٤ هجری قمری ). ل٣٧٦.
٤٢- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٥ ل١١٥٩.
٤٣- شێخ محەمد، مردۆخ، کرد و کوردستان. ل٢٨٣.
٤٤- مەبەست هێزێکیخەڵەتێنەرە.
٤٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣.
٤٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣.
٤٧- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.
٤٨- رضا، اذری، درتکابوی تاج و تەخت ( اسناد ابو الفتح میرزا سالارودەوله قاجار). ل٩١.
٤٩- هەمان سەرچاوە، ل٩١.
٥٠- میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی. خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣٤ هجری قمری ). ل٣٧٦.
٥١- هەمان سەرچاوە، ل٣٧٧.
٥٢- رضا، اذری، درتکابوی تاج و تەخت ( اسناد ابو الفتح میرزا سالارودەوله قاجار). ل٨٨.
٥٣- منصوره، أتحادیه (نظام مافی) ((طغیان فتح الله میرزا سالار الدوله (١٢٣١ – ١٣٣٠ هجری قمری). مجله نگین. شماره ١٣٦ شهریور ١٣٥٥ ل٣٣.
٥٤- میرزا محمد علی خان، فرید الملك همدانی خاطرات فرید أز (١٢٩١ تان ١٣٣٤ هجری قمری ). ل٣٧٧.
٥٥- علی اصغر، وزیری ((مختصری أز کارهی سالار الدوله وچند نامه تاریخی)) مجله وحید شماره ٢٣ تهران : ١٣٥٢.
٥٦- شێخ محەمد، مردۆخ، کردو کوردستان. ل٢٨٤.

٥٧- احمد ، كسروى، تاريخ هيچده ساله آذربايجان ل١٩٠- ١٨٩.
٥٨- شێخ محەمد، مردۆخ، كردو كوردستان. ل٢١٩.
٥٩- منصوره، أتحاديه (نظام مافى) ((طغيان فتح الله ميرزا سالار الدوله (١٢٣١ – ١٣٣٠ هجرى قمرى). مجله نگين. ل٣٣.
٦٠- احمد ، كسروى، تاريخ هيچده ساله آذربايجان. ل١٩٠.
٦١- احمد، بشيرى. كتاب ابى ج٦ ل١٢٨٧.
٦٢- ايرج، انشار، نامواره دكتر محمود اشار. باهمكارى كريم أصفهانيان، ج٤ تهران : مجموعه انتشارات ادبى وتاريخى ( موقوفات دكتر محمود اشار يزدى) ل١٩٩٠.
٦٣- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت، ايران ج٦ ل١٣٩٩.
٦٤- هەمان سەرچاوە، ل١٣٩٨.
٦٥- باقر عاقلى، روزشمار تاريخ ايران ج١ ل٨٤ هچنين ن. ك. بە : شێخ محەمد، مردۆخ، كرد و كردستان. ل٢٩٢. ميرزا محمد على خان، فريد الملك همدانى خاطرات فريد أز (١٢٩١ تا ١٣٣٤). ل٣٨١.
٦٦- ميرزا محمد على خان، فريد الملك همدانى خاطرات فريد أز (١٢٩١ تا ١٣٣٤) ل٣٨١.
٦٧- باقر عاقلى، روزشمار تاريخ ايران ج١ ل٨٥.
٦٨- هوگو، گروته. سفرنامه گروته. ل٧٠.
٦٩- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت، ايران ج٧ ل١٤٣٥.
٧٠- شێخ محەمد، مردۆخ، كردو كردستان. ل٢٩٢.
٧١- احمد، بشيرى. كتاب ابى ج٥ ل١٢١٨.
٧٢- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت، ايران ج٧ ل١٤٣٦.
٧٣- هەمان سەرچاوە، ل١٤٣٥.
٧٤- تەوبەران، شارۆچكەيەكە، مەڵبەندى فرقانجاى سەر بە پارێزگارى ساوەيە. دەكەوێتە ناوچەيەكى كويستانى رۆژئاواى ساوە بە مەسافەى شەست هەزار گەز لە سەر رێگاى ساوە – هەمەدان و حەشيمەتى ٢٤٦٩ كەسە. سەرچاوەى ئاوى ئەم شارۆچكەيە دە جۆگەى بچوك و جۆگەيەكى گەورەيە. بەرهەميشى دەغڵودان و نيسك ونۆك وپەتاتە هەروەها ميوەى كوێستانى. ئێش وكارى خەڵكى ناوچەكە كشتوكال

ومافـور چنیـن و کرێکارییـه. کێڵگەکانی مادابـاد و عەلـی کۆسـەج مـەرس عەلـی باڵغـی و دوقـان و قــرەگوڵ بــه شــێکن لـەم شـارۆچکەیه (فەرهنـگ جغرافیـای ایـران) ج١ دهخـدا.
٧٥- هەمان سەرچاوە، ل١٤٣٦.
٧٦- نور الله، دانشور، تاریخ مشروطه (جنبش وطن برستان أصفهان وبختیاری) ل٨٨.
٧٧- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت، ایران، ج٧، ل١٤٣٧.
٧٨- هەڵبەتـه بەگوێـرەی زۆریـەی سـەرچاوەکان ژمـارەی قشـوونی دەوڵەتـی لـەوە زیاتـر بـوو.
٧٩- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٦ ل١٢٨٦.
٨٠- هەمان سەرچاوە، ل١٤٤١.
٨١- احمد ، کسروی، تاریخ هیچده ساله آذربایجان. ل١٩٢.
٨٢- اسماعیل، رائین، پیرم خان سردار، تهران : مازگرافیك ١٣٥٠، ل٤١٦.
٨٣- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٦، ل١٢٩١.
٨٤- نور الله، دانشور، تاریخ مشروطه (جنبش وطن پرستان أصفهان وبختیاری). ل٩٤.
٨٥- احمد ، کسروی، تاریخ هیچده ساله آذربایجان. ل١٩٤.
٨٦- هەمان سەرچاوە، ل١٩٣.
٨٧- ایرج، انشار، ناموارە دکتر محمود انشار. ل٢٠٠٠ به بعد.
٨٨- احمد، بشیری. کتاب ابی ج٦، ل١٣٤٠.
٨٩- لایوجد...؟؟؟
٩٠- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت، ایران، ج٧، ل١٤٣٩.
٩١- نور الله، دانشور، تاریخ مشروطه (جنبش وطن پرستان أصفهان وبختیاری). ل٩١.
٩٢- احمد، بشیری. کتاب ێبی ج٦، ل١٢٨٦.
٩٣- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت، ایران، ج٧، ل١٤٤٠.

## یاخیبوونەکەی ساڵی (١٣٣٠ی ك) سالارودەولەو هەرەسپێهێنانی هۆزی کەڵهوڕ

### ٥- ١ بارودۆخی کرماشان پاش شکستی ساوە و گەڕانەوەی سالارودەولە

لـە ناوەڕاستی مانگـی شـەوالی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) وپـاش ئـەوەی سـالارودەولە زانـی کـە هێزەکانـی دەوڵـەت بـەرەوە هەمـەدان کەوتوونەتـە ڕێ، بـەرەو بروجـەرد هەڵهـات و لەوێـدا رێـگای پێنـەدرا. هـۆزی کەڵهوڕیـش پـاش شکسـتی سـاوە، بـەرەو کرماشـان گەڕانـەوەو لەگـەڵ مەشروتیەتخوازانـدا تووشـی هێـرش و کشـانەوە بـوون و بارودۆخـی پڕلـە رۆژئـاوای کرماشـان بـە نائارامـی بەرێـوە دەچـوو. هـەر لەو سـەردەمەدا سـالارودەولە بروسـکەیەکی بـۆ داودخـان نـاردو دواوای هێزێکـی کۆمەکـی لێکـرد. لـە وەڵامـدا داودخـان داوای لێکـرد کـە سـەردانی کرماشـان بـکات. تـا دووبـارە ریزەکانـی رێکبخاتـەوەو هێـرش بکەنـەوە سـەر تـاران بـە مەبەسـتی تۆڵـەی شکسـتیەکەیان[١] پـاش ئـەو پێکـدادان و پێوەندیانـە، ناودارانـی شـاری کرماشـان بـە تایبەتـی هاوەڵانـی سـالارودەولە فـەڕوخ خانـی ئێلخانیـان بـە شـێوەیەکی کاتـی کـردە بەفەرمانـداری کرماشـان تـا ڕەوشـی نائارامـی کرماشـان هێـور بکاتـەوە. بـەڵام بەپێچەوانـە ئەمـە بـووە هـۆکاری زیـاد بوونـی ئـاژاوە. بەقسـەی فەریدولملـك هەمـان کێشـە بـوو کـە ئامانوڵـلا کـوڕە یاخییەکـەی ئەمیـری جەنـگ والیـی پشـتکۆ بـە (٣) هـەزار سـوارەو پیـادەوە گوندەکانـی دەوروبەریـان تـاڵان کـرد.[٢] رەوشـی کرماشـان وروژاو پـڕ لـە ئاشـۆب بـوو بـە شـێوەیەك ((زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵـك پەنایـان بـردە بـەر شـوێنە پیرۆزەکانـی عیـراق))[٣] خاڵێکـی دیکـە کـە دەبـێ ئامـاژەی بـۆ بکرێـت ئەوەیـە کاتـێ سـالارودەولە بـەرەو تـاران رۆی، عەزادەولـەی بـرای لـە بـری خـۆی لـە کرماشـان دانـا. هـەر لـەو رۆژانـەی مانگـی شـەوالی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) سـەردار زەفـەر و سـەرداری جەنگـی بەختیـاری داوایـان لـە زانـاو بارزگانانـی کرماشـان کرد کـەوا عەزدەولـە زیندانـی بکرێـت. عەزادەولـە ببیسـتنی ئـەم هەواڵـە کـەوا بـە بروسـکە لـە هەمەدانـەوە نێردرابـوو پەنـای بردەبـەر قونسـلخانەی عوسـمانی[٤] پـاش ماوەیـەك

بـە چەپـە ریـدا بـەرەو بەغـدا هەڵهـات[5] ئەمیرئەفخەمـی هەمەدانیـش چونکـە هاوڕێـی سـالارودەولە بـوو لـە ترسـی سـزای دەوڵـەت بـەرەو کەربـەلاو نەجـەف تێیتەقانـد.

سـالارودەولە کـە بروسـکەکەی داودخانـی پێگەیشـت لـە مانگـی زیلقعـدەی سـاڵی (١٣٢٩ك) دا بـەرەو کرماشـان کەوتـەڕێ و لەنزیکـی بروجـەرد تووشـی هێزەکانـی دەوڵـەت بـووە، جەنـگ لـە نێوانیانـدا بەرپابـوو، دیسـان تووشـی شکسـت بـۆوەو بـەرەو خورمـاوا (خـرم ئابـاد) هەڵهـات خەریـك بوونـی سـالارودەولە، پاڵـی بـە کەڵهوڕەکانـەوە نـا کـە بگەڕێنـەوە بـۆ دەڤــەرەکەی خۆیـان. هەتـا ڕادەیـەك ڕەوشـی شـار هێمـن بـووە. بـەڵام هێمنایەتییەکـی پێـش زریـان. کۆمەڵـی فاکتـەر پێکـەوە بوونـە هـۆی ئـەوەی بارودۆخەکـە ئاڵۆزتـر بێـت. لـەو فاکتەرانـە دانانـی ئەعزەمولدەولـە لـە لایـەن حکومەتـی ناوەنـدەوە بـە فەرمانـداری کرماشـان، ئـەم کارە بـووە هـۆکاری بەگژاچوونـی فـەڕوخ خانـی ئێڵخانـی حوکمـداری کاتـی کرماشـان. لـەم بەگژاچوونـەدا کـە (٣) شـەوو (٣) ڕۆژ بـەردەوام بـوو، زیانێکـی زۆری خەڵکیـی لێکەوتـەوە. هەمـوو تیـرەو هـۆزەکان بـە فەرمانـی سـالارودەولە پشـتگیری فـەڕوخ خانیـان کـرد. لەئەنجامـدا فەڕوخانـی ئێڵخانـی ئەعزەمولدەولـەی ئـاگادار کـردەوە کـە ((دەبـێ لـە شـار دەر بچێـت، ئەگینـا هێـزی سـوارە شـارو بـازار تـاڵان دەکات))[6]، چونکـە ئـەم هەڕەشـەیە زیانـی خەڵکی تێدابـوو و خێڵـەکان لەلایەکـەوە خواخـوای هەلێکـی وایانبـوو و لەلایەکـی دیکـەوە دەنگـۆی وایـان بڵاودەکـردەوە گوایـا سـالارودەولە بـەرەو کرماشـان دێـت، نـاوداران و کاسـبکاران داوایـان لـە ئەعزەمولدەولـە کـرد کـە دەسـت لـە شـار هەڵگرێـت و دەربچێـت. ناچـار بـوو لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە هاوەڵانیـدا پەنابەرنـە قونسـڵخانەی ئینگلیـز. ئـەم ئاژاوەیـە سـوودی سـالارودەولەی تێـدا بـوو، ئەمـەی بـە هەلزانـی ڕۆژی (٢٣)ی ژی الحجـەی سـاڵی (١٣٢٩ی ك) بەارنبـەر بە (١٥) ی ئەیلولـی سـاڵی (١٩١١ی ز) گەیشـتە کرماشـان و لـە (سرایـی دەوڵـەت – دار الحکومـە) جێگیـر بـوو[7]، تارادەیـەك شـار هێمـن بـۆوە، ئاگـری شـەڕ دامرکایـەوە، لەگـەڵ گەڕانـەوەی سـالارودەولە سـوارانی کەڵهـور و سـنجاوی و کوردسـتانی و جـاف و جوانڕۆیـی و.... پێوەندیـان پێـوە کـردو ئـەوە بـوو هێزێکـی فراوانـی کۆکـردەوە. سـەرقاڵی ئامادەکردنـی قۆشـەن بـوو. چالاکیەکانـی سـالارودەولە بـۆ دەسـتگیرکردنی مەشروتیەتخـوازان بـووە هـۆی نانـەوەی ئـاژاوە، ئەڵبەتـە مەشروتیەتخـوازان پەنایانبردەبـەر قونسـڵخانەی ئنگلیـز و ئەویـش لـەو کارەدا شکسـتیهێنا.[8]

سـەبارەت بـە ئەنجامـی نامەکانـی بـۆ گـەورە و سـەرانی خێـڵ وتیـرەکان، مـەردۆخ لـەو سـەردەمە دا لـە سـەنەندج بـووە دەڵـێ :

پـاش چەنـد رۆژێ لـە کرماشـانەوە یەکێـك هـات و نامەیەکـی پـێ بـوو. نامەکـە مـۆری سـالارودەولەی پێـوە بـوو. ئارمـی پشـتی نامەکـە (شـێرو خورشـید) بـوو لـە ژێـر ئارمەکـەوە ئـەم برگەیـە چـاپ کرابـوو ((سـالارودەولە شاهەنشـای هەمـوو سـەرزەمینی خوزسـتان ولوڕسـتان و عیراقـی عەجـەم)). نامەکـەم کـردەوە بـە خەتـی خـودی شـازادە بـوو، بـە شـێوەیەکی دوور و درێـژ باسـی چۆنێتـی پاشەکشـەکردنی پاشـای دەکـرد لـە باغشـا، ئەمیـش بـە پێـی پێویسـتی سیاسـەت ناچـار بـووە پاشەکشـەبکات و بریـار بـدات ئـەم زسـتانە لـە کرماشـان بمێنێتـەوەو بەڕێوەبەرایەتـی خوزسـتان و لوڕسـتان وعیراقـی عەجـەم بـکات و پەنـا بـە خـودای گـەورە لـە بەهـاری داهاتـوودا عالیحـەزرەت محەمـەد عەلـی شا لـە باکـورەوەو خۆشـی لـە باشـورەوە هەڵبکوتنـە سـەر تـاران و کارەکـە یەکلایـی بکەنـەوە و ئێسـتا لـە کرماشـان تـاق وتەنیایـەو داوامـان لێـدەکات خێـرا خـۆم و سـوارەکانم بچیـن بـۆلای)).[٩]

سـالارودەولە کرماشـانی کردبـوو بـە مەڵبەنـدی یاخیبوونەکـەی لـە دژی دەوڵـەت و لـە پێنـاوی هەرەسـپێهێنانی دەوڵەتـی مەشروتیـەت هیـچ درێخییەکـی نەدەکردو هەمیشـە بیـری لـە کـۆ کردنـەوەی قۆشـەن بـوو، لـە ئەنجامـی ئـەم چالاکیانـەوە، دەوڵـەت دەسـت بـە کاربـوو، پاشـتریش قسـەی لێدەکەیـن.

## ٥- ٢ هەنگاوەکانی دەوڵەت بەرامبەر جووڵانەوەکانی رۆژئاوای سالارودەولە

لەگـەڵ ئاگاداربوونـی (سمسامولسـەڵتەنەی بەختیـاری) لـە بارودۆخـی شـڵەژاوی رۆژئـاوای وڵات بـە تایبەتـی رەوشـی کرماشـان، ئەڵبەتـە چارەسـەرکردنی ئـەو بارودۆخـەی لـەوەدا دەزانـی کـە عبدولحسـەین میـرزای فەرمانفەرمـا بکـرێ بـە حوکمرانـی کرماشـان و تاقمـی مەشروتـە خوازانـی لەگەڵـدا بێـت بـۆ سـەرکوتکردنی سـالارودەولە. کسـرەوی لەمبارەیـەوە دەنووسـێ :

((پاشـان بـۆ یەکلاییکردنـەوەی بارودۆخەکـە بەرپرسـایەتی کارەکانـی گرتەئەسـتۆی خـۆی بریـاری دا سـالارودەولە لـە کرماشـان نەمێنێـت. بۆیـە عبدولحسـەین میـرزا کـە

چەنـد مانگـێ فەرمانـڕەواری ئازەربایجانـی کـرد، لـە قەزویـن و زەنجـان ماوەیەکـی پێچووبـوو و تـازە گەڕابـۆوە بـۆ تـاران، وەك فەرمانـڕوای کرماشـان هەڵبژێردرابـوو، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هێـزی لەگەڵـدا نەبـوو، ناچـار بـوو دەسـت بـە داوێنـی خەبانگێرانـی مەشروتەخوازبـێ بگـرێ، بۆیـە یـار محەمەدخـان لـە گـەڵ (٣٠٠) خەباتگێڕیـدا هەڵبـژردراو بـە تـۆپ و شەسـتیرێکەوە بـەرەو کرماشـان بەڕێکەوتـن[١٠] هێزەکانـی حکومـەت نزیکـەی (٨٠٠) کەسـی بەختیـاری وخەباتگێـڕ دەبـوو بـە سـەرکردایەتی فەرمانفەرمـاو سـەرداری خەباتگێـڕان. یـار محەمەدخـان ئاشـناییەکی دێرینـی لەگـەڵ کرماشـانییەکاندا هەبـوو. فەرمانفەرمـا بـۆ دڵنیایـی لـە کاری خـۆی، یـار محەمەدخـان وهێزێکـی (٢٥٠ – ٣٠٠) کەسـی لـە ریـگای هەمەدانـەوە بـەرەو کرماشـان خسـتەڕێ. ئـەو لـە (١٩)ی سـەفەری سـاڵی (١٣٣٠ی ك) دا لـە نزیکـی بێسـتون لـە کەنـاری پـردی قەرەسـو (پـل قرەسـو)کە یـەك فەرسـەخ لـە کرماشـانەوە دوورە، گیرسـایەوەو لەگـەڵ هێزەکانـی سـالارودەولە کـە نزیکـەی (٢٠٠کەسێك) دەبـوون[١١] پێشـەنگی هێزەکـە بـە گـژ سـوارانی کەڵهـوڕدا چـوون کـە عەلـی ئەکبەرخـان سـەرداری جەنـگ (کـوڕی داوودخـان) فەرماندەیـان بـوو. لـەم پێکدادانـەدا سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناو بـەرەو کرماشـان راوینـان. لـە نامەیەکـی ئاغـای عەلـی ئەسـغەر وەزیـری کـە لەگۆڤـاری ((وەحیـد)) بڵاوکرایـەوە، دەڵـێ :

((لـە بیسـتی ئـەم مانگـەدا جەنابـی نێشتمانپەرسـت ئاغـای سـەردار یـار محەمەدخـان لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆری خەباتگێـڕان گەیشـتنە کرماشـان لـە (سـەرپیلی قەرەسـو) پێشـەنگی لەشـکرەکە بـەرەوڕووی، نزیکـەی (٦٠٠) سـواری کەڵهـوڕ بـۆوە کـە بـە سـەرکردایتی عەلـی ئەکبەرخانـی کـوری داود خـان سـەرداری موزەفـەر بـوو، لـەو جەنگـەدا سـەرکەوتنی وەدەسـتهێنا)).[١٢]

بـە گوێـرەی قسـەی بـە سـاڵاچووان لـەم جەنگـەدا کەڵهـوڕەکان پـردی قەرەسـویان گرتبـوو. سـوارانی دەوڵـەت نەیانتوانـی لەوێـوو تێبپـەڕن، بۆیـە تاقمێکیـان سـودیان لـەم هەلـە وەرگـرت بـۆ پەڕینـەوەی ئـاوە خروشـاو وتافدارەکـەی ڕوخانـە قەرسـورە، ئاوەکە زۆر سـارد و بەتـاف بـوو پشـتی پیـاوی شـەقار دەکـردو بـە دەردە سـەرێکی خـراپ توانیـان لـە پشـتێ کەڵهوڕەکانـەوە لـە رووبارەکـە بـدەن. کەڵهـوڕەکان پشـتیان بـە لێشـاوی و سـاردی ئاوەکـە قایـم بـوو، بیریـان لـەوە نەدەکـردەوە دوژمنەکانیـان بتوانـن لێیبـدەن. ئـەم کارە بـووە هـۆی شکسـتییەکی لەپـڕو نـاکاوی کەڵهـوڕەکان. لـەم شـەڕەدا برادەرەگیانـی

بـه گیانییەکـەی یـار محەمەدخـان، ئەمیـری بـەق کـوژرا، کەڵهوڕەکانیـش ژمارەیەکیـان بریـنـدار بـوون، هاوەڵانـی سـالارودەولە بـەرەو شـاری کرماشـان پاشەکشـەیان کـردو لـە نـاو شـاردا شـەڕێکی دیکە بەرپابـوو کـە یـار محەمەدخـان بـە کۆمەکـی خەڵکـی کرماشـان توانـی سـالارودەولە و داود خـان و سـوارانی کەڵهـور وکوردسـتانی لـە شـار دەربکـەن. کەڵهـورەکان کـە دیتیـان ڕەوشـەکە لـە زیانـی خۆیانـە بـەرەو مایەشـت کشـانەوە،[13] تـا بتوانـن دووبـارە هێـزی خۆیـان خڕبکەنـەوە ویـار محەمەدخـان لـە کرماشـان دەربکەنـەوە. لـە جەرەیانـی ئـەم بەگژداچوونـەدا، شـەرەفولمولکی کوردسـتانی وبرازاکـەی کـوژران. ئـەم کارە مایـەی دڵگرانـی و پەرێشـانی سـەردار رەشـید بـوو.

پـاش ئـەوەی یـار محەمەدخـان گەیشتەکرماشـان، روویکـردە قونسـوڵخانەی ئینگلیـز بـۆ رزگارکردنـی ئەعەزەمولدەولـەو مەشروتیەتخوازانـی هاوڕێـی کـە پەنایـان بردبـووە بـەر قونسـوڵخانەکە، هەتـا گەیشـتنی فەرمانفەرمـا، ئەعەزەمولدولەیـان بـە حوکمـداری کرماشـان دانـا. پاشـان بروسـکەیەکیان رەوانـەی ناوەنـد کـرد، بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن کات فەرمانفەرمـاو هێزێکـی کۆمەکـی بنێرنـە کرماشـان نـەوەکا سالارودەولەسـەر لەنـوێ کرماشـان داگیـر بکاتـەوە. دووبـارە رەوشـی کرماشـان ئاڵـوزو سـەخت بـووەوە. یـار محەمەدخـان پـاش رێکخسـتنی کارەکانـی خـۆی، فەرمانـی دا کـە هاوەڵانـی سـالارودەولە دەسـت نیشـان بکرێـن وسـزایان بدرێـن[14] ئـەم کارە تاڕادەیـەك زیانـی خەڵکـی بـێ تاوانیتێـدا بـوو. چونکـە کەسـانێك هەبـوون بـۆ مەبەسـتی تایبەتـی خۆیـان خەڵکـی بـێ گوناهیـان تاوانبـار دەکـرد یـان بـە دەسـتپێکی هیـچ وپـووچ، تـاوان بـاری خەڵکـی بکـەن بـە هـۆی ئـەو تاوانـە ناڕەوایـەوە سـزابدرین، بـەڵام ئـەم کارە زۆری نەکێشـا، سـالارودەولە لەگـەڵ داودخـان وسـەردار رەشـیدو هـاوڕێ کەلهَـوڕی وکوردسـتانی وسـنجاوی و گـۆران وقەڵخانیـەکان هێرشـیان کـردەوە سـەر کرماشـان، خەباتگێـران بـە بـێ چ بەرگیرییـەك تووشـی شکسـتیبوون وکرماشـان داگیرکـرا. لـەم جەنگـەدا کەڵهـوڕەکان ئازایەتیەکـی بـێ وێنەیـان نوانـد بـە شـێوەیەك سـالارودەولە نازنـاوی ئەمیرئەعزەمـی بـە سـەرۆك هـۆز داودخـان بەخشـی.[15]

فریدولمولـك دەنووسـێ : (( پێنـج شـەممەی (٣)ی رەبیعـی یەکەم بارودۆخی کرماشـان گـۆڕا شـازادە سـالارودەولە بـە پشـتیوانی خێـڵ وتیـرە هاوکارەکانییـەوە لـە چەنـد لایکـەوە پەلامـاری شـاریان داو لایەنگرانـی سـالارودەولە بریتیبـون لـە سـوارەو پیـادەی خێڵەکانـی

کەڵهوڕ و سنجاوی وگۆران و قەڵخانی وهەندێ خەڵکی نێو شار کە لەکاتی خۆیدا هەڵهاتبوون و دوژمنایێتی یارمحەمەدخان و خەباتگێڕانیان دەکرد. شەڕ بەرپابوو، سوارو پیادەی سالارودەوله شاریان داگیرکردو هێزەکانی سالارودەوله بەوپەڕی توانایانەوە ماڵ و خانوو دوکانەکانی شاریان تاڵانکرد، تەنانەت کەڵهوڕەکانیش لەم تاڵانەدا بەشدار بوون. سەرداری جەنگ کوڕی سەردار موزەفەر گوتی ئێمە هاتووین سەنگەر بگرین، هەرچەندە داوایکرد کە ئەم تاوانە ناشرینە نەکریت داواکەی بێسوود بوو، بەڵام کاتێ منی ناسییەوە فەرمانی بەهاوڕێیانی دا دەست لە شار هەڵگرن، کەس بەگوێی نەکرد بەڵام کە سوور بوو لە سەر فەرمانەکەی خۆی هەر بۆیە دەستیان لە شار هەڵگرت.[١٦]

لەو بروسکەیەی کە لە کەنگاوەرەوە رۆژی (٢٥)ی حوت نەنگوزئیل ی ساڵی (١٣٣٠ی ك) ناردبووی بۆ تاران دەڵێ[١٧] :

((ئامادەبوونی جەنابی والاریاسەت بە فیدای بم - راپورتێکی کورتی دەربارەی بارودۆخی کرماشان پێشەکەش کرد. رۆژی چوار شەممە دووەم کە خێڵەکانی کەڵهوڕوگوران وسنجاوی وکوردستانی و کاکەوەندو کشوەری و جەلالەوەند لەگەڵ سالارودەولەدا گەمارۆی شاریانداو پاش شەڕێکی سەختی شەوو ڕۆژی، یارمحەمەدخان و ئەعزەمولدەولە هەڵهاتن دەرگاری شاریان کردەوە و لە هەموو لایەکەوی رژانە نێو شار)).[١٨]

شێخ محەمەد مەردۆخ لە کتێبەکەیدا داگیرکردنی شاری کرماشان بە ئەنجامی سووڕ بوونی سەردار رەشید لە قەڵەم دەدات[١٩] چونکە جەنگی پێشووی کرماشان، شەرەف الملك وبرازاکەی کە لە خزمانی سەردار بوون کوژران و سەردار رەشید ویستی توڵەی ئەوان لە ئەعزەمولدەولەو یار محەمەدخان و هاورێیانی بکاتەوە. تارادەیەك داوای لە سالارودەوله کرد پاش سەرکەوتن رێگای بدرێت بە دەستی خۆی ئەعزەمولدەولەو کوڕەکەی بکوژێت. ئەگەر چی سالارودەولەیش گفتی پێدابوو. وەزیری دەربارەی کوشتنی ئەوان دەنووسێ ((لەکاتێدا موعتەزیدلدەولەو کوڕەکەی و میرزا عەلی خانی سەرتیپ بەرەو تاران هەڵهاتن ئەعزەمولدەولەو فەخیمیدەولەی کوڕی و ژمارەیەکی دیکە لە کرماشانەوە بەرەو یەکێ لە دێهاتەکانی (گوندی کەندوڵە) هەڵهاتن وخۆیان شاردەوە[٢٠] سالارودەوله تەماعی

خستەبەر کوێخـای گونـدو شـوێنەکانیان دۆزیـەوەو دەسـتگیرکران و هـەر لەوێـش هەڵـواسران. فەرمانفەرما پاش بروسکەکەی یار محەمەدخان بۆ ناوەند کە ئاماژەمان بۆ کرد، بەرەوکرماشان دەکەوێتە ڕێ، لە ڕێگادا هەواڵی شکستخواردن و هەڵهاتنی هێزەکانی دەوڵەت بە دەستی هێزەکانی سالارودەولەو داگیرکردنی شاری کرماشانی پێدەگات، هەر بۆیە پەشیمان دەبێتەوەو بەرەو تاران دەگەڕێتەوە. پاش ئەم سەرکەوتنە، سالارودەولە بەمەبەستی ڕێکخستنی هێزەکانی بۆ ماوەی مانگێك لە کرماشان دەمێنێتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هێزەکەی زیاتر دەبێتەوە. بۆ نموونە ڕۆژی (٢٩) ی ڕەبیع الاولی ساڵی (١٣٣٠ی ك) نزیکەی(١٠٠) کەسی کوردستانی و مەریوانی و هەورامی بە سەرکردایەتی شێخ عەلی گەیشتنە کرمشان[٢١] لەو کاتەدا ویستیان لەگەڵ سالارودەولەدا ڕێکبکەون کە بڕێ پارەی بدەنێ و لە شار دەربچێ و هەر بۆ ئەم مەبەستە، نوێنەرانی ئینگلیز و روس نێردران بۆ لای سالارودەولە بەڵام بێ ئەنجام بوو. کسرەوی دەنووسێ :

((سالارودەولە لە وەڵامی قونسڵی روس و ئنگلیزدا، کە لەلایەنی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ دانوستان، ناردرابوون گوتبووی ئەگەر محەمەد عەلی شا دەست لە داوا کردنی تەخت وتاجی ئێران هەڵبگرێت ئەوا نۆرەی ئەوە داوای تەخت وتاجی ئێران بکات وبە توانای خۆی تاجی ئێران وە دەست دەهێنێت، بەڵام چونکە نایەوی زیاتر خوێن بڕژێت ئامادەیە سەر بۆ دەوڵەت دانەوێنێت، بەڵام دەوڵەتیش فەرمانداری (بەشکو پاشایەتی) نیوەی ئێران کە ئازەربایجان وهەمەدان و کرماشان و لوڕستان و عیراق و خمسە دەگرێتەوە، پێبسپێرێت و ئەمیش باجی ساڵانەیان بۆ دەنێرێ و ئەگەر بەم کارەش رازی نەبن، ناچار جارێ پاشایەتی خۆی ئاشکرا دەکات و سوپا بەرەو تاران دەخاتەرێ)).[٢٢]

پاش ئەوەی کە سالارودەولە دەزانێ کە غولامرەزای ئەمیری جەنگ، والی پشتکو لە ناوچەی کەڵهوڕ دا ئارەزووی دیداری دەکات، بەرەو هاروناوا دەکەوێتەڕێ بۆ ئەوەی لە گیلان غەرب کە مەڵبەندی ئێلخانیەتی کەڵهوڕە چاوی بە داودخانیش بکەوێت و لە نزیکەووە سەر پەرەشتی ڕێکخستنی هێزی خێڵەکان وئامادەکردنیان بۆ جەنگ بکات. پێش ئەوەی لە کەنگاوەرەوە بکەوێتەڕێ، ئاگادارییەکی لە سەراسەری وڵات بڵاوکردەوەو پاشان بەرەو دەڤەری کەڵهور کەوتەڕێ.[٢٣]

## ٥- ٣ دیداری سالارودەولە لەگەڵ والی و چوونی بۆ نێو هۆزی کەڵهوڕ

سالارودەولە پاش بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکەی لە سەراسەری وڵاتدا کە داوای لە خەڵکی کردبوو هاوکاریی بکەن، بەرەو هاروناوا رۆیشت و لە کرماشان شێخ محەمەد مەردۆخی لە جێی خۆی دانا. فرید الملك دەنووسێ[٢٤] :

((یەکشەممەی رۆژی (١٨)ی رەبیعی دووەم)) نزیکی نیوەڕۆ جەنابی پایەدار لە گەڵ ژمارەیەك سواران بەرەو مایەشت و هاروناوا بە مەبەستی دیداری ئەمیری جەنگ والی پشتکۆ کەوتنەڕێ، وەکو باسی لێکرا لەگەڵ سەرانی هۆز وخێڵەکانی رێککەوتن، ئەڵبەتە لەوێش مێوانی ئەمیر ئەعزەم داودخان بوو)).[٢٥]

ئەوەتا لە کۆپەڵە شیعرێکی کوردی کەڵهوری بە ناونیشانی ((جەنگ نامەی ئەمیری کەڵهور دژی ئەمیر ئەسعدی بەختیاری)) بە واژۆی ((احمد حسین ابادی)) ناوێکەوە[٢٦] رۆژی (١٤/ ١١/ ١٣٤٧) دەستمان کەوت. باسی دیداری والی و سالارودەولە دەکاو چوونی لە گەڵ داودخاندا بۆ نێو هۆزی کەڵهور و بە شێوەیەکی تەواو ئەو باسەمان بۆ دەگێڕێتەوە و ئەڵبەتە بەتەواوەتی سودمان لەو شیعرە وەرگرت. سالارودەولە لەو دیدارەدا داوای کۆمەك لە والی پیشتکۆ دەکا. والی لە وەڵامدا باسی تواناو دەسەڵاتی داودخان دەکات لە ناوچەی خێڵەکانی کرماشان وپێی دەڵی کۆمەککردنی ئەمان بەندە بە کۆمەککردنی داودخان و کەڵهوڕەکانەوە، ئەگەر ئەمان کۆمەکی بکەن ئەمیش (واتە والی) رازیە و کۆمەکی دەکات ئەمەش دەقەکەیە :

| | |
|---|---|
| والی وات: ئاغا تۆ پوڕ شامی | راستی ئێدەن وە من خودای |
| هەر تەور ئەمر دەی هام لەفەرمانت | سەروگیان و ماڵ وە قوربانت |
| ئەگەر صەداقەت وە قەوڵم کەری | پاتشا ئێران حوکمەن مەوەری |
| لە سەمت سەرحەد هەرچی سەردارێن | داودە کەڵهور کول ئختیارێن |
| ئەگەر دایشتو شەخصی مەکەی وەشا | شاهەنشا لە تەخت مەکەی وە گەیا |
| ئیسمش داودەن لەقەب ئەمیرەن | صاحیب کەڵهڕ سپاش نەزیرەن |
| هەفت هەزار سوار مەدایم دارۆ | هەر یەکی سەد کەس وەپێش مە سپارۆ |
| هەر یەکێ سەردار ئەیو لەقەب دران | هەر یەکێ لە جای ویش بەر قەرارن |
| ئەمیر ئەعقم رەئیس ئێرانن | ئەدەب کوننەدەی نەرە شێرانن |

ئەگر چنانچە وێش وە بەخشا          ئیملان دێد ئەیچن سالار شاهەنشا
بزان وە کولی ئێران بردەنی          تەهران و پایتەخت حشمەت کردەنی[٢٧]

سالارودەولە پاش دیداری غولامرەزاخانی ئەبو قەدارە والی پشتکۆ سەرەتا بۆ دیدارو پەیمان تازەکردنەوە لەگەل سەرۆك هۆزی سنجاوی شێرخان سیمساموڵمەمالیك، ئینجا بەرەو قەسری شێرین بۆوە. پاش دیداری سیمساموڵمەمالیك بەرەو دەڤەری گۆرانەکان رێگای گرتە بەر کە حسەین خانی گۆران فەرمانرەوایان بوو. سالارودەولە لەودیدارانەدا بۆ دڵدانەوەی زیان لێکەوتوانی ئەو شەڕەو باسی هۆکارەکانی شکستهێنانەکەی وسەعیدەکرد دڵیان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە هەمووان یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی بەشدارییەکەیان پێوەندیی بە بەشداری هۆزی کەڵهوڕەوە هەبووە. حەسەن ئابادی لە غەزەلێکدا دەڵی :

عەرزکردن ئیمە قووچ قوربانیم          گشت وە ئەمر شا، بەندە فەرمانییم
وە شەرتی ئەمیر سەرداری کەلهڕ          ئیعلان بدەرۆ وە سەردارانی بەڕ
وێش سپادار بکیشۆ بەیداخ          ئیمە لە رکاو چوین سپای قازاخ
کەڵهور سواران جوان نەوخەت          غەرق سلاح بوین شێرانی سەسرحەد
هەر وەخت بخرۆشۆ چوین ئەوربەهار          هیچ باك نەدارۆ چوین ئەولای داستان
داود مەردیهەن ماچان تاج بەخش          وێش چوین روستەمەن مەرکوب وێنەی رەخش
پەناهەندەی بوو یاوێش دەێ وەکوشت          یامێنێد لە تەخت پاتشاهی گشت[٢٨]

سالارودەولە پشتی بە هاوڕێتی داودخانەوە قایم بوو لە قسەوگفت وگۆدا دەماخی بەرز وپڕ شاد بوو بە شەوقەوە بۆ دیداری کەڵهورەکانی گەیلان غەرب دەچوو. لە گەیلان غەرب (عەملەی داودخانی) ئەوپەڕی رێزیان لێنا. ئەویش لەوێدا جل و بەرگی کوردی لەبەرکرد بوو وسەعی دەکرد هانی کەڵهوڕوکان بدات وخەمی شکستییەکەی ساوە لە دڵیاندا برەوێنێتەوە، ئەگەرچی کەڵهوڕەکان ساردبوونەوە بەڵام لەم کارەشدا بەفرت وفێڵ سەرکەوت. بە قسەی بە ساڵاچوان خودی داودخان

فاكتـەری سـەرەكی ئـەم هاوڕێیەتییـە بـووە. سـالارودەولە ویسـتی برینەكانی سـاوە سـارێژ بكاتـەوە. داودخـان بەڵێنـی بـە سـالارودەولەدا كـە تـا دوا هەناسـە لەگەڵیـدا بێـت، یـان دەكوژرێـت یـان سـەردەكەوێت. سـالارودەولەش، داودخانـی بـە فەرماندەی قۆشـەن دانـا. حسـن ئابـادی لـە دیـداری سـالارودەولە لەگـەڵ داودخـان ئـەم شـیعرە كوردیـەی هۆنیوەتـەوە :

خوڕی چەند سوار چەنی چەند غوڵام      ئەسڵاو ئەسباب، كار دارش ئەمام
ورود بگەردش وە موڵك گێلان      خەوەر دان ئەمیر پوڕ شاەئامان
ئەمیر فەرمان دا، فەوری سەد سوار      مەردان جەنگی شێلان خوینخوار
چەنی عەلیەوەر سەردار مزەفەر      مەدام سپادار دشمن خراوكەر
تەشریف ئاوەردش وە قلای گێلان      فەرما شەیبورجی بژەن شادیمان
دەر سەعات فەرما وەزیران بوین جەم      سەنگین سەرداران شێرانی ئەرقەم
حازر لەحزور پوور شاهەنشا      بوسان روی زەمین وە حەمد وسەنا
داود بفەرمود ئەرێ هەی سەرداران      ئێنە سالارەن نەوەی شای كەیان
روڵەی ئەزیزم روحم عەلیەوەر      كوللی سـەرداران، تەمام یەكسـەر
یا سالارودەولە مەدەیم وە زەمین      یا مەنەیم لە تەخت تەهران وە یەقین
سـەرداران واتن بەندە فەرمانیم      لە كارو  ئەوی قوچ قوربانیم

پـاش ئـەم دیـدارە سـالارودەولە چەنـد رۆژێ لـە (عەملـەی داودخـان- واتـە شـاری گەیـلان غەربـی ئیسـتا- وەرگێـڕ) مایـەوەو پـاش دڵنیابوونـی بـە شـێوەیەكی تـەواو لـە هاورێیەتـی خێڵەكانـی رۆژئـاوای ولات بـەرەو كرماشـان كەوتـەڕێ بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن كات پەلامـاری تـاران بـدات.

پـاش گەڕانـەوەی سـالارودەولە بـۆ كرماشـان، داودخـان پێكەكانـی خـۆی بـە پەلـە بـۆ لای سـەرۆك هـۆزە دراوسـیەكانی وەكـو سـنجاوی وگـۆران وخێڵەكانـی سـەر بـە هـۆزی كەڵهـور نـارد لـە بـۆ ئامـادە بوونیـان و داوایكـرد بـوو كـە لـە مـاوەی شـەش ڕۆژدا لـە قـەڵای گەیـلان غـەرب ئامـادە بـن.

لـەو شـیعرانەی كـە پێوەندیـی بـە كۆكردنـەوەی قۆشـنەوەیە لـە نێـوان خێڵەكانـی رۆژئـاوا لـە لایـەن داودخـان وە  ئـەم غەزەلـە. دەنووسـینەوە :

حوكمی نویسـا والی بە حرو بەڕ      نازار ئەزیز لە چاو ئەزیزتەر

ئوردوکەشی کەن، لە شکربوین جەم    تا وە شێخ ئەزەل بێ زیادو کەم
شەش هەزار نەفەر، تفەنگچی سوار    چوبنە پور دید کەید وە سپادار
حوکمی نویسا نەزەر عەلی خان    پورِ بەختیار پشتکۆ لەکستان
زەرب شەش رۆژە لە قلای گێلان    تەمام حازر بوین جەم دلێران
یێ تەرەف نویسا شیرخان صمصام    فەتاح بەك جاف شێر خۆش کەلام
کرن و  گۆران هەر دوو کەن ئیلاخ    مەردان جەنگ دەروین پڕ لە داخ
باوەرین نصف ئوردوش شەش هەزار    مەردان جەنگ تفەنگچی سوار
مەردان هەیوان کوللی سەراسەر    بەیداغ بکیشون یەك هەزار نەفەر
حوکمی نویسا خانان خەمان    ئەخوی صەفەر مەرد روی مەیدان
تفەنگچی سوار منشی یەکسەر    فەردا حازر بوین ئوردو لەشکەر
ئیبلاغ کەن تەمام تایفەی ئربەخۆر    شێران جەنگ مەرد دلاوەر
لەو دەم ئیبلاغ کەن تایفەی مەنصور    ئەزیز یوز باشی لەدەعوا مەشهور
محمودو قاسم کەمەر شاوازخان    کولەپا، قوچمی سالار سالاران
سالارسولتان مەنصور لەشکەر    مەرد کۆلەجوو تەمامەن یەکسەر
حوکمی نویسا پەی تەنگ شوان    قەلای ژویری پەیدان بوی عەیان
تەهیەو تەدارك بوینی وەکام    ئوردو جەم بکەن سوارە نیزام
حوکمی نویسا شێران کەرگا    سالار سالاران مەشهور لە دەعوا
سوارەی ویشان تەمام کەن خوەر    بوین وە پێش جەنگ و جلەو لە شکەر
گورگین و  قادر، کەریم و  قوباد    بەگزادەی گێلان کول بان وە ئیمداد
نامدار فەتاح بەگ لە دەعوا مەشهور    ویش تەدارك کەی پری شەڕ وشووڕ
سـوارەی گێلان تەمامەن یەکسـەر    فەردا حازر بوین وارد وە لەشـکەر
تایفەی پیرگە ناصرە ئەحمەد    مایخان وصەفەر شێران سەرحەد
تەیب شیرزادی عەقیم و  جەوهەر    ئەزیز ئاغاجان داوی دلاوەر
سوارە ویشان تەمام بین سان    تەمام حازر بوین وارد وە گێلان
ئیعلان دا تەمام وە گیشت سەرداران    کێخودا عەلی مەحمەد مەرد روی مەیدان

ئەزیز و ئەمین چوین شێران نەڕ    عەلی رەزاوەندی یەك لە یەك بەرتەر
لەو دەما فەرما قوڵچی کەن خەوەر    زەیغەم زەیغەمان لە مەرگ بێ خەوەر
خمرا و دەبیر دانای ئومێدی    بنویس وە شێران توخمەی رەشیدی
مایٚ بەگ ومەنصور وێنەی تە همتەن    هەر دوو سپادار بکیشون قوشەن
قوباد، خانە بەك، حەمە رەشید پور    دەروێش دەبیر لە عالەم مەشهور
پورٍ میر ئاخور مصەفا زەڕگووش    لە دوشمن بێباك لە مەیدان خروش
سوارەی زەڕگووش گیشتی بکەن خەورە    ویەرد لە سەر سان بێد وێنە شێر نەڕ
فەرها شاتری پەیم کەن خەوەر    پەی ئێڵ راون صارم لە شگر
نویسا صارم لە مەرگ بی خەوەر    ئامادەی وێت کەید چوین شێران نەڕ
صارم عەشایر وێت بکە حازر    ئێمروز بخروشە چوین وێنەی نادر
حەیدەرخان روڵە سەیف لەشکەرن    ئێتڵاع دەن وەپی ئەوەی بێ خەوەرن
هەواسە غوڵام ئێلبەگی جمیر    پورٍ نەغدالی مەرد باشمشێر
سوارەی زوڵەو جمیر کەن خەوەر    تایفەی تەرکان جەم بکەن لەشکەر
فەریا یەك نامە ئاب تەڵلا خەت    چەنی خان محەمەد فەتح سەڵتەنەت
ئێڵ هەمەوەند لە پاتا وە سەر    مەردان جەنگی شێر دلاوەر
چوین رووژ عاشور سارای کەربەلا    گیلان هات وەتەنك لە رمەی سوپا
چوین دەریایی جەیحون پڕ بی لە لەشکەر    سی وپەنج هەزار مەرد دلاوەر
هەر وێنەی تەگر وادەی نەوبەها    شێران سەرحەد نەیاشتی قەدار
جوق جوق وتیپ تیپ ئاما وە گیلان    گیلان مەوج مەدا لە نەڕە شێران
تیپ کاڤم خانی شێران پڕ فەن    لە روژ دەعوا وێنەی تەهمتەن
تیپ هاروناوا صاحیب ئەقڵ و هوش    لە هەرەسەی مەیدان دایمەن لە جوش
تیپی لە ئەیوان خانان کەبیر    شێران نێکو مەردان دڵیر
تیپی کوڵەجو مەردان پڕپووش    لە عەرەسەی ئامانن خرووش.

## ٥- ٤ گەڕانەوەی سالارودەولە بۆ کرماشان

پاش گەڕانەوەی سالارودەولە بۆ دەڤەری کەڵهوڕ لە گەڵیاندا ئاشت بۆوەو بەرەو کرماشان بۆوە. دەوڵەتیش فەرمانفەرمای ئامادە دەکرد بۆ بەرنگاریکرن ودەرکردنی سالارودەولە لە کرماشان. ناوەڕاستی مانگی جومادی یەکەم ساڵی (١٣٣٠ی ك) کەوتە رێ[٢٩] هەوالێ گەیشتنی فەرمانفەرما بۆ هەمەدان بە سالارودەولە راگەێندرا، لە بۆ قایم کردنی هێزەکانی خۆی و بەرگیری کردن لە هروژمی ناکاوی دەوڵەت فەرمانی دا ژمارەیەك لە سوارانی خێڵەکانی لەگەڵ شێخ محەمەد مەردۆخ دا لە(سەحنە) سەنگەر بگرن و چاوەڕوانی فەرمانی بن، پاشان داودخان شوێنیان بکەوێت. بۆیە داودخان سەرقاڵی ئامادەکردنی سوارانی خێڵاتی دەوروبەری کەڵهوڕی گەیلان غەرب بوو. مەردۆخ دەنووسێ :

(( بە شازادەم گوت : مەلای نووشتە نووس لە کوێ و پێشەنگی جەنگ لە کوێ؟ تۆ بە سێ هەزار کەسەوە نەتتوانی بەرگیری لە سوپای دەوڵەت بکەیت. ئێستا من و ئێلخانی فەتحولئەیالە چۆن دەتوانین بەرگیری لە دەوڵەت بکەین. ئەم کارە کاری داودە. داودخان دەتوانێ ئەم کارە ئەنجامبدات. گوتی تا داود دەگات دەبی سەنگەرەکانی سەحنە لە دەست نەدەین. من کەسێکی دیکەم نییە. ئەگەر نەچیت دەبێ خۆم بڕۆم (فرمێسك لە چاوییدا قەتیس ما) بە ناچاری من و ئێڵخانی سەگەوەند (ناسراو بە خانەلوڕە) لەگەڵ سەد سواردا گەیشتن)).[٣٠]

ئەوەتا لە سەحنە کە چل(٤٠)کم لە کرماشانەوە دوورە کێشەیەکی زۆر بۆ شێخ مەردۆخ وهاوڕیەکانی بەرپا بوو. ئەڵبەتە روو بە ڕووی کێشەی ئازوقە بوونەوە. و(ساری ئەسڵان) کە هاورێی سالارودەولەو فەرماندەی کەنگاوەر بوو چەند کەڕەتێ ئازوقەی بۆ ناردن. پاشان ڕۆژی پێنجی جومادی دووەم ساڵی (١٣٣٠ی ك) بەوەیان زانی لەهەمەدان موجەلەلولسوڵتان تووشی شکستی بووە. هەر بۆیە ئەمانیش لە ترسا بەرەو کرماشان گەڕانەوە.

## ٥- ٥ موجەلەلولسوڵتان وپێکدادانی لەگەڵ هێزەکانی دەولەت

موجەلەلولسـوڵتان خزمەتـکاری محەمـەد عەلـی شـای لـە تەخـت دەرکـراو لەگـەڵ ئەرشـەد گەیشـتنە ئێـران. یەکـێ بـوو لـەو کەسـانەی پشـتی پـێ ببەسـتێرت، محەمـەد عەلـی چەنـد جارێـك نەیارانـی خـۆی پـێ لـە نـاو بـردووە.[٣١] لـە دەڤـەرەکانی ئازەربایجان و پێـش هاتنـی محەمـەد عەلـی شـا بـۆ ئێـران زەمینـەی خۆشـدەکردو لـە نێـوان خێـڵ و هـۆزەکان سـەرقاڵی کارو کۆشـش بـوو بـۆ گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی لـە دەسـت دەرچـووی.[٣٢]

بـەو شـێوەیەی کـە بتوانـن سـود لـە سـەرچاوەکانی بـەر دەسـت وەربگـرن. محەمـەد عەلـی بـەو پێیـە ئـەم ئەرکـە گرنگـەی پێسـپێردرا. موجەلەلولسـوڵتان لـە زۆربـەی هـەرە زۆری پیکدادانەکانیـدا لەنزیکـەوە هـاوکاری لەگـەڵ محەمـەد عەلـی شـادا دەکـرد تـا پـاش پێکدادانەکانـی دژ بـە کار بـە دەسـتانی دەوڵـەت شکسـت هێنانـی، محەمـەد عەلـی لـە ئێـران دەرچـوو. موجەلەلیـش کـە بیسـتی چەنـد هـەزار سـوارە وجەنـگاوەری کـورد و لـوڕ لـە ئێـران لـە دەوری سـالارودەولە خـڕ بوونەتـەوە سـەرگەردان بوو سـالارودەولە نـاردی بە دوایـداو کـردی بـە یەکـێ لـە ڕاوێژکارانـی خـۆی و موتمانـەی پێکـرا، کـە زانـی فەرمانفەرما ڕۆژی (١٩)ی ڕەبیعـی دووەم سـاڵی (١٣٣٠ك) بـەرەو هەمـەدان کەوتووەتـەڕێ، هـەر بۆیـا لـە گـەڵ ژمارەیـەك سـوارانی ئـوردوی خـۆی دەرپەڕیـن بـۆ بەرەنگاریـی بوونـەوەو بەرگیریـی کـردن لـە ئـوردوی دەوڵـەت. عەبـاس خانـی چنـاری یەکـی لـە سـەردارانی بـوو کـە بـە ئازایێتـی ناوبانگـی دەرکردەبـوو. فەرمانفەرمـا زۆر بەخـاوی بـەرەو هەمـەدان ڕەوتـی دەکـرد و لـە شکرکێشـیەکەی بیسـت ڕۆژی خایانـد. بـە قسـەی مەلیـك زادە:

(( سـالارودەولە سـودی لـەو سسـتییەی فەرمانفەرمـا وەرگـرت، ئەوەتـا موجەلەلـی لەگـەڵ (٢٠٠٠) سـوارەدا بـەرەو هەمـەدان نـارد[٣٣] موجەلـەل بـۆ ڕێکخسـتنی هێزەکـەی و سـەنگەرلێدان لـە ناوچـەی (میانـە) مایـەوەو لـە ناوەراسـتی (ئۆوردیبەهەشـت) جەنـگ لە نێـوان پێشـەنگەکانی سـالارودەولە بـە سـەرکردایێتی موجەلـەل و لەشـکری دەوڵـەت کـە لـە سـوارەو قازاخـی ئێـران پێـك هاتبـوو بەرپابـوو. موجەلـەل برینـدار کـراو، هێزەکانـی شکسـتییان هێنـاو هەڵهاتـن. کسـرەوی دەنووسـێ :

فەرمانفەرمـا لـە هەمەدانـەوە کەوتـە ڕێ، پـاش مەسـافەی چەنـد فەرسـەخێك ڕوو بـە ڕووی موجەلـەل و تاقمەکـەی بـووە. ڕۆژی (١٤)ی (ئوردیبەهەشـت) جەنـگ لـە نێوانیانـدا بەرپـا بـوو. لـەم جەنگـدا دەوڵـەت رسـوا کـرا، جەنگاوەرانـی فەرمانفەرمـا

لـە سـووکەڵە جەنگێکـدا شکسـتیان هێنـاو بـە یەکجـاری خـۆی و هێزەکـەی هەڵهاتـن. سـەرکەوتووان، جەبەخانـەو سـامان وسـێ تۆپـی شـنایدەریان دەسـت کـەوت[٣٤] ئەردەشـێر کشـاوەرز لـە کتێبەکەیـدا (گـرد کـورد) شـوێنی ئـەم پێکدادانـە بـە قـەڵای شـۆرجە لـە قەڵـەم دەدا کـە لادییەکـی نێـوان هەمـەدان وقوروەیەیـە[٣٥] فەریدوملولکیـش شـوێنی بەگـژا چوونەکـە بـە هەمـان ناوچـە لـە قەڵـەم دەدا[٣٦] پـاش ئـەم سـەرکەوتنە، سـالارودەولە فەرمانـی بـە ئـازاو لێهاتووەکانـی خێـڵ و سـوارانی ئـوردوی خـۆی وەکـو : داودخانـی سـەردار موزەفـەر و کوڕەکـەی عەلـی ئەکبـەر خانـی سـەرداری جەنـگ لـە هـۆزی کەڵهـوڕ شـێرخانی سیمسـامولمەلیك و کوڕەکـەی قاسـم خـان لـە هـۆزی سـنجاوی و مەنسـوری مولـك هـۆزی گـۆران وباقرخانـی ئەزەمولسـڵتەنە سـەرۆك هـۆزی کاکەوەنـد. دەسـتوری دا کـەوا خۆیـان بـەرەو تـاران ئامـادە بکـەن. ئەمـە لـە بارودۆخێکـدا بـوو کـە شکسـتی فەرمانفەرمـا بـوو بـە هـۆی لاواز بوونـی دەوڵـەت. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەوڵـەت جگـە لـە خەباتگێـڕان هێزێکـی دیکـەی بـە دەسـتەوە نەبـوو. ئـەو خەباتگێڕانـەی ساڵانی ڕابـردوو سـەرکەوتنەکانیان تۆمـار کردبـوو. سیمسـامولمەلیکی بەختیارییـش بیـری لـە ڕێگاچارەیـەك دەکـردەوە بـۆ کۆکردنـەوەی بەختیاریـە پەڕاگەندەکانـی تـاران و هەمـەدان. فەرمانیـدا ئـەو گروپـەی کـە لـە ئـاراك بـوون و چـوون بـوو هەمـەدان وتاقمێکـی دیکـە لـە زەنجـان و قەراخـی تـاران بـوون، هەموویـان لـە تـاران کۆببنـەوە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ لەشـکری دەوڵەتـدا بکەونـەڕێ بـۆ بەرەنگاربوونـەی سـالارودەولە.

یەفـرم خـان تاقـە کەسـێ بـوو کـە شـیاوی فەرماندەیـی ئـەو هێـزە بـێ. چونکـە ئـەو زاتـە لـە جەنگەکانـی پێشـوودا ئازایەتـی و دڵێـری و کارامەییەکـی بـێ سـنووری نوانـدووە. ئەڵبەتـە ئێسـتا بـۆ ڕازی بـوون بـەم فەرماندەییـە ڕووبەڕووی داکۆکـی حیزبـی داشـناکی ئەرمەنـی بوونـەوە کەبـە قسـەی مەلیکـزادە ((ڕەگوریشـەی ناکۆکـی دەگەڕێتەوە بـۆ نارەزایـی حیزبـی ناوبـراو لـە ئولتیماتومـی روسـەکان، بـەڵام یەفـرم بـەو شـێوەیەی کەدەیزانییـن پەیمانـی بـە سـتبوو و لـە گـەڵ دەوڵەتـی ئـەو سـەردەمەو نایـب سـەڵتەنەدا کـە یەکـێ بـوو لـە فاکتـرە کرینگەکانـی ڕازیبـوون بـە ئولیتماتـۆم))[٣٧] ئێـدی بارودوخەکـە ڕۆژبـەرۆژ نالەبارتـر دەبـووەوە کومەڵێکیـان هەسـتیان بەمەترسـی کـرد لەگـەڵ ناوبژیکردن لـە نێـوان حیزبـی داشـناك و یەفـرم، لـە نێوانیانـدا ئاشـتی بەرقـەرار بـوو. بەفەرماندەیـی یەفـرم خـان ژمارەیـەك ئەندامانـی حیزبـی ناوبـراو ئامادەبـوون بۆ شـەڕ دژی سـالارودەولە.

لـه ئەنجامـدا پـاش مانگێـك لـە رۆژی کەوتنەرێـی فەرمانفەرمـا بـەرەو هەمـەدان واتـە ڕۆژی (١٨)ی ئوردیبـە هەشـتی (١٢٩١ك)، یەفـرم خـان بـە هاوڕێیـە تـی دوو کـەس لـە خەباتگێڕانـی ئەرمەنـی لـە تارانـەوە کەوتنـەڕێ و پـاش سـێ رۆژ گەیشـتنە هەمـەدان.[٣٨]
لـەو کاتـەدا سـالارودەولە لـە پێنـاو کۆکردنـەوەی هێـزی کۆمـەك بـەرەو کوردسـتان بـۆوە، کـە هەواڵـی ئامادەبوونـی یەفەرمـی بیسـت نامـەی بـۆ موجەلـەل نووسـی و داوای لێکـرد خـۆی لەبەگـژا چوونـی یەفـرم خـان بپارێـزێ و تەنهـا سـەنگەرەکانی خۆیـان پتەوبکـەن. بـەڵام موجەلـەل کـە سەرمەسـتی سـەرکەوتنەکەی بـوو بەسـەر فەرمانفەرمـادا ئامۆژگاریەکانـی سـالارودەولەی پشـتگوێ خسـت.

## ٥- ٦ پێکدادانی هێزەکانی یەفرم خان و پێشەنگەکانی هێزەکەی سالارودەولە

یەفـرم خـان ڕۆژی (٢٨)ی (ئوردیبـە هەشـتی)ی سـاڵی (١٢٩١ی ك) لـە گـەڵ قشـونێك کـە ژمـارەی (٨٠٠) کـەس دەبـوو لـە ناوچـەی (توریـن)ەوە بـە شـاری هەمـەدان کەوتـەرێ لـەوێ خـۆی ئامادەکـرد. مەلیکـزادە دەنووسـێ :
((لـە دوورایـی یـەك کیلۆمەتـرەوە لـە ئـوردوگای دوژمـن، بـە دووربیـن تەماشـای هەڵـەت و سـەنگەرەکانیانمان دەکـرد. سـوارەکانی کـردە دوو بەشـەوە. بەشـی یەکـەم ڕاسـتەوخۆ هەڵکوتنـە سـەر دوژمـن. بەشـی دووەم گەمـارۆی باڵـی چەپـی ئـوردوگای دوژمـن بـدەن و ئـەو هەڵەتـە داگیربکـەن کـە زاڵبـوو بەسـەر ئـوردوگای دوژمنـدا پـاش داگیرکردنـی هەڵەتەکـە جەنـگ دەسـتی پـێ بـکات)).[٣٩]
لـەم شـەڕەدا خەباتگێڕانی ئەرمەنـی و بەختیاریـەکان توانیـان ئـوردوگای سـالارودەولە بـە سـەرۆکایەتی موجەلـەل وعبـد الباقـی خانـی چاردولـی ببەزێنـن و پاشەکشـەیان پێبکـەن و سـەنگەرەکانیان پـێ چوڵبکـەن. لەوکاتـەدا هێزێکـی کۆمەکـی لـە هۆزەکانـی کرماشـان پێوەندیـان پێوەکـرد، بـەڵام لەبـەر فشـاری سـەختی تۆپخانـەو شەسـتیرەکان بـە فەرماندەیـی رەزا شەسـتیر (رەزاخانـی عەبـدی) توانیـان کاری سـنجاویەکان کـە لـە کرماشـانەوە هاتبـوون سـەخت و دژوار بکـەن. ئەگەرچـی کەڵهـوڕەکان بەشـداریان لـەم پێکدادانـەدا نەکـرد. بۆیـە ئـەوان لـە دەڤـەری سـەحنە لـە شـوێنی هێزەکانـی سـالارودەولە سـەنگەرەکانیان قایـم کردبـوو. پـاش ئـەوە شـیرازەی پێشـەنگی هێـزی

سـالارودەولە تێکچـوو. هێزەکانـی دەوڵـەت تـا تاریکـی داهـات بـە دوایانـەوە بـوون. بـۆ رۆژی دوایـی واتـە (٢٩)ی ئوردیبـە هەشـتی سـاڵی (١٢٩١ش) دووبـارە جەنـگ بـە تونـدی بەرپابـۆوە دیسـان ئەمجـارەش هێزەکانـی دەوڵـەت سـەرکەوتنیان وەدەسـتهێنا. هێـزە شکسـت خواردووەکانـی سـالارودەولە هەڵهاتـن وسـێ فەرسـەخ پاشەکشـەیان کـرد، واتـە گەیشـتنە گونـدی شـۆرجە کـە قەڵایەکـی سـەختی لێبـوو، زۆر بەباشـی پارێـزگاری ئەوانـەی دەکـرد کـە تێیـدا بـوون. لەوێـدا سـەرکردەیەکی سـالارودەولە کـە نـاوی عبـد الباقـی خانـی چاردوڵـی بـوو لەگـەڵ سێسـەد سـوارە سـەنگەریان گرتبـوو بـەو نیـازەی تـا مـردن بەرگریبکـەن. لـە سـەرچاوە مێژوویـیـەکان مەلیکـزادە بەچاکتریـن شـێوە راڤـەی ئەو پێکدادانـە دەکا کـە یەفـرم خانـی تیـادا دەکوژرێـت.

ئەمەش دەقی قسەکانییەتی :

((یەفـرم ودەسـتەیەك خەباتگێـڕان بـە تـوپ کوتایانـە سـەر سـەنگەرەکانی دوژمـن و دەسـتەکانی دیکـە گەمـارۆی قەڵاکەیانـدا. ئەوانیـش کـە خەباتگێڕێکـی ئەرمەنـی بـوو لـە یادداشـتەکانیدا دەنووسـێ :

دوژمن سەر سەختانە دەجەنگاو بەرامبەر تفەنگ و تۆپەکانمان بێباکبوو.))[٤٠]

ئـەم سـەختیە بـوو بـە هـۆی سـەختی هەڵوێسـتی خەباتگێـڕان و یەفـرم. عبـد الباقـی خـان و هاوەڵانـی خەباتگێڕانیـان گوللەبـاران کـردو ژمارەیەکـی زۆریـان لێکوشـتن، بـەڵام ئەمـان ورەیـان هاتـەوە بـەرو هێرشـێکی مەردانەیـان کـردە سـەر قەڵاکـەو دەرگاکەیـان گوللـە بـاران کـرد.

یەفـرم خـان لەسـەر داوای خەباتگێـڕان لـە بـەرەی دواوە بـوو، کەزانـی هەڵوێسـتی خەباتگێـڕان دژوارە، (٧٠) کەسـی نـارد بـۆ کۆمەکـی هاوڕێکانیـان. جەنـگ بـە تەواوەتـی سـەختتر بـووە، لـەم کاتـەدا یەفـرم خـان و زۆراب خـان ئەوەیـان بیسـت کـە خەباتگێـڕان قەڵاکەیـان بەزانـدووە، ئەمانیـش بـەرەو پێشـەوە هەڵمەتیـان کـرد. مەلیکـزادە دەنووسـێ :

((دەوروبـەری قەڵاکـە قوللەیەکـی بەردینـی سـەخت بوو، پەنجـا چەکدار سـەنگەریان بەسـەرەوە گرتبـوو. قوللەکـە بـە سـەر بەشـێکی دەوروبـەری قەڵاکـەدا زاڵبـوو، چەکدارانـی قوللـە بەرگیریـان دژی هێرشـکەران دەکـرد. تەنانـەت پـاش داگیرکردنـی قەڵاکـە، بەسەرسـەختی پێیـان داگرتبـوو ئامادەنەبـوون خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن. هێرشـکەران بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە گوللـەی چەکدارانـی قوللەکـە بپارێـزن و هەڵمـەت بکەنـە سـەر

قەڵاکـەو پـاش چـەك کردنیـان بتوانـن قوڵلەکـە داگیـر بکـەن)).[41]

یەفـرم خـان و  دکتـۆر زۆراب خانـی ئەرمەنـی کـە دۆسـتی هەمیشـەیی بـوو، لـە بـەرەی پێشـەوە بـوون بـەرەولای خەباتگێـڕان دوکتـۆر زۆراب لـە پێـش یەفـرم خانـەوە بـوو، هـەر بۆیـە کەوتـە بـەر گوللـە بارانـی تاقمەکـەی عبـد الباقـی خـان و  دەسـتبەجێ گیانـی لـە دەسـت دا. یەفـرم خـان بـە چـاوی خـۆی ئـەم کارەسـاتە دڵتەزێنـە دەبینـی و  رادەبـەدەر خەمبـار دەبـێ و  بـەرەو پێشـەوە دەچـێ بـۆ ئـەوەی تەرمەکـەی رزگار بـکات، بـەڵام خۆشـی بـەر گوللەیەکـی هەمـان تاقـم دەکـەوێ. پـاش قارەمانێتییەکـی لـە رادەبـەدەر گیـان بـە یەزدانـی مـەزن دەسـتپێرێت. کـسرەوی دەربـارەی تێکۆشـانی یەفـرم لـە بـۆ هێنانـەوەی تەرمەکـەی زۆراب و چۆنێتـی کوشـتنی دەنووسـێ :

((لـەو کاتـەدا خـودی پدەرجـان[42] دەیـەوێ نزیـك ببێتـەوە ئوهانیـس (درشـکە چـی - لێخـوری کالیسـکە) دەسـتی ڕادەکێشـی و دەڵـێ :

نابێـت بچیـت، دەکوژرێیـت، یەفـرم تـوڕە دەبـێ وشـەقازللەیەکی لێـدەدا و بـەرەو پێشـەوە دەچـێ بـەڵام ناگاتـە تەرمەکـەی دکتـۆر. ئەڵبەنـە گوللەیـك بـەر پشـت گوێـی چەپـی دەکەوێـت و لـەلای کۆڵمـی راسـتیەوە دەردەچێـت))

نیکۆلـی سەردەسـتە دەچێتـە پێشـەوە بـۆ ئـەوەی باوکـە کووژراوەکـەی بکێشـیتەوە، ئەمیـش بـەر گوللـە دەکـەوێ)).[43]

بـەم شـێوەیە یەفـرم خـان، پاڵەوانـی نـاوداری مەشروتیـەت پـاش تێکۆشـانێکی دوورو درێـژ سـەعات چـواری پـاش نیـوەڕۆی (٢٩)ی ئوردیبـە هەشـتی سـاڵی (١٢٩١ك)، لەگوندی شـۆرجەی ئێـران لـە جەنگـی دژ بـە هاوەڵانـی سـالارودەولە دا دەکـوژری.

مەلیکزادە دەربارەی رووداوەکانی پاش مەرگی یەفرم دەنووسێ :

((پـاش بیسـتنی هەواڵـی کوشـتنی یەفـرم، کرێخـان بـێ ئـەوەی خـەم بە روخساریەوە دیـار بێـت یـان خەمـی خـۆی دەرببـڕێ یـان فرمێسـك لـە چاویـدا بێتـە خـوارەوە، دەڵێ :

براینـە خـەم مەخـۆن، دڵـدار و مەردبـن و  وەرن  لـە گەڵمـدا بـا تۆڵـەی باوکـمان لـە بکوژەکـەی بکەینـەوە. قسـەکانی کـرێ خـان خەباتگێڕانـی هەژانـد و تووڕەییەکـی نائاسـایی لـە نێـوان خەباتگێڕانـدا سـەریهەڵدا، هەمـووان بـە دڵگرمییـەوە لەگـەڵ کـرێ خانـدا پەلامـاری قوللـە دەدەن و  دەورو پشـتی قوللەکـە داگیردەکـەن و  بـە سەرسـەختی و  لـە خۆبـوردن و  گیـان فیـداکاری دەجەنگـن. لـە یەکـەم هەڵمەتـدا چـوار خەباتگێـڕ

دەکوژرێـن، بـەڵام ئـەم کارە نابێتـە هـۆی ورە بەردانـی هێرشـکەران، پـاش کوشـتارێکی خوێنـاوی قوللەکـە داگیـر دەکـرێ وهەمـوو ئەوانـەی لـە قوللەکـەدا بـوون تیربـاران دەکرێـن و پاشـان خەباتگێـڕان بـەرەو لای تەرمەکـەی یەفـرم دەگەڕێنـەوە و دەیکەنـە ئاغەمـی ڕۆ)).[٤٤]

فەرمانفەرمـا لـە بروسـکەیەکدا داوا لـە ناوەنـد دەکا کـە سـەرۆکایێتی خەباتگێڕانـی ئەرمەنـی بـە کـرێ خـان بسـپێردرێت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەنووسـێ :

(( لە هەمەدانەوە بۆ باغی فەروی :

جەنابـی پایـەداران، بەرێـزان وەزیرانـی مـەزن. کۆسـتیکی گـەورە لـە دەوڵـەت کەوت و جیـگای داخـی هەموانـە. پـاش داگیرکردنـی شـۆرجەو گوندەکـەی لەلایـەن خەباتگێـڕان و پاڵەوانانـی بەختیاریـەوە، چەنـد کەسـێکێ شـەڕخواز لـە قوللەکـەدا مابوونـەوە وکاریـان یەکلانـە نەکرابـۆوە، سـەردار یەفـرم خـان لەگـەڵ سـهراب خـان بـەرەو قوللەکـە دەچـن و دوو گوللـەی شـوم دەیانپێکـی و گیـان لـە دەسـت دەدن و ماڵاوایـی لـە دونیـا دەکـەن. لەبەرگرنگـی شـوێنەکە، شـەو دانێشـتنێکمان لەگـەڵ جەنابـی ئەمیرنیـزام و جەنابـی ئاغـی زەیائولسـوڵتان و شیهابولسـوڵتان و سـەرانی خەباتگێـڕان و مسـیو کـرێ خـان، کـرد و تاوتوێـی کارەکەمـان کـرد و هەموومـان ئەوەمـان پەسـەندکرد کـە سـەرۆکایێتی خەباتگێـڕان بـە کـرێ خـان بسـپێردێت، چونکـە هـەر خۆی شـیاوی ئـەو ئاسـتەیە. پێویسـتە ئەنجومەنی وەزیـران بـە بروسـکەیەك بڕیـاری دامەزراندنـی بـدەن و نازنـاوی سـەرداری پێببەخشـن.

((فەرمانفەرما)).[٤٥]

پـاش ئـەو پێکدادانـە، چونکـە هەمـوو خێڵەکانـی سـەر بـە سـالارودەولە پەراگەنـدە بـوون خەباتگێـڕان تەرمـی یەفـرم خـان سـەردار و پاڵەوانـی خەباتگێڕانیـان خسـتەڕێ. تەرمەکـەی بەسـەر کالێسـکەیەکەوە لەگـەڵ پەنجـا کـەس نیشـانەی پرسـەیان بـە باڵـەوە بـە سـتبوو و تفەنگەکانیـان سـەرەوخوار بـەرەو تـاران بوونـەوە. کاتـێ ئـەم هەواڵـە گەیشـتە تـاران، خەڵکێکـی فـراوان هەتـا نزیکـی قەزویـن بـە پیـر تەرمەکەیـەوە هاتـن، بـە شـکۆدارییەکی تایبەتـەوە گەیشـتە تـاران. لـەو سـەردەمە ماجـەرای کوشـتنی یەفـرم خـان دەنگـی دایـەوە بـە شـێوەیەك کتێبـی (ێبی)یـش لـە چەندیـن جێـگادا ئامـاژەی بـۆ ئـەو ڕووداوە کـردووە[٤٦].

لـەم جەنگـەدا موجەلـەل و (٤٠٠٠) جەنـگاوەر لـە هێزەکانـی دەوڵـەت. کـە نزیکـە (٣٠٠)یـان کـوژران. فەرمانفەرمـا لـە نامەیەکـی دیکـەدا ماجـەرای جەنـگ وزیانـی هـەردوولا بـەم شـێوەیە بـاس دەکا :

(( بەرێوەبەرایەتـی پۆسـتەخانەی دەوڵەتـی ئێـران لـە هەمەدانـەوە بـۆ بـاغ ٢_لـە ڕۆژی چـواری مانگـی جومـادی دووەم سـاڵی (١٣٣٠ك) دا.

دوو سـەعات ونێـو پێـش ڕۆژئاوابـوون قوللـەی قـەڵا ڕوخـا و شـۆرجە لەلایەن سـوپاوە داگیـر کـرا. زیانـی سـوپا شـەش حـەوت کـوژراو و حـەوت، هەشـت برینـدار بـوون، یەکـی لـە بەختیاریـەکان کـوژرا و دوو سـێ کەسـیان برینـدار بـوو. لـە خەباتگێـڕان و ئەوانـی کـە شـەش حـەوت کـەس برینـدار و کـوژران لـەوە زیاتـر نەمانتوانـی لێیبکۆڵینـەوە، زیانـی دوژمـن پـتر لـە دوو سـەد کـەس دەبـوو)).[٤٧]

بەڵام مەلیکزادە ژمارەی کوژراوانی دەوڵەتی بە (١٢١) کەس لە قەڵەم دەدا)).[٤٨]

هەڵبەتـە موجەلـەل پـاش کوشـتنی یەفـرم خـان چەنـد هێرشـێکی کـرد، بـەڵام بـێ سـوود بـوو، چونکـە کـرێ خـان توانـی لـەو بارودۆخـە سـەختە جڵـەوی تێکچوونـی هێزەکانـی دەوڵـەت تونـد بکاتـەوە. موجەلـەل کـە زانـی بەرگریکـردن بـێ سـوودە لەگـەڵ هەشـتا دۆسـتی خۆیـدا بـەرەو کرماشـان هەڵهاتـن. خەباتگێـڕان و سـەرانی بەختیـاری کەوتنـە ڕاوەدونانـی موجەلـەل، هەتـا گەیشـتە سـەحنە کـە هـۆزی کەڵهـوڕ بـە فەرماندەیـی داودخانـی ئەمیـر ئـەزەم سـەنگەری تێـدا گرتبـوون.

### ٥- ٧ جەنگی سەحنەو کوشتنی داودخان

هـۆزی کەڵهـوڕ هـەر لـە پێشـەوە سـەنگەریان لـە ناوچـەی چەمچەماڵـی سـەحنە گرتبـوو. لەگـەڵ گەیشـتنی هێزەکانـی دەوڵـەت ڕووبـەڕووی کێشـە بوونـەوە، چونکـە بـە هـۆی جەنگـی شـۆرجەوە زۆر شـەکەت و مانـدوو بـوو بـوون. بـەڵام ئـەو سـەرکەوتنەیان ماوەیەکـی زۆری بـە سـەردا نەچـوو، چەنـد هۆکارێـك پێکـەوە بـوون بـە هـۆی ئـەوەی توانـای هـۆزی کەڵهـوڕ لـە دەسـت بـدات. بـە شـێوەیەك بـوو بـە هـۆکاری لـە دەسـتدانی توانـای هـۆزی کەڵهـوڕو لـە ماوەیەکـی کورتـدا و هـەر هەموویـان پەراگەنـدە بـن، هۆکارێکـی دیکـەی ئـەو شکسـتیە، هەڵهاتنـی سـالارودەولە بـەرەو لوڕسـتان. چونگـە موجەلـەل وهاوڕێیەکانـی باسـی بـاری سـەختی جەنگـی شـۆرجەو کوشـتنی یەفـرم خانـی

بـۆ گێرابـۆوە بـە شـێوەیەك وەكـو بەسـاڵاچوان  دەڵێـن سـالارودەولە ترسـاو ڕووی لـە هەڵهاتـن كـرد. هەڵهاتنـی سـالارودەولە تـا ڕادەیـەك مایـەی ورەبەردانـی كەڵهـورەكان بوو، بۆیـە تـا ئەوكاتـە كەڵهـورەكان شـەڕیان بـۆ سـالارودەولە دەكـردو ئیسـتا نازانـن بـۆ چـی وبـۆ كـێ شـەڕدەكەن؟

هـەر لـە بـەر ئەمـەش بیریـان لـە پارسـتنی خۆیـان دەكـردەوە لـە گوللـە بارانـی شەسـتیرو ڕەشاشـەكانی هێـزی دەوڵـەت. كارێكـی دیكـە كـە بـووە هـۆكاری ورەبەردانـی هێـزی كەڵهـوڕ برینداربوونـی داودخانـی سـەروكێان بـوو، ئـەم دوو هـۆكارە پێكـەوە بوونـە هـۆی هەرەسـپێهێنانی گـەورەی كەڵهـوڕەكان وهێشـتا ئـەو شكسـتخواردنە لـە مێشـكیاندا خـول دەخـوات. لـە جەنگـی سـەحنە یـار محەمەدخـان و  خەباتگێـڕان پێشـەنگی هێزەكانـی دەوڵـەت بـوون. ئـەم جەنگـە لـە رۆژی حەوتەمـی خـوردادی سـاڵی (١٢٩١ی ك). ڕوویـدا، لـەم جەنگـەدا شـیرازەی هـۆزی كەڵهـوڕ و ئـەو هۆزانـەی كـە هاوسـەنگەریانبوون شـێوابوو، دەڵێـن، كاتـێ جەنـگ بەرپابـوو، داودخـان لـە كرماشـان بـوو، سـەرچاوەیەكی دیكـە دەڵـێ لـە سـەحنە بـوو كـە هەواڵـی جەنگـی بیسـت، دەسـت بـە جـێ خـۆی گەیانـدە ئـەوێ،  كاتـێ گەیشـت جەنـگ سـەخت بـوو. هاوەڵانـی سـالارودەولە تەنگیـان بـە یـار محەمەدخـان و  خەباتگێـڕان هەڵچنیبـوو. بـەڵام بـە هەڵهاتنـی سـالارودەولە كەڵهـور و سنجاوی و  گـۆران و  ئەوانـی تـر ناچـار بـوون پاشەكشـە بكەنـەوە، داودخانیـش بریندارکـرا ئەمـەش بـووە هـۆی ورەبەردانـی جەنـگاوەران. عەلـی ئەكبـەر خانـی سـەرداری جەنـگ كـوڕی داودخـان یەكـێ بـوو لـەو پاڵەوانانـە ئازایانـەی هێـزی هـۆزی كەڵهـوڕ ، لـە رانومـای سـواران وپیـادەی هـۆزی كەڵهـوڕ وخێڵـە هاوپەیمانەكانیـان رۆڵێكـی كاریگەریـی هەبـووە. كەسـێكی دیكـەش كـە دەبـێ لێـرەدا باسـی بكەیـن عبداللـە خانـی زەیغەمـی فەڕاشباشـی بـووە، ڕاوێـژكاری لـە پێشـی داودخـان بـوو. ئەمیـش ئەوپـەڕی ئازایێتـی نوانـد. عەلـی ئەكبـەر خانـی سـەرداری جەنـگ لەگـەڵ هەڵكوتانـە سـەرو كشـانەوەدا، خـۆی بـە تـاك وتەنیـا لـە گۆڕەپانـی جەنـگ وەسـتا بـۆ ئـەوەی كەڵهـوڕەكان دەربازبـن و  گیانـی خۆیـان قورتـار بكـەن.

دانشـوەر عەلـەوی كـە خـودی خـۆی لـەم جەنگـەدا بەشـدار بـوو، دەربـارەی عەلـی ئەكبـەر خـان دەنووسـێ :

((ڕووداوە سـەرنج ڕاكێشـەرەكان، كاتـی پاشەكشـەكردن سـێ سـوارە لە ئەسـپەكانیان

دادەبـەزن و بـە تونـدی دوژمـن تیربـاران دەکـەن، تـا سـوارەکانی دیکـە لـە گۆڕەپانـی شـەر دوور دەکەونـەوە، ئینجـا هـەر سـێکیان سـواری ئەسـپەکانیان دەبنـەوەو بەغـار دەگەنـەوە هاوڕێەکانیـان و دووبـارە دادەبەزنـەوەو دەسـت دەکەنـەوە بـە تەقەکـردن. لـە بێسـتون یەکـێ لـەو سـێ سـوارەیە بـەر گوللـەی مگزیـم دەکـەوێ و دوانەکـەی تـر خۆیـان دەربـاز دەکـەن)).

لـە کاتـێ ناشـتنی کـوژراوەکان، کـوڕە گـە نجێکـی جـوان بـە جـل و بەرگـی کـوردی نایـاب و مشـکییە ئاوریشـمی رەنـگاو رەنـگ بـە سـەرەوە لـە نێـو کوژراوەکانـدا کەوتبوو مۆرێکـی لـە گیرفانـدا بـوو نـاوی عەلـی ئەکبـەر کـوڕی داودخانـی کەڵهـوڕی لـێ نـووسرا بـوو، پـاش لێکۆڵینەوەیەکـی کـورت دەرکـەوت عەلـی ئەکبـەر خانـی کـوڕی داودخانـی سـەرۆك هـۆزی کەڵهـوڕە)).[٤٩]

ئەسـکەندەر خانـی کـوڕی عەکاشـەی نووسـەر لـە ماجـەرای کوشـتنی داودخـان و عەلـی ئەکبـەر خانـی کـوڕی بـە شـێوەیەکی دیکـە دەنووسـێ کـە لەگـەڵ واقیـع وقسـەی بـە سـاڵاچوواندا ناگونجێـت:

((کاتـی هێـزی داودخـان دەگاتـە مەیدانـی جەنـگ، کەڵهـوڕەکان هەڵەیـەك دەکـەن و لـە سـەنگەری خۆیـان دەردەچـن تـا شـوێنەکە لـە تۆپبـاران بیانپارێـزن هەتـا دوای نیـوەڕۆ جەنـگ بـە سـەختی بەردەوامدەبـی. رەزاخانـی سـەرتیپی قەوزاخـەکان وفەرمانـدەی تۆپـی ماگزیـم بـە گوللـە تۆپـی ماگزیـم ئەسـپەکەی عبداللەخانـی فەڕاشباشـی داودخـان لەگـەڵ دوو سـواری دیکـە پێـکاو دەکوژرێـن.

هەتـا رۆژئاوابـوون بڵێسـەی جەنـگ کڵپـەی دەهـات، ژماریـەك لـە هـەردوولا کـوژراو برینـدار بـوون. تاریکـی شـەو ناوبژیکـەر بـوو، ئاگـری جەنگـی دامرکانـدەوە وئێمـە لـەم بەینـەدا وەکـو گـورگ ومـەڕ وا بوویـن. لـە کشـانەوەدا داودخانیـش بـەر گوللەیەکـی سـەخت کـەوت و عەلـی ئەکبـەر خانـی کـوڕی وەکـو نەڕەشێر بەرگرییکـرد تـا تیـری مـەرگ پێـکای و هەواڵـەی نەمانیکـرد. لـە بارودۆخێکـی سـەخت و نالەبـاردا خـۆی گەیانـدە لای باوکـی، باوکیشـی هەنـگاوی بـەرەو نەمـان دەنـاو، ئـاوی ژیانـی هیـق کـرد، داودخـان هـەر بـەوەدا گەیشـت بڵێـت:

((تەرمـی رۆڵەکـەم لـە گۆڕەپانـی جەنـگ بەجـێ مەیەڵـن، هـەر دووکیـان پێکـەوە ماڵاواییـان لـە دونیـا کـرد)).[٥٠]

لێرەدا عەکاشە بە هەڵەدا چووە، چونکە داودخان لە نزیکی کرماشان گیانی لە دەست داوەو هەرگیز تەرمی کوڕەکەی نەبینی. لە نێوان کەڵهوڕەکاندا وادەگێڕنەوە : داودخان بە هۆی سەختیی برینەکەیەوەو فیچقەکردنی خوێن بورایەوەو بردیان بۆ قاوەخانەیەکی سەر رێگا لە ناوچەی حاجیاوەی نزیک کرماشان. دارە مەیتێکیان بۆ دروست کرد.

لەو کاتەدا هەواڵی کوشتنی عەلی ئەکبەر خانی سەرداری جەنگی پێگەیشت رووی دەمی کردە سوار و سەرانی خێڵەکان و داوای لێ کردن کە تەرمی کوڕە دلاوەرەکەی لە گۆڕەپانی جەنگ بە جێ نەهێڵن، بەڵام بە داخەوە ئەم داخوازیە جێبەجێ نەکرا بۆیە لە خەما دیقیکرد. هەتا ڕادەیەك دەڵێن :

داوای ئاوی کرد بوو. کاسەیەك ئاویان بۆ هێنا، بەڵام نە پەرژا ئاوەکە بخواتەوەو گیانی دەرچوو و ماڵاوایی لە دنیا کرد. داودخان رۆژی حەوتی خوردادی ساڵی (١٢٩١) بریندار بووەو لە ئەنجامدا رۆژی هەشتی خورداد بە هۆی برین و داخی عەلی ئەکبەر خانی کوڕییەوە مرد. بەو شێوەیە ماڵاوایی لە دونیا دەکات، تەرمەکەیان بە سواری ئەسپێکەوە بەرەو گوندی (شیانی)ی[٥١] نزیکی هارونـاوا بەڕێیکردو لەوێ ناشتیان. وەك پاڵەوانێك کە هەمیشە لەژیاندا هەر بە سواری و سوارضاکی ناوبانگ بووە و هەر بە سوارییشەوە گیانی سپاردووە. مەردێك، بە چ رابردوییەك و بە چ بەسەرهاتێك لەو دەڤەرە بەرزی ونشێوی زۆری لە نێوان کەڵهوڕەکاندا دیوە، نەبەرزی هەڵیخەڵەتاندووە و نە نشێوی کۆڵی پێداوە. مرۆڤێك هێز وتوانای هۆزی کەڵهوڕیان گەیاندۆتە لوتکەو بەداخەوە سەری نایەوەو خەونی نەهاتەدی. خاوەنی کتێبی (ێبی) دەربارەی کوشتنی داودخان دەڵێ :

(( سوپای دەوڵەت، هێزە یاخیەکەی راونا، ئەمانیش کشاوەنە. رۆژی (٢٩)ی ئایار شەڕێکی دیکە لە نزیك کرماشان بەرپابوو. داودخان سەرکردەی گەورەی هۆزی کەڵهوڕ و هاوەڵی سالارودەولەوە لەم شەڕەدا کوژا))[٥٢] دەربارەی گەیشتنی هەواڵی بریندار بوونی داودخان بە عەلی ئەکبەر خانی کوڕی و بۆ تۆڵەسەندنی لە بکوژەکەی، بە ساڵاچوان پارچە شیعریکی کوردیمان بۆ دەگێڕنەوە وئەمەش دەقی ئەو پارچە شیعرەیە ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە :

واتەش عەلیەوەر لە مەرك بئەندیش    من لە ئەمر حەق
لە زەرب (ی) شەستیر لە مەیانداری    ئەمیر مەجرو(ح) بوی خەوەر نەداری
مەجرو(ح) فەتاوەگ مەنالۆ وە زار    هەر داد مەکەرۆ پەی سپاسالار
عەلیەوەر لەو دەم دەس مەدا وە سەر    ركاو دا وە ئەسپ هات وە لای پدەر
دییش ئەمیر کەفتەن چوین شێر زەخمین    پا ئاوەردەوە وە دڵ(ی) غەمگین
واتەش ئەی پدەر کی وەی تەور پیت کەرد    گیانم فدات بوو سەرم وە سەرگەرد
ئەو کەسە کردەن مەجرو(ح) پای توو    ئایا نیەزانێ چ ڕەنگ مەعلووم بوو!
ئەمیر وات : فەرزەن گیانم فیدات بوو    ئەو شەخص قاتڵە بەیدا نمەبوو!
سێ قوببەی تڵا نیشانەی دارۆ    روی دەماغش غەزەب مەوارۆ
پەیدا نمەبوو ئەو مەرد خوێنخوارە    یا گەر سەر نگین یا گەر سپادارە
فەرما ئەی پدەر گیانم فدات بوو    ئەو مەرد قاتڵە پەیدا زوی مەبوو
دەر دەم عەلیەوەر چون بەبر شێراخور    ڕکاو دا لە ئەسپ(ی) پەری کارزار
عەنان(ی) ئەسپش مەپێچا وە قین    نا پایەوە وەو فەوج ئەرمەنی بێ دین
لە دویر نگاکرد شیر(ی) سەهمناك    خوێن بابۆش دی، دلێری دین پاك
چوین شێر جەنگی دلێر(ی) دین پاك    خوێنی بابۆش خەڵتان کرد وەخاك
مێمز دا وە ئەسپ(ی) پەری کارزار    ناگاه لە گەردش بینای کردکار
وەئەمر(ی) قادر دانای جەهاندار    لە جەننەت شـاد بوین شـێران وەیەك جار
گەردش(ی) گەردون، ئینە کارشەن    هەرساڵی سەد ڕەنگ لە بازارشەن
گاه سەران(ی) سەردار گاهەن سەرنگون    وە ئەمر(ی) قادر پاتشا(ی) بێ چوون

پـاش کوشـتنی داودخـان وعەلـی ئەکبـەر خانـی کـوڕی، هـۆزی کەڵهـور بـۆ ماوەیەکـی دور و درێـژ لـە بارودۆخێکـی پـڕ لـە ئـاژاوە وئاشـۆبدا دەژیـان. وەکـو لـە سـەرەتای ئـەم کتێبـەدا باسـمان کـرد، هەتـا فەرمانفەرمـا لـە توانـا وهێـزی ئـەم هـۆزە گەیشـت، ئەڵبەتـە بـۆ دڵنیاکردنیـان ناسـناوی (ئەمیـر ئەعـزەم)ی کـە ناسـناوی باوکـی بـوو، بـە سـڵێمان خـان بەخشـی، لـەو جەنگـەدا سـلێمان خـان کاریگەریەکـی سـەرەکی هەبـووە، بۆیـە  بـە سـەرۆك هـۆزی کەڵهـوڕی دایمەزرانـدووە. ئـەم کارە تـا ڕادەیـەك بۆتـە هـۆی هێمنایەتـی نێـوان هۆزەکـە.

## ٥- ٨ سالارودەولەو سەرنجامی کارەکەی

پـاش هەڵهاتنـی خێـل وتیرەکانـی سـەر بـە سـالاردەولە، فەرمانفەرمـا لەگـەڵ قـازاخ وبەختیـاری و خەباتگێـڕان گەیشـتە کرماشـان بەوپـەڕی توانایـەوە دەسـەڵاتی حکومەتـی چەسـپاند. فەریدولملـك دەنووسـێ :

((پێنـج شـەممەی (١٣)ی جومـادی دووەم فەرمانفەرمـا بـە سـەرکوتوویی گەیشـتە ئـوردوگای کرماشـان، هەتـا عـەسر لـە تـەلاری (سرای) حکومـەت دانیشـت و چـاوی بـە هەمـوو نـاودارو شـازادە و پایـە بـەرزەکان کـەوت و بـە مەرحەمـەت و بەزەیـی هەڵسـوکەوتی لەگەڵداکـردن بەنـدەی بچوکیـش چومـە خزمەتـی)).[٥٣]

ئاسایش وهێمنـی لەشار بەرقـەرار بـوو، کـە ماوەیەکـی دوور درێـژ بـوو ئـەو شـارە لـە ئاسایش وهێمنـی بـێ بـەش بـوو. بـۆ مـاوەی چەنـد ڕۆژی خەباتگێـڕو بەختیاریـەکان لـە کرماشـان مانـەوە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی مووچـەو هەقیـان نـەدرا، کرماشـانیان جێهێشـت و بـەرو تـاران گەڕانـەوە. تەنهـا (٢٠٠) تـا (٣٠٠) کەسیان لەگـەڵ فەرمانفەرمادا مایـەوە. پـاش گەڕانـەوەی هێزەکانـی دەوڵـەت دووبـارە دەڤـەرکە تووشـی پشـێوی بـۆوە. غوڵامرەزاخانـی ئەبوقـەدارە هاوەڵـی سـالارودەولە لە بارودوخـی فەرمانفەرمای تێگەیشـت کـە بـێ سـوپایەو بـە هەلـی زانـی بـە مەبەسـتی تاڵانکـردن و راورووتکردنـەوەی خەڵکـی ئەوشـارە پەلامـاری کرماشـان بـدات. ئـەم هەواڵـە هاوکاتـی جوڵانـەوەی سـالارودەولە بـوو بـەرەو کوردسـتان، ئەمیـش بەتەمابـوو سـود لـەو بارودۆخـە وەربگرێـت، ئـەم هەواڵانـە گەیشـتە فەرمانفەرمـا، ئەمیـش دەسـتبەجێ بروسـکەیەکی بـۆ ناوەنـد نـاردو داوایکـرد کـە بـە زووتریـن کات کـرێ خـان وخەباتگێـڕان و بەختیاریـەکان بگەڕێنـەوە بـۆ کرماشـان. قونسـولی ئینگلیـز کـە زانـی فەرمانفەرمـا دەرەقەتـی خێڵەکانـی رۆژئـاوا نایـەت، دەسـتبەجێ لەگـەڵ حکومەتـی ئێرانـدا هەماهەنگیـی کـرد بـۆ ئـەوەی خەباتگێـڕان بگەڕێنـەوە بـۆ کرماشـان. فەرمانفەرمـا لـە نامەیەکیـدا بـۆ ناوەنـد دەڵـی ئەگـەر کار بـەم شـێوەیە بـێ ئەوانـەی کەلەگەڵیـدا مـاون بەجێـی دەهێڵـن ئەوەتـا دەنووسـێ :

((هـەق و مووچـەی پیـادەو سـواران کەمـەو نیازیـان وایـە بـڵاوەی لێبکـەن ئـەو ژمارەیـەش کـە ماونـەوە، پـاش گەڕانـەوەی هاوڕیەکانیـان ناتوانـن بەرەنـگاری هێزەکانـی خێڵەکانـی بکـەن)).

**((فەرمانفەرما))**[٥٤]

سالارودەولە پێش ئەوەی رووبکاتە کوردستان نامەیەك بۆ شێرخان سیمساموڵەمالیك سەرۆك هۆزی سنجاوی دەنووسێ کە پێشان هاوەڵی بوو وئێستا هاوپەیمانی فەرمانفەرمایەو داوای لێدەکات یان بگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی یان بێ لایەن بێت و بەم شێوە دەڵێ :

((ئاغای سیمساموڵەمالیك ئێستا کە ئەم نامەیەت پێدەگات من بەرەو کوردستان دەچم، دەبێ سوێندخواردەنەکەت بە قورئان و هاوپەیمانەکەت لە بێربێ و لەگەڵماندا بیت دژی دوژمنانی دین و دەوڵەت بجەنگییت و ئەگەر گفتێکیشت بەولاداوە، دەبێ بێ لایەن بیت و لە ماڵی خۆت دانێشیت. من پەنا بەخودا رۆژی (٢) شەوال بە بێ دواکەوتن و دوودڵی لەگەڵ گەورە وبچوکی خەڵکی کوردستان دەگەڕیینەوە بەرەو کرماشان. خودای مەزن گەردنت ئازاد بکات. هەر جێگایەك بەرژەوندی خۆتانی تێدایەو رەزامەندی خودایە، ئەوە هیچ کەم وکۆڕییەکی تێدا نیە. هەمان نامە بدرێتە دەستی کوڕەکانمان سەردارناسیرو سەردارموقتەدیرو لەم بابەتەوە ئاگادار بکرێن)). **((سالارودەولە قاجار))**.[55]

لێرەدا کە کوردستان لە ژێر فەرمانی فەرمانفەرما بووە وئێستاش مەڵبەندو پەناگەی یاخیبوونەکەی سالارودەولەیە، هەر بۆیە بڕیاریدا سیهامولدەولە بەجێنشینی خوی دانێ و روویکردە ئەوێ بۆ داگیرکردنی دوا مەڵبەندی سالارودەولە لە رۆژئاوای ولاتدا. بەڵام یار محەمەدخانی کرماشانی کە ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو، هەمیشە لە گەڵ فەرمانفەرمادا ناکۆك بوو. لە سەرهەمان ناکۆکی بوو کە لە جووڵانەوەی بەرەو کوردستان یار محەمەد خان لەگەڵ چەند سەردار (٣٠٠) کەس ئوردوی فەرمانفەرمایان بەجێهێشت و گەڕانەوە. بیانوی گەرانەوەی بۆ کرماشان بە ((ناکۆکی لەگەڵ کرێ خان)) لە قەڵەم دا.[56]

یارمحەمەدخان لە کرماشان دانیشت، یارانی فەرمانفەرما لەگەڵ جێنشینەکەی پەنایان بۆ قونسولخانەی ئنگلیز برد.

لەبەر ئەوەی ئەم هەواڵە رۆژی (١٦)ی رەمەزان ساڵی (١٣٣٠ك) گەیشتە سالارودەولە نامەیەکی بۆ یار محەمەدخان نووسێ، تیدا دەڵی کە لە ماوەی دوو رۆژی ئایندەدا دێتە کرماشان. پاش ئەوە لە هەمان مانگدا دەگاتە کرماشان.[57]

فەرمانفەرما لەو بڕوایەدا نەبوو کە یارمحەمەدخان دەست بخاتە نێو دەستی سەرکێشیکەران کە ئەم هەواڵەی بیست و لە گەڕانەوەی سالارودەولە بۆ کرماشان ئاگادار بوو، دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ کرماشان. یار محەمەدخان بۆ بەرگیری لە هاتنی فەرمانفەرما بۆشار لە رۆژی (٢٨)ی رەمەزانی ساڵی (١٣٣٠ی ك) سالارودەولەیش رۆژێك پاش ئەو بەرەو رووی هێزەکانی دەوڵەت بە فەرماندەیی فەرمانفەرما کەوتنەڕێ. بەڵام ئەم دوو هێزە بێ ئەوەی روو بەڕووی یەکتری ببنەوە، هەردووکیان گەیشتنە کرماشان و سنەندەج، چونکە لە دوو ڕێگای جیاوازەوە بەرەو کوردستان و کرماشان بوونەوە. فەرمانفەرما و هاوڕێیانی کەلە(٢)ی شەوال گەڕانەوە بۆ کرماشان دەستیان کرد بە ئازار و ئەشکەنجەدانی هاوەڵانی یار محەمەدخان وسالارودەولە[٥٨] پاش ماوەی (٢٠) رۆژ یار محەمەدخان و سالارودەولە واتا رۆژی (٢١)ی شەوالی ساڵی (١٣٣٠ی ك) هێرشیان کردەسەر کرماشان و گەیشتنە شار. پاش چەند پێکدادانێك لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت و بە هۆزی سنجاوییشەوە کە پێوەندیان لەگەڵدا کرد بوون. سەرەنجام لە رۆژی (٢٣)ی شەوالدا یار محەمەدخان کوژرا و هاوەڵەکانی پەڕاگەندەن بوون، سالارودەولەیش بەرەو تاران هەڵهات. پاش دەردەسەری وتەنگ وچەڵەمەیەکی زۆر، خۆی گەیاندە مازەندەران.

سەرانی دەوڵەت، سالار فاتیح لەگەڵ ژمارەیەك بو دەستگیرکردنی، دوای کەوتن. سالارودەولە لە (شارود) بوو[٥٩] وای بە پەسەندزانی بەرەو ئەستەر ئاباد هەڵبێت بۆ ئەوەی یارمەتی تورکمانەکان زامنکات. سالارودەولە کۆشش و هەڵهاتنێکی زۆری دی، بەڵام بێ ئەنجام بوو. لە لایەکی دیکەوە حکومەتی ناوەند لەو هەموو تاڕنان و راودونانە وەرەز بوو قونسولی روس تەقەلای کرد سالارودەولە رازیبکات کە وا ساڵانە (١٢) هەزار تومان وەربگرێ جگەلە گەڕانەوەی سامان و داراییەکانی بە مەرجێ لە ئێران دەربچێ، تەنانەت بە پێی بەڵگەیەك حکومەتی گیلانیش ئەو بەڵینەی پێدابوو، بەڵام رازی نەبوو.[٦٠]

پەرتوکی ئابی ئەم هەڵوێستەی سالارودەولە بەم شێوەیە باس دەکات ((لەبەر ئەوەی شازادەیەکی قاجاریە، نایەوێ بە مەرجەکانی بەختیاری رازی بێت)).[٦١]

سالارودەولە لە ئەنجامدا بە نائومێدی و بەپارێزگاری رووسەکان و کەشتییەکی رووس روویکردە روسیاو٦١ رووبەری کۆششی نائومێدی هەڵدرایەوە.

**ئێوارەی هەینی (٢٦)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧**

## پەراوێزەكانی بەشی پێنجەم

١- احمد، بشيرى، كتاب ابى، ج٦، ل١٣٤٠.
٢- ميرزا محمد على خان فريد الملك همدانى، خاطرات فريد (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجرى قمرى)، ل٣٨٥.
٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٨٥.
٤- كنسول دولت عپمانى (قاجاريه)، (فرهنگ فارسى معين). دهخدا.
٥- احمد، بشيرى، كتاب ابى، ج٦، ل١٣٤٠.
٦- رضا، اذرى، درتكابوى تاج و تەخت ( اسناد ابو الفتح ميرزا سالارودەوله)، ل١٢٥.
٧- ميرزا محمد على خان فريد الملك همدانى، خاطرات فريد (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٢ هجرى قمرى)، ل٣٨٩، هچنين ن. ك. بە، بشيرى، كتاب ابى، ج٦، ل١٤٥٦.
٨- على أصغر، وزيرى، ((مختصرى ازكارهاى سالارالدوله وچند نامە تاريخى)) مجلە وحيد شماره ٢٣ ل٦٣.
٩- شيخ محمد، مردوخ، كورد وكوردستان، ل٣٠٠.
١٠- احمد، كسروى، تاريخ هيجده ساله اذربايجان ل٥١١.
١١- على أصغر، وزيرى، ((مختصرى ازكارهاى سالارالدوله وجند نابە تاريخى)) مجلە وحيد شماره ٢٣ ل٥٥. (كسروى ژمارەيان بە (٧٠٠) كەس لە قەڵەم داوە. ن. ك. بە احمد، كسروى، تاريخ هيجده ساله اذربايجان ل٥١١.
١٢- على أصغر، وزيرى، ((مختصرى ازكارهاى سالارالدوله وجند نابە تاريخى)) مجلە وحيد شماره ٢٣ ل٥٥.
١٣- احمد، كسروى، تاريخ هيجده ساله اذربايجان ل٥١١.
١٤- ميرزا محمد على خان، فريد الملك همدانى، خاطرات فريد (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجرى قمرى)، ل٣٩٣.
١٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٩٧.
١٦- هەمان سەرچاوە، ل٣٩٥.
١٧- تنگوزئيك (ت) (توركى لێكدراو) ساڵى بەراز، ساڵى دوانزە هەمين لە خولى دوانزە ساڵ. ناوى ساڵى دوانزە هەمينە لە خولى دوانزە ساڵەى مێژوى توركمانەو ئەوڕو (خوگ = بەرواز (يادداشت بە خەتى خواليێخۆشبوو دهخدا) ساڵى دوانزە هەمين لە دەورەى دوانزە ساڵى، ساڵى بەرازە (خوك) (ناظم الاطباء) وهخدا.

١٨- رضا، اذری، درتكابوی تاج و تەخت ( اسناد ابو الفتح میرزا سالارودەوله)، ل١٥٩.
١٩- شێخ محمد، مردوخ، كوردو كردستان، ل٣٠١.
٢٠- علی أصغر، وزیری، ((مختصری ازكارهای سالارالدوله وچند نامه تاریخی)) مجله وحید شماره ٢٣ ل٥٠.
٢١- میرزا محمد علی خان فرید الملك همدانی، خاطرات فرید (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجری قمری)، ل٢٩٠.
٢٢- احمد، كسروی، تاریخ هیجده ساله اذربایجان ل٥١٤.
٢٣- بگەڕێەوە بۆ ئەو بەشەی پێوەندی پێوە هەیە.
٢٤- شێخ محمد، مردوخ، كوردو كردستان، ل٣٠٢.
٢٥- میرزا محمد علی خان فرید الملك همدانی، خاطرات فرید (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجری قمری)، ل٤٠٠.
٢٦- بەداخەوە مێژووەكە كۆچی بێت یان هەتاوی روون نەبووەتەوە. لەوانەیە ئەم شیعرە هەر لە سەر زار بووەو رۆژی ئاماژە پێكراو سەرەوەی كە ساڵی (١٣٤٧ك. ه) رونووسكراوەتەوە. ئەم دەستنووسە بە ئێمە گەیشت. بە هۆی ئاغای ئەكبەریان پر بە دڵ سوپاسی دەكەم.
٢٧- احمدی، حسن ابادی، جنگ نامه امیر كلهر با سردار اسعد بختیاری (دست نوشته مجموعه اشعار كوردی) ١٣٧٤، ل٩ و بەدواوە.
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل١٥ بەدواوە.
٢٩- شێخ محمد، مردوخ، كوردو كردستان، ل٣٥٢.
٣٠- هەمان سەرچاوە، ل٣٠٢.
٣١- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، ج٦، ل١٢٥٥.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل١٣٣٩.
٣٣- هەمان سەرچاوە، ل١٥١٦.
٣٤- احمد، كسروی، تاریخ هیجده ساله اذربایجان ل٥١٦.
٣٥- اردشیر، كشاورز، گرد كرد، ل١٤١.
٣٦- میرزا محمد علی خان فرید الملك همدانی، خاطرات فرید (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجری قمری)، ل٤٠١.
٣٧- مهدی، ملك زاده، تاریخ انقلاب مشروطیت ایران، ج٦، ل١٥١٧.
٣٨- احمد، كسروی، تاریخ هیجده ساله اذربایجان ل٥١٧.

٣٩- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت ايران، ج٦، ل١٥١٨.
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل١٥١٩.
٤١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٢١.
٤٢- هاوڕێیانی یەفرم خان بە (پدرخان) بانگیمان دوکرد، یان ناویانەدەیرد.
٤٣- احمد، كسروى، تاريخ هيجده ساله اذربايجان ل٥٠٢.
٤٤- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت ايران، ج٧، ل١٥٢٢.
٤٥- رضا، آژرى، در تكاپوى تاج وتخت (أسناد ابو الفتح ميرزا سالار الدوله)، ل١٦٧.
٤٦- احمد، بشيرى، كتاب ێبى، ج٨، ل١٧٥٥.
٤٧- هەمان سەرچاوە، ل
٤٨- مهدى، ملك زاده، تاريخ انقلاب مشروطيت ايران، ج٦، ل١٥٢٣.
٤٩- نور الله، دانشور، تاريخ مشروطه (جنبش وطن پرستان أصفهان وبختيارى)، ل١١٢.
٥٠- أسكندر خان، عكاشه، تاريخ أيل بختيارى، تهران : فرهنگ سوا، ١٣٦٥، ل٦٢٢، به بعد.
٥١- احمد، بشيرى، كتاب ابى، ج٨، ل١٨١٧.
٥٢- ميرزا محمد على خان فريد الملك همدانى، خاطرات فريد (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجرى قمرى)، ل٤٠٢.
٥٣- رضا، آژرى، در تكاپوى تاج وتخت (أسناد ابو الفتح ميرزا سالار الدوله)، ل١٨١.
٥٤- هەمان سەرچاوە، ل١٨١.
٥٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٢ بەدواوە.
٥٦- ميرزا محمد على خان فريد الملك همدانى، خاطرات فريد (أز ١٢٩١ تا ١٣٣٤ هجرى قمرى)، ل٤١٠.
٥٧- هەمان سەرچاوە، ل٣١٢.
٥٨- يحيى، ديوسالار ((أخرين تلاش سالار الدوله)) مجله أريغان ساڵ ١٣٣٤.
٥٩- رضا، آژرى، در تكاپوى تاج وتخت (أسناد ابو الفتح ميرزا سالار الدوله)، ل١٩١.
٦٠- احمد، بشيرى، كتاب ابى، ج٨، ل٢٠٨٩.
٦١- احمد، أمير احمدى، خاطرات نحستين سبهبد ايران، به كوشش غلا محسين زرگرى نژاد تهران : مؤسسه پردهش ومطالعات فرهنگى ١٣٧٣، ل٨٣.

## بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٢ – ٢٠١٣)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | **المشـــاريع الـــتي قـــدمها الاتحـــاد الـــوطني الكردستاني عام ١٩٨٤** | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | **المحكمـة الجنائيـة العراقيـة العليـا دراسـة في مبادىء العدالة** | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | **دور محكمـة العـدل الدوليـة في تطـوير القـانون الدولي العام** | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | **كردستان ككيان ضمن الخطـة الدوليـة بـدءً مـن جنوبها** | **المحامي:**<br>**شيخ سالار الحفيد** | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە:<br>غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراســـیو دوژمنـــانی ئیســـلامی میـــانڕەو | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | |
| ٢٠١١ | مەلا بەختیار | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | ٤٤٤ |
| ٢٠١١ | فەرید ئەسەسەرد | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | ٤٤٥ |
| ٢٠١٢ | فەرهاد حەمزە | مێژوی نەوتی کەرکوك | ٤٤٦ |
| ٢٠١٢ | شادمان مەلا حەسەن | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | ٤٤٧ |
| ٢٠١٢ | عبدالرحمن کریم درویش | **الديمقراطية دراسة فكرية سياسية**، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | ٤٤٨ |
| ٢٠١٢ | فريد اسسرد | **الاكراد والديمقراطية والاندماج**، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | ٤٤٩ |
| ٢٠١٢ | خەلیل عەبدوڵڵا | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | ٤٥٠ |
| ٢٠١٢ | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | ٤٥١ |
| ٢٠١٢ | فەرید ئەسەسەرد | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | ٤٥٢ |
| ٢٠١٢ | قادر حەسەن عیدۆ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵوستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (٤٩) | ٤٥٣ |
| ٢٠١٢ | احسان عبدالهادي النائب | **توماس هوبزو فلسفته السياسية** | ٤٥٤ |
| ٢٠١٢ | محمد فاتیح | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | ٤٥٥ |
| ٢٠١٢ | دریڤان عبدالقادر بكر | **المركز القانوني للمواطن وضماناته** | ٤٥٦ |
| ٢٠١٢ | ئەمین قادر مینە | ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ٤٥٧ |
| ٢٠١٢ | ستران عەبدوڵڵا | پرۆیستریکا بن لادنو مۆنیکا | ٤٥٨ |
| ٢٠١٢ | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | ٤٥٩ |
| ٢٠١٢ | خالد محمود کریم | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | ٤٦٠ |
| ٢٠١٢ | وەرگێڕانی: رەسوڵ ئیبراهیم | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (٤) | ٤٦١ |
| ٢٠١٢ | د. حەمید عەزیز | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | ٤٦٢ |
| ٢٠١٢ | **نجم الدين فقي عبدالله** | **الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة** | ٤٦٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | **الجماعية في كردستان** | | |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | **الدور الأمريكي في بناء الشعوب من المانيا إلى العراق** | **نظيرة اسماعيل ياري** | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | دەربارەی شێوەی ئاسایی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆماتو دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | **الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية**، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | **النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظات العراق واقليم كردستان**، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | **المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق**، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعیل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | **الطالباني وجائزة نوبل للسلام**، نامیلکەی هۆشیاری (٥٦) | یوناتا دیوخ موسی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیسلامو مۆدێرنێتەی سیاسی، نامیلکەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس بارییە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | **ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام** ١٩٦٤ | **مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية** | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقی عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | **دستور جمهورية العراق** | **دلاور عثمان مجيد** | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨٤ | **التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية** | **محمد صابر كريم** | **٢٠١٢** |
| ٤٨٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عەبدولڕەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشکەشی حکومەتی عیراقی کردووە. | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٠ | کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی کوردستان (١١/٤/١٩٩٣ ـ ٢٢/١٢/١٩٩٤) | ئامادەکردنی:<br>مەسعودی مەلا هەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | سەفەری کوردایەتی(بیرەوەرییەکانی شاروشاخ) ١٩٧٤ - ١٩٨٠ | شاخەوان عەباس | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | کەلتور ـ ژمارە (٧) | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٩٤ | کۆمەڵگەو دەوڵەت | ن. باقر پرهام | ٢٠١٣ |
| ٤٩٥ | پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی (ی. ن. ك) بەزمانی ئینگلیزی | و: **نظیره** اسماعیل یاری | ٢٠١٣ |
| ٤٩٦ | کوردو کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا، زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا،ژمارە(٥) | ن. د. لوتفی ئەلعەموشی<br>و. عەتا قەرەداغی | ٢٠١٣ |
| ٤٩٧ | توندڕەویی ئایینی لەجیهانێکی گۆڕاودا | ن. ئەلعەفیف ئەلئەخزەرو سەلاح عیساو ....<br>و. حەسەن یاسین | ٢٠١٣ |
| ٤٩٨ | بنەماڵەی بن لادن خێزانێکی عەرەب لەسەدەیەکی ئەمەریکی دا | ن. ستیف کۆڵ<br>و. گروپی وەرگێڕانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر | ٢٠١٣ |
| ٤٩٩ | دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان چاکسازیو هەڵوەشاندنەوەدا | ن. د. خالد زیادە<br>و. خالد محمود کریم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٠ | **محاولات الحصري لوأد الدراسة الكردية سياسة دولة أم نزعة ذاتية؟** | عزیز یاور | ٢٠١٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٠١ | ڕەهەندەکانی کێشەی دارفور | ن: ڕێکەوت اسماعیل ابراهیم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٢ | کەرکوك و سیاسەتی تەعریب | ئامادەکردنو پێشەکی:<br>یوسف محمد بەرزنجی<br>خەلیل عارف جرجیس | ٢٠١٣ |
| ٥٠٣ | گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێکهاتوو لەدوو یان سێ هەرێم، زنجیرە نامیلکەی ژمارە (٦٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٣ |
| ٥٠٤ | **الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، سلسلة هوشياری، عدد (٦١)** | **ديظيد كورون<br>حسن سيدو** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٥ | **الشخصية القومية الكردية، دراسة في القيم والسياسة، سلسلة هوشياری، عدد (٦٢)** | **صلاح ابرهيم هورامي** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٦ | ڕێبەری کادیر، ز. هۆشیاری، ژ. (٦٣) | بێستون سابوراوایی | ٢٠١٣ |
| ٥٠٧ | **إعادة توحيد المانيا (مقدماتها وآثارها)، سلسلة هوشياری، عدد (٦٤)** | **إحسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٨ | تورکیا: جەنگی ناکام بەرامبەر بەکورد، ز. هۆشیاری، ژ. (٦٥) | ڕێکەوت اسماعیل ابراهیم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٩ | **النازية، دراسة في الفكر السياسي الالماني الحديث والمعاصر** | **م. إحسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |
| ٥١٠ | تروسکاییەك لەشەوەزەنگدا | ئامادەکردنی:<br>محەمەد مێرگەسوری | ٢٠١٣ |
| ٥١١ | **كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الاوسط** | **فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر** | ٢٠١٣ |
| ٥١٢ | پێشینەو ئێستای دیاردەی پان تورکیزم | ن: بەهرام میرئەحمەدیان<br>و: ڕەفعەت مورادی | ٢٠١٣ |
| ٥١٣ | خەباتی گەلانی ئەفریقیا | سەربەست حسێن | ٢٠١٣ |
| ٥١٤ | **المسألة الالمانية من وحدتها الى اعادة توحيدها** | **احسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |
| ٥١٥ | پانۆرامای بەهاری عەرەبی | محەمەد فاتیح | ٢٠١٣ |
| ٥١٦ | **النظام السياسي الالماني** | **احسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |